# ساڵێک لە دۆزەخ



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# ساڵێک لە دۆزەخ

## بیرەوەری

مەهاباد قەرەداغی



کتێب: ساڵێک لە دۆزەخ - بیرەوەری
نووسینی: مەهاباد قەرەداغی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٣٩٢
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٥
لە کتێبخانەی گشتی لە هەولێر ژمارە (٩٥)ی ساڵی ٢٠٠٥ی دراوەتێ

# پێشواژە

یادوەری هەموومان سیخناخە بەڕووداو، کارەسات، دۆخی شیرین و تاڵ، هەست و خەیاڵ، خۆشەویستی و ڕق، تووڕەیی و میهرەبانی و هەموو دیاردە بەمرۆڤەوە پەیوەندیدار و پەیوەستەکان.

ژیانی هەموو کەسێک ساتگەلێکی زۆر گشتی و ساتگەلێکی زۆر تایبەتی تێدایە، ساتگەلێ کە دەکرێ و ئاسانە دەربڕینی، ساتگەلێکی تر کە ناکرێ و دەربڕینی نزیکە لە مەحاڵەوە. کۆی ئەو ساتە ئاسایی و نائاساییی، ئاسان و سەختانەن تەمەن پێک دەهێنن، ئەوان نەبن ژیان نابێتە مەکۆی تێکۆشان. ژیانی هەر مرۆڤێ بەجۆرێ لە جۆرەکان لە داستان دەچێ، ئۆسکار وایڵد واتەنی: "هەر مرۆڤێ دەتوانێ ڕۆمانێکی سێ بەرگی بنووسێت. ئەوەندەی دەوێت کە نەزانیییەکی تەواوی لەبارەی هەردووکیان، وێژەو ژیانەوە هەبێت."

هەندێ ساتەژیانی گوزەراو هەیە نووسینەوەی دەبێتە مەحاڵ، مرۆڤ پێی سەیر دەبێ ئەگەر نووسینەوەی ئەوەندە سەخت بێت، ئەی چۆن لەوساتە ژیانەدا توانراوە تێیدا ژیان بکرێ و بگوزەرێندرێ. بۆ نموونە: چۆن دەتوانی گوزارە لە ساتی حەسرەتی زۆر قووڵ بکەی، ئەو ساتەی هێندە بیری کەسێکی ئازیزت دەکەیت خەریکە شێت دەبیت بۆ دیداری و لەو ساتەدا



هێندە دوورە لێتەوە و تۆش دەستبەسەری و ناتوانی ببزوێی و بچیت بۆ لای و ڕێگە نادرێ بێت بۆ لات. تەنها ڕێگەیەک بۆ دیداری ئەو دنیای خەیاڵە، دەشزانی کە خەیاڵیش لە دنیایەکی تراویلکەیی زیاتر، چیدیکە نییە و تەنها ئۆخژنێکی کاتییە و دوای دەرچوون لە دنیای فەنتازیای خۆت دووبارە پڕ دەبیتەوە لە حەسرەت. حەسرەت و ئاخهەڵکێشان وەرناگێڕدرێن بۆ وشە، نانووسرێنەوە.

سەخت نییە قووڵایی دەریایەک، بەرزایی چیایەک، فراوانی فەزایەک بپێوی، وەلێ سەختە، زۆر سەختە کزانەوە و ژان، عەشق و وروژان، تام و چێژی ژووان بپێوی. بەکام پێوەر دەیانپێوی؟ چۆن دەتوانی لە ڕێژەی جوانی و شیرینیی ئەڤین بدوێی، ئەو مرۆڤەی تۆ خۆشت دەوێ بەچاوی تۆ جوانترینە، لە دڵی تۆ شیرینترینە، سەرچاوەی پاکی و پەروایی ژینە، وەلێ ڕەنگە هەر ئەو مرۆڤە پێناسەی تری هەبێ لای کەسانی دی، نە ئەوان بەچاوی تۆ دەبینن و نە تۆ بەچاوی ئەوان تەماشا دەکەی. بینایی و سۆمایی چاو پێوەری هەردوولان، بەڵام بینینەکان جیاوازن.

ڕق، هەروەکو خۆشەویستی وەرناگێڕدرێت بۆ وشە و نانووسرێتەوە. گێڕانەوەی تووڕەیی و بێزاری ڕقەساتەکان پێوانەکردنیان ئەستەمە. چۆن دەتوانی ڕقی جەللادێک بنووسیتەوە کە لە ژووری ئەشکەنجەداندا مانایەک بۆ ژیانی تۆ و مرۆڤایەتی خۆی ناهێڵێتەوە و، پنتێکی جەستە ناهێڵێتەوە داینەپڵۆسێ. ئەی چۆن دەتوانی ڕقی خۆت بەرامبەر بەو بنووسیتەوە، لە کاتێکدا هەست بەهیچێتی بوون و دڕندەیی مرۆڤ دەکەیت.

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەستەمە گوزارە لەهەمووی بکرێ، بەڵام مرۆ هەر هەوڵی خۆی دەدا و دەیەوێ بەشێوەیەک لە شێوازەکان ئەو ئەندێشانە و بیرەوەرییەکانی ساتەژیانە نائاساییییە بەئەزموونبووەکانی بگەیەنێتە دەوروبەری خۆی، تا ئەوانی دیش، چێژ یان ئەزموونی لێ وەربگرن. زۆر

کەس، بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە لە کەشی گشتی کۆمەڵگەدا کار و خەباتیان کردووە، بیرەوەرییەکانیان دەنووسنەوە و هەوڵ دەدەن وێنەیەک لەو ساتانەی کە لە یادوەری ئەواندا و بەزوومی کامیرای هەست و نەست، بیر و ژیرییان گیراون، لە شوێنێکی هیچ کەس نەدیدە پارێزراون، کەڵەکبوون و لە ئەنجامدا نەستیان پڕ کردووە لە ساتەژانی چەپاو، لە یادوەری گرژ و خاو، لە بابەتی نەورووژاو، لە شێوەی نووسینی بیرەوەریدا بدەنە دەرەوەی دیوی دەروون و چوون فیلمێکی تراژیدیای پڕ لە گرتەی کۆمیدی پیشانی بدەن و هاوکات خۆیان لەو دیمەنە چەپێنراوانە ڕزگار بکەن. دیمەنەکانی زیندان و ئەشکەنجەخانەکان بەتایبەت، گێڕانەوەیان پێویستن، چ لە ڕووی بایەخی مێژووییەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو کە بتوانن ژیان و خەباتی نەوەکانی پێش خۆیان هەڵسەنگێنن و ببێتە ئەزموون بۆیان، چ لە ڕووی بایەخی دەروونییەوە کە ئەو مرۆڤە ئەندێشەدیوە لەو دیمەنە کاریگەرانەی دەروونی ڕزگاری دەبێت و ئارامتر دەژی.

بیرەوەری دەتوانێ بەشێکی گرنگی مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو کۆمەڵگەیەش بێت، مێژووی ژیانی ئەو کەسەی کە دەینووسێتەوە و مێژووی ئەو قۆناغ و دەوروبەرەش کە تێیدا ژیاوە، ئەگەر بتوانێ وێنەیەکی دیاردەکانی ناو کۆمەڵگەی لەو قۆناغانەدا گرتبێت و بەدەستپاکییەوە بیانگەیەنێت. چونکە بیرەوەری باس لە بەسەرهاتی ڕاستەقینەی مرۆڤەکان دەکات و ئەو ژینگانەشن کە بیرەوەرنووس و کەسانی دەوروبەری تیا ژیاون. بۆیە گرنگە و بەرپرسیارێتی مێژووییە کە ڕووداوەکان وەکو خۆیان چۆن ڕوویان داوە وا بنووسرێن. مرۆڤ دەتوانێ هەرچی میتۆدێ خۆی پێی خۆش بێت هەڵیبژێرێت بۆ نووسینەوەی بیرەوەری، هەرچی واژەگەلێ پێی جوان بێت بۆ دەربڕین بەکاریان بهێنێ، وەلێ ڕاستییەکان وەکو خۆیان بەیان بکات و سڵیش لە گێڕانەوەی هیچ ڕاستییەک نەکاتەوە، هەرچەندە تاڵیش و دژواریش بێت.



من بۆ خۆم کە بیرەوەری کەسانی ترم خوێندۆتەوە بۆ هەندێ وردەکاری، نەرمە هەست و ساتە هەژان گەڕاوم تیایاندا، وردەکاری وا کە دۆخی دەروونی ئەو مرۆڤە دەربخات لە ساتە جیاوازەکانی ژیانیدا، لایەنە بەهێز و لاوازەکانی دەروونی، گریانەکانی، پێکەنینەکانی، ئەو ساتانەی دڵتەنگە، دڵشادە، بەهیوایە، بێئومێدە، دەترسێ، بێباکە، ساتەکانی ڕق، خۆشەویستی، بەزەیی، فەرامۆشی و... هتد. ئەمانە لە ژیانی هەموو مرۆڤێکدا ئاسایی ڕوو دەدا، پیاو بێت یان ژن. ئەو بیرەوەرییانەی کە لە کوردیدا نووسراون تا ئەم ساتە پیاوان نووسیویانە و من بەدەگمەن بەرچاوم کەوتووە باس لە ساتەکانی لاوازی و گریان و هەنیسک و ترس بکەن. بەپێچەوانەوە دۆخەکانی قارەمانێتی، جەربەزەیی و بێباکی بەرجەستە پیشان دراون. بۆ من پرسیار بووە ئەم مرۆڤانە بۆچی باس لەو دۆخانە ناکەن، کە بەتایبەت پیاوانی کورد پێیاندا تێپەڕیون، ساتەکانی ترس لەناو سەنگەردا، ساتەکانی گریان لە کاتی ئەشکەنجەدا، کاتەکانی بێئومێدی لە کاتی هەستکردن بەبێدەسەڵاتی لەبەردەم دوژمناندا. لای من پرسیار بووە بۆچی پیاوان باس لە عەشق ناکەن لە ژیانی خۆیاندا، باسی ئەزموونی خۆشەویستی کە مرۆیانەترین ئەزموونی ژیانی مرۆیە، کە کەس نییە لەناو ئەم دۆخانەدا ژیانی لا خۆشەویست نەبووبێ. مرۆڤ چەند ئازاش بێت، ناکرێ کە ڕووبەڕووی مردن دەبێتەوە هیچ نەترسێ، بۆ یەک ساتیش بووە خێوی مەرگ زەفەری پێ دەبات و دەیترسێنێ، زۆر گرنگە کە بیرەوەری دەنووسێتەوە باس لەو یەک چرکەیەش بکات کە ترساوە، کە گریاوە، کە تاساوە، کە بێ ئومێد ژیاوە. ئەمانە دۆخی ئاسایی ژیانی مرۆڤن و ئەگەر باسیان نەکات، مانای ئەوەیە ئەو دۆخانەی وەک کەموکوڕی بینیوە نەک وەک ئاسایی.

لەم گۆشەنیگایەوە کە بۆ خۆم ڕامانی دروست کردبوو لەبارەی بیرەوەرییەکانی کە خوێندبوومەوە هەستم کرد دەبێت هەوڵ بدەم لە

وردەکارییە دەروونییەکانی ئەو دۆخانە بدوێم کە لە ژیانمدا بەگشتی و ئەو ساڵەی کە لە زینداندا بووم بەتایبەتی ڕوویان داوە. بۆیە کە دەستم بەنووسینی بیرەوەرییەکان کرد، هەوڵی ئەوەم دا سات بەساتی دۆخە دەروونییەکانیش بنووسمەوە، بەگریان، ترس، تۆقین، خەم، ئازایەتی، فەرامۆشی، نائومێدی، هیوا و ڕق و خۆشەویستییەکانیشەوە. چاک بن یان خراپ، مایەی شانازی بن یان نەنگی، جوان بن یان ناشیرین، ئیدی ئەوانەن کە کەسایەتی منیان پێک هێناوە و دەبێ وەک خۆی بیانخەمە ڕوو. هەرچییەک بووبن تەنها خۆم بەرپرسیار نیم لێیان و تەنها خۆم بڕیارم بۆیان نەداوە، من بەشێکم لە خێزانێک، لە کۆمەڵگەیەک، لە نەتەوەیەک، کەسانی دەوروبەرم و کۆمەڵگەکەم و ژینگەکانی کە تیایدا ژیاوم کاریگەرییان هەبووە لە سەرم و کاریگەریم هەبووە لە سەریان. بۆیە زۆر ئاساییە لە لام کە بێ سڵکردنەوە باس لە دۆخە لاوازییەکانی ژیانیش بکەم.

لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا، مەخابن کەسانی دەرکەوتووی نێو کەشی گشتی پیاوان بوون و هەموو ئەو بیرەوەرییانەی کە تا ئەمڕۆ بەکوردی نووسراون، بیرەوەری پیاوانی نووسەر، سیاسەتمەدار و ڕووناکبیر بوون. ژنی کورد، چونکە هەمیشە لەنێو کەشی تایبەتیدا بەژیانێکی داخراوی نێو ماڵ گیرۆدە کراوە، یادەوەریشی بە شتە تایبەتییەکان سیخناخ بووە. بەڵام ژنانێکیش هەن و بەتایبەتی ئێستا، کەسانی گشتین و لە بواری گشتیدا کار و خەبات دەکەن، لە گۆڕەپانی سیاسەت، وێژە، هونەر و ڕووناکبیریدا خەباتیان لەبەرچاوانە، بەڵام هێشتا هیچ بیرەوەرییەک کە ژن نووسیبێتی نەکەوتۆتە نێو کتێبخانەی کوردییەوە، تا بڕوانرێتە دیوەکانی ژیانی ئەویش و بزانرێ ئەمیان چلۆن بووە و چۆن دەڕوانێتە بوون، چ ئەزموونێکی هەیە و چۆن ئەزموونەکانی خۆی دەنووسێتەوە. هۆیەکی ئەوەی ژن کەم دەنووسێ ئەوەیە کە زمان بەدرێژایی مێژوو ئامرازێک بووە بەدەستی پیاوەوە و مافی



وتن قۆرخکراوە بۆ ئەو. زمانی کوردیش هەمان شێوە سترکتوورێکی لەو جۆرەی هەیە و تەنانەت کە ژن بەکاریشی دەبات بێ ئەوەی پێ بزانێت دەکەوێتە نێو ئەو تەڵبەندانەوە کە لە نێو سترکتووری زماندا دانراوە و زمانێکی باوکسالارییە. بەبڕوای من ژن کە دەنووسێت، مەرجە زمان لەو بەرگە داماڵێ کە پۆشاکی ئەو کولتوورەیە. زمانێکی بێلایەن بەکار بیات، زمانێکی نوێی کوردی، کە خاڵی بێت لەو ئیماژانەی کە ژن وەک کۆیلە نومایش دەکات. ئەم ئامرازە گرنگ و دەگمەنە، زمان، کە ئاراستەنومای بیرکردنەوەشە.

ژن شتی بایەخداری هەیە بۆ گوتن، سەرگوزەشتەی سەرنجڕاکێشی هەیە بۆ بیستن، بیر و فەلسەفەی تایبەتی هەیە بۆ تێڕامان و، تەکنیکی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ گوزارەکردن لە بیرەکانی، ئیدی بۆ نەنووسێت؟ لە چی و تا کەی بترسێت؟

من وەکو ئەندامێکی کۆمەڵگەکەم لە تەمەنێکی زۆر سەرەتای ژیانمەوە تێکەڵ بەکەشی گشتی بووم و بەشداری چالاکی سیاسی، ئەدەبی وکۆمەڵایەتیم کرد. بەو پێیەش کە بەرهەمی فیکری خۆمم لە شێوەی کتێبی ئەدەبی وەک شیعر، چیرۆک، ڕۆمان و کتێبی کۆمەڵناسی لە شێوەی لێکۆڵینەوە و، کتێبی پەروەردەیی و... هتد داوەتە دەرەوە، ڕەنگە شێوازی نووسین و هزری من بۆ خوێنەر تا ڕادەیەکی باش ئاشکرا بێت. بەڵام ژیانی تایبەتی من و درووست ئەو ژیانە تایبەتییەم کە بەژیانی گشتی و بەکۆمەڵگەوە پەیوەستە، ئەگەرچی لە هەندێ بەرهەممدا ڕەنگیشیان دابێتەوە، وەلێ بەشێوەیەکی ورد و وەک خۆی نەزانراوە. ڕەنگە ئەم بیرەوەرییانە بۆ ناسینی من یارمەتیدەر بن بۆ ئەو کەسانەی کە مەبەستیانە نووسەرێکی ژن بناسن و بزانن سەرەتاکانی ئەو کەسە چۆن گوزەراوە و پاشخانی کۆمەڵایەتی و سیاسی چلۆن بووە.

وەک نەریتێک بیرەوەری لە تەمەنێکی هەڵکشاودا دەنووسرێتەوە و زۆربەی خاوەن بیرەوەرییەکان شەست، حەفتا ساڵێکی ژیانیان گوزەراندووە، بەڵام من هێشتا نەگەیشتوومەتە تەمەنی چل ساڵیی، پێم وایە مرۆڤ ئەگەر باسی هەبێت بۆ کردن، ڕووداوی هەبێت بۆ گێڕانەوە و پێویستی هەبێت بەدەربڕین و هەڵڕژاندنی ژانەکان، پێویست ناکات چاوەڕێی ئاخری پیریی بکات بۆ داڕشتنەوەیان. ئەی کێ دەڵێ منی کورد، منی نووسەرێکی ئازاد، منی ژنێکی دەنگدار و بزێو بوار دەدرێم پیر ببم و ئەوسا بیرەوەری بنووسمەوە. یان کێ دەڵێ ئەو ڕووداوانەی کە ئێستا لە بیرمن و زیندوون لە لام تا ئەوسا بەم وردەکارییانەوە لەبیرم دەمێننەوە و دەتوانم وەک ئێستا دایانبڕێژم. ڕەنگە بەتیری ئەم بیرەوەرییە سێ نیشان بشکێت.

یەکەمیان: شکاندنی ئەو دیوارە ئەستوورەی بەعس بەئەشکەنجەکانی نێو زیندان لە دەروونی مندا دروستیان کرد.

دووەمیان: شکاندنی ئەو نەریتەی کە بیرەوەری لە تافی پیریدا دەنووسرێ.

سێیەمیان: شکاندنی ڕچەی بێدەنگی ژنان لە ئاست ژیانی تایبەتی و ژیاننامەی خۆیان، دەرگاکردنەوە بۆ ژنانی بواری گشتی کۆمەڵگە بۆ نووسینەوەی بیرەوەرییەکانیان بێ سڵکردنەوە لە باسکردنی ئەو ساتەژیانانەی کە بەپێی دابونەریت ڕەنگە وەک نەنگ و شەرمئاوەر ژمێردرابن، کە بەڕای من جگە لە ناپاکیکردن لە نیشتیمان، ناپاکیکردن لە مرۆڤ، بێویژدانی، درۆ و دزی و ئەم جۆرە ئاکارانە هیچ شتێکی ئاسایی مایەی شەرم نین لە ژیانماندا و دەبێت شانازییان پێوە بکەین، بەتایبەتی خۆشەویستی و لایەنی سۆزداریمان لە ژیاندا پێویستە جێگەی شانازیمان بێت، پێچەوانەی ئەو داب و نەریتە نالۆژیکییەی کە خۆشەویستی وەک نەنگ دەبینێ.



ئەم بیرەوەرییانە بەزنجیرە لە نیومانگنامەی میدیادا بڵاوکراوەتەوە. لەبەرئەوەی نووسین بۆ ڕۆژنامە نەریتی تایبەتی خۆی هەیە، لەوێدا کەمتر وردەکارییەکان دەرکەوتوون، کە بۆ کتێب ئامادەم کردن، ئەو جێگایانەی کە هی وردەکاری بوون، یان ئەوەدەم لەبیرکرابوون لە پێداچوونەوەدا و ئامادەکردنی بۆ ئەم کتێبەدا، پڕم کردنەوە. نووسینی ئەم بیرەوەرییانە دوای گینگڵدانێکی زۆر لەگەڵ ساتەژانەکانی زیندان و چەندان جار هەوڵدان بۆ دەربڕینیان، بەشی یەکەمی بەئازار و ژانێکی زۆرەوە لەدایک بوو، بەڵام ماوەیەک دوای ئەوە بەشەکانی تری بەئاسانتر و خۆڕسکانە هەڵدەڕژان و بەڕێکەوتیش ئەم شێوەیەی ئێستای گرتووە، کە تا ڕادەیەک لە ڕۆمان بچێت. نەمویست میتۆدێکی دیاریکراو یان قاڵبێکی بەسەردا بسەپێنم، وەک تاڤگەیەک خۆی بەو شێوەیە هاژەی کرد و، ڕێچکەی گرت و وای لێ هات. وەلێ بەهۆشیار لەوەی کە بیرەوەری تەنها لە پێناوی بیرەوەریدا نەبێت و پێویستە پەیامیشی تێدا بێت. من کچێکی لاوی کورد بووم کە زیندان کرام، کەواتە دەبێ لاوان، کچان و کوڕانی کورد هەست بکەن لەناو ئەم بیرەوەرییەدا پەیامێک هەیە بۆ ئەوان. من مرۆڤێکی کوردی خاوەن پرسێکی گرنگم، پرسی کورد و کوردستان، پرسێک کە هەتا چارەسەر نەبێت ئاسوودە نابم. پەیامی من بۆ مرۆڤ بەگشتی و بۆ نەتەوەکەم چییە؟ دەکرێ ئەویش لەم بیرەوەرییانەدا بدۆزرێتەوە. من ژنێکم و خاوەنی پرسێکم بەناوی پرسی ژنەوە، ئەی پەیامی من لەم ڕووەوە بۆ ژنان بەگشتی و بۆ ژنی کورد بەتایبەتی، چییە؟ باوەڕم وابووە نابێ ئەویش فەرامۆش بکەم.

بیرەوەری زیندانم نووسیوەتەوە و مەخابن ئەشکەنجەخانەکانم وەبیر هێناوەتەوە، کە دەزانم وەک چۆن نووسینەوەی ئازار سەختە، ئاواش خوێندنەوەی دژوارە. دەمەوێ ڕاستگۆیانە باس لە ساتی گریانەکان، بێزارییەکان، ترسەکان، تۆقینەکان، ساتە دەروونییە پڕ لە هەژان و

ورووژانەکانیش بکەم. مرۆڤ بەوە نابێتە قارەمان کە لە بیرەوەرییەکانیدا تەنها باسی ساتە بەهێزەکانی خۆی بکات، چونکە سروشتی مرۆڤ ئاوێتەیەکە لە هەموو دیاردە هاودژەکان. مرۆڤ ئاساییە لە کاتی شەڕ و، لە ژووری سێدارەو، لە بەردەم جەللاددا بترسێ، ئەو ترسە گوزارە نییە لە ترسنۆکی، بەڵکە ترسێکی ئاسایی و سروشتییە، ئیدی بۆ باسی نەکەین. پێم وا نییە گریان نەنگ بێت، ئاسایی نییە کەسێک ئەشکەنجە بدرێ و نەقیژێنێت، بێزار بێت و دڵتەنگی نەنوێنێت، هەست بەنامۆیی بکات و نەگریەت، پێم وا نییە گریان تەنها نیشانەی لاوازی بێت، هێندەی ئەوەی پێویستییەکی دەروونییە، میکانیزمێکی بەرگرییە و دەبێت ڕوو بدات و هەر ڕوو دەدات، بۆ ئەوەی شێت نەبین. زۆر کەڕەت بەگریان گوزارە لەو هەستە یەکجار قووڵەم دەکەم کە زۆر بیری خۆشەویستێکم دەکەم و لەو ساتەدا مەحاڵە بیبینم، یان کە لە تاراوگەوە بیری نیشتیمان دەکەم و هەست بەبورکانێک دەکەم لە ناخەوەم هەڵایساوە. وشەکانیش جۆرێکن لە فرمێسک، من بێ پەروا دەنووسم، بەعەشقەوە دەنووسم، خۆشەویستیم بۆ ئەو پرسانەی کە بوونەتە پرنسیپی من بەم ڕۆژگارە وشەم پێ هەڵدەڕێژن و لە بۆتەی شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و وتار و لێکۆڵینەوەدا جێدەگرن. نووسینیش جۆرێکە لە گریان، بەڵام گریانێکە لە هێزەوە هەڵدەقوڵێ و هێز دەبەخشێ. هیچ کام لەو فرمێسکانە، چ تنۆکە ئاوی چاو و چ واژە فرمێسک نیشانەی بێدەسەڵاتی نین، ئەویان دەروون دەشواتەوە و ئەمیان بەرهەڵستی دروست دەکات و ویژدان بێدار دەکاتەوە و بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێت و دەیەوێ دادسالاری بهێنێتە ئاراوە.

ساڵێک لە زیندانی بەعسییەکان، کە دۆزەخیترین ساڵی ژیانم بووە کردوومەتە مەڵبەند و سەرچاوەی هەڵقوڵینی ئەم بیرەوەرییانە. ڕاستە بیرەوەری ساڵێکی نێو زیندانەکانی بەعسە، بەڵام جاروبار ژیانی منداڵی و بیرەوەرییەکانی پێش ئەو تەمەنە خۆیان خزاندۆتە نێوانەوە، چونکە



پێویست بوون و پەیوەستن بەیەکترەوە. بۆ ئەوەی وێنەیەکی تەواویان پێک هێنابێت لە بارەی ژیانی منەوە. هەندێ جاریش، دیسانەوە پێویستی و بایەخی ئەو دۆخانەی کە لە داهاتووی ساڵی دۆزەخدا ڕوویان داوە و پەیوەندییان بەمنەوە هەبووە بخزێنە نێو دێڕەکانەوە. مەبەستمە بڵێم کە بەئاگادارییەوە باسی هەندێ ساتەژیانی ڕووداوئامێزی ساڵانی ڕابردووی دۆزەخ و داهاتووی دۆزەخیشم لەناو ساڵەکەی دۆزەخدا باس کردووە.

پێم وایە بەنووسینی ئەم بیرەوەرییانە قورساییەکی زۆرم لەسەر دەروونی خۆم لابرد، ساڵانێکی دوورودرێژ لە ناخەوەم هەڵمگرتبوون و ببوونە مایەی زۆر جاری خەوزڕان و خەونەمارانەی سامناک بۆم. بەنووسینی ئەم بیرەوەرییە هەستێکی ترم لا دروست بوو، پێم وایە ئیدی بۆ هەتاهەتایە لە زیندان و کابووسەکانی ڕزگارم بوو.

## خەوزڕان

کاتژمێر سێ و پەنجا خولەکی بەیانییە. کاتژمێرێ زیاترە بەئاگا هاتوومەتەوە و ئەمدیو و ئەودیوو دەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێرە دۆزەخ نییە و ئەم شوێنەی تیا نووستووم ژوورێکی کپە، ئەم وڵاتەی تێیدام دووسەد ساڵە لە شەڕ بەدوورە و لە بەندەرێکی ئارام دەچێ، ئەم کیشوەرەی تێیدام نیو سەدە زیاترە "لە بەڵای ناگەهان، لە زۆری زاڵمان، لە فیتنەی ئاخرزەمان، لە سەگی هار، لە موسیبەتی پیس" و... هتد بەدوورە و دەڵێی دۆعا و نزاکانی دایکم و هەموو دایکانی کورد بۆ ئەمان "سویدییەکان" و بۆ ئێرە "سوێد" گیرا بووە کە هێندە بەندەرێکی ئارام و هێمنە، کەچی من لەم بەندەرە ئارامەدا خەوم زڕاوە. ڕەنگە زۆر کوردی تریش ئەم ئارامییەی پێ نامۆ بێت و خەوی بزڕێت. زۆر کەسی تریش لێرەوە بیری وڵات بکات، وڵاتێ کە کراوە بەدۆزەخ، بەتابووتێکی نابووت، کەچی هەر بیری دەکەین و هەر ڕۆحمان گرێدراوە بەیادگارییە شیرینەکانییەوە.

دەیان جار دەستم داوەتە پێنووس بۆ نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی دۆزەخ و دوای نووسینی چەند دێڕێک، هەندێ جار چەند لاپەڕەیەکم نووسیوە ئیدی گیانم هاتووەتە لەرزین و لەبەر تەپەتەپی دڵم و بیستنی دەنگە نامۆکانی پاسەوان و جەللادەکانی دۆزەخ، نەمتوانیوە بیرەوەرییەکان تەواو



بکەم و پێنووسەکەم داناوەتەوە و چووم دوو حەپی سەریەشەم قووت داوە و هەوڵی لەبیربردنەوەی ئەو ساتە سامناکانەم داوە کە لەبیرکردنیان مەحاڵە.

ئەمشەویش بەئاگاهاتووم و لەناو ئەو ساتانەدا حاڵ گرتوومی و دیسانەوە لە دۆخێکدام حەز دەکەم بیاننووسم، هیچ نەبێت هەندێ سەرەقەڵەم و دواتر تەواویان کەم. هەر دەبێت بیاننووسمەوە، ئەوە بڕیارە داومە و ئێستاش ئەوە بەڵێنە بەخۆم و خەڵکی دەدەم، چەند سامناکیش بن، چەند دۆزەخییش بن، دەبێت بنووسرێن، بەڵام کەی؟ ئەوەش پێویستە کاتی بێت، دڵنیام کە ساتی لەدایکبوونی هات زۆر ناخایەنێت و ژانێکی خەست و چڕی چەند ڕۆژی خاڵیم دەکاتەوە لێیان. لەم ڕۆژانەدا ژانێکی سەخت و خەستی وا بوون بەسۆنگەی لەدایکبوونی ڕۆمانێک (ئەڤین ئاوی ژیانە) ڕۆمانێکی شیعری کە ئەویش سەرچاوەکەی دۆزەخە و، ڕووداوەکانی لە کارەساتەوە هەڵدەقوڵێن، ئەنفال و عەشق و سەحرا و چاڵ. کاتی هاتبوو، ساڵانێک بوو ڕووداوەکانی لەناو مێشکمدا دەسووڕانەوە و کە دەهاتم بیاننووسمەوە و چەند دێڕێک یان چەند لاپەڕەیەکم دەنووسی و ئیدی بەجێیم دەهێشت و دڵم دەکەوتە تەپەتەپ و دەچووم دوو حەپی سەرئێشەم قووت دەدا و هەوڵی لەبیربردنەوەی ڕووداوەکانیم دەدا. بەڵام کە کاتی هات ئیدی نەمتوانی خۆم لەبەر ڕێژنەی بارانی وشە و بروسکەی فلاشی گرتە و ڕووداوەکانی بگرم و لادەم. دانیشتم و یەک هەناسە نووسیمەوە. نووسینەوەی ئەو ڕۆمانە، یان ڕاستتر بڵێم ژانی لەدایکبوونی ئەو بەرهەمە دە ڕۆژی خایاند.

کاتژمێر چوار و بیست و شەش خولەکە، کە لەناو جێگادا گینگڵی سامناکترین ساتی بیرەوەرییەکانم ئارامیان لێ بڕیم، بڕیارم دا کۆمپیوتەرەکەم هەڵکەم و یەکسەر دەست بەنووسینی ئەو دوو ساتە بکەم کە ترسناکترینیان بوون، ئەو دوو ساتە لەیەکچووەی کە کاتی لای من

لەسەر پلەی سفر گرێ دا. دوو سات کە ساتەکانی تری دەکوشت، بەتایبەت ساتە خۆشەکانی ژیانم. دەزانم هەر کە لەم دوو ساتە دەرباز بم، مەیدانی نووسینی ئەم بیرەوەرییانە دەبنە سارایەکی شینپۆش و بەپیاسەیەکی سادەوە ڕێ بەرێی ئەو کۆچە دەپێوم.

– مەهاباد قسە بکە! ئەگەر قسە نەکەی زمانت دەبڕین!

– مەهاباد قسە مەکە! ئەگەر قسە بکەی زمانت دەبڕین!

لە ماوەی ساڵێکدا ئەم دوو فەرمانەم بەسەردا درا، یەکەمیان لە ٢٧ی نیسانی ١٩٨٠ و دووەمیان لە ٢٥ی شوباتی ١٩٨١، لە یەکەمیاندا چواردەساڵ بووم و لە دووەمیاندا پانزە ساڵ. فەرمانی یەکەم لە بەڕێوەبەرێتی ئەمنی شاری کفری و، دووەمیان لە بەڕێوەبەرێتی ئەمنی عامەی بەغدای پایتەختی دۆزەخ. یەکەمیان کابرایەکی لاوازی ڕەنگزەردی ئێسکگرانی نەخوێندەوار و بێ ماریفەت کە پێیان دەگوت (مەفەوەز نەجیب) و بەڕێوەبەری ئەمنی شاری کفری بوو پێی گوتم و، دووەمیان کابرایەکی کەتەی ڕەشداگەڕاوی مل ئەستوور کە نەمزانی ناوی چییە و تەنها گوێم لێ بوو دەستوپێوەندەکانی پێی دەڵێن (سەییدی)، کە سەییدی ئەوان بوو، پێی گوتم.

لە هەردوو جارەکەشدا تا ڕادەی ئێشی مەرگ هەستم بەقرتانی زمانی خۆم دەکرد. لە هەردوو جارەکەدا زمانیان دەرهێنام و مقەستێکی تیژیان خستە سەری و منیش هەردووچاوی خۆم دەنووقان و بەتەواوی هەستم بەقرتانی زمانی خۆم دەکرد.

جاری یەکەم لە کفری بوو، لە ڕۆژەکانی ئەوەڵی گرتن و زیندانیکردنم، ئەو کاتەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکردم و دەیانووسی بەزۆر و بەتۆقاندن ناوی خەڵکی تر بڵێم.

– پەیوەندیت لەگەڵ خالید گەرمیانی هەیە؟



ئەو دەم لە گەرمیاندا ئەو ناوە تۆقاندبوونی، خالید گەرمیانی. لە ڕۆژژمێرەکەمدا کە کەوتە دەستی ئەمن و بەهۆی ئەو و چەند شیعرێکەوە گیرام. لە ڕۆژژمێرەکەمدا ڕۆژ بەڕۆژ چالاکییەکانی پێشمەرگەم دەنووسییەوە، ڕووداوە دڵتەزێنەکان و ڕووداوە هەژێنەرەکان. کە لە ناکاو هاتنە ژوورەوە من خەریکی دەرس خوێندن بووم و بۆ تاقیکردنەوە خۆم ئامادە دەکرد، پۆلی چوارەمی ئامادەیی بووم، دەبووایە دوای نیوەڕۆ ئەو تاقیکردنەوەیە ئەنجام بدەم. ئەو ژوورە ژووری قەیس بوو، براگەورەکەم، کە جگە لە مێز و کورسییەک و قەروێڵەیەکی نووستن، کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی تێدا بوو. براگەورەکەم، قەیس خۆی لە بەغدا دەیخوێند و هەفتەی جارێک بۆ ڕۆژێ یان دووان دەهاتەوە، من زۆربەی کاتم لە ژوورەکەی ئەو و لەگەڵ ئەو هەموو کتێبە نازدارەی ئەودا بەسەر دەبرد. زۆربەی زۆریانم خوێندبووەوە، هەندێکیانم چەند جارێک خوێندبووەوە و هەندێکیشیانم هەر بەتەواوی ڕەوان کردبوو.

(نەجیب) ڕۆژژمێرەکەمی بەدەستەوەگرت و پەڕەکانی کردەوە، بەکوردی نووسرابوون و نەیدەزانی بیخوێنێتەوە، بەڵام ناوەکانی بۆ خوێندرایەوە. لە یەکێک لە ڕۆژەکانی مانگی ئازاردا ناوی مەلا مستەفای بارزانی و، لە یەکێک لە ڕۆژەکانیدا ناوی خالید گەرمیانی و وشەی قائیمقامی پێشان دام و گوتی:

– تۆ و ئەم ڕۆژژمێرە لەگەڵ خۆمان دەبەین.

دایکم ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، کەوتە پاڕانەوە و بەعەرەبییەکی شەق و شڕ کە هەر (خاتر الله)کەی ڕوون بوو، وشەیەک کە هەموو دایکێکی کورد لەبەریان بوو کە دەهاتن کوڕ و کچەکانیان ببەن. بەڵام ئەوان خاتری خوایان نەدەگرت و ئێمەیان ڕادەپێچا بەرەو ناشوێن، بەراو جوگرافیا ونەکان، بەرەو چینەکانی ژێرەوەی زەوی.

کەوتنەوە پشکنین و چەند شیعرێکیشیان دۆزییەوە، یەکێکیان بۆ

شەهید سیروان تاڵەبانی بوو، ئەوانی دی بۆ کوردستان و پێشمەرگە و شۆڕش. سەرەتای شاعیرێتیم بوو، هێشتا تەنها دوو شیعری کورتم بڵاو ببووەوە، هێند شادمان بووم پێیان، کە هەستم بەجۆرێک لە هەڵفڕینی شادی دەکرد. بڕوا ناکەم کچێک هەبووبێ لەو ڕۆژانەدا هێندەی من شادمان بووبێ و هەستی بەشانازی کردبێت. کە شیعرم دەنووسی زۆر بەشانازییەوە ناوی خۆمم لە بنیەوە دەنووسی و ئیمزایەکیشم دەکرد و مێژووی دانانی شیعرەکەم لە ژێرەوە دەنووسی. ئیدی بەڵگە لەوە باشتر چی دەبێت بۆ ئەوان کە بزانن ئەوە شیعری منە و بەو پەنجانەی من نووسراون، کەچی هەر دەیانپرسی. یەکەمین پۆلەپرسیاریش:

– ئەم شیعرانە هی تۆن؟

– بەڵێ.

– کەس بۆی نەنووسیوی؟

– نەخێر.

– باوکت و براکانت هانیان داوی بیاننووسی؟

– نەخێر، ئەوان هەر ئاگاشیان لێ نییە.

– مامت هانی داوی بینووسی؟

– نەخێر.

– خالید گەرمیانی دەناسی؟

– نەخێر.

– ئەی بۆ لەناو ڕۆژژمێرەکەدا ناویت نووسیوە؟

– نایناسم، هەر ناویم بیستووە، هەموو کەس ناوی ئەویان بیستووە. من بەتایبەتی نایناسم، وەک ئەو خەڵکە دەیناسم.

– ئەو خەڵکە چۆن دەیناسن؟

–...



– تۆ چۆن دەیناسی؟

–...

– بێدەنگی دادت نادات، تۆ لە شوێنێ نیت بێدەنگی فایدەیەکی هەبێت بۆت، قسە بکەی باشترە، قسەکانت بکە و بەدەستی خۆمان دەتبەینەوە بۆ ماڵتان.

گیانم دەلەرزی، ئەویش هەر پەڕەکانی ڕۆژژمێرەکەمی هەڵدەدایەوە و پرسیاری دەکرد و بەتەوسەوە تەماشای دەکرد، کوڕێکی کەتەی زلی بانگ کرد و پێی گوت ئەمانەم بۆ بخوێنەرەوە و تەرجەمەی کە بۆم. (نەجات)ی ناو بوو، ئەو لاپەڕانەی کە بۆی دەستنیشان کردبوو خوێندییەوە و دەیکردە عەرەبی بۆی.

(ئەمڕۆ ساڵڕۆژی یەکەمی کۆچی دوایی پێشەوای کورد مەلا مستەفای بارزانییە...)، (ئەمڕۆ خالید گەرمیانی و پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی پەنجا و یەکی گەرمیان چالاکییەکی بێ وێنەیان ئەنجام دا، لە بۆسەیەکدا کوڕی قائیمقام و چەند کەسێکی تری سەر بەحزبی بەعسی فاشیستیان دەستگیر کردووە.) (ئەمڕۆ لەیلای خوشکم کراسێکی بۆ دووریم)...

بەکارهێنانی ڕۆژژمێر ئەودەم هێندە باو نەبوو، من حەزم لە بەکارهێنانی دەکرد بۆ تۆمارکردنی هەندێ ڕووداو کە ڕەنگبێ لە زەیندا نەمێننەوە. دووەم ساڵ بوو لە ژیانمدا ڕۆژژمێر بەکار بهێنم، ڕووداوە سیاسییەکان و ڕووداوە تایبەتییەکانی خۆمم تێیاندا دەنووسییەوە. خودی ئەو ڕۆژژمێرەش دیاری هاوڕێیەکم بوو پێشکەشی کردبووم ناوی تاریق بوو، باوکیشی عەزیزی ناو بوو. ئەو هاوڕێیە لە ئاکامدا فریای خۆی کەوت و ناوەکەی خۆی گۆڕی بەخەبات. خەبات عەزیز ئێستا ڕۆژنامەوانە و لە ئیتالیا دەژی و لە ڕۆژنامەیەکی ئیتالیدا کار دەکات.

لە ئاداری ساڵی ١٩٧٩ کە لە ڕادیۆکانی جیهانەوە هەواڵی کۆچی

دوایی بارزانی چزایە گوێی کورد، باوکم بەدیار ڕادیۆکەوە گریا و لەگەڵ ئەویشدا هەموومان گریاین. ئەو شەوە لە ماڵەکەماندا دەتگوت پرسەیە، بەڵام بۆ بەیانی لەناو بازاڕ و کۆڵان و شەقامەکاندا بەگشتی دەتگوت پرسەیە. بێ ئەوەی تەگبیرێ کرابێت، خەڵک هەموو لە خۆیەوە بەرگی ڕەشیان پۆشیبوو. پۆلی سێی ناوەندی بووم، قوتابییەکان بەکوڕ و کچەوە ڕەشیان پۆشیبوو، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە پۆل بەپۆل دەگەڕا و هەڕەشەی کرد کە سبەینێ هەر کەسێ بەجلی ڕەشەوە بێتە قوتابخانە دەری دەکات. ئەم ڕووداوەم لە ڕۆژژمێرەکەم تۆمار کرد، ساڵی دوای ئەوەش لە ساڵڕۆژی کۆچی دوایی بارزانیدا لە ڕۆژژمێرەکەم ئەو یادەم تۆمار کرد و هۆنراوەیەکی شۆڕشگێڕانەشم نووسی. ڕەنگە بۆ ئێستا کەسێ پێی سەیر بێت چۆن کەسێ هاوکات سۆزی بۆ بارزانی نەمر دەردەبڕێ و هۆنراوەشی بۆ سیروان تاڵەبانی کە شەهیدێکی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو دەنووسی.

ئەمە ئەوسا سەیر نەبوو، چونکە کوردایەتی ئامانج بوو، پارتایەتی ئامرازێ بوو بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە. لە ماڵی ئێمەشدا بەو کوردایەتییە گۆش کرابووین و گرنگ ئەو ئامانجە پیرۆزە بوو خەباتی بۆ بکرێت، بۆیە بۆ باوکیشم هەر وا بوو، ئێمەشی وا گۆش کرد. خۆشەویستی منیش بۆ بارزانی لە منداڵییەوە سەرچاوەی گرتبوو، ئەو دەم کە هێشتا هەر نەمدەزانی سیاسەت چییە، دەمبینی جاروبار شەوانی درەنگ باوکم دەرگاکان تەواو دادەخات و تابلۆیەک، کە دیمەنێکی سروشتی بوو، وەک تابلۆیەکی پیرۆز لە لایەن باوکمەوە ئاماژەی پێ دەدرا، لە ماڵماندا هەڵواسرابوو، جار نا جار، لە نیوەشەودا، کە دنیا خامۆش و بێدەنگ دەبوو، هەموو دەرگاکانی دەرەوە و ناوەوەی خڕ کلیل دەدا و، تابلۆکەی دەهێنایە خوارەوە، هێدی هێدی و وەک ئەوەی دەست بۆ لاپەڕەیەکی پیرۆز ببات چوارچێوەکەی دەکردەوە، لە پشت تابلۆی دیمەنە سروشتییەکەوە وێنەی پیاوێکی دەردەهێنا کە تەمەنی هەر لە نێوان بیست و پێنج تا سیی



ساڵێک دەبوو، قاتێ جلی سەوزی ئەوروپییانەی پۆشیبوو، لەسەر کورسییەک دانیشتبوو. زۆر بەتامەزرۆیی و خۆشییەوە تەماشای وێنەکەی دەکرد و پیشانی ئێمەی دەدا و دەیگوت ئەمە مەلا مستەفای بارزانییە. ئێمەش وەک ئەو خۆشییەک دەزایە دڵمانەوە، پرشنگێکیش دەزایە چاومانەوە، کە هەموومان تەماشامان دەکرد، دووبارە دەیخستەوە پشتی دیمەنە سروشتییەکە و قایمی دەکردەوە و هەڵیدەواسی. من نەمدەزانی مەسەلە چییە، توانای هۆشیاریم هەر ئەوەندە دەیتوانی دەرک بکات کە ئەو پیاوەی لە وێنەکەدایە پیاوێکی گرنگە و ڕزگارکاری کوردە و بۆیە باوکم خۆشی دەوێ و مامم خۆشی دەوێ و خەڵکی تریش هەر وا باسی دەکەن و، بەوەشدا کە بەچرپەچرپ ناویان دەهێنا و باسیان دەکرد دەمتوانی لێکی بدەمەوە کە ئەو پیاوە گرنگیش و قەدەغەشە.

هێشتا هەر قوتابی سەرەتایی بووم، چواری سەرەتایی بووم، کە براگەورەکەم لەناکاو دیار نەما، پیاوانی دراوسێمان لەناکاو دیار نەدەمان، هەندێ خزم و دراوسێ هەر بەخێزانی دیار نەدەمان و گوێم لێ دەبوو دایکم و ئەوان بەچرپە قسە دەکەن و دەڵێن فلانکەس چووەتە "ژوور".

لە کفری ژوور هاوواتای وشەی شۆڕش بوو. براگەورەکەشم کە ئەودەم تەمەنی هەر سێزدە ساڵ بوو لەگەڵ زۆربەی هاوەڵەکانی قوتابخانەی چووبوونە "ژوور". مامم عەبدوڵڵاش هەر لە ژوور بوو. تا دەهات شار چۆڵتر دەبوو، لادێ پڕتر دەبوو، تا دەهات دکتۆر و ئەندازیار و مامۆستا و قوتابی و پیشەکارەکان دەچوونە ڕیزی شۆڕش. شۆڕش تا دەهات گەورە دەبوو، گەورەتر و گەورەتر، بەڵام لە ناکاو کارەساتێکی گەورە ڕوویدا، گەورە بەقەد گەورەیی شۆڕشەکە. ئەو دیمەنەش بۆ من دیمەنێکی لەیادنەچووە. یادێکی زیندوو، تاڵ و پڕ لە جەخار. خەڵکی کفری لەم بەر و لەو بەری شەقامە گشتییەکە ڕاوەستابوون، نزیک گومرکی کفری، چاوەڕوانی هاتنەوەی کەسوکارە پێشمەرگەکانیان بوون لە "ژوور"ەوە

بێنەوە. زۆرم پێ سەیر بوو کە خەڵک بەهاتنەوەی کەسوکاریان دڵشاد نەبوون. هەر ئۆتۆمبێل بوو دەگەیشتەوە و چەند کەسێک دادەبەزی، ئەوانەی دادەبەزین چەکیان پێ نەبوو، چەکەکانیان دابووەوە و بەدەستی بەتاڵ دەگەڕانەوە. کە دادەبەزین کەسوکاریان بەگریانەوە بەرەوپیریان دەچوون، هەموو کەس دەگریا. دەمزانی کارەساتێکی زۆر گەورە ڕووی داوە، بەڵام بەتەواوی بۆم ڕوون نەبوو چییە. هەر ئەو ئێوارەیە ئۆتۆمبیلێک ڕاوەستا و براگەورەکەی منیشی تێدا بوو. ڕانک و چۆخەیەکی خاکی تۆزاوی لەبەر بوو، قژی درێژ بووبووەوە، خەمبار و دڵشکاو دیار بوو، دایکم و ئێمە بەرەوپیری چووین و باوەشمان بەیەکتردا کرد و گەڕاینەوە ماڵەوە.

شەوێ خزم و دۆست و دراوسێکان هاتن بۆ سەردانی و، دوای گەڕانەوەی ئەوان تەنها خۆمان ماینەوە. باوکم دەستی بەپرسیارکردن کرد لە کاکم و ئەویش وەڵامی دەدایەوە. من گوێم لەو گفتوگۆ و پرسیار و وەڵامانەی ئەوان دەگرت. چەند جارێک پێیان گوتم بچم بخەوم، بەڵام من نەڕۆیشتم و چووبوومە نێوان باوکم و کاکمەوە. زۆرم پێ خۆش بوو کاکم گوتی قەینا با نەخەوێ و بانگی کردمە لای خۆی و دەستی لە ملم کرد و گوتی: زۆر بیری مەهابادم دەکرد، بەتایبەتی کە لە شاری مەهاباد بووم زۆر بیریم دەکرد.

کە باسی تواندنەوەی شۆڕش، ڕێکەوتنامەی شوومی ئەلجەزائیر و زیندەبەچاڵبوونی خەونەکانی کوردیان دەکرد، هەستم بەخەمێکی یەکجار یەکجار قووڵ دەکرد لە دەروونیاندا هەڵدەقوڵا. بەڵام یەک پرسیاری باوکم و وەڵامەکەی لەلایەن کاکمەوە هیوایەکی نوێی لە نێوانیاندا ڕسکان. باوکم لە کۆتایی گفتوگۆکەدا پرسی:

- تۆ پێت وایە جارێکی تر دوای ئەم شکستییە گەورەیە، شۆڕش هەڵبگیرسێتەوە؟



- بەدڵنیاییەوە، من پێم وایە ساڵێ دوو ساڵی تر نابات شۆڕش هەڵدەگیرسێتەوە.

وێنەیەکی بچکۆلەی بارزانی کە لە نێو میدالیایەکدا بوو لە گیرفانی دەربهێنا و دای بە من. وێنەی بارزانی لە ساڵانی دوای ئەوە قەدەغەترین ماتریال بوو لە لای بەعس. من ئەو میدالیایەم هەر مابوو، لە قوتابخانەش پێم بوو، بەڵام جگە لە ڕووناک جەمال، کە هاوڕێیەکی یەکجار زۆر خۆشەویستم بوو، نەمدەهێشت کەسی تر وێنەکە ببینێت. تا ئەو دەمەی زیندان کرام هەر هەمبوو، بەڵام باش بوو وێنەکەیان پێ نەگرتم و لەناو گیرفانی کراسێکی ناو دۆڵابدا دامنابوو. لە زینداندا، لەسەر ئەو چەند دێڕەی کە لە ساڵیادی کۆچی بارزانیدا نووسیبووم لێکۆڵینەوەیان دەکرد و "نەجیب" دەیپرسی:

- مەلا مستەفات خۆش دەوێت؟

-...

- خالید گەرمیانیت خۆش دەوێت؟

-....

- بێدەنگی نیشانەی ڕازیبوونە، مانای ئەوەیە خۆشیانت دەوێ.

-...

- لەیلای خوشکت هانت دەدات ئەم شتانە بنووسیت؟

- نەخێر.

- ئەی ئەوە نییە ناویت نووسیوە.

- ئەو کراسی بۆم دووریوە، ئەو ئاگاشی لێ نییە من ئەم شتەم نووسیوە.

دەرگایان کردەوە و زیندانییەکی ئەشکەنجەدراویان هێنایە ژوورەوە، سەروگوێلاکی ئاوسابوو، لەبەر پەڵەی سوور و شین خەریک بوو نەیناسمەوە، هەفتەیەک بوو نەمدیبوو، هەفتەیەک بوو ئەشکەنجەیان دەدا.

ئەو تەنها دوو ساڵ لە من گەورەتر بوو، شانزە ساڵ بوو.

– ئەم کوڕە دەناسیت؟

– بەڵێ ئەی چۆن نایناسم ئەمە سەلاحی برامە.

– ئەگەر بێدەنگ بیت و قسە نەکەی وەک ئەوت لێ دەکەین.

ئەویان لەسەر کورسییەکەی بەرامبەرم دانیشاند، سەرەڕای ئەو هەموو ئەشکەنجەیە چاوەکانی بز بز تەماشای دەوروبەری دەکرد و دەتگوت نە بای دیوە و نە باران. (نەجیب) جگەرەیەکی بۆ داگیرساند و دایە دەستی و فەرمانی بەسەردا دا کە بیکێشێت. جگەرەکەی بەدەستەوە گرت و دەستی بەکێشانی کرد. (نەجیب) پێی گوت:

– بەخوشکەکەت بڵێ با قسە بکات.

– قسەی چی بکات؟

– با دانی پێدا بنێت کە لەگەڵ موخەڕبین هاوکاری دەکات و لە تەنزیمدایە. لەگەڵ خودی خالید گەرمیانی پەیوەندی هەیە.

– باوەڕ ناکەم.

– من تۆم هێناوە ڕازی بکەیت قسە بکات، نەمهێناوی ڕای خۆت دەربڕی. پێی بڵێ با دانی پێدا بنێت.

سەلاح هیچی نەگوت و تەنها تەماشایەکی کردم. لە بزێوی چاوییەوە هەستم کرد ورەی نەڕووخاوە و لە تەماشاکەشی وا تێگەیشتم کە هانم دەدا ورەم نەڕووخێت. ئەویان بردەوە، بەڵام دیتنی ئەو بۆ من زۆر باش بوو، ئەگەرچی بەسەروچاوی ئاوساو و پەڵەی شین و مۆرەوە دیم، بەڵام چاوەکانی دڵنیایان کردمەوە. لە دڵی خۆمدا دەمگوت کەواتە ئەشکەنجە زۆر گرنگ نییە، ئەوەتا براکەم دوای هەفتەیەک ئەشکەنجەدان، هەر باکیشی نییە. بەڵام جیاوازییەک هەبوو لە نێوان من و ئەودا، ئەو کوڕێکی ئەوەندە بزێو و لاسار بوو بەدار و بەردا هەڵدەگژا و تا ئەو کاتە لەبەر



لاسارییەکەی دەیان جار بەدەستی باوکم لێدانی خواردبوو، بەڵام من تا ئەو کاتە باوکم نە لێی دابووم، نەش لە گوڵێ کاڵتری پێگوتبووم. تەنها یەک دوو جار لە قوتابخانەی سەرەتایی مامۆستا کە لێدانی گشتی دەکرد و هەموومان دەبووایە دار بخۆین، منیش بەردەکەوتم، دەنا بەتایبەتی مامۆستاش نە لەبەر لاساری و نە لەبەر تەمبەڵی لێی نەدابووم، چونکە وا نەبووم.

ئەمجارە دەرگایان کردەوە و باوکم هاتە ژوورەوە. چووبوون بەدوایدا و لە دووکانەکەیەوە لە بازاڕەوە هێنابوویان. دیمەنی ئەو خەمەی باوکم پەسن نادرێ، ڕەنگی وەک لیمۆ زەرد هەڵگەڕابوو، باوکم منداڵەکانی خۆی زۆر خۆش دەویست، زۆر باوک هەبوون و دیبوومن بەدەگمەن منداڵی خۆیان ماچ دەکرد، بەڵام باوکم وا نەبوو ڕۆژ نەبوو ماچمان نەکات، لەناو هەر حەوت منداڵەکەشی من نازکێشراوترین بووم، باوکم کە لە کار یان لەسەفەر بەماندوویێتی دەگەڕایەوە بانگی دەکردم و ماچی دەکردم، زۆر جاران دەیگوت: هەرچەندێ هیلاک بم، کە دێمەوە و مەهاباد دەبینم هیلاکیم دەردەچێ. لەو ڕووەوە منداڵێکی بەختەوەر بووم، هەر باوکم نا، مامەکانیشم وابوون بۆم. مامی گەورەم زۆر جار دەیگوت هەموو منداڵەکانی خۆم بەلایەک و مەهاباد بەلایەک، هەندێ جار زیادەڕۆیی دەکرد و دەیگوت هەر پێنج کوڕەکەم بەقوربانی مەهاباد بێت. ئەوسا لێکدانەوەیەکم نەبوو بۆ ئەو هەڵوێستانەی ئەوان و ئەو خۆشەویستییەی کە بەتایبەتی بۆ من لە لووتکەدا بوو، بەڵام هەستم دەکرد من منداڵێکی بەختەوەرم. چی لەوە خۆشترە هەست بکەی تا ئەو ڕادەیە خۆش دەویسترێی. هێشتا تەمەنم دوانزە ساڵ بوو هاوینان کە دەچووم بۆ بەغدا بۆ ماڵی مامم، یەک دوو مانگ دەمامەوە و مامم هەموو ڕۆژێ کە لە کار دەگەڕایەوە و ئێواران لەناو باخچەکەدا دادەنیشتین بیرەوەرییەکانی خۆی بۆم دەگێڕایەوە. هەندێ بەسەرهاتی ڕاستی بۆ دەگێڕامەوە دەیگوت مەهاباد

ئەمانە بکە بەچیرۆک. سەیر ئەوە بوو من ئەو کاتە جاریٚ هیچیشم نەنووسیبوو تا بزانن بەهرەیەکی لەو جۆرەم هەیە، بۆ خۆم هەندیٚ شتم نووسیبوو، بەڵام پیشانی کەسم نەدابوو، کەسیان نەیاندەزانی دەنووسم. هەندیٚ جار کە سەری دەئێشا، دادەنیشتم و مامم سەری دەخستە سەر ڕانم و منیش سەریم دەشێلا. یەکەم جار کە سەریم شێلا زۆر ترسام، چونکە لەبەر قژی دیار نەبوو، بەڵام کە دەستم لێدا هەموو سەری چاڵی بچووک بچووک بوو. لێم پرسی: مامە گیان ئەوە سەرت بۆ وا هەمووی چاڵ چاڵە. گوتی ئەوە لە ئەشکەنجەدان وای لێهاتووە. لە ساڵی **١٩٦٣** لە زینداندا بووە و هاوڕێکەی، کە ناوی عەبدولرەحمان بووە بەکوژراوی هێناویانە و لەبەرچاویدا پەلوپۆیان بڕیوە تا دانی پیّدا بنێت کە ئەندامی پارتییە. ئەشکەنجەی زۆریان داوە و پێیان گوتووە تەنها جنێو بەمەلا مستەفا بدە وازت لیٚ دەهێنین و نەیداوە. ئەو شتانەی بۆ من دەگێڕایەوە. کە قسەی بۆ دەکردم و باسی سیاسەتی لەگەڵ دەکردم دەتگوت بۆ کەسێکی گەورەی دەکات، منیش گوێم دەگرت و پرسیارم دەکرد و بەشداری قسەکانیشم دەکرد. زۆرم پیٚ خۆش بوو هەندیٚ جار کە باسێکی دەکرد لە منی دەپرسی: ئەی تۆ ڕات چییە؟ کەیفم بەخۆم دەهات کە ڕای منی لا مەبەستە و دەیپرسێت. مامم ئیسماعیل لە دەروونی مندا مرۆڤێکی نەمرە، ئەگەرچی لە ژیانی مندا لە ساڵی **١٩٨٤** ەوە نەماوە.

دۆخی دەروونی ئەو ڕۆژەی باوکم پەسن ناکریٚ، کاتیٚ هێنایانە ژوورەوە و نەشیان هێشت باوەشم پیادا بکات و ماچم بکات و تەنانەت بەبیٚ فەرمانی ئەوان نەیتوانی قسەیەکیشم لەگەڵ بکات. پێیان گوت:

– ئیبراهیم بەکچەکەت بلیٚ قسە بکات و دانی پیّدا بنێت.

باوکم حەپەسا بوو، نەیدەزانی من لەسەرچی گیراوم. ئەو هەفتەیەک بوو داخی گرتنی کوڕەکەی لە دڵدا پەنگی دەخواردەوە، ئێستا کچەکەشی هاتەسەری. ئەو کچەی کە بەقەد هەموو دنیا خۆشی دەوێت و مایەی



حەسانەوەیەتی. باوکم بەحەپەساوییەوە سەیری منی کرد و بەکوردی پرسی:

– حەیاتم چیت کردووە؟ بۆ گرتوویانی؟

من دەستم بەگریان کرد، چیتر نەمتوانی خۆم بگرم. حەزم دەکرد بچمە باوەشییەوە و وەک هەمیشە نازم بکێشێت. گریانەکەی من ئەوەندەی تر حاڵی ئەوی شڕ کرد. هەوڵی دەدا خۆی بگرێت بەڵام نەیدەتوانی و فرمێسک بەچاوانی ئەویشدا هاتە خوارەوە.

(نەجیب) بەتووڕەییەوە لێی هاتە پێشەوە و گوتی:

– ئیبراهیم کچەکەت لە ڕێکخراوی نهێنی کار دەکات و لەگەڵ موخەربین هاوکاری دەکات. پێی بلیٚ دانی پیّدا بنێت و ئیتر دەتوانیت لەگەڵ خۆتدا بیبەیتەوە بۆ ماڵەوە، دەنا ئیعدامی دەکەین.

باوکم تەواو شێوا، زمانی نەدەهاتە گۆ، ئەو هەمیشە بەدەمودوو بوو، ئاسان و ڕەوان دەدوا، کەچی لەویٚ دەمی بەیەکدا دەهات و قسەی بۆ نەدەهات، بەڕەنگی پەڕیوو و بەچاوێکی حەپەساوەوە تەماشای منی دەکرد، منیش هەر دەگریام، ئەویش هەر فرمێسک بەچاوانیدا دەهاتە خوارەوە. نەیدەزانی چی بەمن بڵێت و چی بەوان بڵێت. ئێستا دەزانم لە دۆخێکی دۆزەخیدا بووە ئەو کاتە.

ئیزنی ئەویان دا بڕوات، بەڵام پێی ڕێگەی دانەدەگرت، چۆن بڕوات و من بەجیٚ بهێڵێت لە لای ئەو دڕندانە؟ بەڵام ئەی چۆن نەڕوات ئەگەر ئەو دڕندانە فەرمانیان بەسەردا دابێت؟

ئەو لە دەرگای ژوورەکە ئاودیو بووەوە و نەجیب کێبڵێکی بزماڕڕێژکراوی هێنا و لەبەردەم مندا ڕاوەستا. گوتی:

– دەستەکانتم پیشان بدە!

هەردوو ناولەپم کردەوە و پیشانم دا. گوتی:

– نا سەرەوەیم پیشان بدە!

بە ترسێکی زۆرەوە دەستم هەڵگێڕایەوە. لەناکاو بەهەمموو هێزی خۆی کێبلەکەی پیا کێشا و هاوارم لێ بەرز بووەوە. ئەو گوتی:

– دڵنیا بە ئەمە هەر هیچ نییە. تەنها بۆ تام بوو، ئەگەر قسە نەکەی دۆزەخت دەهێنینە بەرچاو. ئێستا پێم بڵێ کێی ترت لەگەڵدایە؟ کێ هانت دەدا شیعر بنووسی؟

هەر گریان و هەر ترس و هەر تۆقین. زەنگێکی لێدا و نەجات هاتە ژوورەوە.

– نەجات مقەستەکە بێنە!

– بەسەرچاو سەییدی.

زۆر ترسام، قژم درێژ بوو، دەترسام قژم ببڕن. بیستبووم لە زیندانا سەر دەتاشن. بەڵام مقەستی بۆ قژبڕین نەبوو. کە مقەستە تیژەکەی هێنا و نەجیب ئامادەی کرد. بەنەجاتی گوت زمانم بگرێت و ڕایکێشێت. من هەر دەگریام، زمانی ڕاکێشامە دەرەوە و مقەستەکەی لێ نزیک کردەوە. هاوارم کرد و خەریک بوو دڵم بتۆقێ. مردنم بەچاوی خۆم دی، هەستم بەقرتەی زمانم دەکرد کە بڕدرابێت. پەیتا پەیتا دەیگوت:

– مەهاباد ئەگەر بێدەنگ بیت و قسە نەکەیت زمانت دەبڕین.

زمانیان بەر دەدام و چاوەڕێ بوون قسە بکەم، منیش هەر سوێندم دەخوارد بەخودا و بەقورئان کە تەنزیم نیم و کەسم لەگەڵدا نییە و هەر خۆم بەهەوەسی خۆم ئەو شتانەم نووسیوە. چەند جارێ مقەستەکە ئامادە دەکرا و هەمان دیمەن دووبارە دەکرایەوە. دوای ئەوە بەنەجاتی گوت بمبات، مقەستەکەش لای خۆی مایەوە. لە ژوورێکی قاتی خوارەوەی بەرێوەبەرێتی ئەمنی کفری ئەو شەوەم بەسەر برد و یەک چرکەش خەو نەچووە چاوەکانم، بەڵام ئەوەندە ماندوو بووم کە پێم وابوو جاروبار لە هۆشی خۆم دەچم و دێمەوە هۆشی خۆم.



لەم شەوانەدا لە کوردسات بەرنامەیەکی عەرەبییان پیشان دا و، چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکرد کە گوێ و لووتیان لە لایەن بەعسەوە بڕدراوە. بەدیتنی ئەوانە زۆر تێکچووم. لە کەناڵێکی عەرەبییەوە پیاوێکیان پیشان دا زمانی بڕدرابوو، وەرە ئەو دیمەنانە ببینە و شێت مەبە. ئەگەرچی یەکسەر کەناڵەکە دەگۆڕم و تەماشای ناکەم بەڵام بیرەوەرییەکانی دۆزەخم دەورووژێنن. هەندێ ژان هەن لەبەر گەورەییان ناتوانی دەریان ببڕیت، ئەگەر بەهرەمەندترین نووسەری دنیاش بیت. بیرەوەری ئەو ساڵەی دۆزەخ بۆ منیش ژانێکی وەسایە، بەڵام هۆی ئەوە نەبوو کە باسی ئەشکەنجەکانم نەدەنووسییەوە و نەدەگێڕاوە، بەڵکە لەبەر ئەوەی دوای ساڵێک ئازار و لە ڕۆژی ئازادکردنەکەمدا، کە گوایە دادگای ئەلسەورەی بەدناو بەساڵێک حوکمی داوم و بەبڕێک سزای پارە و بەبڕینەوەی سێ ساڵ چاودێری ئیزن بدرێم بگەڕێمەوە. بەڵام بیریان نەچوو دووبارە مقەستەکەم پیشان بدەنەوە. هەمان دیمەنیان دووبارە کردەوە، بەڵام ئەمجارەیان بەپێچەوانەوە. ئەمجارەیان فەرمانەکە پێچەوانەی ساڵێ لەوەوبەر بوو. گوتیان:

– ئەگەر باسی ئەوە بکەیت کە ئەشکەنجە دراوی، یان هەر باسی زیندان بکەی، زمانت دەبڕین. مەهاباد ئەگەر قسە بکەی زمانت دەبڕین!

ساڵێ زیاترە زمانبڕەکان لەسەر دەسەڵات نەماون، بیست و چوار ساڵە دۆزەخیترین ئازارەکانی ناسکترین تەمەنی ژیانم لە دەروونمدا پەنگ دەخۆنەوە. لە دوای ڕاپەڕینەوە دەیان جار بۆ نووسینەوەیان ئامادەکاریم کردووە و نەمتوانیوە، بەڵام دڵنیام کە دەیاننووسم چونکە بڕیارم بۆ داون، مەگەر مەرگی کتوپڕی مەودا نەدا.

کاتژمێر حەوتی بەیانییە، باش بوو توانیم هیچ نەبێت باسی چەند ساتێکی ئەو دۆزەخە بۆ کۆمپیوتەرەکەم بکەم. پێم وایە چاکم کرد لەناو جێگەکەم نەمامەوە و بەخەوی زڕاوەوە بیر لەو بیرەوەرییە بکەمەوە.

نووسین چەند خۆشە، هەست دەکەم بارم سووک بووەوە. چەند خۆشە کە بتوانی گوزارە بکەی لەوەی کە ڕووی داوە و ڕوو دەدات، چەند باشە کە زمانمان هەیە! چەند گرنگە زمان بەکار بهێندرێت! بشکێ مقەستی زمانبڕین، مقەستی سانسۆری نووسین، چەند سامناکە هەڕەشەی زمانبڕینت لێ بکرێت! چەند لەوە سامناکترە کە بترسی و بەقسەیان بکەیت و دوای ئەو هەڕەشانە ئیدی نەیەیتە گۆ! بێدەنگبوون لە ناهەقی کارەساتە! لەوەش کارەساتتر ئەوەیە کە خۆت ناهەقی بکەی، یان بەشێک بیت لێیان!



## بەڵای ناگەهان

شەوی یەکەمم لە ژوورێک لە ژوورە نائاساییەکانی زیندان، لە بەڕێوەبەرێتی ئەمنی کفری بەسەر برد. من جلی قوتابخانەم لەبەر بوو، کراسێکی سپی و تەنوورەیەکی شین، ژوورەکەش شێدار و بۆگەن بوو. هیچ شتێکی تێدا نەبوو، چوار دیوار و بنمیچێک و دەرگایەکی داخراو بوو. دەنگێکی نائاسایی دەهات، هات و هاوار و زیڕە و گریانی گەورە و منداڵ، هی ژن و هی پیاو. دەمزانی چەندان زیندانی کوڕ لەو شوێنەن، هەروەها ئەوەشم دەزانی جگە لە من هیچ کچێکی تر زیندانی نییە و لەو شارەدا من یەکەم کچ بووم بخرێمە زیندانەوە. ئەی ئەو دەنگانە چین!؟ قیژەکان دەنگی هاوار و ناڵەی ژنیان تێدایە! موچڕکێکی تێکەڵ لە سۆنگەی ترس و شێی ژوورەکە جەستەمیان هێنابووە لەرزین و ددانەکانم کەوتنە چۆقەچۆق. ڕووناکی گڵۆپێکی زۆر کز لە بنمیچی ژوورەکەدا سێبەرەکەی خۆمی وەک تارماییەکی گەورە لەسەر دیوارەکە پیشان دەدایەوە. لە سووچێکی ژوورەکەدا دانیشتم و پاڵم دایە دیوارەکەوە و گوێم وەخت بوو بەو دەنگە کاس بێت و هەردوو دەستم خستە سەر گوێم، سوودی نەبوو، دەنگەکە ئەو کاتانە بڵندتر دەبووەوە. وردە وردە تێگەیشتم ئەو دەنگە تۆمارکراوە و بۆ ڕووخاندنی ورەی زیندانییەکان و ئازاردانی دەروونیان بەکار دەبرێت. پێدەچوو خۆیان لە شوێنێکەوە بمبینن، بۆیە کە

دەستم بەگوێمەوە دەگرت دەنگەکە بڵندتر دەبووەوە. ئەگەرچی ئەمانە زۆرن و سەختن بۆ چواردەساڵییەک، بەڵام دەنگێکی یاخی لە ناخەوە هانی دەدام بۆ بەرەنگاربوونەوە. لەو کاتەدا هەموو ئەو سروود و شیعرانەی کە تا ئەو تەمەنە خوێندبوومەوە هاتنەوە یادم و هانیان دەدام کە ئەو ترسە ببەزێنم. چونکە گومانم کرد ئەوان ببینن، بۆیە هانی خۆمم دا کە ئاسایی ببمەوە. لە دڵی خۆمدا دەمگوت ئەگەر وا ببینن کە دەترسم دڵشاد دەبن، نابێ دڵیان بەوە خۆش بێت. ئەو بیرە زۆر یارمەتیدەر بوو، بەڕاستیش هێز و وزەیەکی زۆر زایە ناو ڕۆحمەوە. کەوتمە ناو بیرکردنەوەی قووڵ و، خەیاڵم لەو زیندانە ڕزگاری کردم و تاوێ دەیبردمە لای هاوڕێکانی قوتابخانەم، تاوێ بۆ لای دایکم و باوکم و خوشک و براکانم و، تاوێ بۆ لای مامم و تاوێ بۆ لای ئەو کوڕەی کە دوو هەفتە پێش ئەو کارەساتە نامەیەکی خۆشەویستیمان لەگەڵ یەکدا گۆڕیبووەوە. ئەو تەمەنە نازدارە هی ئەوە بوو بەخۆشەویستی و ئەڤین پڕ ببێتەوە، نەک بەو ئەشکەنجەو ئازارە. بەڵام ڕوانینی من ئەوسا جیاواز بوو بۆ ئەڤین، هەستێکی ئەوەندە تێکەڵ بەنیشتیمانپەروەری و کوردایەتی بوو، کە لە میانەی ئەو هەستەوە عەشقم دەدی و دەخوێندەوە. ئەو کوڕەش وەکو خۆم شیعری دەنووسی و شیعرەکانیشی پڕ بوون لە هەستی جوانی خۆشەویستی نیشتیمان. لە ڕێگەی شیعرەوە یەکترمان ناسی، ئەو لە کەرکووک و من لە کفری دەژیام، ناسیاویشمان بەهۆی خوشکەکەمەوە کە لە کەرکووک دەیخوێند دروست بوو، کاتێ پەڕاوی شیعرەکانمی بردبوو پیشانی بدات و شیعرەکانی ئەویشی هێنا بۆ من. ماوەیەکی زۆر کەم بەسەر ئەو شیعر گۆڕینەوەیەدا تێپەڕی، دوو هەفتە پێش کارەساتی گیرانم بوو، نامەیەکی بۆ ناردم و داوای کردبوو کە پەیوەندی خۆشەویستی ببەستین و منیش قایل بووم. ئەگەرچی ئەو پەیوەندییە هێشتا پێنەگەیشتبوو، من و ئەو کوڕە تەنها یەکجار ئەویش پێش پەیوەندییەکە یەکترمان دیتبوو، دیتنەکەش تەنها



پێنج خولەکی خایاند، بەڵام گرنگ بوو کە لەو کاتەدا کە لە زیندانم هەست بەهێزێکی دەروونی بکەم کە لە خۆشەویستییەوە سەرچاوەی گرتووە. خۆ ئێستاشی لەگەڵدا بێت خۆشەویستی کوڕ و کچی کۆمەڵگەی ئێمە هەروایە، نە یەکتری وەک پێویست دەبینن، نە دەتوانن یەکتری بدوێنن و یەکتری بناسن. باش بوو ئەوسا بەهەرزەکاری لێکدانەوەم نەبوو بۆ دیاردەکان، لای من ئەو ئەڤینە هێزبەخش بوو، زۆر جار بەبیرکردنەوە لەو ئەڤینە ژووری زیندانم بەجێ دەهێشت و دەگەیشتمە ناو مێرگە سەوزەکانی ژوانگە.

کە لەگەڵ ئەو خەیاڵ و هەستانەدا بووم ترسم دەڕەوییەوە و وەک ئەوسا هەستم بەدەنگەدەنگەکەش نەدەکرد، کە جار جار ڕادەچڵەکام ئینجا دەمزانی هەندێک خەوم لێکەوتووە. دوای چەند جارێ نووستن بەدانیشتنەوە و ڕاچڵەکان، هەر لەسەر ئەو عەرزە شێدارە ڕاکشام و خۆم گرمۆڵە کرد. شەوێکی یەکجار درێژی ژیانم بوو، کات لەو جێگایانەدا زۆر سست و نائاساییە. هەر ڕۆژێ لە زیندان تێدەپەڕێت هەست بەگەورەبوونێکی نائاسایی تەمەنی خۆت دەکەیت. هەست بەچالاکبوونەوەی خەیاڵ و هەستەکانت دەکەیت. هەستی بینینت بەدیتنی دەزگاکانی ئەشکەنجە ئاشنا دەکرێت، هەستی بیستنت جگە لە قیژە و هاواری خۆت، بەدەنگی قیژە و هاواری هاوەڵەکانی زیندانت و دەنگی تۆمارکراوی ئەشکەنجەدراوانی هاوبیرت سیخناخ دەکرێت. هەستی بۆنکردنت بۆگەنی ژوورە تەنگ و تاریک و شێدارەکان، کە بەخوێنی وشکەوەبووی سەر دیوارەکان و میز و پیسایی سەر عەرد پەڵەپەڵەن، هەڵدەمژن. هەستی بەریەککەوتنت یەکەیەکەی جێگەی کێبڵ و قامچییەکان و سووتانی ژێر ئوتوو و دەمی جگەرە، بەسەر دەکاتەوە. هەستی شەشەمیش لە هەمووی چالاکتر دەبێتەوە و لە هەر چرکەیەکدا کە سیمای جەللادەکان دەبینی دەرکت پێت دەڵێت، تەواو دەبی، ئیدی تۆ ژیان بەجێدەهێڵیت.

دوای ئەو شەوە نائاساییە، ڕۆژێکی نائاسایی دەستی پێکرد و خڕەخڕی کلیلەکە خوڕپەی خستە دڵمەوە. دیسانەوە بۆ لێکۆڵینەوە دەمبەن، بەدەم ئەو خوڕپانەوە هێشتاش هێزێکی شاراوە لە دەروونەوە هانی بەرگەگرتنیان دەدام. هەمان ژووری مفەوەزی ئەمن، لە نهۆمی دووەمی بیناکەدا بوو، خۆی لە پشت مێزەکە دانیشتبوو، منیشیان لەسەر کورسییەک لە بەرامبەری دانا. پرسیارەکان دەستیان پێکرد، یەکەمین پرسیاری هەموو کاتێک بەناو دەست پێ دەکات:

– ناوت چییە؟

– مەهاباد.

– ناوی سیانیت و نازناوت.

– مەهاباد ئیبراهیم محەمەد قەرەداغی.

– جوانە! دەتوانی پێمان بڵێی مەهاباد مانای چییە؟

– شارێکە لە کوردستانی ئێران.

– جوانە! کێ ناوی ناوی مەهاباد؟

زۆر ترسام و نەمدەزانی چی بڵێم، دەترسام ئەگەر بڵێم باوکم ناوی ناوم ئەویش بگرن و زیندانی کەن. زۆر بەخێرایی بیرم دەکردەوە وەڵامێک بدۆزمەوە. بێدەنگییەکەم نیو خولەک زیاتری خایاندبوو، گوتی:

– گوێت لێ نەبوو پرسیارم لێ کردی؟ پرسیم کێ ناوی مەهابادی لێ ناوی.

– نازانم.

– مێژووی لەدایکبوونت بەڕۆژ و مانگ و ساڵ چەندە.

– ١٩٦٦/١/٢٢ .

– بیست و دووی یەک چ یادێکە لە مێژووی کورددا؟



– نازانم.

– چاک دەزانی، ئەوەندە گێل نیت، لە قوتابخانەش هەموو ساڵێک یەکەمی.

– بەخوا نازانم.

– کەواتە من فێرت دەکەم. ئەوە یادی دامەزراندنی کۆماری مەهابادە. ئەزانی کۆماری مەهاباد کەی دامەزرا؟

– نەخێر.

سەیرم پێ دەهات کوێرا وا زوو ئەم هەموو لێکدانەوەیان کردووە و تەنانەت لە مێژووی لەدایکبوون و ناوەکەوە ئەوەیان بۆ دەرکەوتبێت کە من بەهۆی پیرۆزی ئەو یادەوە ناونرابێتم مەهاباد.

– ئێوە هەمووتان موخەریبن. باوکت تەمەنای دەوڵەت دامەزراندن دەکات کە ناوی تۆی ناوە مەهاباد. قەت ئەو هیوایەتان نایەتە دی و جارێکی تر کۆمارێک بە چاو نابینن، هەمووتان دەکوژین. پێم بڵێ بزانم، ئێوە قەرەداغین، چی دەکەن لە کفری؟

ئەی خوایە گیان لەم پرسیارە جیددی و سەیر و سەمەرانە لە کچێکی چواردەساڵی دەکرێت. ئەوە جاری یەکەم بوو لێم بپرسن تۆ قەرەداغیت، بۆ لە کفری دەژیت. بەڵام دوای ئەوە زۆر جاری تر ئەم پرسیارەم لێ کرا، لە لایەن هاوڕێیان و خوێنەرانی شیعرەکانم، چۆن لە کفری لەدایک بوویت و قەرەداغیت؟

وەڵامی (نەجیب)م دایەوە:

– بیستوومە باپیرم لە ناوچەی قەرەداغەوە بۆ کارکردن هاتووەتە ئێرە و لێرە نیشتەجێ بووە؟

– لە کام شوێنی قەرەداغ؟

– دێی باخان.

– خزم و کەسوکارتان هەیە لەوێ.

– نەخێر.

لە ڕاستیشدا هەر وابوو. باوکم کەسێ بوو قەت گوێی نەدەدایە ئەوەی عەشیرەتی چییە و ڕەنگە کەسوکارمان هەبێت لە ناوچەی قەرەداخ و لێکدابڕابین. قەت بەدوای ئەو شتانەدا نەدەچوو. قسەیەکی هەبوو زۆر کاریگەری لەسەر من دانا، زۆرجار دوو پاتی دەکردەوە، دەیگوت "ئەوە گرنگ نییە کوڕی کێ، یان کچی کێ بیت، ئەوە گرنگە خۆت کێیت". بەکردەوەش هەوڵی ئەوەی دەدا باوەڕبەخۆبوونمان تێدا دروست بکات و لە کاروباردا پشت بەخۆمان ببەستین، نەک بەئەو. من حەزم دەکرد هەر بۆ زانیاری خۆم بزانم کە ڕەگ و ڕیشەمان لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە و بۆ باپیرم هاتووەتە گەرمیان و لە کفری نیشتەجێ بووە. مامم بەپێچەوانەی باوکمەوە لە ڕەگ و ڕیشەی بنەماڵەمانی کۆڵیبۆوە و ئەو بۆی باس کردم کە بەهۆی قات و قڕی و بێکارییەوە دێی باخانیان بەجێ هێشتووە و، لەبەر ئەوەی ئەوسا کفری مەڵبەندی کاروانسەرا و شاڕێی بازرگانی بووە، شارێکی بووژاوە بووەو کاری زۆر بووە، ئەوانیش لەوێ نیشتەجێ بوون. مامم دەشیگوت بەڵام لە بناغەوە باپیرانمان لە کوردستانی تورکیاوە هاتوون و لە ناوچەی قەرەداخ ماونەتەوە و دێی باخان ئەوان ئاوەدانیان کردووە. مامم دەیگوت لێکۆڵیومەتەوە کە لە کوردستانی تورکیاش کەسوکاری باپیرانمان هەن و ئەگەر بارودۆخی کورد وا نەبووایە دەچووم دەمدۆزینەوە. چۆن و لەکوێ لێکۆڵیوەتەوە، نەماندەزانی، دوای ئەویش کەسی تر لە برا و خوشکەکانی ئەو ئارەزووەی نەبوو لێبکۆڵێتەوە و بەپێویستیان نەدەزانی. لە ڕاستیدا زۆر گرنگیش نییە، من ئێستاش لەگەڵ ئەو ڕایەی باوکمدا کۆکم کە دەیگوت: گرنگ نییە کوڕ و کچی کێی، گرنگ ئەوەیە خۆت کێی.



بەهەرحاڵ، باش بوو ئەم زانیارییانەیان نەزانیبوو، دەنا لەسەر ئەوەش لێیان دەپرسیمەوە. سەیرە لەسەر کردەوەکانی باپیرانت لێت بپرسنەوە و لەسەر ئەوانیش سزای تۆ بدەن. بەڵام ئەوان چیان کردبوو؟ باپیرم چی کردبوو، لە شوێنێکی کوردستانەوە کۆچی کردبوو بۆ شوێنێکی تری کوردستان و بژێوی خۆی و خێزانەکەی بەدەست هێنابوو. ئەمان زۆر بەگومانەوە تەنانەت لەو کۆچ و کۆچبارییەشیان دەڕوانی.

– باپیرت شاعیر بووە؟

– بەڵێ شیعری نووسیوە.

– کەواتە تۆ چوویتەتە سەر ئەو. باپیرت مەلایەکی حوجرەداریش بووە، وایە؟

– وا دەڵێن، من لەبیرم نایەت، من دوو ساڵ بوومە کە ئەو مردووە.

– ئێمە هەموو شتێک لەسەر تۆ، باوکت، براکانت، مامەکانت و باپیریشت دەزانین. بۆیە پێویست ناکات درۆمان لەگەڵ بکەیت و هەرچییەکمان لێ پرسیت بەبێ سەرپێچی وەڵام بدەرەوە.

–...

– پەیوەندیت لەگەڵ جەماعەتی موخەڕیبین هەیە، ئەوە دەزانین، ئێمە دەمانەوێ پێمان بڵێیت لەگەڵ کێ لەوان پەیوەندیت هەیە؟

– پەیوەندیم لەگەڵ کەسیان نییە، بەخوا.

– کەی پەیوەندیت پێوەکردن.

– بەخوا قەت هیچ کەسێکیان ناناسم.

– لە کوێ دەیانبینی؟

– بینینی چی، کەسیانم نەبینیوە.

– کێی تر لە تەنزیمدا لە گەڵتدایە؟

– من لە تەنزیم نیم، باوەڕ بکە، بەخوا.

– خوای چی، چۆن باوەڕ دەکەم. وتم هەموو شتێکت لەسەر دەزانین، تۆ تەنها دەبێت دانی پێدا بنێی.

– لەخۆمەوە دان بەچیدا بنێم. من هیچ نازانم و کەس ناناسم، خۆ لە خۆمەوە ناوی خەڵک ناهێنم ئەگەر نەیانناسم.

– مەهاباد، بنەماڵەکەی ئێوە ناو و ناوبانگی هەیە و لەم شارەدا زۆر ڕێزتان لێ دەگیرێت، ئەگەر دانی پێدا نەنێیت و ناوی ئەو کەسانە نەڵێیت کە لەگەڵتدان دەزانی چیت لێ دەکەین؟

–...

– ڕووتت دەکەینەوە و وێنەت دەگرین و وێنەکەت بەسەر هەموو ماڵێکی کفریدا بڵاو دەکەینەوە. ئیتر خۆت دەزانیت چی ڕوودەدات و ناوی بنەماڵەکەتان چی لێ دێت.

ئەم هەڕەشەیە زۆر کاریگەر بوو، لە ناخەوە زۆر ترسام، بەڵام هەوڵم دا بەسەری خۆمیدا نەهێنم و ترس پیشان نەدەم، نازانم توانیبووم ترسەکەم بشارمەوە یان نا، لە دەموچاوم ڕەنگی دابووەوە یان نا، بەهێمنییەوە گوتم:

– هەرچییەکم لێ بکەن، کە من هیچ نەزانم نازانم چی بڵێم، لە خۆمەوە هیچ قسەیەکم بۆ نایەت. هەر ئەوەندەیە کە دوێنێش وتوومە، ئەو شیعرانە شیعری خۆمن، خۆم نووسیومن، ئەو قسانەش کە لەناو ڕۆژژمێرەکەمە خۆم نووسیومە و هیچ کەسێ نەیدیوە.

ئەم قسانەم بەعەرەبییەکی خەراپ و پڕ لە هەڵە دەگوت، عەرەبیم کەم دەزانی، لە قوتابخانەی کوردی نۆ ساڵم خوێندبوو، ئەو ساڵەی کە تێیدا گیرام قوتابخانەی کوردی داخرا و ناچار بووین عەرەبی بخوێنین. ئەو تۆزە عەرەبییەش کە فێری بووبووم لە سەردانەکانی هاوینان بۆ ماڵی مامم فێری بووبووم.

– هەر سووری لەسەر ئەوەی قسە نەکەی؟



– هیچم زانیبا دەمگوت، هیچ نازانم.

– هەموو کەسێ کە دەیهێنین بۆ ئێرە دەڵێ هیچ نازانم، بەڵام ئێمە فێریان دەکەین کە تێبگەن و بزانن. ئەمڕۆ هیچی ترت لێ ناپرسم، باش بیر لە قسەکانم بکەرەوە و سبەینێ دەتبینمەوە. لەبەرئەوەی لێرە جێگەمان نییە دەتبەین بۆ ماڵی موختار، لەوێ زیندانیت، نابێت لەگەڵ هیچ کەسێک قسە بکەیت، باشە؟

– باشە.

ئەگەرچی نێوان زیندانەکە و ماڵی موختار هەر دووسەد مەترێک بوو، بەڵام دەستیان بەستمەوە و بەدوو کەسەوە بەئۆتۆمبیل بۆ ماڵی موختاریان بردم. حیکمەت ئەفەندییان پێ دەگوت و پیاوێکی تورکمان بوو. لەوێدا بەجێیان هێشتم و، بەوانیان گوت نابێت کەس بزانێت لێرەیە، سبەینێ دەیبەینەوە. دەتگوت خەو دەبینم، لە ماڵی موختاردا لە زیندانم. کە ئەوان ڕۆیشتن، موختارەکە لێی پرسیم کچی کێیت؟ لەو کاتەدا قسەکەی باوکم بیر کەوتەوە کە دەیگوت گرنگ نییە کچی کێیت، ناوی باوکم پێ گوت، موختار هەناسەیەکی هەڵکێشا و تەماشایەکی کردم. بەتورکمانی لەگەڵ ژنەکەی بەچرپە چرپ قسەیان دەکرد و منیش ترسم لێ نیشتبوو، بەڵام باش بوو لەوێ لەسەر جێگادا دادەنیشتم. ژنەکە لێی پرسیم جل و بەرگت پێیە؟ بەنەخێر وەڵامم دایەوە. هەندێک تورکمانیم دەزانی. چونکە لە ماڵی ئێمەدا بەمنداڵی کە نەنکم و دایک و باوکم بیانویستایە قسەیەکی نێوان خۆیان بکەن و ئێمەی منداڵەکان تێی نەگەین بەتورکمانی دەیانگوت، ئێمەش هەموومان تێدەگەیشتین.

تومەز ئەو چرپە چرپەی حیکمەت ئەفەندی و ژنەکەی ئەوە بووە کە بچێت باوکم دڵنیا بکاتەوە کە من لە ماڵی ئەوانم و، بەدایکم بڵێن بەدزییەوە بێت بۆ لام و جل و بەرگم بۆ بێنێت و چاوی پێم بکەوێت.

درەنگانێکی شەو دایکم هات و جل و بەرگی بۆ هێنابووم. کە باوەشم بەدایکمدا کرد پڕ بوومەوە لە دڵنیایی. موختار و ژنەکەیم وەک فریشتە هاتە بەرچاو. هێشتا پێنج خولەک دانەنیشتبوو لە لام، لە دەرگا درا. موختار و ژنەکەی ڕەنگیان هەڵبزڕکا، گوتیان دیارە ماڵەکەمانیان چاودێری کردووە و زانیویانە تۆ هاتووی، خێرا دایکمیان بردە سەربان بۆئەوەی ئەگەر ماڵیان پشکنی دەربازی سەربانی دراوسێکان بێت. دەرگایان کردەوە دوو ئەمنی کەتە و زل بوون، پرسیاریان کرد کەسێکیان دیوە هاتووەتە ماڵەوە، کێ بووە؟ ئەوان نکۆڵییان لێ کرد و گوتیان کەس نەهاتووەتە ئێرە. ئەوان دوای پشکنین ڕۆشتنە دەرەوە، دایکم دوای تاوێ هاتە خوارەوە و لە ترسا ماوەی کاتژمێرێک لای من مایەوە و هەر ئایەتولکورسی دەخوێندەوە. دایکم لەوساوە هەتا ئێستاش هەموو ڕۆژێک پێنج فەرزە ئایەتولکورسی دەخوێنێت و بەفوو بۆ منی دەنێرێت بۆ ئەوەی خۆی واتەنی من لە "بەڵای ناگەهان، لە فیتنەی ئاخرزەمان، لە سەگی هار، لە موسیبەتی پیس، لە زۆری زاڵم" بپارێزێت. تۆ بڵێی نزاکانی ئەو پەپوولەژنە نەبێت، کە لە دۆزەخەکان دەرباز بووم و تا ئێستاش ماوم؟!



## ژووری سێدارە

پێش ئەوەی بڕوات جارێکی تریش بەهەموو هێزی خۆی فووی لێ کردم. فووەکانی دەتگوت لە هەناوییەوە، لە ناخی دڵییەوە، لەناو لۆچەکانی دەروونییەوە دێنە دەرەوە. ئەو دیدارەی نێوان من و دایکم، ئەگەرچی پڕ لە دڵەڕاوکێ و گۆڕینەوەی سەرنجی پڕ لە ئازاری من و نیگای پڕ لە خەمی ئەو بوو، بەڵام هێشتاش لە شەوی پێشوو ئارامتر بووم. شەوی پێشوو پێم وایە زیاتر لە چل جار ڕاچڵەکیم، ئەو شەوەی ماڵی موختار تەنها سێ چوار جار ڕاچڵەکیم. ئەو هەڕەشەیەم بیر دەکەوتەوە و فلاشی کامیرام دەهاتە بەر چاو و بەدەنگی هاوارێکی خۆم بەدڵەڕاوکێوە بەئاگادەهاتمەوە. بەڵام هەر خۆم خۆمم هێمن دەکردەوە و بەخۆمم دەگوت ئەوە تەنها هەڕەشەیە و شتی وا ناکەن. ئەوان دەیانزانی کام هەڕەشە زۆر کاریگەرە و دەروونی مرۆڤ وێران دەکات، ئەوەیان دەکرد. لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوودا و بەتایبەتی لە شارێکی بچکۆلەدا کە داب و نەریتی باوکسالارانەی زۆر تێدا زاڵە، لەو داب و نەریتەشدا بەهای ڕەوشت دەبەسترێتەوە بەجەستەی ژنانی بنەماڵەوە، هەڕەشەیەکی وا زۆر کاریگەر دەبێت، ئێمەش بەو داب و نەریتە گۆش دەکرێین و بیرکردنەوەمان بەرهەمی ئەو پەروەردەیەیە، منیش لەسەرەتای ژیان و تێکۆشانمدا بووم و تەمەنم تەنها چواردە زستان بوو، هێشتا فریانەکەوتبووم ئەو کۆت و پێوەندانەی نەریتە بێفەڕەکانی کلتووری

باوکسالاری بشکێنم، هێشتا لە سەرەتای ئەو جەنگەدا بووم.

خانمی موختار بەرچایی دانا و منیشیان بانگ کرد کە لەگەڵیاندا نان بخۆم. چووم لەبەر دەستشۆرییەکە دەست و دەموچاوم بشۆم، پەنجەکانم لەبەر ئازاری ئەو کێبڵەی کە دوێنێ بەهەموو هێزی خۆیەوە مفەوەز نەجیب پێیدا کێشابوو، بەئاستەم بۆم دەجوولێنرایەوە. خەریک بووم دانیشم نانیان لەگەڵ بخۆم لە دەرگا درا و دوو ئەمنی بەعسی ئێسک گران بەدوای مندا هاتبوون.

من جلەکانی مەکتەبم گۆڕیبوو، پانتۆڵ و کراسێکم لەبەر بوو کە دایکم شەوی پێشوو بۆی هێنابووم. وا ڕێککەوتبووین ئەگەر پرسییان من بڵێم ئەو جلانەم لە ماڵی موختارم وەرگرتووە. بەڵام ئەو پرسیارەیان هەر نەکرد و زانیبوویان دایکم هاتووە بۆ لام و چاوی پێم کەوتووە. سەیر ئەوە بوو ئەو ڕۆژە هیچ لێکۆڵینەوەیەکیان لەگەڵ نەکردم، دوای چەند کاتژمێرێ مانەوە لە هەمان ژووری یەکەم شەو، سواری ئۆتۆمبیلێکیان کردم و بردیانم بۆ ماڵی موختارێکی تر، کەریم بەگ. ئەویش هەر تورکمان بوو، بەڵام ماڵی ئەمان دوور بوو لە بەڕێوەبەرێتی ئەمنەوە، لە گەڕەکێک بوو نزیک چەمی کفری، کە لە پشت چەمەکەوە ئیدی باوەشاسوار و زنجیرەشاخەکانی کفری دەبینران و لە پشتی ئەوانیشەوە ناوچەی ئازادکراو بوو. لەو شاخانەوە پێشمەرگە شەوان دەهاتنە ناو کفری و چالاکییان دەکرد.

نزیکبوونی ئەو گەڕەکە لە شاخەکانەوە لە خۆیەوە هەستێکی خۆشی و ئارامییان دەدامێ و دڵدەرەوە بوون بۆم. بەڵام ئەو موختارە وەک ئەوی دی نەبوو، خۆی و کوڕەکانی زۆر دڵسۆزی بەعسی بوون و بەوردی چاوەدێرییان دەکردم. نەیاندەهێشت بێمە ناو حەوشە، نەوەک دراوسێکان بزانن من لەوێم. بەڵام لەبەر ئەوەی کفری شارێکی بچووکە و هەموو یەکتریان دەناسی، ئەو کۆڵانەش تەنگ بوو، ماڵەکانی نزیک لە یەکتر بوون، لە کاتی هێنانی من بۆ ئەوێ چەند کەسێک لە دراوسێکان بینیبوویانم،



ئەوەندەش بەس بوو بۆ ئەوەی هەموو شارەکە بزانن من لەوێم. ئەم هەواڵە گەیشتبووە ناوچە ئازادکراوەکانیش و پێشمەرگەش شوێنی منیان پێ زانیبوو.

دەمەوئێوارەی ئەو ڕۆژە لە دەرگا درا و کەریم بەگ چوو دەرگای کردەوە، کە هاتە ژوورەوە لەیلای خوشکمی لەگەڵ بوو، هێنایە ژوورەوە بۆ لای من و گوتی مەیەنە دەرەوە و هەر لەم ژوورەدا بن. من پێم وابوو خوشکەکەم کە زانیویەتی من لەوێم بۆ سەردانی من هاتووە، بەڵام ئەو بەتووڕەییەوە وتی منیشیان گرتووە. چووبوون لە کەرکوکەوە لە قوتابخانە گرتبوویان و هێنابوویانەوە بۆ کفری. لەیلا قوتابی ئامادەیی پیشەسازی بوو لە کەرکوک. ئەویان تەنها لەبەر ئەوە گرتبوو کە ناوی لەناو ڕۆژژمێرەکەی من نووسرابوو. ئەو خوشکی گەورەی من بوو، پێنج ساڵ لە من گەورەتر بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی من باڵام لەو بەرزتر بوو، بەقەوارەش لەو گەورەتر بووم، زۆر کەس وایان دەزانی من لەو گەورەترم. من و ئەو حەز و ئارەزووەکانمان زۆر جیاواز بوون لە یەکترەوە. ئەو هەر لە منداڵییەوە ئارەزووی دروومان و چنین و کاری دەستی هەبوو، منیش هەر لە منداڵییەوە خولیای نووسین و وێنەکێشان و خۆشنووسی. لەیلا، لە سەرەتاوە بردبوویان بۆ هەیئەی کەرکوک و لەوێشەوە هێنابوویان بۆ دەزگای ئەمنی کفری. لە کفری لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردبوو، یەکێک لەو پرسیار و وەڵامانەی کە سەرنج ڕاکێش بوون، مفەوەزی ئەمن لێی پرسیبوو:

– کەس دەناسی شیوعی بێت؟

– بەڵێ.

ئەویش بەخۆشییەوە خۆی ئامادەکردبوو کە ئێستا نێچیری تری دەست دەکەوێت. خێرا بەهاندانەوە پێی گوتبوو:

– ئافەرین، دەمزانی تۆ وەک مەهاباد بێ عەقڵ نیت و هاوکاریمان لەگەڵ

دەکەی. ئەو بەرژەوەندی خۆی نازانێت. دیارە تۆ کچێکی باشی، ئادەی کێ دەناسی شیوعی بێت.

لەیلاش زۆر بەهێمنی و لەسەرخۆ گوتبووی:

– بیستوومە خەڵکی وڵاتی چین هەموویان شیوعین.

کابرا دەستی کردبووە قاقای پێکەنین و ئیدی لێکۆڵینەوەکەی لەگەڵدا درێژ نەکردبووەوە، ناردبووی بۆ ماڵی موختار، بۆ لای من. لە ڕاستیدا لەیلا لە گێلییەوە ئەو وەڵامەی نەدابووەوە، هەر بۆ گاڵتەپێکردن وای گوتبوو، بەڵام ئەوان بەگێلێتی بۆیان لەقەڵەم دابوو، ئەوەش یارمەتیدەر بوو.

بە گێڕانی ئەو، ئەوەندەی تر ئازاری دایکم و باوکم قووڵ بووەوە، لە حەوت منداڵیان، سێ دانەی لە زینداندا بوو. دوو کچ و کوڕێکیان. کە بیری ئەوانم دەکەوتەوە کە دەبێ حاڵیان چۆن بێت و چی بکەن، نەک ئازار بەڵکە هەستم بەئەشکەنجەیەکی ڕۆحی دەکرد، لەم لاشەوە خوشکەکەم کە بەهۆی چەند وشەیەکی منەوە زیندانی کراوە و ناهەقیشی نەبوو ئەوەندە بۆڵەبۆڵم بەسەردا بکات، کە دەیکرد. باش بوو دوای یەک دوو ڕۆژ ئەویان بەکەفالەتی باوکم ئازاد کرد.

چەند ڕۆژێک لەوێ هێشتیانمەوە و نەیاندەبردم بۆ لێکۆڵینەوەش، وام لێکدایەوە کە منیش بەکەفالەت ئازاد دەکرێم و هێدی هێدی ترسم کەم دەبووەوە. بەڵام هۆیەکەی ئەوە نەبوو کە من لێکم دابووەوە، بەڵکە لەو ماوەیەدا چەندان کەسیان بانگ کردبوو، لەبارەی منەوە پرسیاریان لێ کردبوو، بەتایبەتی لە قوتابخانەکەم. لەگەڵ ئەوەشدا جگە لەو بەڵگانەی کە لە ماڵەکەی خۆمان گرتیان و ڕۆژژمێرەکەم و شیعرەکانم، هیچی دیکەیان لەسەرم نەکردبوو بەماڵ.

لەو چەند ڕۆژەدا کە لە ماڵی کەریم بەگی موختار زیندانیی بووم،



هەوڵێک بۆ دەربازکردنم لە لایەن پێشمەرگەوە درا کە من دواتر بەمەم زانی. هاوڕێیەکی قوتابخانەم کە سێ ساڵی قوتابخانەی ناوەندی لە پۆلێک بووین و لە کورسییەکەی پێش منەوە دادەنیشت، ناوی جمهور ڕۆستەم بوو، چەند مانگێک بوو قوتابخانەی بەجێهێشتبوو، بوو بوو بەپێشمەرگە، نەخشەیەکی وای کێشابوو کە بێن و من ڕزگار کەن، بەڵام نەخشەکەی سەری نەگرتبوو.

دایکم بۆ بینینی سەڵاحی برام چووبوو بۆ زیندان سەردانی بکات، چونکە بڕیار وابوو ئەو پۆلە زیندانییە، کە براکەشمی لەگەڵدا بوو بنێردرێن بۆ بەغدا، بۆ دادگای ئەلسەورەی بەدناو. دایکم جانتایەکی بچکۆلەی جل و بەرگ و هەندێ پارە و خواردنی بۆ بردبوو، نەیانهێشتبوو لە نزیکەوە بیبینێت، جل و پارەکانیان لێ وەرگرتبوو کە خۆیان بۆی بەرن، تەنها ئەوەندەیان بوار دابوو کە براکەم لە سەربانەوە و دایکم لەبەر دەرگای دەزگای ئەمنەوە یەکتر ببینن، بەبراکەمیان گوتبوو بۆت هەیە تەنها یەک ڕستە قسەی لەگەڵدا بکەی، براکەشم تەنها پرسیبووی:

– دایە مەهاباد بەردراوە؟

دایکم بەدەم ئەو هەموو ئازارەوە، کە وا کوڕەکەی دەبرێت بۆ بەغدا و خودا دەزانێ ئیتر دەیبینێتەوە یان نا، چی وەڵام بداتەوە. بەتاسە و تەوسێکەوە وەڵامی دابووەوە:

– ئا، ئا لە سایەی خواو تۆوە بەربوو.

براکەم پێی وا نەبوو بوو کە دایکم بەتەوسەوە ئەمەی گوتبێت، وای زانیبوو بەڕاستی من ئازادبووم. بۆیە بەدڵنیاییەوە نەخشەکەی کە لە مێشکی خۆیدا کێشابووی، هەر ئەو شەوە جێبەجێی کرد.

سەڵاحی برام لەگەڵ دوو هاوڕێی تریدا سەباح و عادل، لە یەک ژووردا بوون و هەرسێکیان ئاگادارکرابوون کە سبەینێ دەبرێن بۆ بەغدا. ئەوانیش

دەیانزانی ئەگەر ببرێن چارەنووسێکی ڕەش چاوەڕێیانە. نەیانویستبوو خۆ بەدەستی ئەو چارەنووسەوە بدەن.

ئەو برایەم بەمنداڵیش زۆر لاسار و وریا بوو. لەبەر لاساری لێدانی دەخوارد، هەندێ جار بۆ سزادان باوکم لە ژوورێک دایدەنا و دەرگاکەی لێ کلیل دەدا، کەچی هەر هێندەمان دەزانی خۆی دەرباز کردووە، یان لە پەنجەرەوە هاتووەتە دەرەوە، یان دەرگاکەی بەکەوچک و تەل کردۆتەوە. لە زیندانی ئەمنی کفریشدا لەگەڵ هاوڕێکانیدا ڕێککەوتبوون کە دەرگاکە بشکێنێت و هەرسێکیان هەڵبێن. شوێنی منیشی دەستنیشان کردبوو کە لەماڵی موختارم، دایනابوو دوای ئەوەی هەڵدێت، بێت لەوێ منیش لەگەڵ خۆیدا دەرباز بکات و پێکەوە بچینە ناوچە ئازادکراوەکان و ببین بەپێشمەرگە. بەڵام کە لە دایکمی بیستبوو من ئازادکراوم، ئیدی خەمی منی نەمابوو.

بەیانی زوو زوو، کە هێشتا دنیا لێڵ بوو، هاتن و منیان لە ماڵی موختارەوە برد. مفەوەز نەجیب زۆر شڵەژاو دیار بوو، ئاگر لە چاوەکانیەوە دەباری. کێبڵەکەی دەستی وا بەئامادەیی بۆ وەشاندن گرتبوو، کە زراوی مرۆڤی دەبرد. لێی پرسیم:

– کوا سەلاحەدین؟

من ئاگام لەو کەین و بەینە نەبوو کە ڕوویدابوو، لەو شڵەژان و تووڕەیییەی ئەویش ترسابووم، سەرسامانە وەڵامم دایەوە.

– کام سەلاحەدین؟

براکەم لە ناسنامەدا ناوی سەلاحەدینە، باوکم هەر بەناوی سەلاحەدینی ئەیوبییەوە ناوی نابوو، ئێمە هەر بەکورتی بانگمان دەکرد سەلاح و جگە لە باوکم، ئەویش جار جار، کەسمان بەو ناوە دوورودرێژە بانگمان نەدەکرد و دینەکەیمان قووت دەدا. من لەو کاتەدا لەبەر شڵەژاویی و ترس هەر بیرم



نەبوو کە مەبەستی لە براکەمە. بەدەم وەشاندنی کێبڵەکەی دەستییەوە کە بەر شانی چەپم کەوت و ئێشی مەرگی پێ گەیاندم، بەتووڕەبوونێکی هیستریاییەوە گوتی:

– یانی نازانی کام سەلاحەدین؟ قابیلە سەلاحەدینی ئەیییووبی بڵێم. نازانی کە ئەمشەو برا سەرسەرییەکەت و دوو سەرسەری تر زیندانیان شکاندووە و هەڵهاتوون؟ یەک کەستان لە کفری ناهێڵمەوە، هەمووتان دەنێرم بۆ ئیعدام. کورد هەمووی گەواد و قەحپەن، یەک شەریفتان تیا نییە و هەمووتان بۆ مردن باشن. پیاو و ژنتان وەک حەشەرە وان دەبێت قەلاچۆ بکرێن.

چاوەکانی سوور سوور بووبوون، ئەوەندەی گوت و لە ژوورەکە چووە دەرەوە. یەکێکی دی هات و منی بردە دەرەوە و لە ئۆتۆمبیلێکی کە پێیان دەگوت لاندگرۆزەر، داینیشاندم، لە ئۆتۆمبیلەکەدا چوارکوڕی کەلەبچە بەدەستیش کزکز لە پشتەوە دانیشێنرابوون. دیار بوو ئەوانیش کێبڵیان لێ درابوو، پێیان گوترابوو بۆ مردن دەیانبەن، ڕەنگی هەموومان زەرد، زەرد هەڵگەڕابوو.

لە دواوە ئەو کوڕانە و دوو ئەمنیش پاسەوانیان بوو، لە پێشەوەش من لە نێوان شۆفێرەکە و پاسەوانێک دانرام. هێشتا هەر بوولێڵی بەیانی بوو، شار دەتگوت لەناو تارماییدا حەشار دراوە. ئۆتۆمبیلەکە بەخێرایی لێی خوڕی و لە زێدی خۆمان دوور و دوورتری دەخستینەوە. نازانم ئەو کوڕە هاوزیندانییانەم بیریان لە چی دەکردەوە، وەلێ لە کاتی وادا مرۆ هەموو یادگارییە شیرینەکانی خۆی لەو شارەدا بیر دەکەوێتەوە. من هەستێکی پڕ لە نامۆیی لە دەروونمدا گەورە دەبوو، تا زیاتر لە زێدی ئازیزمان دوور دەخراینەوە، هەستی تاڵیی نامۆیی لە دەروونمدا گەورەتر و گەورەتر دەبوو. کە ئۆتۆمبیلەکە لە سنووری حەمرین تێپەڕی، ئیدی هەستم کرد پێم لە

زەوی بڕا و لەبۆشاییدا هەڵواسرام. هەموو جارێک کە لەگەڵ باوکم، یان مامم دەچووم بۆ بەغدا، کە دەگەیشتینە ئەو شوێنە دەیانگوت ئەمە سنووری کوردستانە، حەمرین. ئەو شوێنە دروشمێکی شۆڕشی ئەیلوولی کوردستانیان وەبیرهێنامەوە کە لە بابم و مامموە زۆر جار دەمبیستەوە "یان حەمرین، یان ئەمرین". لە حەمرین تێپەڕین، بەڵام تەنها جەستەم لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا مابوو، ڕۆحم دەگەڕایەوە دواوە، بۆ ئەوێ، ئەو شارەی کە خۆشم دەوێ و خۆشیم تیا نەدی.

هەموو یادگارییەکانی ئەو ساڵانەم هاتەوە بەرچاو. ماڵ و کۆڵان و شەقام و چەم و چیاکانی کفری، هەر هەمووی دەهاتنەوە ناو خەیاڵە چڕوپڕەکانم و یەک بەیەکی ڕووداو و دیاردەکان پێشبڕکێیان بوو بۆ بۆ ئەوەی بێنەوە سەر شانۆی خەیاڵم. نەمدەویست هیچ یەکێکیان لەبیر بکەم، بیرم لە هەموویان کردەوە. هەر لەو ساتانەی منداڵییەوە کە ئیدی شتەکانم لەبیر دەما، تا ئەو ساتەی خرامە نێو ئەو ماشینەوە و لە زێدەکەم دوور خرامەوە، یەک بەیەکیان بوونەوە بەمیوانم. ئەو شتانەشی کە هێشتا من لە دایک نەبووبووم و پەیوەندییان بەمنەوە هەبوو، دایکم یان باوکم بۆیان باس کردبووم، ئەوانیشم دەهاتنەوە یاد و بەدەم ئەو یادانەوە هەندێ جار فرمێسکیش بەهێمنییەوە گلێنەمیان بەجێ دەهێشت و دەڕژان.

دایکم دەیگوت، کە زگم بەمنداڵەکانی تر پڕ بوو، لە هەموویاندا بێزووم بەشتی ترشەوە دەکرد، بەڵام کە مەهاباد لە زگمدا بوو بێزووم بەپەڕەکاغەزی کتێب و ڕۆژنامەوە دەکرد. پارچە کاغەزم لەناو دەممدا دەجوو، تێر دەمجوو، دواییش قووتم دەدا. هەندێ جار دەیانگوت بۆیە ئەم کچەمان ئەوەندە حەزی لە کتێب و کاغەزە، ڕەنگە هۆی ئەو بێزووە سەیر و سەمەرەیە بێت. لە ڕاستیشدا من نائاساییی عاشقی دنیای کتێب بووم، زۆر زوو ئەم عەشقە لە تەمەنمدا سەری هەڵدا. بیرمە هێندە حەزم لە چوونە



قوتابخانە بوو، هێندە تینووی فێربوون بووم، داوام دەکرد بمنێرنە قوتابخانە. هێشتا تەمەنم نەگەیشتبووە پێنج ساڵ باوکم بەدایکمی گوت مادەم ئەوەندە حەزی لێیە بیبە لە قوتابخانە تۆماری بکە. لەبەر ئەوەی تەمەنی وەرگرتنی قوتابخانە شەش ساڵ بوو، فێڵێکیان لە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە کرد و ناسنامەکەمیان پیشان نەدا و گوتیان ناسنامەکەی لە ماڵی مامیەتی لە بەغدا و ماوەیەکی تر دەیهێنین بۆتان. مامۆستا حەربییە، کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بوو قایل بوو بەوە و منیان تۆمار کرد و بووم بەقوتابی پۆلی یەکەم. لە سەرەتای پۆلی سێیەم بووم، ناسنامەکەمیان بۆی هێنا و بووبووم بەشەش ساڵ. بیرمە ست حەربییە گوتی، چۆن شتی وا دەبێت پۆلی سێیەمە و تازە بووەتە شەش ساڵ. سەیر ئەوەیە ئەم دوو ساڵەش بەیەکەم دەرچووە، خۆ تازە ناتوانین بیگەڕێنینەوە بۆ پۆلی یەکەم. ساڵی یەکەم تا نیوەی ساڵ فێری هەموو پیتەکان بووم و دەیان سروودیشمان لەبەر کرد. بۆ ڕاهێنان و بەشداریکردن لە ئۆپەرێتێکی منداڵاندا کە مامۆستا پەخشان ڕایدەهێنایین، بەشداریم کرد و لە ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٧٠ دا لە ئۆپەرێتی گوڵی ئازادیدا بووم بەگوڵی سوور. لەو ئۆپەرێتەدا هەندێک لە کچۆڵەکان گوڵی سوور بوون و هەندێکیان گوڵی زەرد، گوڵە سوورەکان جلی کوردی سووریان لەبەر کردبوو، سەبەتەیەک گوڵی سووریان بەدەستەوە بوو، گوڵە زەردەکانیش جلی کوردی زەردیان لەبەر بوو، سەبەتەیەکیش گوڵی زەردیان بەدەستەوە بوو. ئەوە یەکەمین بەشداریم بوو لەسەر شانۆ و، سەرەتایەکی زۆر هاندەریش بوو بۆ هەنگاوەکانی دواترم.

لەناو ماشێنی زینداندا یەکەم دیمەن کە هاتەوە بەر خەیاڵم ئەو ساتە بوو کە گوڵێکی سوور بووم و لەگەڵ سوورگوڵەکانی تردا دەمانگوت: گوڵی سوورم، گوڵەباخە، بۆ گەلی کورد زۆر بەداخە. دواییش بەدەم پرژاندنی گووڵە سوورەکان بەسەر شانۆکەوە دەمانگوت: گوڵ پەخشانە، گوڵ پەخشانە، بۆ لاوانی کوردستانە.

خەیاڵم دەیبردمە ناو بازاڕی کفری، بۆ لای دوکانە خنجیلانەکەی باوکم، کە بەشێکی کتێبخانە بوو، بەشێکیشی دوکانێکی ئاسایی وردەواڵە فرۆشی و ساردەمەنیشی تێدا دەفرۆشرا. لە پۆلی دووەمی سەرەتایی بووم کە دەچووم بۆ یارمەتیدانی باوکم بۆ دوکانەکەی و لەبەشی کتێبفرۆشییەکەدا دادەنیشتم و ڕۆژنامەی برایەتیم بەدەستەوە دەگرت و بەحونجە هەموو بابەتەکانیم دەخوێندەوە. بەتایبەتیش شیعر و چیرۆکەکان سەرنجیان ڕادەکێشام. باوکم کە دەیبینی بەو تەمەنە بچووکەوە، کە هێشتا شەش ساڵم پڕ نەکردبووەوە و بەحونجە ڕۆژنامە و کتێبەکان دەخوێنمەوە، زۆر هانی دەدام و کتێبی دەدامێ بۆ خۆم، تا بیبەم لە ماڵەوەش بیانخوێنمەوە. لە ماڵەوەش کتێبخانەکەی برا گەورەکەم، قەیس، لەبەردەستمدا ئاوەڵابوو، کە لەناو ئەو کتێبخانەیەدا بێجگە لە ئەدەب، کتێبی فەلسەفە و مێژوو زۆر بوو، دەستنووسەکانی باپیریشم کە بەهەر چوار زمانی کوردی، عەرەبی، فارس و تورکی بوون دانرابوون و زۆر جار بەو دەستوخەتە زۆر جوانەی باپیرم سەرسام دەبووم و ئەو نووسینانەی ئەو بوو ئارەزووی خۆشنووسییان تیا دروست کردم. ئیدی وەک شەیدایەک کتێبم دەخوێندەوە و لێیان تێر نەدەبووم. ئەم خولیایەی من بۆ خوێندنەوە و خێرا فێربوونم لە قوتابخانە و سەرکەوتنم لە وانەکانمدا وایان کردبوو لە ماڵەوە گرنگی و بایەخێکی زۆر و تایبەتیم پێ بدرێت. هانی زۆر بدرێم و، منیش تا دەهات زیاتر هۆگری پەرتووک و پەڕاو و ڕۆژنامە و گۆڤار دەبووم. ئەگەر چی ئەو خولیایە هۆکاری ئەو هەموو ئازارەم بوو و تا بەر دەروازەی ئەو چارەنووسە نادیارەی بردبووم، کەچی نەمدەتوانی بۆ چرکەیەکیش پەشیمان ببمەوە لەوەی عاشقی کتێب بووم و شیعرم نووسیووە و بەهۆیەوە گیرۆدە بووم.

لەناو ئەو ئۆتۆمبیلەدا کە دەیبردین و نەماندەزانی بەرەو کوێ، نەشماندەوێرا بپرسین بۆ کوێ، من بەخەیاڵ هەڵفڕیبوومەوە بۆ کفری و لەوێ



پیاسەم دەکرد. چەند خۆش بوو ئەو کاتەی کیژۆڵەیەک بووم و جلی قوتابخانەم لەبەر دەکرد و بەیانیان زوو لەیلای خوشکم قژی بۆ دادەهێنام و قردێلەیەکی سپی پێوە دەبەست. دایکیشم لەولاوە چای بۆ تێدەکردین و نان و ماستی بۆ دانابووین بیخۆین. خێرا خێرا نانەکەم دەخوارد، پێنج فلس ڕۆژانەکەم بوو، وەرم دەگرت و دەچووم بەشوێن هاوڕێکەمدا و، من و ڕووناک، دێرینترین هاوڕێم، دەستی یەکترمان دەگرت و دەچووین بۆ قوتابخانەی هەتاو.

نیوەڕوان زۆر خۆشتر بوو کە لە قوتابخانە بەر دەبووین، پاش تۆزێ قوتابخانەکەی تەنیشتمان، قوتابخانەی ڕووناکی کوڕان، ئەوانیش بەردەبوون، هەموو تێکەڵ دەبوون و وەک خۆپیشاندانێکی بچووکی لێ دەهات. یەکێک دەستی پێدەکرد و هەموو بەدوایدا دەمانگوتەوە، زۆربەی جاریش ئێمەی کچان دەستمان پێدەکرد، دروشمەکانمان دەگوتەوە، دروشمی کوردایەتی، لەسەر پێشمەرگە و شۆڕش. یەکێک دەبوو بەپێشڕەو و دەیگوتەوە، ئەوانی دیش بۆیان تەواو دەکرد:

(یەکێتی قوتابیانین / پێشمەرگەی کوردستانین)

(کورد و کورد و کوردستان / مەلا مستەفای بارزان.)

(چیتان ئەوێ ئەی کوردان / سەربەخۆیی کوردستان.)

(کێتان دەوێ بۆ ڕەئیس / باوکی لوقمان و ئیدریس.)

ئەم دروشمانە نیوەی یەکەمی سالآنی حەفتاکان، لەناو ماڵ، لە قوتابخانە، لە کۆڵان، لە بازاڕ، لە هەموو شوێنێک و لە هەموو کاتێکدا لەگەڵماندا بوون. گوزارەبوون لە کوردبوونمان و شانازییەکانمان. نەک هەر گەورەکان، ئێمەی منداڵانیش، منداڵانێکی بەسیاسەت و بەکوردایەتی گۆشکراو بووین. لەگەڵ شیری دایکدا پێمان دەدرا و فریشکمان پێ دەگرت.

دەیان دیاردە و ڕووداوم هاتنەوە بەر دیدەی خەیاڵ، تا ئۆتۆمبیلەکە دوورتر دەکەوتەوە دنیا گەرمتر دەبوو، کەمتر سەوزاییمان دەبینی، زۆرتر دەشتایی بوو، چیا و دۆڵ و شاخ دوور، یەکجار دوور کەوتبوونەوە و لە پشتمانەوە بوون. گەیشتینە شارێک، شارێکی یەکجار ناشیرین بوو، ئۆتۆمبیلەکە چووە ژوورەوە بۆ ناو حەوشەی بینایەکی ترسناک. دایانبەزاندین، کوڕەکانیان بۆ شوێنێک و منیان بۆ شوێنێک لە هەمان خانوودا برد. ئیدی کوڕەکانی کفری، هاوزیندانییەکانم قەت نەدییەوە.

منیان بردە ژوورێکەوە کورسی و مێزی تێدابوو. کابرایەکی لەوانی دی ناشیرینتر لەپشت مێزەکە دانیشتبوو. تەماشای فایلەکەمی کرد و بەغەزەبێکەوە تەماشای کردم و گوتی:

– هێشتا بەقەدەر کێرمی سیاسەت دەکەی؟ نەعلەت لە خۆت و لە بابت کە تۆی لێ بووە. هی ئەوەیت یەکسەر ئیعدام بکرێیت.

ئەو قسەیەی ئەوەندە ناشیرین بوو، ئەوەندەم پێ ناخۆش بوو، ڕەنگە لەو ساتەدا بیانکوشتبام هێندەم پێ ناخۆش نەبایە. لە ڕاستیدا لەو چرکە ساتەدا کە ئەو جنێو و سووکایەتییە دەبیستیت، مردنت زۆر پێ خۆشتر دەبێت. چەند جارێکی تریش گوتیان و ئەویش دووپاتی کردەوە کە ئیعدامت دەکەین، بۆیە تا ڕادەیەکی زۆر لەو بڕوایەدا بووم کە مەرگم نزیک بووەتەوە. بەتایبەت ئەمیان بەشێوەیەکی زۆر جیدیتر گوتی و منی لە چاوەڕوانی ئەو مەرگەدا هێشتەوە. بەپاسەوانێکی گوت بمبات، قۆڵی گرتم و بردمی. لەبەر دەرگای ژوورەکەوە پەڕۆیەکی ڕەشی چڵکنی بەستە چاوەکانم، لە دڵی خۆمدا گوتم تەواو خۆیەتی، بەرەو مەرگ دەبرێم. بەچاوی بەستراوەوە هەنگاوم دەنا و قۆڵی گرتبووم، دیار بوو ڕێگاکە هەندێک پێچاوپێچی وەک کۆڵانی تێدایە. دەنگی کردنەوەی دەرگایەکم بیست و پاڵنرامە نێو ئەو ژوورەوە. دەرگاکە داخرایەوە. ئەو شوێنە کوێیە و



من لە کوێم و چیم لێ دەکەن؟ نازانم، پەڕۆیەکی ڕەش بەتوندی چاوەکانمی دەگلۆفی و هەستی بینینم بەتەواوەتی کۆنترۆڵ کرابوو. بەهەستەکانی تر وێنای شوێنەکەم دەکرد. بۆنی خوێنی تەڕ و خوێنی وشک تێکەڵ بووبوون. بەوەدا هەستم دەکرد ئەو جێگایە پرسگەیەکی مردنە. ماوەیەکی پێ چوو، چەند کاتژمێر بوو، نازانم، بەمەزەندە سێ تا چوار کاتژمێری خایاندبوو، سیرەی دەرگاکە هات و پێدەچوو کەسێک هاتبێتە ژوورەوە. خولەکێک دوای ئەوە پەڕۆ ڕەشەکەی لە چاوم کردەوە و تا یەک دوو خولەکیش هێشتا هەر بەرچاوم تاریک بوو، کە بەرچاوم ڕوون بووەوە لە ژوورەکەدا چی ببینم؟! دیمەنێک کە مەحاڵە لە بیر بکرێت، هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە. جەللادێکی زەبەلاحی دەموچاو هەڵپێچراو بەدەمامکی ڕەش لە بەرامبەرمدا ڕاوەستابوو. پڕ بەمانای وشەی تۆقین تۆقیم. لە ژوورەکەدا هیچی دیکە نەبوو، جگە لە گوریسێک کە لە بنمیچەکەوە بەقولابێکەوە هەڵواسرابوو. ڕێک وەک پەتی سێدارە شۆڕ ببووەوە. جگە لە پەتی سێدارە و جەللاد، هیچی دیکەم لە نزیکەوە نەبوو. لەرزێکی ترس و تۆقینم لە ناوەوەی جەستەی خۆمدا هەست پێ کرد، کە لەرز نەبوو، بەڵکە بوومەلەرزەیەکی دەروونی بوو. لە نێوان من و مەرگدا گوریسی سێدارەیەک و جەللادێک وەستابوو، خەریک بوو لە حەژمەتان ئاگاییم لێ ون بێت. دڵم دوای تاوێک کوتانی خێرا خێرا، هێدی هێدی خاو دەبووەوە و پێش ئەوەی ببورێمەوە، وەک زیندەخەوێک دایکمم بینی دەمی دەجووڵێنێ و خێرا خێرا فووم لێ دەکات. دوای چەند فوویەک ئیدی ئاگام لە سێدارە و جەللاد و زیندانی سامناکی ئەمنی بەعقووبە بڕا.

## پرسگەی مردن

ئارامترین دۆخی ژووری ئەشکەنجەدان کە پرسگەیەکی مەرگە، ساتەکانی لەهۆشخۆچوونە. ئەو ساتانەی کە ئاگایی مالئاوایيت لێ دەکات و ئازارەکانت لەگەڵ خۆیدا دەبات. ئەو ساتانەی کە کۆچت کردووە و نەکردووە، دەژیت و ناژیت، ماویت و نەماویت. گرنگ ئەوەیە بێ ئەندێشەیت و ئاگات لە ئەشکەنجە بڕاوە و گوێت جنێوەکان نابیستێت و دەروونت وەک دەریا شەپۆل نادا و ئۆقیانووسێکی لە ئارام ئارامترە. ئەوانیش دەزانن ئەم دۆخی لەهۆشخۆچوونە چەند خۆشە بۆ زیندانییەک، بۆیە ناهێڵن ئەو دۆخە هێندە درێژە بخایەنێ و بەجامێ ئاوی تەزیو، یان کوڵاوکوڵ پێشوازی لە هۆشی دەکەن و هۆشیش بەپرتاو دێتەوە و کۆڵی ئازارەکانت لە بن هەنگڵیدایە و بۆی دەهێنێتەوە.

هێشتا هۆشم فریا نەکەوتبوو چەند هەنگاوێ دوورتر بچێت، بەهاڵاوی ئاوێکی گەرم، کە بەسەر شان و ملمدا ڕژێنرابوو، هاتمەوە هۆش و ئازارەکانیشم لە چاوترووکانێکدا هاتنەوە و ئەمجارە سوێ و کزانەوەی شانوملی بەرئاوی کوڵاوکوڵ کەوتووشم سەربار بوو، چەند ئێشیان دەهات! ڕەنگە ئەو جۆرە بێت کە پێی دەگوترێ ئێشی مەرگ.

دەگریام، بەڵام بەبێ فرمێسک. بەدرێژایی ئەو ڕێگایە و بەدەم یادگاری



و زیندەخەونە شیرینەکانەوە هێندە فرمێسک بەرببوونەوە، هەستم بەوشکبوونەوەی سەرچاوەی ئەشکەکانم دەکرد. هەندێ جاریش ڕقی ناخم بەرامبەر بەجەللادەکەم هێند ئەستوور دەبووەوە کە نەگریان و نەکڕووزانەوە بکەم بەهەڵوێست و بەرگری پێ لە خۆم و ئەو کێشەیەی کە لەسەری زیندانی کراوم، بکەم. مرۆڤ لە زیندانا زوو گەورە دەبێ، ڕۆژەکان ساڵئاسا تێدەپەڕن و، دۆخە تاڵەکانی ئەشکەنجەخانەکان دەبن بەوانە و ئەزموونی ژیان. کیژێکی چواردە ساڵی نازکێشراو، کەسێ لە بنەماڵەدا لە گوڵێ کاڵتری پێ نەگوتبێ و بکەوێتە ناو دۆخێکی هێندە دژوار و پڕ مەترسییەوە و ئەو هەموو جنێوەی پێ بدرێت و سووکایەتییەی پێ بکرێت، دەبێ چی لێ بێت؟ سوپاس بۆ ئەو مرۆڤە گەورەیەی کە چواردەساڵ بوو هانی دەدام بەهێز بم، پشت بەخۆ بەستوو بم و خۆم بم. ئەو هێزە بوو لە ناخەوەم هێدی هێدی ترس و تەنیاییيان دەبەزاند. ئەو هێزە بوو لەناو زیندانندا پەروەردەی دەکردم و پەروەردەم دەکرد. هێزێک بوو بابم و مامم پێیان بەخشیبووم و خۆیشم بەردەوام لەناو خۆمدا پەرەم پێ دەدا.

من کێم؟

بۆ لێرەم لەم ژوورە؟

چیم کردووە و بۆ وام لێ دەکەن؟

من خاوەنی چیم و بۆ ئەو هۆنراوانەم نووسی؟

ئەوان کێن و بۆ ناهێڵن خاکی خۆمان خۆش بوێ و مرۆڤی خۆمان خۆش بوێ و داوای مافی خۆمان بکەین؟

پرسیار و پرسیار و پرسیار، ڕامانێکی بێدەنگ لە بوون و لە کوردبوون و لە کۆیلەبوون، لە خۆم و لە دەوروبەرم، دەوروبەریشم بریتی بوو لە ژینگەیەکی تاریک و بۆگەن، جەللادی سامناک و ئامرازی داپڵۆسێنەر. بیرکردنەوە لەوانە ببوونە تاقە پیشەم و سات بەسات ئەزموونداریان دەکردم

و گۆرانییان بەسەرمدا دەهێنا، لە مەهابادێکی ناسک و نازکێشراو، مەهابادێکی یاخی و سەرکێشیان دروست دەکرد. بناغەی یاخیبوونی من بەرامبەر بەنادادپەروەری و زۆرداری ئەوسا و لەو زیندانەدا دانرا. سوپاس بۆ قانیعی شاعیریش کە لەوێ زوو زوو دەهاتە ناو ژووری بیرم و بەدێڕە تەزووبەخشەکانی شیعرەکەی هانی دەدام ئەشکەنجە بکەم بەئەزموون، ئازارەکان بکەم بەوانە و زیندان بەقوتابخانە. قانیع دەیگوت:

"گەرچی دوژمن وا دەزانێ من بەدیلی لاڵ دەبم
چاک بزانێ کونجی زیندانم قوتابخانەیە
قانیعم ئەمڕۆ لە زیندانا بەئازادی بژیم
سەد هەزار نەعلەت لەوەی وا نۆکەری بێگانەیە"

ئەم شیعرەی قانیع کە سەرتاپایم لەبەر بوو، بەدەنگە بەسۆزەکەی حەمە جەزا هێندە بیستبووم و بۆ خۆم گوتبوومەوە، لە زیندانیشدا بەهانامەوە هاتن و ڕووبەڕووی جەللادەکان دەنگی حەمەجەزا و بیری قانیع لەگەڵمدا بوون و لە سەنگەرەکەی منەوە بەهەرسێکمانەوە دژی ئەوان دەجەنگاین. دانی پێدا دەنێم کە ئەم شاعیرە مەزنە بەو چەند دێڕەی زیندانی بۆ من کرد بەزانکۆی ژیان، ئەو هونەرمەندە هێژایەش ئازارەکانمی دەلاواندمەوە و بەدەم لایەلایەکانی ئەو خەو دەیبردمەوە و کە لە خەو هەڵدەستام پڕ بووبووم لە وزەی بەرگری. ئەو میکانیزمی بەرگرییەی کە لە زینداندا بۆ مانەوەی خۆم بەکارم دەبردن بریتی بوو لەو شیعرەی قانیع و چەندان شیعری شۆڕشگێڕانەی تری شاعیرەکانمان و سروودی نەبەردانەی گۆرانیبێژانمان.

قۆڵێکی گرتم و هەڵیساندم و لەناوەڕاستی ژوورەکەدا ڕایوەستاندم. ڕێک لەژێر ئەو گوریسەی کە بەقوولابی بنمیچەکەدا چون پەتی سێدارە شۆڕ ببووەوە. لە دڵی خۆمدا گوتم تەواو. لەو ساتەدا شەپۆلێک خەم و تامەزرۆیی بەخێراییەکی تیژ بەناو گیان و دڵ و دەروونمدا تێپەڕین،



بینینەوەی کەسوکارم، هاوڕێیانم، خۆشەویستەکەم، بینینەوەی کفری. بەڵام ئەم شەپۆلە خەمبارییە زوو گوزەرا و، سروودی ئەی شەهیدان بەدەنگە گڕ و کاریگەرەکەی ناسری ڕەزازی ژوورەکەی پڕ کردەوە و پڕ بووم لە شانازی. ئەو خەریکی ئامادەکردنی پەتەکە بوو، دامنابوو بیخاتە ملمەوە، بەڵام وای نەکرد. هەردوو دەستمی بەرز کردەوە و توند بەگوریسەکە شەتەکی دا، بەشێوەیەک کە ڕێگەی هاتوچۆی خوێن بۆ ناولەپم تەواو سست ببێتەوە. تێگەیشتم ئەمە ژووری ئەشکەنجەدانە نەک ژووری سێدارە. خودایە دەبێ چیم لێ بکەن؟!

یەکەمین ڕۆژم بوو لە ئەشکەنجەخانەی ئەمنی بەعقووبە، بەڵام هەفتەیەک بوو لە زینداندا بووم. لەو هەفتەیەدا جگە لە ترس و تۆقاندن و ئازار و خەم، خەو و خۆراکیشم هێندە کەم بوو کە تەواو بێهێزیان کردبووم. گیانم بەو هێزە دەروونییە بوو کە لە ناخەوەمدا بەردەوام کاری دەکرد و وزەی بەرگریی دروست دەکرد. بەعقووبە، ئەو ناوەیە لەگەڵ بیستنیدا ئێڵنجم دێ، پرسگەی مردنم بیر دەخاتەوە و، وێنەی جەللاد و دەمامک دەهێنێتەوە بەر دیدەم.

کابرای جەللاد دوای توند بەستنەوەی دەستم بەپەتەکە، کە لە شێوەی نیمچە هەڵواسین دەچوو، خۆی چووە دەرەوە. مەزەندەم دەکرد کات ئێوارە بێت، لەوێ لەو ژوورە بێ پەنجەرانە، پێوەرێک نەبوو کاتی پێ بپێوی و بزانی چ ڕۆژێکی هەفتەیە، چ هەفتەیەکی مانگە، چ ساتێکی ڕۆژ یا شەوە، تەنها بەهەست و بەمەزەندە لێکت دەدایەوە شەوە یان ڕۆژ. ئەشکەنجەدان بەجۆرێ بوو هەر بەڕاستیش شەوی لێ دەکردی بەڕۆژ و ڕۆژی لێ دەکردی بەشەو.

هێندە زۆری پێ نەچوو کە ئەو کابرا ناشیرینەی کە یەکەم کەس بینیم و جنێوەکانی دابوو، هاتە ژوورەوە. تەنها جگەرەیەکی پێبوو. بەتەوسێکەوە دووکەڵەکەی بەبا دەدا و سەیری دیمەنی هەڵواسرای منی دەکرد. گوتی:

– فایلەکەتم خوێندەوە، دەبووایە ئەم ئەرکە هاوڕێیانمان لە کفری ئەنجامی بدەن، بەڵام لەبەر ئەوەی برا چەپەڵەکەت و هاوڕێیانی زیندانیان شکاندووە و ڕایان کردۆتە ناو موخەڕبین، ئێوەیان بۆ ئێمە ناردووە لێکۆڵینەوەتان لەگەڵ تەواو بکەین. لەناو فایلەکەتدا نووسراوە تۆ کچێکی لە قوتابخانە زۆر سەرکەوتوویت، مامۆستاکانت شایەتییان بۆ داویت کە زۆر بەئەدەب و عاقڵ و زیرەکیت. هەمووشیان پێیان سەیر بووە کچێکی وەک تۆ کارێکی وا نابەجێ بکات و پەیوەندی لەگەڵ موخەڕبین هەبێت. بەڕێوەبەری قوتابخانەکەت و مامۆستاکانیشت پێیان وایە تۆ باشترین نمرە دەهێنی و دەتوانی بچیتە کۆلێژێکی زۆر باش. تۆ کە کچێکی ئەوەندە زیرەکیت، بۆچی دواڕۆژت بسووتێت و لە زینداندا دابڕزێیت. دایکت و باوکیشت بەخەفەتەوە بمرن. سەرپێچی مەکە لە وەڵامدانەوە، چی دەپرسین بەڕاستی وەڵام بدەرەوە.

ئەم قسانەی زۆر بەهێمنییەوە کرد، بەڵام لەگەڵ ئەو هێمنییەشدا دەموچاوی هەر زۆر ترسناک بوو. تا ئەو کاتە مرۆڤی ئەوەندە ناشیرینم نەدیبوو. دوو برۆی زۆر پڕ و تێکەڵاوی یەکتر بەسەر دوو چاوی ڕەشی سامناکەوە، لووتێکی خڕ و گەورە، سمێڵێک لە شێوەی ئەو جۆرە گسکەی کە پێیان دەگوت گسکی بەغدا، لێوێکی ئەستوور لەژێر ئەو سمێڵەوە شۆڕ ببووەوە. دانەکانی گەورە و شاش بوون و بەجگەرەش زەرد هەڵگەڕابوون، لەژێر چەناگەی کورتییەوە غەبغەبەیەکی چەڵق شۆڕ ببووەوە. ئیدی ئەوەی ناوی جوانی بوو لەو پیاوەدا قاتی بوو. من نازانم هۆیەکی دەروونی بوو یان هەر بەڕاستیش وا بوو کە هەر هەموو ئەوانەی کە لە دەزگای ئەمنی بەعس کاریان دەکرد ناشیرین بوون، بەڵام لە هەموویان ناشیرینتر کە دیبووم ئەو پیاوە بوو.

منیش بەدەنگێکی کز و ئەسپایی وەڵامم دایەوە:



– من هەرچییەکیان لێ پرسیم و هەرچییەکم دەزانی لە کفری وەڵامم دایەوە، لەو وەڵامانە زیاترم نییە. بیشمکوژن هیچی تر شک نابەم بیلێیم.

هێمنییەکەی درێژەی نەکێشا و تووڕەبوو، ئەبرۆکانی ئەوەندەی تر تێکچرژان و غەزەب لە چاوەکانییەوە دەباری:

– ناتکوژین، بەڵام وات لێدەکەین ئاواتی مردن بخوازیت. قەت نەتبیستووە ئێمە کێین؟ نەتبیستووە کە بەبێ دانپێدانان هیچ زیندانییەک بەسەلامەت دەرناچێت لای ئێمەوە؟ ئێستا مەهاباد تۆ دەبێت دانی پێدا بنێی چەند جار موخەڕبینت دیوە؟ خالد گەرمیانیت لە کوێ دیووە؟ چیتان باس کردووە؟ کێی ترت لەگەڵدایە؟ هەموو ئەم پرسیارانە وەڵام بدەرەوە.

– بەخوا هیچ کەسێکم نەدیوە و هیچ کەسێکم لەگەڵ نەبووە. ئەگەر هیچ شتێک نەزانم چی بڵێم، بەخوا نازانم چی بڵێم.

– ئەگەر پەیوەندی خۆشەویستیت هەیە لەگەڵ خالد گەرمیانی، ئەوە ئێمە هەقمان بەسەرتەوە نییە و ئازادت دەکەین. تەنها دەمانەوێ دڵنیابین کە کاری سیاسی ناکەیت، ئێمە هەقمان بەسەر کاری عاتیفییەوە نییە.

– من ئەو کوڕە هەر ناناسم، خۆشەویستی چی و پەیوەندی چی.

– خۆشت دەوێ.

– من دەڵێم نایناسم.

لەو کاتەدا جگەرەی دووەمی تازە پێکردبوو، مژێکی قووڵی لێ دا و، دوکەڵەکەی کرد بەسەروچاومدا. هەستم بەخنکان دەکرد. گوتی:

– چاوەڕێم وەڵامی ڕاستم بدەیتەوە، ئەو وەڵامەت لە کفرییش چەند جار وا داوەتەوە و باوەڕمان وایە کە درۆ دەکەیت. بۆیە چاوەڕێم ڕاستیم پێ بڵێیت.

– ڕاستیم پێ گوتوون.

– نەخێر درۆ دەکەی.

– درۆ ناکەم.

ئاگری جگەرەکەی هێنایە نزیک سنگمەوە و دیسانەوە پرسیارەکەی دووبارە کردەوە و منیش بێدەنگ و ترساو و هەڵواسراو خۆم وەک جووجکێکی ئاوەڕووتکراو دەهاتە بەرچاو، بێدەنگ مامەوە. یەکەمین چزەی سووتاندن بەجگەرەکەی دەستی لەسەر سنگم بوو، لەسەر کراسەکەشمەوە، بەڵام نەک هەر کراسەکەم بەڵکە پێستەکەشی سووتاند. بەوەیدا کە جگەرەکەی خامۆش بوو، پێدەچوو ئاگرەکەی لەسەر سنگی مندا جێمابێ. کزەی سووتان ڕەنگە هەموو کەس بزانێ چۆنە، بەڵام کە هەردوو دەستیشت بەسترابێتەوە بۆ سەرەوە و لەتاو ئێشدا گینگڵ بدەیت و خۆت گرمۆڵەبکەیت چیت لێ دێت؟ کە لە تاوا پێم هەڵبڕی هەستم بەئێشێکی لەوە سەختتر کرد لە هەردوو شانمەوە بەرز بوونەوە، گوێم لە قرتەی ئێسکەکانی شانم بوو. دوای تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵە، ئێستاش کاریگەری ئەو شاندەرچوونە، زۆرجار هەو دەکاتەوە و ئازارم دەدات و خەوم دەزڕێنێ. ئەوەیە باجی کوردبوون.

خۆی چووە دەرەوە و منی لەگەڵ سەختترین ئێشدا بەجێهێشت، زۆری پێنەچوو جەللادە دەمامکدارەکە هات و پاکەتێ جگەرە بەدەستیەوە بوو. جگەرەیەکی پێکرد و، پاکەتەکەشی پیشاندام و گوتی:

– کارم ئەوەیە، ئەم پاکەتە جگەرەیە لەسەر جەستەی تۆ خامۆش کەم.

قۆپچەی کراسەکەمی کردەوە و ئەمجارە جگەرەکان بەبێ بەربەستی کراس و ڕاستەوخۆ لەسەر گۆشتدا دەکوژێندرانەوە. ئا ئەم دیمەنە و ئێش و ئازارەکانێتی کە بەنووسین دەرنابڕدرێ، بەتابلۆ ناکێشرێ، بەمۆسیقاش ناژەنرێ و بەهیچ ناپێورێ.

جگەرەی دووەمیش بەهەمان شێوە لەسەر سنگم خامۆش کرا.



بەخامۆشبوونی ئەو من دەبووم بەکوورەیەکی ئاگر و دەسووتام، بەڵام چ سووتانێک! ئای لە وشە کە دەرەقەتی دەربڕینی ئەم دۆخە نایەت. کە جگەرەکە خامۆش دەبوو پێی نەدەکردەوە و فڕێی دەدا، دانەیەکی تری لەناو پاکەتەکە دەردەهێنا و پێی دەکرد. ئەو ڕۆژە سنگی من، بەتایبەت مەمکەکانم بوون بەتەپڵەکی جگەرە و ئاگر و خۆڵەمێشی جگەرەکانی ئەو جەللادەی تێ دەکرا. لە ڕاستیدا هاواری من و بێباکی و لەسەرەخۆ جگەرەکوژاندنەوەی ئەو لەسەر جەستەی چواردە ساڵانەی من لەوە دەچوو لەززەتی زۆری پێ ببەخشێت، چونکە لەو کاتەدا قاقا پێدەکەنی. پێکەنینێک کە دەروونی خاپوور دەکرد. بەو پێکەنینە لە ناخەوەی خۆمدا زۆر تووڕە دەبووم، بەجۆرێ ڕقم هەڵدەستا دەگەیشتە ئەوپەڕی سنووری تووڕەبوون، بەجۆرێ کە هەوڵ بدەم دەربەستی ئازار نەیەم، بەڵام ئازاری ئەو سووتاندن بەجگەرەیە گاڵتە نەبوو، مەحاڵە وشە و گوزارەکان بتوانن دەرەقەتی وەک خۆی باسکردنی بێن. مەحاڵە هیچ دڕندەیەکی کێوی ئەوەندە بێدەربەستانە نێچیرەکەی بەردەستی داپڵۆسێت. هێندە دەتوانم بڵێم لە ماوەی نزیکەی کاتژمێرێکدا پاکەتێ جگەرە لەسەر سنگم و ملم خامۆش کرا. هێندە دەزانم دیسانەوە لەهۆشخۆچوون بەهانامەوە هات.

کە چاوم کردەوە لە ژوورێکی تر بووم، هەر تەنیا خۆم و زامەکانی جەستەم و سوێ و کزانەوەکانی. ئەو تەنیاییەم زۆر پێ خۆش بوو، بۆ ئەوەی کەس نەمبینێت کە دەگریم. پێویست بوو بگریم، نەگریابام دەمردم، بەڵام نەشمدەویست لەبەرچاوی ئەوان بگریم و ئەوان پێبکەنن و چێژ لە ئازار و گریانەکانم ببینن. سوودم لەو تەنیاییە دەبینی بۆ گریان و خۆ خاڵی کردنەوە. دەگریام تا خەوم لێدەکەوت، بەڵام خەوێکی پڕ لە ڕاچڵەکان، بەدەم خەوبینین بەئەشکەنجەکانەوە و، بەدەم کزانەوە و سوێ و ئێشەکانی جێسووتانەکانی سنگ و شانوملم و ئازاری دەفەی شانم کە پێدەچوو ماسوولکەکانی لەبەریەک ترازابن.

لەو هەفتەیەدا هەستم دەکرد چەند ساڵێک گەورەتر بوومەوە. گەورەبوونەکە لە تەمەن و لە ڕامان و لە بیرکردنەوە، بەپێچەوانەشەوە بچووکبوونەوە بەقەبارە، ڕۆژ بەڕۆژ لاواز و بێ هێز دەبوومەوە.

ئەو ژوورەی منی تێدا بووم، نە ئاو و نە ئاودەستی تێدا بوو. ڕۆژی سێ جار دەرگایان دەکردەوە و دەیانبردم بۆ خانەی دەستشۆری کە دە مەترێک لە ژوورەکەوە دوور بوو. لە بەردەم دەرگای ئاودەستەکەدا قالدرمەیەک هەبوو، لەژێر قالدرمەکەدا پیاوێک کە بەجلە کوردییەکەیەوە دەمزانی دەبێ خەڵکی گەرمیان بێت، چاوەکانی بەسترابووەوە، دەست و پێی کەلەبچە کرابوو، لەوێ فڕێ درابوو. ئەو پاسەوانەی منی دەبردە دەستشۆرییەکە و خۆی لەبەردەرگا دەوەستا، هەموو جارێک شەقێکی لەو پیاوە کوردە هەڵدەدا. وەخت بوو لە داخاندا شەقم دەبرد، ئێستاش ئەو دیمەنانە و ئەو هەموو سووکایەتییەی بەکورد دەکرا دێنەوە وێزەم و ئازارم دەدەن. هەر سێ جارەکەش دوای بینینی ئەو دیمەنی بەرشەقدانەی ئەو پیاوە کوردە، کە دەیانبردمە ژوورە تەنیاکە خواردنیان دەهێنا، خواردنێکی بێتام و قێزئاوەر. جگە لە ئازارەکانی خۆم ئازارەکانی ئەو پیاوە کوردەی کە لەبەر ئەو ئاودەستانە تێیان هەڵدەدا بەتەواوی ئیشتیامی کوێر کردبوو و خواردنم پێ نەدەخورا، برسیشم نەدەبوو، هەستم دەکرد لەناو جەستەمدا جگە لە دڵێک کە بەسستی و پەستی لێدەدات و، جووتێ سیی کە بەئاستەم بای بۆگەنی ئەو زیندانە هەڵدەمژێت و دەیکاتە هەناسەم، چی دیکەم تێدا نەماوە. هەستم بەبەتاڵبوونەوەی کلێشەم دەکرد، چونکە ڕۆحم لەوێ گیری نەدەخوارد و خەیاڵم دەیبردەوە بۆ زێدەکەم. هەر لەو ساتانەوە هەستم دەکرد خەیاڵ و ئەندێشەم فێری سنووربەزاندن و کۆت و پێوەندشکاندن بوون و ڕۆحمیان فێری بزێوی و گەڕان کرد. چاوەکانمیان دەبردەوە بۆ بینینەوەی ساتەکانی منداڵیی، بۆ خوێندنەوەی یەکەمین نامەی دڵداری. گوێیەکانمیان دەبردەوە بۆ بیستنی لایلایەکانی دایکم، حیکایەتەکانی باپیرم "باوکی



دایکم" کە شەوانی منداڵیم لەگەڵ خوشک و براکانمدا لەدەوری کۆدەبووینەوە و گوێمان بۆ شل دەکرد. بیرمە کە زۆر منداڵ بووم وام دەزانی باپیرم خوایە. نازانم بۆ وا تێگەیشتبووم، بەڵام میهرەبانی ئەو هێندە بێ سنوور بوو کە لای من ئەو کەسێکی بێ وێنە و تایبەتی بوو. هاوتەمەنەکانی بەسۆفی، کەسانی تریش بەمام سۆفی بانگیان دەکرد، ئێمەش لەماڵەوە "بابا" مان پێ دەگوت. ئەو جگە لە میهرەبانی و شادمانی و خۆشەویستی هیچی تری بەسامان نەدەزانی. ئەوەی گرنگ نەبوو بەلایەوە پووڵ و پارە بوو. لە مزگەوتێکی نزیکی ماڵی خۆمان پێشنوێژی دەکرد و بانگی دەدا، ئەو مەلا نەبوو، بەپووڵ خواپەرستی نەدەکرد و بەپارە بانگی نەدەدا. ئەو مزگەوتەشی کە ئەو دەیبرد بەڕێوە سادە و ساکار بوو، بڵندگۆی تێدا نەبوو، بابام دەچووە سەربانی مزگەوتەکە و دەستی دەخستە پەناگوێی و بانگی دەدا. زۆر جار لە کاتی بانگداندا منیش دەچوومە سەربانی ماڵی خۆمان تا بابام ببینم کە بانگ دەدات، دوای ئەوەی بانگەکەی تەواو دەکرد دەستی هەڵدەبڕی و پێی دەگوتم وا دێمەوە، هەموو کاتێکیش کە دەهاتەوە بنێشت و نوقڵ و شیرینی بۆ دەهێنایەنەوە. ئەو دەڤۆکەی باپیرم قسەی پێ دەکرد، وەک هی خەڵکی گەرمیان نەبوو، کوردییەکی خۆشتر و پاراوتر بوو، کوردییەکی پەتی. ئەم باپیرەشم لە سەردەمی قات و قڕی و گرانی لە شارەزوورەوە لەگەڵ دوو برای لە خۆی بچووکتری و "پیرۆز"ی دایکی هاتبوونە ناوچەی گەرمیان بۆ کار و لەوساوە لە کفری نیشتەجێ بووبوون. دایکم کچی تاقانەی ئەوە، جوانییەکەشی و میهرەبانییەکەشی لەو سۆفییە خوێن شیرینە دەچێت، کە من هێندە خۆشم دەویست کە یەکەمین شیعرم لە پرسەکەی ئەودا نووسی، ساڵی ١٩٧٨، ئەو دەم تەمەنم دوانزە ساڵ بوو. لاوێنەرەوەیەکی بەردەوامی من لە زینداندا باپیرەم بوو، کە لێیەوە یەکەمین وانەکانی خۆشەویستی و ویژدان و دڵسۆزی فێربووم. لەو ژوورە ئینفیرادییانەی زینداندا ئەو مرۆڤە

نموونەییانەم نەبووایە، مەحاڵ بوو بمێنم. ئەوان نەیاندەهێشت تەنیا بم، یادی ئەوان وەک هەتووان زامەکانیان سارێژ دەکردمەوە.

دوای سووتاندن بەجگەرە و فڕێدانم لەو ژوورەدا، سیستەرێک هەموو ڕۆژێ دەهات و تیماری جێسوتاوەکانی دەکرد. سیستەرەکە جاری یەکەم بەدەم تیمارکردنەوە لێی پرسیم:

– تۆ زۆر منداڵی، چ تاوانێکت کردووە؟

– هیچ.

– نابێت هیچت نەکردبێت و وات لێ بکەن.

– شیعرم نووسیوە.

– شیعری سیاسی؟

– ...

– تۆ هەقت بەسەر سیاسەتەوە چ بوو، بۆ خۆت دڵداریت بکردایە، شیعری دڵداریت بنوسیایە.

– ...

ئەو دەرمانەی بەکاری دەهێنا دەرمانێکی کاریگەر بوو، لە چەند ڕۆژێکدا جێسوتانەکانی تا ڕادەیەکی زۆر خۆش کردەوە و ئازارەکانیشی کز کردەوە. لەو چەند ڕۆژەدا دیمەنی کاریگەر و ئازاردەری من ئەو پیاوە کوردە بوو کە سێ ژەمە شەقیان تێهەڵدەدا. هێی پیاوی کورد چ حەشرێکت پێ دەکرێت و چ بەکۆیلەکراوێکی. هێی ژنی کورد، تۆیش دیلی دەستی چ پیاوگەلێکی دیل و داماوی.

هەفتەیەک بوو لەو ژوورەبووم و بەتەنها بووم، شەوێک پێدەچوو نزیکی نیوەشەو بێت، دەرگاکەیان کردەوە و کیژۆڵەیەکی تریان فڕێ دایە ژوورەوە. بەشێوەیدا دیار بوو کورد نییە، دیار بوو ئەشکەنجەیەکی زۆر دراوە، بەڵام



ئەو نەسووتێندرابوو. ماوەیەک بەبێدەنگی هەر سەیری یەکترمان دەکرد و نە من و نە ئەو نەهاتینە گۆ. من بیستبووم کە لە زینداندا بۆ فێڵ و بۆ دەرکێشانی قسە لە زیندانییان هەندێ جار کەسێکی سەر بەخۆیان دێنن و لە ژوورەکەدا دایدەنێن و دەیکەن بەهاوڕێت، تا وردە وردە متمانەی پێ بکەیت و قسەی لا بدرکێنیت. لەو ساتەدا یەکەمین شت کە بەخەیاڵمدا هات ئەوە بوو، بۆیە بەئاگادارییەوە دەجووڵامەوە. دوای ماوەیەک ئەو بێدەنگییەکەی شکاند و بەعەرەبی پرسیاری کرد:

– دەمێکە لێرەی؟

– هەفتەیەکە لەم زیندانەم، بەڵام دوو هەفتەیە گیراوم.

– تۆ عەرەب نیت؟

– نەخێر، کوردم.

– خەڵکی شیمالی.

لە جیاتی وەڵام، بەهێمای ئەرێ سەرم ڕاوەشاند. چەند ئازار دەچێژم کە ناوێکی تر لە وڵاتەکەم دەنرێت، کە ناوی ئەو نییە. بەهەر حاڵ، ئەو کیژە شیعە بوو، لە کاتی بڵاوکردنەوەی نووسراوەی حزبی دەعوەی ئیسلامی گرتبوویان. کچێکی ئەسمەری خوێن شیرین بوو، پرچێکی درێژی ڕەش و دوو چاوی قەترانی پێوە بوو، جینان تەمەنی شانزە ساڵ بوو. من هەر بەئاگادارییەوە لەگەڵی دەپەیڤیم و هیچی زیاتر لەوەی کە لای خۆیان گوتبووم، نەدرکاند. لە چەند ڕۆژی دوای ئەوە وردە وردە جینان لەبارەی خۆی و باوک و کەسوکارییەوە شتی دەگێڕایەوە و ترسی گەورەی ئەوەبوو کە ئەگەر بەربدرێ باوکی سزای سەختی دەدات کە بەدزی ئەوەوە پەیوەندی بەحزبی دەعوەوە کردووە، چونکە باوکی ئەندامی شوعبەی ناوچەی باقوبەی حزبی بەعس بوو.

## زیندووبوونەوەی پاش مەرگ

من جەستەی خۆمم خۆش دەوێ. وەک ژنێک جەستەی خۆمم لا پیرۆزە، وەک کوردێک جەستەی خۆمم لا پیرۆزە و، وەک مرۆڤێکیش بەهەمان شێوە. مەخابن ئێمە وەک مرۆڤی ڕۆژهەڵاتیی بەگشتی و وەک کورد بەتایبەتی و وەک ژن بەتایبەتیتر بەرامبەر بەپیرۆزیی جەستە هۆشیارییەکی ئەوتۆمان نییە و، بایەخی جەستەی خۆمان لە دروستبوونی ناسنامەی خۆمان نازانین. هەندێ جار ڕووداوێک، کارەساتێک یان قەیرانێکی تایبەتی یان گشتی ڕێژەی هۆشیاریمان بەرامبەر بەجەستە و بایەخی جەستەمان بۆ ئێمە زیاد دەکاتەوە. زیندان و ئەشکەنجەکانی ناو زیندان بۆ من ئەو کارەساتە بوو جەستەی خۆمی پێ ناساندم و لاپیرۆز کردم و وای کرد هەست بەشانازی بکەم کە خاوەنی ئەم جەستەیەم.

جەللادەکان ناتوانن پەی بەنهێنییەکانی ناو بیری مرۆڤەکان ببەن، بیر دەستەمۆ ناکرێت، چونکە نەبینراو و نەگیراوە، وەکو گیانی مرۆڤ، وەکو باوەڕ و هەڵوێست و هیوا و ئاواتەکانی مرۆڤ، تەنها دەتوانی هەستیان پێ بکەیت و هەرگیز ناتوانی پابەستیان بکەیت. جەستە ئەو بەڵگەیەی بوونی مرۆڤە کە بەرهەستە و هاسانە بەئامرازی داپڵۆسێنەر لەکار بخرێت، وەلێ هەر ئەم جەستە پیرۆزەیە کە دەتوانێ بەبەرگەگرتن و بەرگری، بوون و



بیر و هەڵوێست و هیواکان بپارێزێ و، مرۆڤ بکاتە خاوەنی شایستەیی و شانازی. سوپاس بۆ جەستەم کە هەر لەوساوە لە زیندانی فاشیستەکاندا، بوون و بیرمی پاراست و ناسنامەیەکی پێ بەخشیم تا ماوم شانازی پێوە بکەم.

لە ناوەڕاستی ساڵی **١٩٩٩** دا کە "شاکار"ی کچم لە دایک بوو، کاتێ مرۆڤێک لە جەستەی من جیابووەوە و دنیای ئاوەدانتر کردەوە، یەکەم سات کە ئەوم لەباوەش گرت، هەستم دەکرد شتێک نییە لە جەستەی ژن پیرۆزتر بێت، هەر ئەودەم و لەو دۆخە پڕ لە شانازییەدا زیندان و ئەشکەنجەکانی ساڵی **١٩٨٠** ی سەر ئەو جەستەیەی خۆمم وەبیرهاتەوە و هەستم کرد شتێک نییە لە مرۆڤ پیرۆزتر بێت، جەستەی مرۆڤ هی ئەوەیە ئەوپەڕی ڕێزی لێ بنرێ، چۆن دەبێت ئەشکەنجە بدرێ. من دژی ئەشکەنجەدانم، تەنانەت دوژمنیش نابێت ئەشکەنجە بدرێت. دژی سزای سێدارەم، تەنانەت بکوژێکیش نابێت بکوژرێتەوە. ئەمە باوەڕی منە و پێم وایە سزادانی جەستە بەئەشکەنجەدان ئیدی ئەشکەنجەکە لەسەر جەستەی پیاو بێت یان ژن، تاوانێکی گەورەیە بەرامبەر بەژیان دەکرێت. ئەو ژیانەی کە لە جەستەی دایکەوە هەڵقولاوە. ئەشکەنجەدانی مرۆڤ، ژاراویکردنی ئەو سەرچاوە سازگارەیە و، کوشتنی مرۆڤ کوێرکردنەوەی ئەو کانییەی ژیانە. لە ١٠ ی ئازاری ساڵی **١٩٩١** لە کاتی ڕزگارکردنی کفری، هەندێک لەو ئەمنانەی بەعس کوژران و هەندێکی تریان دەرباز بوون. برادەرێ کە ئاگاداری ژیان و بەشێ لە ئەشکەنجەکانی زیندانی من بوو، چەند ڕۆژێ دوای ئەوە هاتە لام و گوتی:

– ئەو "نەجات"ەی کە لە زینداندا ئەشکەنجەی داوی، کوژراوە و چەند ڕۆژێکە لاشەکەی لای سەرقەلا فڕێدراوە و بۆگەنی کردووە. حەز دەکەی بچی تەماشای بکەیت؟

– نەخێر، نامەوێت. قەت نامەوێت کوژراو ببینم.

ئەو پێی سەیر بوو ئەو وەڵامەی لە من بیست، ئەو وای دەزانی ئەو ئەشکەنجانەی زیندان ئەو تۆوەی لە مندا چاندووە کە تینووی تۆڵەکردنەوە بم. لە ڕاستیدا من پێم وایە ئەو جۆرە کەسانە پێویستە سزا بدرێن، بەڵام بەکوشتن نا. باوەڕم وا نییە کوشتن و زەبروزەنگ کێشەیەک چارەسەر بکەن. باوەڕم وا نییە ئەشکەنجە بتوانێ مەبەست بپێکێت. مرۆڤ لە سروشتی خۆیدا خراپ نییە، خراپ دەکرێت. ئیدی ئەو مرۆڤە خراپکراوانە خراپی و کلتووری خراپ بەرهەم دەهێننەوە، قەت بەخراپی کردن لەگەڵ خراپدا ژیان چاک نابێتەوە. یەکەم جار کە لە کتێبێکی مێژوودا باسی کلتوورەکانی کۆن و شارستانی کۆنی دەڤەری خۆمانم خوێندەوە و یاساکانی حامورابیم بەرچاوکەوت، هێشتا لە پۆلی یەکی ناوەندی بووم، زۆر بیرم لەو سزایە دەکردەوە کە بۆ تاوانبار و خراپەکاری داناوە. "العين بالعين والسن بالسن"، ئەوەی چاوی کەسێ هەڵدەکۆڵێت پێویستە چاوی هەڵکۆڵدرێت، ئەوەی دانی کەسێ دەردێنێت پێویستە دانی دەربهێنیتەوە. یان لە هەندێ سزای ئایینیدا کە بەتایبەت لە کۆندا پەیڕەوی کراوە، دەستی دزیان بڕیوە، یان ژنیان بەردباران کردووە، ئەمەی دواییان هەتا ئەم ساتەش پەیڕەوی دەکرێت، بەتایبەت لە ئێران، ژن بەردباران دەکرێت. چ کلتوورێکی توندوتیژییە لەسەر ئەم بنەما هەڵەیە دانراوە و تا ئەمڕۆش مرۆڤگەلی ئەم دەڤەرەی لە دەروونەوە وێران کردووە. دەروونێکی نەخۆش کە بەئازاردانی ئەویدی ئاسوودە دەبێت. چ ئاوێکی ڕەش بوو حامورابی ناموبارەک لەم دەڤەرەدا ڕشتی و پاشا لە دوای پاشا و فەرمانڕەوا لە دوای فەرمانڕەوا ڕەشتر و بۆگەنتری دەکرد. تا لە ئاکامدا سەددام هات و کردی بەئۆقیانووسێ لە خوێن. خۆی و نەهەنگەکانی تر مەلەیان تێدا دەکرد.

من وەک کوردێک ئەشکەنجە دەدرام و لەبەر کوردبوون جەستەمیان



کردبووە مایەی سزادانم، جەستەمیان کردبووە خومخانە، سزای تاوانی کوردبوون بوو دەمچێشت. خودایە، بۆ دەبێت کوردبوون تاوان بێت و سزاکەی هێندە سەخت بێت.

لەناو ئەو زیندانەدا قووڵ دەبوومەوە و تێدەفکریم، پرسیارم لە خۆم دەکرد:

بەڕاست من لە پای چی سزا دەدرێم؟

کاممان تاوانبارین ئێمە یان ئێوە؟

کاممان وڵاتی ئەویترمانمان داگیرکردووە؟

کام لامان مافی ئەویتری خواردووە؟ ئێمە یان ئێوە؟

کێ تاوانبارە و کێ سزادەر؟

بۆ دەبێ خودی بوون بۆ ئێمە ببێت بەتاوان و جەستەمان ببێت بەجێگەی سزادان؟

جەستەی من، لەوێدا جەستەی کوردێک بوو، لە پای بیر و خۆشەویستی بۆ مرۆڤی کورد و، سۆزی بەرین بۆ نیشتیمانی خۆم، ئەشکەنجە دەدرا و ئازاری دەچێشت، هەر وەک ئەو پیاوە کوردەی کە لەژێر قاڵدرمەی لای ئاودەستەکانەوە ڕۆژی دەیان جار لە پای کوردبوون بەرشەق دەدرا و لە پای کوردبوون سووکایەتی پێ دەکرا.

چەند گرنگە لەو ئەزموونە ئاگراوییەدا جەستە بیباتەوە و جەللاد بیدۆڕێنێ. بۆیە منیش و هەزاران هەزاری تریش کە لە ئەشکەنجەخانەکانی بەعسدا لەو ئەزموونە دڕکاوییە دەربازبوون و لەو گرەوەدا براوە بووین، هەقمانە وەک کوردیش جەستەی خۆمانمان خۆش بوێ، ئێمە چمان پێ نەکرا! چەند جاران کوژراین و دۆزەخ پێشوازی لە گیان و جەستەمان کرد و، لە ڕۆژی حەشرەوە گەڕاینەوە و، هەر ماوین، مانەوەمان چ موعجیزەیەکە.

هەفتەیەک تێپەڕی و بەحاڵ ئازارەکانم کەم ببووەوە، بەحاڵ جێی جگەرەکان لەسەر سنگ و بەرۆک و شان و ملم سارێژ ببوونەوە. کە دەستی خۆم بەری جێسووتانەکان دەکەوت کزرەی کولانەوەیان خەریک بوو گیانم دەرکێشێ. بەخرپەی کلیل ڕادەچڵەکام کە بۆ کردنەوە دەخرایە کونی دەرگاکەوە، چونکە یان بۆ ئەشکەنجەدان دەبرام یان بۆ ئەو ئاودەستەی کە لەبەردەمیدا ئەشکەنجەی ئەو پیاوە کوردە دەدرا و ئازارم پێی دەچێشت.

دەرگایان کردەوە و، منیان بانگ کرد. هەر لەبەر دەرگاکەوە چاویلکەیەکی ڕەشیان کردە چاوم. چاویلکەکە لە پلاستیک دروست کرابوو، وا نەبوو کە دەرەوەی پێ ببینی، بەشێوەیەک دروست کرابوو کە لەملاو لەولاشەوە داخراو بوو، تا بەلاچاویش هیچ نەبینرێت. کە چاویلکەکەم کرایە چاو زانیم دیسان بۆ ئەشکەنجە دەمبەن، گشت گیانم دای لە ئێش و جێسووتانەکانم لە خۆیانەوە کەوتنە کزەکز و ژانیان لێ هەڵسا. قۆڵی گرتم و بردمی، هەنگاوی کوێرانەم دەنا بەرەو نادیار. ئەو شوێنەی کە بۆم نەبوو بشزانم کام ڕێگەیە دەمباتە ئەوێ، چونکە بەچاوی بەستراوەوە دەیانبردم. کات و شوێن، ئەو دوو ڕەهەندە گرنگەن لە ژیانماندا هەمیشە ڕووبەڕوویان دەبینەوە. یادگاریی و بیرەوەرییەکانی ئەو کات و شوێنانەی کە لە قۆناغەکانی ڕابردووی ژیانماندا تیایاندا دەژین، لە کەسایەتیماندا ڕەنگ دەدەنەوە. من پێم وایە ئەوەی زیندانی دیبێ و ئەشکەنجەی دەروونی و فیزیکی درابێت، لە کەسانی دی زیاتر ئازادی خۆش دەوێ و ژیرانەتر مامەڵە لەگەڵ ئازادی خۆی و جەستەی خۆی دەکات.

کە چاویلکەکەیان لە چاوم کردەوە، لە ژوورێکی تری ئەشکەنجەداندا خۆم بینییەوە، بەڵام وەک جاری یەکەم سەرسام نەبووم. جگە لە کورسییەکی ژەنگنی ئاسن، چیدیکە لە ژوورەکەدا نەبوو تا سەرسامم بکات. جەللادی



دەمامکپۆشیش وەک جاری یەکەم سەرسامی نەکردم، چونکە بەو دیمەنە ترسناکەی ئاشنا بووبووم. سەرسام نەبووم، بەڵام دەترسام و زۆریش دەترسام. چی تر چاوەڕوانم دەکات، چ جۆرێکی تری ئەشکەنجە، چ جۆرێکی تری سووکایەتیپێکردن و، لە هەمووشی ئازاردەرتر، بۆ ئەشکەنجەم دەدەن؟ ئەو پرسیارەی کە وەڵامەکەی دەزانم و هەمووشمان دەیزانین، چونکە کوردی! کوردیش کۆیلەی داگیرکەرە. مافی قسەکردنی ئازادی نییە، مافی سەرفرازی و شانازی نییە! چونکە کوردستانی تۆیان کردووە بە هی خۆیان و، بۆت نییە ناوی ببەیت، بۆت نییە خۆشت بوێ و، مافی ئەوەت نییە داوای بکەیتەوە! وەڵامێ کە نەمانتوانیوە و ناتوانین پێی قایل بین و، هەزارانمان و بگرە ملیۆنیشمان گیانی خۆیان بەخشی تا ببینەوە بەخاوەنی ئەو شانازییە، ئەو خۆشەویستییە، ئەو خاک و ناسنامەیە.

کابرای ناشیرین و تۆقێنەر، ئەوەی یەکەم سات بەجنێو ڕووبەڕووم بووەوە، لەبەردەممدا وەستا و پێی گوتم دانیشە. لەسەر کورسییە ژەنگنەکە دانیشتم. کە جگەرەکەم بەدەستییەوە بینی، هەموو دەمارەکانی لەشم دایان لە ئێش و لە چاوەڕوانی چزاندنی ئەو ئاگرەدا پەرێشان بووبووم، ئێڵنجم دەهات، بەرچاوم تاریک دەبوو، سەرم دەسووڕایەوە، دڵیشم توند لێی دەدا و گوێم لە گرمەگرمی بوو نەک لە ترپەترپی. ئەو ساتە لە پەسن نەهاتووە ناکرێ، سەختە بێتە سەر کاغەز. ساتەژیانی وا لە ساتەمردن دەچێت و ناچێت. ژان و ژیان هەست پێدەکرێن، نانووسرێن.

لەتاو ترسی جگەرەکە ئەو کێبڵەم نەدیبوو کە بەدەستەکەی تریەوە بوو. کاغەزێکی پێ بوو، بەو دەستەوەی گرتبوو کە جگەرەکە لە توێی پەنجەی دۆشاومژە و هەڵمەقووتەیدا بوو، قووڵ هەڵیمژی و دووکەڵەکەی بڵاوبووەوە. دیسانەوە هەستم بەخنکان کرد. ئێستاش بەدووکەڵی جگەرە

ئێڵنجم دێ و سەرم دەدا لە ئێش. تەماشای دەکرد و، دوای ماوەیەکی کەم ڕووی لە من کرد و گوتی:

– بەڵگەی تەواومان بەدەستەوەیە کە لەگەڵ موخەڕبیندا پەیوەندیت هەیە.

دڵم کەوتە خورپە و نازانم تا چەند ئەو ترسەم لە دەموچاومدا ڕەنگی دەدایەوە، بێگومان دەبێت ڕەنگی دابێتەوە. هیچم نەگوت و لە چاوەڕوانی ئەشکەنجەدا بووم. لە ناخی دڵەوە هەستم بەپەلەکردنێک کرد، حەزم دەکرد زوو زوو ئەو بپرسێ و من وەڵام بدەمەوە و نەدەمەوە، ئەشکەنجە دەست پێ بکەن، ببوورێمەوە و ڕزگارم بێت. چونکە ئەو دۆخی چاوەڕوانی ئەشکەنجەیە، لە خودی ئەشکەنجەکە ئازاری زیاتر بوو، ئازارێکی تیژ و تەورئاسا.

– چونکە بەڵگەکە بەدەستمانەوەیە، ئیتر هیچ پێویست ناکات نکۆڵی لێ بکەیت. بۆ خۆشت دانی پێدا بنێ با ڕزگارت بێت. هیچ چارێکی ترت نییە جگە لە دانپێدانان.

– دان بەچیدا بنێم ئەگەر من پەیوەندیم نەبێت.

– تۆ لەگەڵ خودی خالد گەرمیانی پەیوەندیت هەیە و، بەڵگەمان هەیە.

– ئەگەر بەڵگەشتان هەبێت بەڵگەیەکی ساختەیە، چونکە من خۆم دەزانم کە هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵ هیچ کەسێکدا نییە.

– کچی قەحپە، وا دەزانی دەتوانی تا سەر نکۆڵی بکەیت؟ هەڵماندەخەڵەتێنی؟

بەدەم ئەو ڕستە و پرسیارە جنێوبارەوە و، بەخێراییەکی بروسکەئاسا کێبڵەکەی بەرەو دەموچاوم وەشاند و بەرچاوم تەواو تاریک داهات. خۆم پێم وابوو کێبڵەکە بەرچاوانم کەوتووە و کوێری کردووم، بەڵام نازانم چەند چرکە یان خولەکی پێ چوو بەرچاوم ڕووناک بووەوە، ڕووناکییەکی لێڵ.



هەستم بەتەڕی و گەرمییەک کرد لە سەر چەناگەمەوە بەرەو ملم ڕێچکەی بەستبوو. خوێن لە لووت و دەممەوە پژابوو. دەستم بۆ لووتم برد و هەندێ سەرم بەرز کردەوە بۆ ئەوەی خوێنەکە بوەستێ، لەناو دەممدا شتێکی ڕەقم هەست پێکرد. دەرمهێنا و بەو بەرچاولێڵییەوە تەماشام کرد، پارچە ددان بوو. دەستم بۆ ناو دەمم برد بینیم ددانەکانی پێشەوەم دوولەت بوون و لەتیان لێکەوتووە.

بێدەنگ و خەمبار لەبەردەمیدا گرمۆڵە بووبووم. لە چاوەکانمەوە فرمێسک، لە دەم و لووتمەوە خوێن، لە هەناویشمەوە ئازار و ژان قوڵپیان دەدا. هیچی تری نەگوت و بەچاوێکی پڕ لە بوغز و قینەوە، ئەو چاوە زەق و ترسناکانەی، مۆڕەیەکی لێکردم و بەخێرایی چووە دەرەوە. پێدەچوو جەللادەکە لەبەردەرگا وەستا بێت، چونکە یەکسەر ئەو هاتە ژوورەوە و، قۆڵی گرتم و هەڵیستاندم و دووبارە لەسەر کورسییەکە، بەڵام بەشێوەیەک کە سنگم بەرەو پشتی کورسییەکە بێت و هەردوو پێم بەملاو بەولایدا بڵاوببێتەوە، داینیشاندم.

کەلەبچەی خستە هەردوو دەستم بەجۆرێک کە لەگەڵ کورسییەکەشدا بەسترانەوە و توانای جووڵاندنیانم نەما. هەردوو پێیەکانیشم بەهەردوو قاچەکانی پشتەوەی کورسییە ئاسنینەکەوە بەسترانەوە. سنگم بەتوندی بەپشتی کورسییەکەوە نووسابوو، جێبرینی سووتاوەکان دەکولانەوە و زۆر دەکزانەوە. شانەکانم ئێشی دەرچوون پەرێشانی کردبوون، دەم و دان و لووت و گوێ، تۆ بلێی کوێت نەدەئێشا. ئەی باری دەروونم چۆن بوو؟ هەستم دەکرد لە دارستانێکم و دڕندەی کێوی بەگاز گۆشتەکانم ونجڕونجڕ دەکەن و ئێسکەکانم دەقرتێنن. هەستم بەبێبایەخی بوون دەکرد و دروست لەو ساتەدا گومانم دەکرد کە مابم. بەتەواوی هەستم بەمردوویەتی دەکرد، چۆن هەست بەمردوویەتی دەکرێت؟ مردوو هەموو هەستەکانی دەکوژێنەوە،

بەڵام من هەستم بەمردنی جەستەم کرد، بەکوژران، مردوویەکی کوژراو، هەستم بەشەهیدبوون دەکرد.

ئێستاش هەستێکی وام هەیە کە من لە ژیانمدا جارێک شەهید بووم و دووبارە زیندوو بوومەوە. من پێم وایە زۆر مرۆڤی کورد، ئەوانەی لەو ئەشکەنجەخانانەوە دەربازبوون و جارێکی تر هاتنەوە ناو کۆڕی ژیان، هەستێکی وایان هەبێت کە مردن و زیندووبوونەوە. ژیانی دوای مەرگ تامێکی تری هەیە، هەست دەکەی پێویستە بەفیڕۆ نەڕوا. هەست دەکەی سات بەساتی گرنگە و پێویستە بۆ خۆشەویستی بەکاری بهێنی، خۆشەویستی ژیان بچێژی. ئەوەی لە سەفەری مەرگ گەڕابێتەوە، چالاکتر ژیانی خۆش دەوێ. ئەوەی زیندانی دیبێ، دوو ئەوەندەی کەسێکی تر هەست بەشادمانی ساتەکانی ئازادی دەکات. لە ساڵی ڕاپەڕیندا، ١٩٩١ کە شادمانیم گەیشتبووە لووتکەی خۆی، بیرم لەوە دەکردەوە کە ئێستا شەهیدەکانیش وەک من شادمانن. هێشتا بولێڵی بەیانی بوو، ڕۆژی ئازادبوونی کفری، لە ١٠ ی ئازاری ئەو ساڵە پیرۆزە، بەناو شاری کفریدا و لەناو ئەمبولانسی نەخۆشخانەی کفری، کۆڵان بەکۆڵان و جادە بەجادە بەبڵندگۆ وتاری شۆڕشگێڕانەم دەدا و شیعری شۆڕشگێڕانەم دەگوتەوە. هەستێکی سەیرم هەبوو، مەست و سەرخۆشی ئەو ساتە لە پەسن نەهاتووانەی ئازادی بووم. لەناو ئاپۆڕەی خەڵکی ئەو شارەدا کە بۆ سووتاندنی وێنەکەی دیکتاتۆر کۆبووبوونەوە و منیش بێ پەروا وتارم دەدا و شیعرم دەخوێندەوە، هاوڕێ پێشمەرگەکانم هاتنە لام، ساڵانێکی زۆر بوو یەکترمان نەدیبوو، جگە لە چوکلێتەنامە کە بەتەتەرەکاندا بۆ یەکترمان ناردبوو. دوانامەی چوکلێتی چەند ڕۆژێ پێش ڕاپەڕین بەمام ڕەشیددا گەیشتە دەستی من، ئاماژەی ڕاپەڕینی گرتبووە خۆ. هاوڕێی دێرین و شیرینم عوسمانی حاجی مەحموود، ئەو هاوڕێیەی کە تا ئەم ساتەی ئەم دێڕانەی تێدا دەنووسم شانازی بەپاکی و دڵسۆزی ئەوەوە دەکەم و شادمانم



کە مرۆڤێکی وا هاوڕێمە، لەو ڕۆژەدا لەناو ئاپۆڕەی خەڵکدا خۆی و حەمەڕەش و پێشمەرگە ئێسک سووکەکانی تر، بەسیمای پڕ لە مژدەیانەوە هاتن بۆ لام و بەدیداریان شادیان کردم. لەو ساتە مێژووییەی ئازادیدا، هەموو شتێ بۆنی گوڵی لێ دەهات، بەرامەی گوڵەمێخەکی ئازادی هەمووومانی مەست و شاد کردبوو. هەمووومان لە پەپوولە دەچووین، لەسەر گوڵەبەڕۆژەی ئاسوودەیی دەنیشتینەوە و هەڵدەفڕینەوە. خەندە لێوی هەمووومانی جوان کردبووەوە، خۆشی دڵی هەمووومانی داپۆشیبوو. چەند دەگمەن بوون ئەو ساتانە! چەند ستەمە شادمانییەکی لەوجۆرە زوو بکوژێتەوە، ئاهەنگ ببێت بەپرسە. مەخابن هەر ئەو ڕۆژە، دوای چوونەوەم بۆ ماڵەوە لەگەڵ ئەو دوو هاوڕێ خۆشەویستە، عوسمانی حاجی مەحموود و حەمەڕەش مەسۆیی و دوای نانخواردنێک پێکەوە، ئەوان خواحافیزییان کرد و بەرەو ئازادکردنی شاری دووز بەڕێکەوتن، لەوێدا شەڕ درێژەی خایاند و، دوژمنان لە دووز، دووز وەک شارەکانی تر نەبوو، زوو خۆیان نەدا بەدەستەوە، بۆ سبەینێ هەواڵی شەهیدبوونی حەمەڕەش چزا بەگوێمدا، چەند ئەشکەنجەدەرن ئەو هەواڵانە. هەر ئەو ڕۆژە باوک و برایەکی کاک عوسمان هەر لە شارۆچکەی دووز شەهید بوون. کە لە شەڕی دووز گەڕایەوە ئێوارەی دوای ڕۆژی نەورۆز بوو، ئەو دەم دژەهێرشەکان دەستیان پێکردبوو و موجاهیدینی خەڵق بست بەبست شار و دەڤەرە ئازادکراوەکانیان بۆ ڕژێم داگیر دەکردەوە، خەڵک کفری چۆڵ کردبوو، ئێمەش لە ژووری قوتابخانەیەک لە سەرقەڵا بووین. کە کاک عوسمان هاتە لامان دوای گەڕانەوەی لە شەڕی دووز، دوو سێ ڕۆژ بوو براکەی و باوکی و نزیکترین هاوڕێی لەدەست دابوو. پێم وابوو بەورە رووخاوییەوە دەیبینم، بەڵام سەرەڕای قووڵترین و مەنگترین خەم کە نەدەبوو لە چاوانیدا هەستی پێ نەکرێت، مرۆڤێکی ورە بڵندم بینی. مرۆڤ لە هاوڕێی واوە فێری کۆڵنەدان دەبێت.

لە ژووری ئەشکەنجەدا و لەسەر کورسییەکە بەسترابوومەوە و توانای جوولەم لێ بڕێندرابوو. گوێم لە شیڕڕەی دڕاندنی کراسەکەم بوو، بۆم نەبوو تەماشای ئەملاو ئەولا بکەم و بزانم ئاخۆ جۆری ئەشکەنجەی ئەمجارەم چییە. لە ساتێکی کورتدا چەندان چززە چزی تر لەسەر پشتم دووبارە و سێبارە و دەبارە ئێشی مەرگیان پێ گەیاندمەوە. لام ڕوون نەبوو کە زۆری ئێشەکە سڕی کردووم یان بووراومەتەوە. هەستم دەکرد ئێشەکەی یەکجار زۆرە، ئەوەندە زۆر کە نە بەگریان و نە بەهاوار و نە بەهیچی تر گوزارەی لێ نەدەکرا، ئیدی نازانم بورابوومەوە یان نەبوورابوومەوە، ئەوەندە دەزانم کە لەو ڕۆژەدا بەدەنگەوە نەگریام و هاوارێکیشم نەکرد، بەڵام فرمێسکەکان بێدەنگانە خۆیان لە خۆیانەوە هەڵدەوەرین و تێکەڵ بەخوێنەکە دەبوون.

جینان بەژوور سەرمەوە بوو، چاوەکانی پڕ بوو بوو لە فرمێسک، من بەسەر دەمدا کەوتبووم و کراسێکی ترم لەبەردا بوو. ئەوەندە ئێشم زۆر بوو کە ئیدی هەست بەئێش نەکەم و وەک ئاسایی بێت بۆم. هەستام، ویستم پاڵ بدەمەوە بەدیوارەکەوە، نەمتوانی. بیرم کەوتەوە پشتم سووتێندراوە. سنگیش و ملیشم بەهەمان شێوە، بەڵام جێسووتانی ئەوان کەمێک سارێژ بووبوو. بۆیە ماوەیەکی زۆر لەسەر دەم دەخەوتم و پاڵم بەدیوارەوە نەدەدا. سیستەرەکە دەهات تیماری دەکردم. دەمزانی چاکم دەکەنەوە بۆ ئەوەی دووبارە ئەشکەنجەم بدەنەوە. ناچار بووم باکم نەبێت. حەپەسابووم، بێدەنگ بووم، لەگەڵ جینانیش زۆر کەم قسەم دەکرد، تاقەتی قسەکردنم نەبوو، بەڵام بیرم دەکردەوە، بیرکردنەوەی بەردەوام. خەم دایدەگرتم کاتێ بیرم دەکردەوە ئێستا دەبێت حاڵی باوکم، دایکم، براو خوشکەکانم، مامەکانم چی بێت، کە بەهیچ جۆرێک سۆراخی من نازانن و هەر ناشزانن لە کوێم. تاقانە نەبووم، بەڵام هێندە تایبەت بووم بۆ هەموویان، وەک ئەوەی تاقانە بم، خۆشەویستی هەمووان، ئەو کچەی کە ماندووبوونی باوکی بەدیتنێکی دەردەچوو، ئەو کیژەی مامەکانی بێ ئەندازە خۆشیان



دەویست و، کە دایکی و هەموو کەسوکاری نازێکی زۆریان دەکێشا. ئێستا لە کوێن ئەو دۆخە پڕ لە ئەشکەنجەیەی ببینن، دەبێ چییان لێ بێت ئەگەر بزانن ئاواهی جەستەی کراوە بەتەپڵەکی جگەرە و جەللادەکان دایدەپڵۆسن؟! بیرم لە خۆشەویستەکەم دەکردەوە، ئەو کوڕەی کە تازە پەیوەندیمان پێکەوە دانا و هێشتا فریا نەکەوتبووین دوو وشەی خۆشەویستی ڕووبەڕوو بگۆڕینەوە. ئاخۆ ئێستا ئەو چی بکات و چەند ئازار بکێشێت؟ دەمزانی هەموو لایەک خەمبارن، دەمزانی دۆخێکی پرسەئاسا لە ماڵی خۆمان و کەسوکارەکانم هەیە، دەمزانی دڵی هەموویان پەرۆشی دیدارێکی منە و چاوەڕوانی سۆراخێکی منن.

هەرواش بوو. برا گەورەکەم، قەیس قەرەداغی، ئەو برایەم کە بەکتێبخانەکەی دنیایەکی لەبەردەستم دانابوو، ئەودەم لە پەیمانگای نەوت لە بەغدا دەیخوێند. قەیس مۆڵەتی وەرگرتبوو، نەدەچووەوە بۆ دەوام و لەو ماوەیەدا هەر هەموو دەزگاکانی ئەمن و پۆلیسی هەموو شارەکانی عێراق گەڕابوو بۆ دۆزینەوەی من، لە هەر شوێنێ بەدرۆ جێگەیەکی تریان پێگوتبوو، تا بەسرەش چووبوو، منی نەدۆزیبۆوە. من بۆ ئەوان بێسەر و شوێن بووم. ئەم وشەیە چەند پڕ بەپێستی ئەو دۆخەبوو کە منی تێدا بووم. بێ سەر و بێ شوێن، لە ڕاستیشدا ئەوە سەر نەبوو کە بەمنەوە مابوو، ئەوە شوێن نەبوو کە منی تێدا بووم، بۆیە دەستەواژەی بێ سەروشوێن پڕ بەپێستی ئەو دۆخەیە.

باوکم، هەرچییەکی کار کردبوو، کردبوویە مەسرەفی هاتوچۆ و گەڕانەکانیان بەدوای مندا. دایکم، پەنای بۆ شێخ برایم بردبوو کە ئەودەم لە قادر کەرەم تەکیەی هەبوو، بیستبوویان کە عیززەت دووری دەروێشی ئەو شێخەیە، ئەمیش چووبوو لێی بپاڕێتەوە کە تەنها شوێنی منیان پێ بڵێن. مامم قەلێکی بردبوو بەدیاری و چوو بوو بۆ ماڵی حەمە سەعید

جاف لە بەغدا بۆ ئەوەی واستە بکات و من ڕزگار بکرێم، ئیدی هەرکێیان دەناسی و ناوی هەرکەسێکیان بیستبوو کە ڕەنگە شتێکی لەدەست بێت بۆ ئازادکردنم، یان هیچ نەبێت بۆ زانینی شوێنەکەم، چووبوونە لای و دیارییان بۆ بردبوو، بەڵام هیچ.

دایکم لە سەردانی دووەمیدا بۆماڵی شێخ، تا بزانێ چ واستەیەکی لای عیززەت دووری بۆ کردووە، شێخ پێی گوتبوو بینیویەتی و پێی گوتووە:

– کچێکی منداڵە، تەمەنی چواردە ساڵە و ئەوا دوو مانگە بێ سەروشوێن کراوە و کەسوکاری بەدوایدا دەگەڕێن. ئاخر ئەم منداڵە ئەگەر ببێت بەئاگریش کوێ دەسووتێنێ؟ بەڵکو ئازادی بکەن.

دەروێشی خواناس بێباکانە و لەسەرەخۆ پێی گوتبوو.

– لەیلا قاسمیش کچ بوو، منداڵیش بوو، کەچی خەریک بوو بەغدا بتەقێنێتەوە. ئەمانە ئاگرن و دەتوانن زۆر شوێن بسووتێنن.

دەروێش هیچ بەڵێنێکی بەشێخ نەدابوو. شێخیش تەنها ئەم وەڵامەی بەدایکم گەیاندبوو. کەچی دایکم پێی گوتبوو.

– یا شێخ گیان، کەواتە خۆت دۆعای خێر بۆ ئەو تولّفە بکە"مەبەستی منداڵ بوو". شەرت بێت ئەگەر ئازاد بوو بیهێنم بۆ تەکیەکەت بۆ زیارەت.

ئامۆژنیشم، خۆی دەروێشی شێخ کاکە حەمەی هەزار کانی بوو، ئەویش بەشێخی گوتبوو دۆعام بۆ بکات و ئەگەر ئازاد بووم دەمبا بۆ تەکیە. ئیدی من لەژێر ئەو ئەشکەنجانە بووم و ئەمانیش هەر بەڵێن بوو بەم تەکیە و بەو خانەقایان دەدا کە ئەگەر ئازادبووم بمبەن بۆ زیارەتیان. بۆ قادر کەرەم و تەکیەکەی شێخی ئەوێ حەزم نەدەکرد بچم، وەلێ دایکم دەیگوت عەهدم کردووە و هەر دەبێت بتبەم. بەڵام بۆ تەکیەی شێخ حسێنی هەزارکانی پێم خۆش بوو بچم و لەخوام دەویست ئامۆژنم بەڵێنەکەی بۆ شێخ بەدی بهێنێت. هەزارکانی دێیەک بوو لە ناوچە ئازادکراوەکان، دەمزانی ئەگەر



بچم پێشمەرگە دەبینم. بینینی پێشمەرگە بۆ من بەدیهاتنی خەونێکی پیرۆز بوو. کە ئامۆژنم ئەم داخوازییەی دەربڕی باوکم نەیدەهێشت بمبات و دەیگوت دەترسم پێی بزانن و پێشمەرگە ببینێت و دووبارە بیگرنەوە. بڕێکی زۆریش هۆی ئەوە بوو باوکم قەت لە ژیانیدا باوەڕی بەشێخ و دەروێش و سەیید و مەلا و ئەفسانەکانیان نەبوو. ئامۆژنم هەر سووربوو لەسەر بردنی من و دەیگوت ئەگەر نەیبەم و عەهدەکەم بەجێ نەگەیەنم شتی خراپ ڕوو دەدا، لە ئاکامدا لەگەڵیدا چووم بۆ ماڵی شێخ. چۆنم وێناکرد وابوو، ئێوارەی لێ هات پێشمەرگە هاتنە ناو دێ و تەکیەش بەهۆی ئەوانەوە لای من بوو بەچراخان. هەرکەسێک دەهاتە تەکیە دەچوو شانەکانی شێخی ماچ دەکرد، بەڵام من کە چووم تەوقەیەکی گەرمم لەگەڵ شێخدا کرد و دەستنوێژەکەیم شکاند. کە دەیانگوت شێخ پێم وابوو دەبێ چ پیاوێکی سەروڕیش سپی نوورانی ببینم، ئەوەی من بینیم گەنجێکی زۆر قۆز بوو، بەو تەمەنەوە دوو ژن و بڕێ منداڵی هەبوو.

ئێوارە لە دالآن و بەرمالآنی شێخدا بوو بەکۆڕی زیکر. ژنانی دەروێش لە دالآن، پیاوانی دەروێش لە بەرمالآن حاڵ گرتبوونی و سەریان ڕادەوەشاند. بۆ من کە لە شارەوە چووبووم ئەو دیمەنانە سەرنجڕاکێش بوون. دەروێشە ژنەکان تەنها سەریان ڕادەوەشاند و حی اللەیان دەکرد، وەلێ دەروێشە پیاوەکان شمشێریان دەکرد بەورگی خۆیاندا و سووژنیان دەکرد بەگۆنای خۆیاندا و بلۆکی چیمەنتۆیان هەڵدەگرت و دەیاندا بەسەر زگی خۆیاندا و شتی سەیر و سەمەرەیان دەکرد. من چووبوومە دەرەوەو سەیری ئەوانم دەکرد، ئامۆژنم بانگی کردم و دەیگوت نابێت ژن بچێتە نزیکیانەوە، ئەگەر ژن ببینن زیکرەکەیان بەتاڵ دەبێت. شێخ خۆی زۆر ئاسایی دانیشتبوو، نە زیکری دەکرد و نە فیکر، جگەرەکەیەکی بەدەستەوە بوو دەیکێشا و دووکەڵەکەی بەبا دەدا، لە سیمایدا وا دەهاتە بەرچاوم لە ناخی خۆیەوە گاڵتەی پێیان بێت. شێخ حسێن و هەموو خەڵکی دێیەکە. مەخابن ساڵی

١٩٨٨ ئەنفال کران. ئەوەی لەسەر هەڵوێستی ئەم شێخە دەگێڕنەوە زۆر سەرنج ڕاکێشە. هەندێ لە خزمەکانی کە دەستڕۆیشتوو بوون ویستبوویان خۆی و ژنەکانی و منداڵەکانی ئازادکەن، وەلێ ئەو گوتبووی نامەوێ چارەنووسی من جیا بێتەوە لە هی خەڵکی گوندەکەم، یان هەمووومان ئازاد ببین، یان هەمووومان تیابچین. ئێسک و پروسکی ئەوانیش تێکەڵ بە هی ئەوانی دی بوون و کێ دەزانێ ئێستا لە کام گۆڕی بەکۆمەڵدان.

هەفتەیەکی تریش تێپەڕی، بەعقووبە زۆر گەرم بوو، هێشتا ناوەڕاستی مانگی حوزەیران بوو، ئەوێ دەکولا. برینەکان بەو گەرمایە ئاوێکی زەردیان دەردەدا. تیمار دەکرام و لەو ماوەیەدا تەنها من و جینان لەو ژوورە بووین. جینان هەفتەیەک بوو لەوێ بوو، دەرگایان کردەوە و کچێکی تریان هێنا. جینان یەکسەر هەڵسا و باوەشی بەکچەکەدا کرد، تێر تێر یەکتریان ماچ کرد، ئەو کچە کە تەنها دوو ساڵ لە خۆی گەورەتر بوو، پووری بوو. سەلوە، لەگەڵ خوشکەزاکەیدا پێکەوە لە مەکتەب هەندێ بڵاوکراوەی حزبی دەعوەیان بڵاوکردبووەوە. جینان لەژێر ئەشکەنجەدا دانی پێدا نابوو کە پووریشی لەگەڵدایە و، ئەویشیان هێنابوو. بەڵام سەلوە هیچ ئەشکەنجەیەک نەدرابوو، کاتێک هێنایان بۆ ژوورەکە. ئەوان کەوتنە یەک و زۆر خۆشحاڵ بوون بەدیداری یەکتری، خۆیان خەڵکی دەوروبەری بەعقووبە بوون، هەستیان بەغەریبی نەدەکرد. کە سەلوە هات، جینان باری دەروونی زۆر گۆڕا و بەوژایەوە. بەڵام من تەنیا بووم و هەستێکی قووڵی نامۆیی و دوورەوڵاتی ناخەوەمی کەندڕیبوو.

سەلوە هەفتەیەک دوای جینان گیرابوو، هەواڵی دەرەوەی بۆ جینان هێنا و دڵنیای کردەوە کە باوکی هەوڵی زۆری بۆ داوە و تەنانەت چووەتە لای سەددامیش و بەڵێنیان وەرگرتووە کە لەو ماوەیەدا بەریان دەدەن. کە ئەم قسانەی دەگێڕایەوە، ترسام، گومانم کرد کە هەر لە بناغەوە بۆ نواندنی ڕۆڵ



هێنرابن. دواییش دەمگوت جا چییە؟ خۆ من هیچم لە لایان نەگوتووە. جینان جارێک ئەشکەنجە درابوو، بەڵام سەلوە تەنها لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کرابوو، سەلوە جینانی لە هەڕەشەکانی باوکیشی ئاگادار کردەوە کە سوێندنی خواردووە مانگێک لە ماڵەوە لەناو ژوورێکدا بەندی بکات و نەشهێڵێ بچێت بۆ مەکتەب. بەهەر حاڵ لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەوان هاوڕێ و خزمی یەکتر بوون و زیاتر پێکەوە قسەیان دەکرد و هەندێک جاریش لەگەڵ من دەدوان، بەڵام هەر بوونیان لە نەبوونیان باشتر بوو لەو ژوورە تەنگ و تاریکەی زیندان.

# وێنە و ئاوێنە

دوو مانگ تێپەڕی و من بێ سەروشوێن بووم، نە کەسوکار و دۆست و ئازیزان دەیانزانی لە کوێم و نە خۆشم دەمزانی لە کوێم. هێندە بەچاو بەستراوی ڕاپێچی ژوورەکانی ئەشکەنجەیان دەکردم، کە شوێنەکان نەدەکرا بۆ من بکرێنە ئەدرەس و نەمدەزانی ئەدرەسی من لەم جیهانەدا دەبێ کوێ بێت، تا هیچ نەبێت لە خەوندا ئەو ئەدرەسە بەخۆشەویستانم بڵێم کە دەمبینین چەند وێڵن بەدوامدا و نامدۆزنەوە. ناونیشانی من بریتی بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست/ کۆماری مەرگ/ شاری ترس/ گەڕەکی تاریکی/ خانووی ئاسنینی زیندان/ ژووری ئەشکەنجە. تەنها دەمتوانی ئەم ناونیشانە بەکەسوکارم بدەم کاتێ دەهاتنە خەونم، کورتە خەوی نێوان ڕاچڵەکینەکان.

سەلوە و جینان، ئازاد کران. من دیسانەوە تەنیا مامەوە. خۆم و هەندێ مێروولە و سیسرک کە بەدیواری زیندانەکەمدا تەڕاتێنیان دەکرد. دوو مانگ بوو زام تاقە زمانی جەستەم بوو، بەدەنگی بەرز سۆزی گەرمیان و ئای ئای پێدەگوتم. دوو مانگ بوو جەستەم ئاوی بەرنەکەوتبوو، چەور و چڵکن، خوێن و فرمێسک پەڵە پەڵە بەسەر جل و جەستەمدا وشک ببوونەوە و نەخشەی سەیر سەیریان پێک هێنابوو. سووتانەکان سارێژ



دەبوون و هەویان دەکردەوە و دووبارە سارێژ دەبوونەوە. گەرمای هاوینی بەعقووبە خۆی ئەشکەنجەیەکی خودایی بوو بۆ زیندانییەکان. ئەگەر مرۆ هیچ ئەشکەنجەش نەدرابا، بەو گەرمایەی ئەو شارە هەناسەی تەنگ دەبوو، دڵی خێرا لێی دەدا، پاڵەپەستۆی خوێنی بەرز دەبووەوە، ئەی ئەگەر ئەشکەنجەدراوێک ئەو ئەشکەنجەیە بچێژێ چی لێ دێت!؟

بەیانییەک دەرگایان کردەوە و گوتیان ئامادەبە دەتبەین بۆ شوێنێکی تر. دەمزانی بۆم نییە بپرسم بۆ کوێ، بشپرسم وەڵام نادرێمەوە، نەمپرسی و ئامادەبووم. چیم هەبوو ئامادەی کەم؟ هیچی وام پێ نەبوو بیپێچمەوە، چاک بوو ئاوێنەیەکیشم پێ نەبوو، دەمزانی ئەگەر لە ئاوێنەدا خۆمم دیبا ئەوەندەی تر پەرێشان دەبووم. دوو مانگ بوو نە قژم داهێنابوو، نە خۆمم شوشتبوو، نە خۆراکێکی وەک هی مرۆڤم خواردبوو، نەش وەک مرۆڤێک نوستبووم، سەرەڕای ئەو هەموو ئازار و سووتانانە. وێنام دەکرد دیمەنم چەند ترسناک بێت.

ئەمجارەیان چاویان نەبەستمەوە، لە پشتەوەی ئۆتۆمبیلێکی داخراودا دایان نام و جگە لە دیواری ئاسنینی ئۆتۆمبیلەکە هیچم نەدەبینی، زۆری نەبرد دایان گرتم و بردیانم بۆ شوێنێکی تر، ئەوێ بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی بەعقووبە بوو. کە لە ئۆتۆمبیلە داخراوەکە دایانبەزاندم و خۆری گەرمی مانگی حوزەیرانم بەرکەوت، چاوم وەخت بوو کوێر بێت، سەرم گێژی دەخوارد و خەریک بوو بکەوم. دوو مانگ بوو ڕووناکی کزی گڵۆپێک نەبێ، ڕووناکی وام نەدیبوو، دوو مانگ بوو تیشکی خۆرم بەرنەکەوتبوو. کە بینی سەرم گێژ بووە و ناتوانم باش بڕۆم، قۆڵی گرتم، گەیشتینە ناوەوەی بینایەکی گەورە، سەرەتا بردیانمە ژوورێک، مفەوەزێکی پۆلیس دانیشتبوو، پیاوێکی تەمەن مامناوەندی بوو، لە نێوان چل و پەنجا دا، دیمەنی ترسناک نەبوو، ئاسایی هاتە بەرچاوم، بەڵام پێدەچوو من ئاسایی

نەهاتبێتمە بەر چاوی ئەو، چونکە کە تەماشای کردم هەستم کرد چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک، پێدەچوو بەزەیی پێمدا بێتەوە. لە دڵی خۆمدا سەیرم پێ هات، هەموو ئەوانەی تا ئەوسا دیبووم بەسووکایەتی و گاڵتەپێکردنەوە پێشوازییان لە زیندانییەکان دەکرد، کەچی ئەم پیاوە وانەبوو. ئەو ئەمنەی کە منی بردبوو، دۆسییەیەکی دایە دەستی و پێی گوت:

– ئەمە فایلەکەیەتی، دەبێت لە ژوورێکی ئینفیرادیدا دابنرێت و سەردانی نەکرێت هەتا فەرمان لە خۆمانەوە دێت.

مەفەوەز جاسم و ئەمنەکە منیان بەناو ڕاڕاوێکی دوور و درێژدا برد، ئەملا و ئەولای ڕاڕاوەکە هەمووی هۆڵی گەورە گەورەی بەندیخانە بوو، دەرگای بەندیخانەکان شیش بوون و هەندێ لە بەندییەکان لەبەر دەرگادا لە پشتی شیشەکانەوە تەماشایان دەکرد. ئەو بەندییانەی کە دیمن هەموویان پیاو بوون، هیچ ژنێکم لە هیچ کوێیەکەوە نەدی، لە کۆتایی ڕاڕاوەکەدا دوو دەرگای ئاسن هەبوون، یەکێکیان لە سەرووی دەرگاکەوە نیو مەترێک پەنجەرەی هەبوو، دەرگاکەی تر تەواو داخرابوو، جگە لە کونی کلیلەکەی هیچ شوێنێکی هەناسەی تێدانەبوو، بۆیەیەکی خۆڵەمێشی کرابوو، کردیانەوە و منیان بردە ئەوێ. ژوورەکە بچکۆلە بوو، دوو مەتر و نیوی چوارگۆشە دەبوو،پەنجەرەیەکی بچووکی نیومەتری لە سەری سەرەوە، نزیک بەبنمیچەکە لە یەک دیووی دیوارەکەدا، کە دەیڕوانییە دەرەوە، هەبوو. لەو کلاوڕۆژنە بچووکەوە دەکرا بزانی شەوە یان ڕۆژ.

لەوێ دایاننام، ئیدی ئەمنەکە خۆی ڕۆیشت و مەفەوەز جاسم دوای بەڕێکردنی ئەو تا بەر دەرگای ژوورەکە، هاتەوە ژوورەوە و گوتی:

– ئێستا پەتوویەک و سەرینێک و دۆشەکێکت بۆ دەهێنن. هیچی ترت دەوێت؟



– بەڵێ، دەمەوێ ڕادیۆیەکم هەبێت.

– ڕادیۆ قەدەغەیە. بەداخەوە تۆ زیندانێکی سیاسیت و سەر بەبەڕێوەبەرێتی ئەمنی، بۆ زیندانی سیاسی هەموو شتێک قەدەغەیە، سەردانی و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و ئەم شتانە.

– تا کەی لێرە دەبم؟

– نازانم، ئێمە هیچ بڕیارێکمان بەدەست نییە، تەنها ئامانەتی لە لامان تا کاتێ کە دەدرێیتە دادگا. بەڕێوەبەرێتی ئەمن بڕیاربەدەستە، بەڵام خوا کەریمە! هیچی ترت ناوێ؟

– نەخێر، سوپاس.

– ئەگەر ویستت دەتوانی پارە بدەیتە گسکدەرەکە لە بازاڕ میوەت بۆ بکڕێت. هەموو بەیانییەک دێت خۆڵەکە بڕێژێت، دەتوانی پێی بڵێیت و بۆ سبەینێ بۆت دەهێنێت. پارەت هەیە.

– بەڵێ، پانزە دینارم پێیە.

ئەو پیاوە نەرم قسەی دەکرد، هەرچەندە جلی پۆلیسی لەبەر بوو، ئەستێرەی لەسەر شان بوو، بەڵام یەکسەر هەست بەجیاوازی ئەم و ئەوان دەکرا. زۆری نەبرد دۆشەکێکی ئیسفەنجی تەنک و، پەتوویەک و سەرینێکیان بۆ هێنام. بەو گەرمایە نە پەتوو بەکەڵک دەهات و ئیسفەنجیش وەک ئاگر وا بوو، بەڵام چار چی بوو، دەبوو لەسەری ڕاکشابام و نوستبام. جێگاکەم لە سووچێک دانا و، سووچەکەی تریش تەنەکەیەکی خۆڵی لێ بوو، هەموو بەیانییەک پیاوێکی پیر کە گسکدەر بوو لەوێ، دەهات و خۆڵەکەی دەڕشتە نێو گوونیەیەکی گەورە و سەتڵی خۆڵەکەی دادەنایەوە. ئەو ژوورە دەستشۆری لێ نەبوو، دەبووایە ڕۆژی سێ جار بمبەن بۆ ژوورەکەی ئەودیو، کە دیوارێکی لەگەڵ ژوورەکەی مندا نێوان بوو، لەوێ دەستشۆری و تەوالێت و حەمامی لێ بوو. یەکەم جار کە دەرگایان

کــردەوە و گــوتیــان بۆ دەســتــشــۆری، خــورپەیەک کــەوتە دڵمــەوە، دەستشۆرییەکی ئەولام بیر کەوتەوە کە هەموو جارێک بەشەق لە پیاوە کوردە چاوبەستراوەکەیان دەدا و بەوە ئازاری دەروونییان دەدام و ئازاری فیزیکی و دەروونی ئەویش.

دەرگای ژوورەکەی ئەودیویان کردەوە، ئەودیوو ژوورێک بوو چوار بەقەد ژوورەکەی من دەبوو، لە ناوەڕاستەوە دەرگایەک هەبوو دەچووە نێو ژوورێکی تر، کە لەوێ توالێت و حەمام و دەستشۆرییەکان هەبوون. لەو ژوورەدا سێ ژن هەبوو، من نەمدەزانی ئەوان کێن و بۆچی لەوێن، چونکە بوار نەدەدرام لەگەڵ کەس قسە بکەم، تەنها دە خولەکم هەبوو، دەبوایە بمگەڕێننەوە بۆ ژوورەکەی خۆم. ڕۆژێکیان زوو لێبوومەوە و لە لایان وەستام، یەکێکیان کە ژنێکی عەرەبی تەمەن چل ساڵ بوو، لووتەوانەیەکی شۆڕی لە لووت بوو، چەناگە و ژێرمل و سنگی هەموو خاڵی شینی کوتراو بوو، هاتە نزیکمەوە و لە منی پرسی:

– لەسەر چی گیراوی؟

– من زیندانی سیاسیم.

– ناوت چییە؟

– مەهاباد. ئەی تۆ؟

– ناوم فەهیمەیە، پێم دەڵێن ئوم سەددام.

– کوڕەکەت ناوی سەددامە؟

– بەڵێ.

– لەسەر چی گیراوی.

– قەتڵ.

– "ڕاچڵەکیم و باوەڕم نەدەهات" بەڕاست؟

– ئەی خۆ گاڵتەش ناکەم.



– کێت کوشتووە.

– هەوێکەی خۆم. زگیشی پڕ بوو. بەدوو قەتڵ بۆم حسابە.

فریای هیچ پرسیارێکی تر نەکەوتم و، پاسەوانەکە دەرگاکەی کردەوە و گوتی: یاڵڵە، تەواو بووی؟ چوومەوە ژووری خۆم، هەر بیرم لەو ئوم سەددامە دەکردەوە. بشێ بەڕاستی بێت، چۆن ؟ دەبێت چۆن ئەو ژنەی کوشتبێت؟ لە چەند جاری داهاتوودا وردە وردە بۆم دەردەکەوت. فەهیمەی دایکی سەددام خۆیشی حەوت منداڵی هەبوو، بچووکترینیان ئەو کوڕەی بوو کە ناوی نابوو سەددام و بەناوی ئەوەوە بانگ دەکرا، ئەوانیتری کچ بوون، شەش کچ بەسەر یەکەوە، هەر ساڵە و کچێک، مێردەکەی لێی تووڕە دەبێت کە ئەم هەر کچی دەبێت و کوڕی نابێت، ژنێکی بەسەر دەهێنێت و هەوێداری و کێشەکانی دەست پێ دەکەن، پێش ئەوەی هەوێکەی منداڵی ببێت، فەهیمە کوڕێکی دەبێت، بەناوی سەددامەوە ناوی دەنێن. دایکی سەددام بەرامبەر بەمێردەکەی هیچی لەدەست نایەت، قین لە هەوێکەی هەڵدەگرێت، قەست دەکا سەری پان بکاتەوە، هەر لە کەمیندا دەبێت بۆی. هەموویان لە ماڵێکدا پێکەوە دەژین، هەوێ زگی پڕ دەبێت، دەگاتە نزیک مانگی خۆی، لەو ڕۆژانەدا لە دێیەکەیان کە نزیک بەعقووبەیە زەماوەند دەکرێت و ئەمانیش بانگ دەکرێن. کابرای دوو ژنە داوا لە ژنە گەورەکەی دەکات تفەنگەکەش حازر بکات، لە زەماوەندی عارەباندا لە کاتی چوونە پەردەی بووکێ و زاوابوونی زاوادا تەقە دەکرێت. زاوابوون واتە پیاوەتی، کە زاوا دەبێ و بەڵگەی پیاوبوون دەدا خزم و عەشیرەت، تەقەی پیاوەتی دەست پێدەکات، زۆر جاریش کەسانێ بەر تەقەی وێڵی پیاوەتی دەکەون و شایی دەبێت بە شین. خۆی دەچێتە دەرەوە و دایکی سەددام تفەنگەکە دێنێ، هەوێکەشی لەناو حەوشەدا خەریکی جل هەڵخستنە، فرسەتێکی باشە، فەهیمە تفەنگ پاک دەکاتەوە، فیشەکدان پڕ دەکات و تفەنگ بۆ

زەماوەند ئامادە دەکات، لە ناکاو تاق، فیشەکێک و دووان و سیان دەردەپەڕێت و هەوێ دەمودەست گیان دەداتە دەستەوە و خۆی و زارۆکی ناوزگی دەکوژرێن. فەهیمە لە لێکۆڵینەوەکان و دادگادا هەر سوورە لەسەر ئەوەی کە لە کاتی پاککردنەوەی تفەنگدا فیشەکی لەدەست دەرچووە و هەوێکەی کوشتووە، بەڵام کێ باوەڕی پێ دەکات؟ دایکی سەددام لە ئاکامدا ١٥ ساڵی بۆ دەبڕێتەوە.

من تەنیا بووم و ئەو دیدارە کورتانەی کە بۆ دەستشۆری دەیانبردم چیرۆکی ئەو ژنانەم دەست دەکەوت و بەهەندێکیان خەمبار و بەهەندێکیان سەرسام دەبووم. بۆ منی تەمەن چواردە ساڵە هەموو ئەو شتانە نوێ بوون، من هێشتا لە جیهانی شیعر و خۆشەویستی و فەنتازیادا بووم و لەناو ئەو جیهانەدا مەلئاسا هەڵدەفڕیم. هێشتا حەزم لە یاری بوو بەبووکە شووشە و بە متومورورو، هێشتا هیچ ئەزموونێکی گەورەییم نەبوو، ئەو زیندانە یەکەمین ئەزموونی گەورەیی بوو، کە بە لاوی ڕووبەڕووی بوومەوە. پڕ بووم لە هەست و نەست و خەریک بوو شێت دەبووم بۆ پێنووسێک و بۆ دەربڕینی ئەو هەست و نەستانە. لەوەتی فێری پیتەکان بووبووم هەمیشە پێنووسم بەدەستەوە بوو، نەشم نووسیبا وێنەم دەکێشا، وێنەی دەموچاوی کچان بەگوزارەی جیا جیاوە، وێنەی سروشت و شاخ و داخ، وێنەی شتەکانی دەوروبەرم. دوو مانگ بوو بێ پێنووسی ماندووی کردبووم، زۆر سەخت بۆم دەگوزەرا. دیواری ژوورەکەم پڕ بوو لە ناو، لە یادگاری و لە مێژووی ڕۆژ و مانگ و ساڵەکانی زیندانییانی پێش من، کە لەو ژوورەدا بوون.

ڕۆژی دووەمم بوو لەوێ، بەیانی زوو گسکدەرە پیرەکە هات و بەسەرسامییەوە سڵاوی لە من کرد. وەڵامم دایەوە. ئەو پرسی:

– تۆ تازە هاتووی؟



– بەڵێ. بۆ پێت سەیرە؟

– کوڕەکەیان ئیعدام کرد؟

– کام کوڕ؟

– ئەوەی لەم ژوورە بوو. دوێنێ داوای لێ کردم پرتەقاڵی بۆ بکڕم. ئەوەتا بۆیم هێناوە. فرمێسک بەچاویدا هاتە خوارەوە. منیش فرمێسکەکانم لە خۆیانەوە ڕژان. بەگریانەوە پرسیم:

– حوکمی ئیعدام درابوو؟

– بەڵێ. کوڕێکی زۆر گەنج و جوان بوو.

کیسەیەکی لە ژوورەکەی مندا بەجێهێشت و خۆڵەکەی ڕشت و ڕۆشت. تەماشای ناو کیسەکەم کرد، چوار پرتەقاڵی تێدا بوو. هەتا توانیم بەدەنگەوە بەسەر ئەو پرتەقاڵانەدا گریام. تۆ بڵێی ئێستا لە سێدارە درابێت؟ دوێنێ حەزی لە پرتەقاڵ بووە و ئاخۆ ئەمڕۆ و لە دواساتەکانی نێوان مەرگ و ژیاندا حەزی لە چی تر بێت و نەهێڵن وەک ئەم پرتەقاڵانە پێی بگات. دەبێ کێ بوو بێ ئەو گەنجە جوانەی کە ڕەنگ بێ لاشە بێ گیانەکەشی نەدرێتەوە بەدایکی! ئەو فرمێسکە سوێرانە دەموچاوی منیان تەواو خوساند، دیار بوو چاوەکانم سوور هەڵگەڕابوون. لەو کاتەدا دەرگاکە کرایەوە و مفەوەز جاسم هاتە ژوورەوە. کە منی بینی بەو جۆرە زانیبووی زۆر گریاوم، پرتەقاڵەکانیش لە تەنیشتمدا بوون. بەهێمنییەوە پرسی:

– ئەوە گریاوی وا چاوەکانت سوور سوور بوونەتەوە؟

لە جیاتی ئەوەی وەڵام بدەمەوە، دیسانەوە فرمێسک بەچاوەکانمدا بەخوڕ ڕژان. بەدەستی خۆم نەبوو، لە خۆیانەوە و بێ ویستی من لە چاومەوە ڕێچکەیان دەبەست. کە پرتەقاڵەکەی بینی لە تەنیشتمدا دانراون. گوتی:

– کچم بەس بگری، باشە گسکدەرەکە پرتەقاڵی بۆ هێناوی. دە پرتەقاڵەکانت بخۆ، خوا کەریمە. ئەوە من دەڕۆم و کەسێکی تر لێرە دەبێت

له جێگای من دوو سبەی دیسانەوە من دێمەوە. هەرچییەکت پێویستە پێم بڵێ. من کچێکم هەیە لە تەمەنی تۆدایە. دوو سبەی کە دێمەوە هەندێ جلی ئەوت بۆ دەهێنم.

من نەمدەتوانی وەڵام بدەمەوە و قورگم فرمێسک و تاسە گرتبووی. ئەو خوا حافیزی کرد. ئەو پیاوە میهرەبان بوو. خوا حافیزی کرد و ڕۆیشت. دەرگاکەم لەسەر داخرایەوە و ئەو ڕۆژە هەتا هێزم تێدا بوو بەسەر پرتەقاڵەکاندا بۆ هاوزیندانییە نەناسراوەکەم گریام. نیوەڕۆ بردیانمەوە بۆ دەستشۆرییەکە و، کە هاتمەوە خواردنی نیوەڕۆیان دابەش دەکرد، سەموونێکی بۆر، قاپێکی بچووک برنج کە شلەیەکی کرابوو بەسەردا و تێکەڵ کرابوو. من حەزم لە هیچ نەبوو، سەموونەکەم لەت کرد، لە ناوەڕاستیدا پێی سیسرکێکم بینی، یێع، ئێڵنجم هاتێ، سەموونەکەم لەسەر خواردنەکە دانا و دوورم خستەوە لە خۆم. لەسەر جێگاکەم پاڵ کەوتم و پێم وایە هەندێک خەو بردمییەوە. دیسان دەرگا کرایەوە و مفەوەزێکی تر بۆ پشکنین هاتبوو، ئەم لە جێگەی مفەوەز جاسم بوو، حەسەنی ناو بوو. تەماشای کردم و ناوی پرسیم و، ڕۆیشت. ئەم وەک جاسم نەبوو، هیچ هاوسۆزییەکی نەنواند. بەڵام کە خواردنەکەی بینی نەخوراوە و لە تەنیشتمەوە دانراوە. پرسی:

– بۆ خواردنەکەت نەخواردووە؟

– دڵم نایبات، برسیم نییە.

– چۆن برسیت نییە؟ شتێکی ترت خواردووە؟

– نەخێر، بەڵام دڵم نایبات، ناتوانم هیچ بخۆم.

– مانت گرتووە لە خواردن؟

– نەخێر مانم نەگرتووە، پێم ناخورێ.

ئەو ڕۆیشت، خواردنەکەیان لابرد، ئێوارەش بەهەمان شێوە خواردنێکی



لەو جۆرەیان هێنا و دەست و دەمم بۆ نەبرد، پاسەوانەکە هات و وتی ئەگەر خواردنەکەت نەخۆی دەبێت بەمفەوەز حەسەن بڵێم، نابێت زیندانیی خواردن نەخوات، دەمریت و بەسەر ئێمەدا ساغ دەبیتەوە، تۆ ئەمانەتی لای ئێمە.

لە دڵی خۆمدا گوتم، های لەو ئەمانەتە. چەند ئەمانەتێکی گرنگ و خۆشەویستم لاتان دانراوم. ئەگەر من بمرم، چیتان لێ دەکەن؟ ئەوەندە باکیان هەیە لە ژیان و مردنی ئێمە؟ ئەو قسانەم لا سەیر بوو. ئەوەندەی پێ نەچوو مفەوەز حەسەن هات و، خواردنەکەی بینی و گوتی:

– ئەگەر خواردنەکەت نەخۆی، تەلەفۆن بۆ بەڕێوەبەرێتی ئەمن دەکەم و دەڵێم مانی گرتووە لە خواردن. ڕەنگە بتنبەنەوە بۆ لای خۆیان و بەزۆر خواردنت بدەنێ.

زۆر ترسام، بەزۆر خواردنم دەدەنێ، بەئەشکەنجە، بەسووتاندن، بەدار و کێبڵ. دووبارە جەستەم دەکەنەوە بەخومخانە. ئەو قسەیەی حەسەن ترساندمی، پێم گوت:

– نا، مانم نەگرتووە لە خواردن، تەنها ئەوەیە ئیشتیام نییە، هەوڵ دەدەم بەزۆریش بێت پاروویەک بخۆم.

ئەو چووە دەرەوە، بیرم کردەوە خواردنەکە بڕێژمە نێو کیسە ڕەشەکەی کە پرتەقاڵەکانی تێدا بوو، بیخەمە نێو تەنەکەی خۆڵەکەوە و ئیتر پێ نازانن و وا دەزانن خواردوومە. کە کیسەکەم قلێپ کردەوە و پرتەقاڵەکان کەوتنە سەر جێگاکەم، پەنجا فلسیشی تێدا بوو، دیار بوو لە پارەکەی مابووەوە و بۆی گەڕێندرابووەوە. خواردنەکەم ڕشتە نێو کیسە ڕەشەکەوە و لە بنی تەنەکەی خۆڵەکە دامنا. ئیدی کە هاتن و قاپەکەیان برد، پێیان وابوو خواردنەکەم خواردووە.

ئەو ئێوارەیە پەنجا فلسەکە هەر لە نێو لەپما بوو، ڕاکشابووم و تەماشای

دیوارەکانم دەکرد. هەستام و لەسەر دیوارەکە بەو پارەیە وێنەی کچێکم کێشا، بەپەنجا فلسەکە گەچی دیوارەکەم هەڵدەکۆڵی و وێنەکەم دەکێشا. وێنەکە زۆر جوان دەرچوو، گەورە بوو، کچەکە بەقەد خۆم دەبوو، دەموچاوێکی خەمبار، بەڵام چاوەکانی گەش و پڕ لە هیوا بوون. تا درەنگانێکی شەو، لە بەر ڕووناکی کزی گڵۆپە سفرەکەی نێو ژوورەکە، خەریکی وێنەی ئەو کچە بووم، کە تەواو ماندوو بووم، پاڵ کەوتم و هەر تەماشای وێنەکەم دەکرد، تا خەوم لێ کەوت.

بەیانی زوو، سەموونێک و پەنیرێکی سێگۆشەیان هێنا و دایانمێ، لەناو شووشەیەکی دۆشاوی تەماتەشدا چایان دامێ. چایەکەم خواردەوە، بەڵام سەموون و پەنیرەکەم توور دایە نێو تەنەکەی خۆڵەکەوە. ئێستاش، دوای ئەو هەموو ساڵە، پەنیری سێگۆشە ناخۆم.

پەنجا فلسەکە لە نێو لەپما بوو، پرتەقاڵەکانیش هەر لەوێدا بوون لە نزیکمەوە، گسکدەرەکە هات، سڵاوی کرد و خەریکی بەتاڵکردنەوەی تەنەکەی خۆڵەکە بوو، بینی خواردنەکانی تێدایە، تەماشای کردم و گوتی:

– کچم بۆ خواردنەکانت نەخواردووە؟

– تووخوا مامە گیان پێیان مەڵێ خواردنەکەم نەخواردووە. ئیشتیام نییە و، پێم ناخورێ.

– ئەگەر ئەتەوێ سبەینێ لە دەرەوە خواردنت بۆ دەکڕم.

– زۆر سوپاس مامە گیان. خواردنم ناوێ، بەڵام ئەگەر بتوانی پارەت دەدەمێ شانەیەک و ئاوێنەیەک و پاکەتێک کلینکسم بۆ بکڕیت. سەرم زۆر دەخورێت و حەز دەکەم خۆم لە ئاوێنەدا ببینم بزانم چیم لێ هاتووە.

– ئەو شتانە قەدەغەیە، بەڵام قەینا بەدزییەوە بۆت دەکڕم و بۆت دەهێنم.

پارەم دایە مامەی گسکدەر. ئەو چووە دەرەوە و دەبوایە سبەی هەمان



کات بێتەوە و شتەکانم بۆ بهێنێت. ئەو نیوەڕۆ و ئێوارەیەش خۆراکم پێ نەخورا و فڕێم دا، مفەوەز حەسەن دەوامی تەواو بوو، پێش ڕۆشتنەوەی هات بۆ پشکنینی زیندانییەکان، کە دەرگای ژوورەکەی من کرایەوە و لە دیوارەکە ئەو وێنەیەی بینی، بەشێوەیەکی سەرسامی تەماشای وێنەکەی کرد و تەماشای منی کرد:

– ئەو وێنەیە تۆ کێشاوتە؟

– بەڵێ.

– بە چی کێشاوتە؟ شتێکی تیژت پێیە؟

– نەخێر بەم پەنجا فلسییە کێشاومە.

– بەڵام نەتزانیوە شتی وا قەدەغەیە؟

– وێنەکێشانیش قەدەغەیە؟ نەمزانیبوو.

– دەبێت بیسڕیتەوە.

– بەڵام چۆن بیسڕمەوە، من دیوارەکەم هەڵکۆڵیوە، ناسڕدرێتەوە.

– جارێکی تر وێنە نەکێشیت!

– باشە.

– من دەڕۆم و، مفەوەز جاسم دێت، ئەو ئێشکچییە، بۆم نووسیووە کە مانت لە خواردن گرتووە و هیچت نەخواردووە. ئەوە کێشەیەکی گەورەیە بۆ ئێمە. دەبێ خۆراک بخۆی!

مفەوەز جاسم وەک بەڵێنی دابوو، هەندێ جلی کچەکەی خۆی بۆ هێنام. ئەو ئێوارەیە کە خواردنیان دابەش کرد بۆ من هیچیان نەهێنا، دوای ماوەیەکی کورت، مفەوەز جاسم خۆی هاتە ژوورەوە و پاسەوانەکەی بەر دەرگاش کیسەیەکی پێ بوو دایە دەستمەوە. مفەوەز جاسم گوتی:

– کچم، ئەوە کەبابە. دەزانم ئیشتیای خواردنی زیندانت نییە، ئەو

کەبابە بخۆ، پێویستە نان بخۆی، دەنا ئەگەر بەڕێوەبەرێتی ئەمن پێ بزانێت خواردن ناخۆی دەتبەنەوە لای خۆیان، ئێرە بۆ تۆ باشترە و بەقسەی من بکە. من وەک کچەکەی خۆم تەماشات دەکەم.

– زۆر سوپاس. باشە، دڵنیا بە خواردنەکە دەخۆم.

ئەو بەجێی هێشتم و، دەستم بەخواردن کرد. لەگەڵ ئەوەشدا کە پێشتر زۆر حەزم لە کەباب بوو، بەڵام نیوەیم پێ خورا و نیوەی مایەوە. هەستم بەبووژانەوەیەکی جەستەشم کرد، کە لەو ماوەیەدا زۆر زۆر لاواز بوو بووم. بۆ سبەینێ، مامە پیرەی گسکدەر شانە و ئاوێنە و کلینکسی بۆ هێنام و بەدزییەوە دایە دەستم. لە ڕاستیدا بەسڵکردنێکی زۆرەوە ئاوێنەکەم لە کیسەکە دەرهێنا و دڵم کەوتە لێدانێکی خێرا. تەماشای خۆم کرد، خۆم بووم یان نا؟ سەیر بووم لەبەر چاوی خۆم، ڕەنگ و ڕوخسارم تەواو گۆڕابوو. دانەکانی پێشەوەم کەل بوون، قژم بژ و درێژ، ڕەنگم سپیەکی مەیلەو زەرد بوو. من کەی وابووم، هەمیشە ڕەنگم پەمەیی و ڕووم گەش بوو، هەمیشە خەندە بەسەر لێوەکانمەوە بوو. کچێکی ژیاندۆست بووم و هەمیشە بەدەم ڕێ و بەدەم کارەوە گۆرانیم دەگوت. وێنەیەکم هەبوو، تەنها چەند ڕۆژێک پێش گیرانەکەم گرتبووم، تاقە یادگاری تەمەنی پێش زیندانم بوو، قژم درێژ و خاو بوو، ئەو وێنەیەی کە هەر بەدیواری ژوورەکەمدا هەڵواسرابوو، تا کاتی ڕاپەڕین، کاتێ ئێمە لەگەڵ کاروانی کۆڕەودا کۆچمان کرد و بەعسییەکانماڵەکەیان تاڵان کرد و ئەو وێنەیەشیان دڕاند. ئەو وێنە تەنها پارچەیەکی دڕاوی مایەوە، کە هەر بۆ یادگاری هەڵم گرتووە. تاقە یادگاری ئەو تەمەنەمە، ئەویش بەعس دڕاندنی. لەو پارچە وێنەیەدا خۆمی ئەوسا دەبینم، چەند شادمان و چاو پڕ لە هیوابوو.

شانەکەم لەناو قژم گیر کرد و ویستم دایبهێنم، قژم ئاڵۆزکا بوو. بەزۆر شانەکەم هێنایە خوارەوە، ئەسپێیەکی ڕەشی قەڵەو کەوتە کۆشمەوە.



موچوڕکێکی سارد بەسەرتاپای گیانمدا ڕەت بوو. ئەسپێ لێی داوم، بۆیە وا سەرم دەخورێت. زۆر ناخۆش بوو، وەک کارەساتێکی گەورە وا بوو بۆ من. زیاتر و زیاتر قژم داهێنا، چەندانی تری قەڵەو و بزێو کەوتنە خوارەوە. زۆر ترسام. چی بکەم و، چۆن لەم لەشکرە ڕزگارم بێت؟

بوو بە سێ مانگ و هەر وا لەو ژوورە ئینفیرادییەدا بووم. کەسوکاریش لە دەرەوە کون بەکونی ئەو وڵاتە دەگەڕان بۆ دۆزینەوەم. نیوەڕۆیەکی مانگی تەمووز بوو، وەک هەمیشە بێزار و بەئازار دانیشتبووم و تەماشای دیوارەکانم دەکرد، بەڵام بەخەیاڵ گەڕابوومەوە بۆ کفری. کە کلیل دەخرایە کونی دەرگاکەوە، ڕادەچڵەکام و چاوەڕێی شتی سەیر و سەمەرە دەبووم. ئەمجارەیان کە دەرگا کرایەوە، لەگەڵ مفەوەز جاسم براگەورەکەم، قەیس هاتە ژوورەوە، باوەشمان بەیەکدا کرد، توووند تووند، ئەو دەگریا و من دەگریام، نە ئەو دەیتوانی هیچ بڵێ و نە من، پێنج دەقیقە زیاتر ئەو دیمەنە بەردەوام بوو، مفەوەز جاسم گوتی، ماوەتان کەمە، باشترە قسە بکەن و نەگرین. خۆیشی بەدیمەنی ئێمە زۆر کاریگەر بووبوو، فرمێسک زابووە چاوەکانییەوە. لەو ماوە کەمەدا تەنها ئەوەندەم پێ کرا بزانم کە ئەو برایەم شوێن نەماوە بەدوامدا نەگەڕێ و، دەیان داخوازی نووسیوە و تا مۆڵەتی بینین و سەردانیم بدرێت، دوا جار بڕیاریان دابوو کە هەفتەی یەک جار و ڕۆژانی سێ شەممە هەر جارە و کەسێک لە کەسوکارم دەتوانێ ببینێت.

# قۆناغی دۆزینەوە

قۆناغی بێ سەروشوێنیم دوای سێ مانگ و بەو دیدارە دە خولەکییەی نێوان من و برا گەورەکەم "قەیس"، کۆتایی هات. لە دوای ئەو دیدارەوە ئیدی چرکەم دەژمارد بۆ کاتی دیدارەکان و دیتنی دایکم و باوکم و خوشک و برا و زۆر تامەزرۆی دیداری مامەکانیشم بووم و بەتایبەت مامی گەورەم ئیسماعیل و مامی بچووکم، عەبدوڵڵا. ئەم دووانە هەردووکیان بۆ من گرنگ و تایبەت بوون، هەردووکیان زۆریان خۆشدەویستم و زۆرم خۆش دەویستن. مامی بچووکم تەنها مامم نەبوو، هاوڕێیەکی خۆشەویستیشم بوو، هاندەری یەکەمم بوو بۆ نووسین، ئەو یەکەم هۆنراوەمی برد بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری و لە ژمارە ١٥٣ دا بڵاوکرایەوە. مامی گەورەشم، کە دە ساڵیش لە باوکم گەورەتر بوو، مرۆڤێکی میهرەبان، لەخۆبووردوو، نیشتیمانپەروەر بوو. ماڵی ئەوان لە بەغدا بوو، ئەو کاتەی من لەدایک بووم، مامم لە زیندان بووە. باوکم سەربازی هەڵاتوو بووە، ماڵیشی لە بەغدا بووە و، لە مەیدانێکی بەغدادا سەوزەفرۆشی کردووە و بەو کارە دوو خێزانی بەڕێوە بردووە، هی خۆی و هی مامم. دایکم بۆ لەدایکبوونی من دێتەوە کفری و تا چلەم دەچێت لە ماڵی دایکی دەبێت، دووبارە دەگەڕێتەوە بەغدا و لە ماڵێکی ساکاردا لە گەڕەکی بەیاع لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانی مامما ژیان بەسەر دەبەن. ئەو دەم کە من لەدایک بووم دوو برا



و خوشکێکیشم هەبوون، قەیس، لەیلا و سەلاحەدین. من لە خێزانەکەماندا منداڵی ناوەنجیم، دوای منیش دوو برا و خوشکێک دروست بوون، فەرەیدوون، دڵشاد و نەورۆز. دەوترێ منداڵی ناوەنجی کەمتر نازی دەکێشرێت و کەمتر فریای دەکەون، وەلێ ئەم ڕێسایە تەواو پێچەوانە بوو لە دۆخی مندا، تیشکی خۆشەویستیم لە هەموویان زیاتر و لە هەموو لایەکەوە بەردەکەوت. کە مامم لە زیندان ئازاد دەبێت و منیش تەمەنم دەگاتە دوو ساڵ، باوکم و دایکم دووبارە ماڵ دەگوێزنەوە بۆ کفری.

هەفتەیەک تێپەڕی و ڕۆژی دیدار بوو، ئەو ڕۆژە زۆر زوو بەخەبەر هاتم، ئەو ڕۆژە دڵم خۆش بوو، هەستم بەبارسووکی دەکرد، هەستم دەکرد من ون بووبووم و دۆزرامەوە. هەستم بەنوێبوونەوە و لەدایکبوونەوەیەک دەکرد، ئەو ڕۆژە دوو جار دەموچاوم شووشت، بۆ ئەوەی دایکم و باوکم کە دێن زۆر پەرێشان نەبن کە بەو شێوەیە دەمبینن. نەمدەویست بزانن کە ئێش و ئازارم هەیە، نەمدەویست هەست بکەن ئەشکەنجە دراوم. دەمزانی ئەوان هەر دەزانن ئەو شوێنە هی ئەوە نییە مرۆڤ بەسەلامەتی دەربچێت، بەڵام هەر نەمدەویست زیاتر لەوەی کە لە ناخیاندا هەڵیانگرتووە دڵگرانیان بکەم. من بەرامبەر بەوان هەستم بەئازاری ویژدان دەکرد، دەمزانی کە من لە زیندانم چەند ئازار بۆ من دەچێژن و هەرچییان هەیە و نییە بۆ ڕزگاربوونم لەو دۆزەخە خەرجی دەکەن. بەڵام خۆم دڵی خۆمم دەدایەوە و دەمگوت خۆ من خەتایەکم نەکردووە، کارێکی نائاساییم نەکردووە کە خەبات دەکەم. خۆ باوکیشم ناڕاستەوخۆ دەیزانی من خەبات دەکەم. ئەو نەک ڕێگەی لێ نەدەگرتم، بەڵکە هانیشی داوم.

بیرمە نیوەڕۆیەکیان کە لە کار هاتەوە پێش ئەوەی نان بخوات بانگی کردم و چووینە ژوورێکەوە کە پێمان دەگوت ژووری بنەوە. بەدایکمی گوت با کەس نەیەتە ژوورەوە. لە باخەڵی کیسەیەکی بچووکی دەرهێنا و

لەناویدا ژمارەی یەکی گۆڤاری "کۆمەڵە" ی دایە دەستم و گوتی دانیشە بۆم بخوێنەرەوە. باوکم خۆی بەعەرەبی خوێندبووی و کوردیشی دەزانی بخوێنێتەوە، بەڵام بەتەواوی بەسەر خوێندنەوەی کوردیدا زاڵ نەبوو. لە لاپەڕەی بەرگەوە بۆ بەرگ گۆڤاری کۆمەڵەم بۆ خوێندەوە. من وام زانی باوکم لە ڕێکخراوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا کار دەکات، بەڵام ئەو ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بەوانەوە هەبوو، هاوکاری دەکردن، باوکم تەنها مەبەستی کوردایەتی بوو، نەک حزبایەتی، هاوکاری دەکرد، بەڵام لە ڕێکخراودا نەبوو. شەهید سەید مەحەمەد، کە بەرپرسی ڕێکخراوی نهێنی ناوشاری کفری بوو، ئەو دەم نانەواش بوو لە کفری، زۆر هاوڕێی نزیکی باوکم بوو، هەموو بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی بۆ باوکم دەهێنا و، کوردییەکان من بۆم دەخوێندەوە. هەر لە ڕێگەی سەید مەحەمەدیشەوە، کە بەباوکمی گەیاندبوو،پەیامێکی جوانی شەهید خالد گەرمیانیم پێ گەیشت کاتێ لە زینداندا بووم. بەو چەند وشەیەی خالد گەرمیانی زیندان لەبەرچاومدا بوو بەچراخان. گرنگ بوو لەناو زیندانەوە بزانم کە شانازی بەمنەوە دەکرێت و ئەو ئازارانەم بەفیڕۆ ناچێت، گرنگ بوو بزانم بەرێز و بایەخەوە لەناو پێشمەرگەکانی گەرمیاندا باس دەکرێم و وەک نموونە دەمهێننەوە. بۆ من لەو تەمەنەدا ئەوە گەورەترین هاندان بوو، زۆر لە ئازارەکانمی سووک دەکردەوە. هەر ئەو دەم و لە دووەمین سەردانی باوکمدا بۆم دەرکەوت ئەو شەهیدە نەمرە ویستبووی لە زیندان ئازادم کا، وەلێ فریا نەکەوتبوون و من زوو لە کفرییەوە گوێزرابوومەوە بۆ زیندانی تر.

ئەوەی چاوەڕێی بووم ڕووی دا، دایکم و باوکم هاتن. ئاسان نییە بتوانم پەسنی ئەو دیدارە بکەم کە لە نێوانماندا ڕووی دا. ماوەیەک وەکو ساوا تووند لەباوەشیان گرتم و گریاین، هەتا بەشێکی باشی دەروونمان بەو فرمێسکانە شۆرانەوە و توانیمان چەند قسەیەکیش بکەین. پۆلیسەکە لەژوورەکە لەسەریان ڕاوەستابوو پەلەی دەکرد دیدارەکە تەواو بکەین،



ئێمەش هەستمان دەکرد هێشتا هیچمان نەگوتووە و هێشتا یەکتریمان نەدیوە. من لە خۆمەوە هەستم دەکرد ڕەنگبێ دایکم و باوکم دڵگران بووبن لێم کە ئەوەندە بەهۆی منەوە ئازاریان چێشتووە، بەڵام باوکم دەستی لە ملما بوو، زۆر بەچاوێکی گەش و دەنگێکی زوڵاڵەوە گوتی:

– حەیاتم هیچ خەفەت نەخۆی، دڵنیابە ڕزگارت دەبێت، تۆ مایەی شانازی ئێمەی. هەموو خەڵکی شارەکە باست دەکەن و شانازیت پێوە دەکەن. تۆ لەسەر شتێکی خراپ نەگیراوی و خۆت دڵتەنگ نەکەی.

دایکم بۆی تەواو کرد و بەشێوازی تایبەتی خۆی دڵی منی دایەوە.

– دایکەکەم شەو و ڕۆژ دۆعای خێرت بۆ دەکەم و ئایەتلکورسی دەخوێنمەوە و فووی لێ ئەکەم تا خوا مەحفووزت کا. هیچ خەفەت نەخۆی باوانم. ئیشەڵڵا دەرئەچی و عەهدم کردووە بتبەم بۆ ماڵی شێخ برایم.

لە کاتی دانیشتنەکەمدا ویستم پاڵ بەدیوارەکەوە بدەم ئێشم هەبوو، خێرا پشتم ڕاست کردەوە. دایکم هەستی کرد ئازارم هەیە، یەکسەر پرسی:

– ئەوە پشتت چییەتی؟

– هیچ نییە، ئەوە هی چڵکنییە سێ مانگە خۆم نەشۆریوە و پشتم و سنگم و ملم دومەڵیان دەرکردووە.

– وەخ، دایکت بمرێ، کوا با سەیری کەم.

دایکم سەیرێکی کرد، شوێنی سووتانەکان وەک دومەڵیان لێ هاتبوو، خوێن و چڵکیان دەردەدا. ئەوان هەر وایانزانی دومەڵن و منیش حەزم نەدەکرد دڵیان ئەوەندەی تر بئێشێنم و جگە لەوەش لە ئەمن جەختیان دەکردەوە لەسەر ئەوەی نابێت بەکەسوکارم و بەهیچ کەسێک بڵێم ئەشکەنجەدراوم، دەیانگوت ئەگەر لە دادگاش لێیان پرسیم دەبێت بڵێم ئەشکەنجە نەدراوم. دایکم زۆر بەو دیمەنە تێکچوو، من دڵنیام کردەوە کە ئەوەندە کێشەیەکی گەورە نییە و تەنها بۆم بلوێ و خۆم بشۆم چاک

دەبمەوە. باوکم گوتی قسەیان لەگەڵ دەکەم بەڵکە ڕێگەت بدەن خۆت بشۆی. دایکم گوتی جاری داهاتوو مەڵحەمی ڕەشت بۆ دەهێنم، مەڵهەمێکی زۆر باشە و بەیەک دوو جار چاکی دەکاتەوە. دایکم سەریشمی ڕوانی و ئەوەندەی تر نارەحەت بوو کە بینی ئەسپێ لێی داوم.

چەندان جۆر خواردنیان بۆ هێنابووم، جل و بەرگی پاک و جوان، هەموو ئەو جلانەی هێنابوویان نوێ بوون. هەر لەوێ دایکم داوای لێ کردم جلەکانم بگۆڕم و جلە پیسەکان بباتەوە بۆ شۆرین. ئیدی هەموو هەفتەیەک جلی پاکیان دەهێنا و چڵکنەکانم لەگەڵیاندا بۆ شۆردن دەناردەوە. دوای چوونەوەی ئەوان و هەر ئەو ئێوارەیە، مفەوەز جاسم هاتە ژوورەوە و پێی گوتم:

– دەتوانی سبەینێ بچیتە حەمامەکەی ئەو دیو، یەک سەعات مۆڵەتت هەیە خۆت بشۆی.

سبەینێ لە نێوان کاتژمێر دە و یانزە سابوون و لفکە و خاولی و جلی پاک کە دایکم هەموویانی هێنابوو، لەگەڵ خۆم بردم و چووم بۆ ئەو دیو بۆ خۆ شوشتن، بەڵام کێشەی ترم بۆ هاتە پێشەوە، لە نیوەی سەرشوشتندا بووم ئاو بڕرا، بانگی ژنەکانم کرد یارمەتیم بدەن، بەڵام ئاوی یەدەکیان نەبوو، بەهەر حاڵ لەناو مەسینەکاندا هەندێک ئاو هەبوو، ئوم سەددام ئەو ئاوەی کرد بەسەرمدا و کەفی سابوونەکەی لێ بووەوە، خۆم وشک کردەوە و نیوەی کاتەکەم تەواو بوو بوو، دیسان ئاو هاتەوە و بڕیارم دا هەرچۆنێک بوو دەستێ لە خۆم بدەم. زۆر بەخێرایی بەلفکەیەکی زبر، هەندێ چڵکم لە خۆم کردەوە و ئاوم بەخۆمدا کرد. ئەوە هەر ناوی خۆشۆردن بوو، بەڵام هەندێک هەستم بەبارسووکی کرد. کە گەڕامەوە ژوورە ئینفیرادییەکەی خۆم و تەماشایەکی ئاوێنەم کرد، ڕەنگ و ڕوخسارێکی جیاوازم بینی، هەستم کرد هەندێک لە شێوەی خۆم نزیک بوومەتەوە و خەریکە لە مرۆڤ



بچمەوە. ئیشتیهام کرایەوە و لەو خواردنە خۆشانەی دایکم، کە سێ مانگ بوو نەمخواردبوو و تامەزرۆی بووم، تێر تێرم خوارد.

هەموو ئەو هەست و سۆزانەی کە لە لام کەڵەکە بووبوون دەیانخواست لە قەفەزی دەروونم ئازاد ببن، تامەزرۆی نووسین و دەربڕین بووم، دەیان کۆپلەی شیعرم بۆ دەهات و لەبەرخۆمەوە دەمگوتن، بەڵام پێنووسم نەبوو بیاننووسمەوە و دواتر لە بیرم دەچوونەوە. خەریک بوو شێت ببم بۆ پێنووسێک و لاپەڕەیەکی سپی.

گەرمای تەمووزی بەعقووبە وزەی لە مرۆڤ دەبڕی، دوای ئەو خۆشوشتنە ئیدی هەمیشە عارەقەم دەردەدا و جلەکانم تەواو تەڕ دەبوون، چاک بوو دایکم ئەوەندە جلی بۆ هێنابووم کە بتوانم هەموو ڕۆژێ جلەکانم بگۆڕم و کەمتر بۆنی ئارەقە و چڵک و پڵکم لێ بێت.

من ڕۆژی سێ جار لە ژوورەکەی خۆمەوە دەبرامە ژوورەکەی ئەو دیو بۆ دەستشۆری، سەرم هەڵنەدەبڕی و نەمدەزانی کێن ئەوانەی لە زیندانەکەی بەرامبەرمدا لەبەر دەرگا وەستاون و تەماشام دەکەن، تەنها ئەوەندەم دەزانی زیندانی پیاوانە. دیقەتی کەسم نەدابوو. لە یەکێک لەو نیوەڕۆ گەرمانەی مانگی تەمووزدا بوو، کە من بەبێزارییەوە لە جێگەکەی خۆمدا ڕاکشابووم و بیرم لە دەرەوەی زیندان دەکردەوە، لەناو ئەو بیرانەمدا زۆر جاریش لەگەڵ "مستەفا"، ئەو کوڕەی کە دوو هەفتە پێش گیرانم پەیوەندیمان دانا، دەبووم و بیرم لێ دەکردەوە.

ئەگەرچی فریای یەکبینینێک نەکەوتبووین. ئەو کوڕەش بەو گیرانەی من زۆر تلابووەوە و ئازاری چێشتبوو. خۆی دەڵێ هەر ئەوسا لەبەر ئەو خەمە گەورەیە فێری جگەرەکێشان بوو، ئێستاش هەرچی دەکا ناتوانێ واز لە جگەرە بێنێ. لەناو ئەو بیرکردنەوە چڕ و پڕانەی خۆمدا بووم و سرووشی شیعرم لەگەڵدا بوو، لەژێر دەرگاکەوە، کە تەنها چەند سانتیمەترێک

بۆشایی هەبوو، شتێک خلۆر بووەوە و گەیشتە ناوەڕاستی ژوورەکەم. خێرا هەستام و تەماشام کرد، جگەرەیەک بوو، تووتنەکەی بەتاڵ کرابووەوە و لە شوێنی تووتنەکەی کاغەزێک لوولدرابوو، دەرم هێنا و کردمەوە، بەعەرەبی نووسرابوو:

"من ناوم ئیسماعیلە، ئەندازیارم و زیندانی سیاسیم، لەم زیندانەی بەرامبەرتم و شەو و ڕۆژ لەبەردەرگا وەستاوم و چرکە دەژمێرم و چاوەڕێی ئەو کاتانە دەکەم کە دەرگاکەی تۆ دەکەنەوە تا تۆزێک بتبینم، من زۆر تۆم خۆش دەوێ و عاشقی تۆم. تکایە وەڵامم بدەرەوە، تکایە، چاوەڕوانم".

هەر لەناو فلتەرەکەدا قەڵەمێکی زۆر بچووکی ڕەساسی کە تەنها نووکەکەی و دوو سانتیمەترێک داری پێوە بوو دانرابوو. من کە قەڵەمەکەم بینی لە خۆشیاندا خەریک بوو باڵ بگرم، دەمویست شیعر بنووسم، خەریک بوو بۆ نووسینی شیعرێک و بۆ دەربڕینی ئەو ئەندێشە چڕ و کەڵەکبووانەم سوێم بێتەوە. بەڵام کاغەزم نەبوو، خێرا پاکەتی کلینیکسەکەم هێنا و کلینیکسەکانم لێ دەرکرد و، پاکەتەکەم دڕاند و لە پشتەکەی بەبچووکی شیعرم نووسی، شیعرێک و دووان و سییان، تا ئێوارە و تا پێنووسەکە نووکی تێدا مابوو، هەر دەمنووسی و دەمنووسی و پاکەتەکانم هەمووی پڕ کردەوە و شیعرەکانم لە توێی کلینیکسەکاندا شاردەوە و ئەوانیشم لەناو جلە چڵکنەکان، کە بۆ ناردنەوە ئامادەم کردبوو، دامنان. دوای نووسینی شیعرەکان، هەستم بەفەرامۆشییەکی زۆر کرد و لەسەر جێگاکەمدا پاڵ کەوتم و خەوێکی خۆش بردمییەوە، هەموو جارێک، نەشخەوتبام بەدەنگی خڕەی کلیلەکە ڕادەچڵەکام کە دەرگاکەیان پێ دەکردەوە. وەختی چوونە ئەودیو بوو، بۆ دەستشۆرییەکە. یەکەم جار بوو تەماشای زیندانەکەی بەرامبەر بکەم، دەمویست بزانم ئەو کەسە چۆنە کە عاشقی من بووە، لە بەر دەرگاکەدا کوڕێک، کە بەشێوەی و دشداشە



سپییەکەیدا دیار بوو عەرەبە ڕاوەستابوو تەماشای منی دەکرد، بەوەیدا کە زەردەخەنەیەکی لەسەر لێو بوو زانیم ئەو بووە کە نیوەڕۆ نامەکەی لەناو جگەرەکەدا بۆ ناردووم. کوڕێکی ئێسک سووک بوو، بەڵام بۆ من هیچی نەدەگەیاند. جگە لەوەی من کەسێکی ترم خۆش دەویست و، خۆشەویستی لای من پێناسەی تایبەتی خۆی هەبوو، بەڵام ئەگەر کەسیش لە ژیانمدا نەبووایە هەر هۆشیاری ئەوەندەم هەبوو کە بزانم لەناو زینداندا ئەوەی لە نێوان دوو کەسدا ڕوو دەدا عەشق نییە، تەنها تامەزرۆیی ئەو مرۆڤانەیە کە لە خۆشەویستی کەسوکار و دۆست و هاوڕێیانیان دابڕاون و پێویستییەکی ڕۆحییان بەکەسێک هەیە لە نزیکیانەوە بێت و خۆشیان بوێ و خۆشی بوێن. خۆشەویستی بۆ من ئەو دەم ئاوێتەیەک بوو لە خۆشەویستی کوردستان و پرسی کورد، ئەو کەسەی من خۆشم دەویست دەبووایە پڕ بێت لە ئەڤینی کوردستان. من کە پەیمانی خۆشەویستیشم لەگەڵ مستەفادا دانا بێ ئەوەی هێشتا ڕووبەڕوو ناسیبێتم و لەگەڵیدا پڕ بەدڵ دوابم، هۆی ئەوەبوو من شیعرەکانیم دیبوو، لەناو ئەو شیعرانەدا خۆشەویستی قووڵی وڵاتم بەدی کردبوو، هەستێکی مرۆڤانەی ناسک لەناو هۆنراوەکانیدا هەبوو، کە بۆ ماوەیەکی کورتی پێنج دەقیقەییش یەکترمان دی و لە ڕووی دیمەنیشەوە کوڕێکی زۆر قۆز بوو، ئیدی ئەو خۆشەویستییە دروست بوو. بۆ من ئەوسا عەشق بریتی بوو لە شیعر و لە کوردستان و لە پێشمەرگە و خەبات. لە ناخی دڵمەوە بەزەییم بەو کوڕەدا هاتەوە کە بەر دەرگای زیندانی گرتووە و چاوەڕوانی خەندەیەکی منە، هیچ هەستێک لای من بەرامبەر بەئەو دروست نەدەبوو، بۆیە نەمتوانی بەزەردەخەنەیەکیش وەڵامی بدەمەوە و وەکو جاران دەهاتم و دەچوومەوە بۆ ئەو دیوو و ئەمدیوو و تەماشای کەسم نەدەکرد. ئیدی ئەویش لەو وەڵامە تێگەیشت و وازی هێنا.

ئەگەرچی تەمەنم کەم بوو، تەمەنێک کە بەهەرزەکاریی ناودەبرێت، بەڵام

هەستێکی وام هەبوو کە من لەوێدا نوێنەرایەتی کێشەیەک دەکەم کە کێشەی نەتەوەکەمەوە و نابێ کارێکی هەرزە بکەم. بەخۆمم دەگوت من تەنها خۆم نیم و هەرچییەک بکەم تەنها بۆ خۆم تۆمار نابێت، من نموونەیەکم لە کچانی کورد، من دەبێت ئاوێنەیەک بم و وێنەیەکی شایستە لە کچانی کوردستان پیشان بدەم. لە منەوە لای ئەوان لەسەر ژنی کورد وێنە دروست دەبێت و پێویستە جوولەیەک نەکەم زیان بەناوی ژنی کورد و نەتەوەی کورد بگەیەنێت. بەو تەمەنەوە ئەو هەستی بەرپرسیارێتییە بەرامبەر بەکێشەکەم لەناو ویژدانمدا وای کردبوو وەک چواردە ساڵییەک، وەک هەرزەکارێک ڕەفتار نەکەم، بەڵکە وەک بەساڵاچوویەک. توانیشم تا ڕادەیەکی زۆر باش ئەو ئامانجە بپێکم. هەموو ئەو مفەوەز و پۆلیسانە و هەر یەکە و بەجۆرێک لە کاتی دیدارەکاندا بەباوکم و دایکمیان دەگوت، مفەوەز حەسەن، کە زۆریش میهرەبان نەبوو لە گەڵمدا، جارێکیان لەبەردەمی خۆم بەباوکمی گوت: بەڕاستی ئافەرین بۆ خۆتان، کچەکەتان زۆر بەڕێز و موئەدەبە. کە ئەم دەبینین دەڵێین بەڕاستی کورد بەڕێز و سەربەرزن. ئەوەتا لەو دیو حەوت هەشت ژنی عەرەبی لێیە و کە دەیانبینین شەرم دەمانگرێ.

لە ڕاستیدا ئەودیو ژنان و کچانێکی تێکەڵیان تێدابوو، هەبوو لەسەر دزی گیرابوو، هەبوو بەسەرخۆشی گیرابوو، هەبوو لەسەر کوشتن و، دوو خوشکیش لەوێ بوون لە ماڵی بابیان هەڵاتبوون و لەگەڵ دووکوڕدا لە هۆتێلدا دەستگیر کرابوون. ئەو ژنانە هەر یەکەیان قوربانی دەستی بارێکی ناهەموار بوون و هەر یەکەیان بەجۆرێک گیرۆدە و ئالوودە بووبوون. دیارە لە زیندانی پیاوانیشدا لەو جۆرە تۆمەتبارانە هەبوون بەڵام بۆ ژنان زۆر نائاسایی دەبینران و تەنانەت لەناو تاوانبارانی پیاو و ژندا هەڵاواردنی زۆر دەکرا و تاوانبارێکی پیاو لە تاوانبارێکی ژن بەڕێزتر بوو لە لای پاسەوانان. تاقە زیندانی سیاسی ئافرەت لەو شوێنەدا تا ئەو کاتە من



بووم، هەر بۆیەشە ماوەیەکی زۆر لە ژووری ئینفیرادی مامەوە.

سێشەممە هاتەوە و کاتی دیدار بوو. ئەگەر چی فەرمانەکە وا بوو کە هەرجارە و کەسێک ببینێت، بەڵام کە مفەوەز جاسم لەوێ بووایە پەیڕەوی ئەوەی نەدەکرد و ڕێگەی دەدا بەچەند جارێک هەموو ئەو کەسانەی کە دەهاتن بۆ دیدارم ببینن. یەکەم جار ڕێگەیان دابوو تەنها باوکم و خوشک و براکانم کە لە من بچووکتر بوون بێنە ژوورەوە. فەرەیدوون و دڵشاد و نەورۆزم تێر ماچ کرد و، ئینجا باوکم. لە کاتێکدا کە باوەشم بەباوکمدا کرد لە گیرفانی باوکم قەڵەمێکی جاف سەرنجی ڕاکێشام و لە دڵی خۆمدا بڕیارم دا لە کاتی خواحافیزی قەڵەمەکەی لێ داوا بکەم، بەڵام دەترسام باوکم قەڵەمەکەم نەداتێ و لەوە بترسێ کە شتێکی قەدەغەی پێ بنووسم و ئەوەندی تر تیا بچم. بەڵام هەر دەبوو ئەو قەڵەمە بەدەست بهێنم، چونکە ئەو قەڵەمە بچووکەی کە لەناو جگەرەکەدا بوو، هێندەم پێ نووسیبوو نووکی نەمابوو. ئیدی هەر بیرم لای قەڵەمەکەی گیرفانی باوکم بوو. ماوەیەک بەیەکەوە دانیشتین و قسەمان کرد و خواردن و جل و بەرگە پاکەکانیان بۆ دانام و، منیش جلە چڵکنەکانم بۆ ئامادە کردبوون و شیعرەکانیشیان لە توێدا دانرابوو. کە دەهاتنە ژوورەوە پشکنینی زۆر دەکرا، بەڵام لەو سەرەوە پشکنین نەبوو، بۆیە دەمزانی شیعرەکانم لە زیندان ڕزگاریان دەبێت و ڕووناکی دەبینن. کە ئەوانیش ڕزگاریان بێت، وەک ئەوە وایە بەشێک لە خۆم ئازاد بووبێت و ڕووناکی دیبێت. گرنگ بوو بەلامەوە شیعرەکانم دەرباز بن. لە کاتی خواحافیزیدا، کە باوەشمان بەیەکدا کرد، لە گیرفانی باوکم بەئاسپایی قەڵەمەکەم دەرهێنا و بێ ئەوەی هەستی پێ بکات دانەویمەوە و لەژێر سەرینەکەمدا دامنا. ئەوان ڕۆشتن و چەند کەسێکی تر ڕێگەیان پێ درا بێنە ژوورەوە، خوشکە گەورەکەم، دایکم و مستەفا. ئەوە یەکەمین ژوانم بوو لەگەڵ مستەفا دوای پەیمانبەستنمان، بەڵام بەتەنیا نەبووین و هەموومان پێکەوە دانیشتین و قسەیەکی

تایبەتیمان نەکرد. مستەفا کاتژمێرێکی ملوانکەی بەدیاری بۆ هێنابووم. بەبینینی ئەو هەستێکی زۆر سەیرم لا دروست بوو، مرۆڤێک کە پەیمانی خۆشەویستیمان پێکەوە گرێ دابوو هێشتا ژوانێکیش لە نێوانماندا ڕووی نەدابوو، وا ئێستا و لە دوای ئەو پەیمانە لەناو زینداندا و دوای سێ مانگ و نیو یەکتری دەبینین، چاوەکانی هەردووکمان گەش و پڕ لە خۆشەویستی بوون، ئەو هەڵوێستە جوانەی و ئەو بەتەنگەوەهاتن و دیدارەی بەتەواوی ئەوی لە دڵمدا جێگیر کرد. مستەفا و لەیلای خوشکم پێکەوە لە کەرکووکەوە هاتبوون و دایکم و ئەوانیش لە کفرییەوە و لەبەر دەرگای زیندانەکەی بەعقووبەدا یەکتریان دیبوو. دیارە بۆ دایکم و باوکیشم زۆر ئاسایی نەدەبوو کە بزانن ئەو و من پەیوەندیمان هەیە، بەڵام لای ئەوان زۆر ئاسایی بوو کە وەک هاوڕێیەک ئەو سەردانیم بکات و ئەویش هەر وەک هاوڕێیەک خۆی بەوان ناساندبوو. بەهەر حاڵ پێکەوە دانیشتین و قسە و باسی گشتیمان کرد و من هەمیشە هەواڵی دەرەوەم دەپرسی و دەمویست بزانم چی ڕوو دەدا و چاوەڕوان بووم حزبی بەعس بڕووخێ. پێم وایە هەموو کەسێک لە زینداندا ئەو هەستەی لا دروست دەبێت و پێی وایە هەر لەو ڕۆژانەدا ڕژێم دەڕووخێ و ئازاد دەبێت. لەناو ئەو قسانەدا بەچرپە بەلەیلام گوت کە ئەو شیعرانەی لەناو جلەکانمدایە بیدات بەمستەفا بۆم هەڵبگرێت.

ئەو هەفتەیە، هەفتەیەکی نوێتر بوو، ڕووداوی سەرنجڕاکێش ڕوویدابوو. ببووم بەخاوەنی پێنووسێکی جاف. دەفتەرم نەبوو، تاقیم کردەوە بەقەڵەمی جاف زۆر بەجوانی لەسەر کلینکس"دەستماڵی کاغەزین" دەنووسرێت. ئیدی شاگەشکە بووم. ئیدی دەستماڵی کاغەزینم تەنها و تەنها بۆ نووسین بەکار دەهێنا، شیعر و پەخشان و نامە بۆ مستەفا و بۆ هاوڕێیانم. قۆناغێکی نوێ و ناوازە بوو بۆ من لەناو زینداندا بتوانم بنووسم و نووسینەکانیشم ئازاد بکەم و بیانگەیەنمە کفری و کەرکووک. ئەو نامە و



هۆنراوانەی کە لەسەر دەسماڵی کاغەزین لە زیندانەوە دەمناردەوە بۆ کفری و کەرکووک، تا ماوەیەک لە لای مستەفا مابوونەوە، کە مستەفا ناچاری هەڵاتن بوو و ساڵی ١٩٨٢ بەرەو هەندەران کوردستانی بەجێهێشت، هۆنراوەکانی لای نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد دانابوو، کە هاوڕێیەکی خۆشەویستمان بوو، نامەکانیش لای فاتمە ئەحمەد کە خوشکەزای بوو. ئەو نامە و هۆنراوانە تا ساڵی ١٩٨٦ لای ئەو خۆشەویستانە مابوون، دواتر بارودۆخی نائارامی کەرکووک وای کرد کە لەناوی بدەن، بەڵام نەوزاد ئەحمەد بەدەستوخەتی جوانی خۆی هەموو هۆنراوەکانی کە لەسەر دەستماڵی کاغەزین نووسرابوون لەناو دەفتەرێکدا نووسیبوە و ئێستاش ماون.

## من و ئەنفال

سەرەتای مانگی ئاب بوو، ئابی ساڵی ١٩٨٠، لەناو ژوورێکی دۆزەخدا هاڵاوم لێ هەڵدەستا، ئیدی بەتەواوی لە گیانی خۆم بێزار بووبووم. ئەو هەفتەیە، مامی گەورەم هات بۆ دیدار، وەخت بوو شێت بێت کە منی بەو جۆرە دی. ئەو بێ ئەندازە منی خۆشدەویست، دەیان جار گوتی بەقوربانت بم حەیاتم، تۆ مایەی شانازیمانی، تۆ سەری ئێمەت بەرز کردۆتەوە. زۆر قسەی هاندانی لەم جۆرەی بۆ کردم. مامم گوتی ژوورەکەت دەکوڵێ ئێستا دەچم بزانم ڕێگە دەدەن پانکەیەکت بۆ بکڕم و بیهێنم. مامم خێرا چووە لای مفەوەز جاسم و پێکەوە گەڕانەوە بۆ ژوورەکەی من. مفەوەز جاسم گوتی:

– لە ڕاستیدا قەدەغەیە، بەڵام من لەسەر بەرپرسیارێتی خۆم ڕێگە دەدەم بۆی بێنی، بەڵام یەک موشکیلەی تر هەیە.

– کێشەی چی هەیە؟

– ئەم ژوورە پلاکی کارەبای تیا نییە، تەنها ئەو گڵۆپەیە ئەویش سویچەکەی لە دەرەوەیە.

– قەیناکە، تۆ ڕێگەم بدەی خۆم ئەو کێشەیە چارەسەر دەکەم.

– چۆن؟

– من خۆم ئەندازیاری کارەبام و لەو وایەری کارەباوە پانکەکە دەبەستمەوە.



– باشە، ئەگەر دەتوانی بیکەی، بیکە.

مامم ڕۆیشت و یەک کاتژمێری پێ چوو، کە هاتەوە پەنکەیەکی سەر عەرزی هێنابوو، مفەوەز جاسمیشی لەگەڵدا هاتبووە ژوورەوە. تەنها چەقۆیەکی بچووکی پێبوو، پلاکی پانکەکەی بڕی و هەردوو تەلەکەی دەرهێنا، گوتی:

– ئێستا دەبێ ئەم تەلی کارەبایەی ژوورەکەش ئاوا ببڕم.

– بەڵام چۆن، ئێمە ناتوانین کارەبای ئەم دایەرەیە هەمووی بکوژێنینەوە.

– پێویست ناکات بیکوژێننەوە. هەر وا دەیکەم.

– بۆ خاتری خوا کارەبا دەتگرێت.

– نا من هەر لە سروشتەوە بەرگریم هەیە بۆ کارەبا و کارەبا نامگرێ.

– چۆن شتی وا دەبێت؟ چۆن کارەبا ناتگرێ؟

جاسم باوەڕی بەمامم نەکرد و زۆر ترسا کارەبا بیگرێت و لەسەر ئەو ساغ بێتەوە. مامم بەچەقۆ کارەباکەی بڕی و هەر بەدەستی خۆی تەلەکانی دەرهێنا. لە ڕاستیدا نەک هەر جاسم، منیش زۆر ترسام مامم کارەبا بیگرێت و بەهۆی منەوە ئەویش تیا بچێت. جاسم بەمنی وت هەتا ئەو کارەکەی تەواو دەکات وەرە من و تۆ لە دەرەوە بوەستین. زیندانییەکانی بەرامبەریش بەم مەسەلەیەیان زانی و لای دەرگاکە وەستابوون و چاوەڕێی ڕوودانی کارەساتێکی دڵتەزێنیان دەکرد. بەڵام مامم زۆر بێباکانە و باوەڕبەخۆیانە وایەرەکانی گرتبوو بەدەستیەوە و بەیەکیانییەوەی پێچایەوە و بەتێپ دایپۆشین و پانکەکەی خستە کار. هەموو سەیریان پێ هات کە ئەم کارە وا بەئاسانی بۆ مامم ئەنجام درا. بەهەر حاڵ، مامی خۆشەویستم بەو پانکەیە گەورەترین خزمەتی بەمن گەیاند و هەناسەیەکی نوێی بەخشی بەژوورەکەی دۆزەخم. ڕاستە بای پانکەکەش هەر گەرم بوو، بەڵام لەو ئارەقە زۆرە ڕزگاری دەکردم و وشکی دەکردمەوە.

مامم لەو جۆرە کەسانە بوو کە بۆیان ئەستەمە داوای شتێ لە کەسێک بکەن، کەسێک بوو دژ بەنەریتی بەرتیل و واسیتە، بەڵام خۆشەویستی من ناچاری کردبوو پەنا بۆ چەندان کەس ببات بۆ ئەوەی لەو دۆزەخە ڕزگارم بێت. شێخ ستار لە کەرکووک، شێخ عەتا لە کفری، حەمە سەعید جاف لە بەغدا، دیداری کەسانی تریشی کردبوو بۆ هەوڵدان بۆ من. وەنەبێ ئەمانە هەوڵی خۆیان نەدابێت، وەلێ لای ڕژێمی بەعس تەنانەت ئەوانەشی کە وا دەهاتنە بەر چاو کە دەسەڵاتیان هەبێ، بێدەسەڵات بوون و قسەیان نەدەڕۆیشت. چەند ساڵ دوای ئازادبوونم لە زیندان، ڕۆژێکیان پیاوێک هاتە ماڵمان و پرسیاری منی کرد.

* ئەمە ماڵی مەهاباد قەرەداغییە.

* بەڵێ فەرموو.

* ئەم نامەیە لە کاک حەمە سەعید بەگی جافەوەیە بۆ مەهاباد.

نامەکەم کردەوە و خوێندەوە. دوای سڵاو و ڕێز و بڕێک ستایشکردنی نووسینەکانم کە ئەو دەم لە ڕۆژنامەی هاوکاری، گۆڤاری بەیان، ڕۆژی کوردستان، کاروان بڵاو دەبوونەوە، گلەییشی لێ کردبووم و نووسیبووی:

"کاتی خۆی کە تۆ لە زیندان بووی و چەند لاوێکی تری کفری لە زیندان بوون، مامت هات بۆ لام و داوای لێکردم کە هەوڵی ئازادکردنت بدەم. من بۆ تۆیش و بۆ لاوەکانی تری کفری هەوڵی زۆرم دا. دوای ئازادبوونیان ئەوانی تر هەموویان بەسەردانی یان بەنامە سوپاسیان کردم بۆ هەوڵەکانیان، بەڵام تۆ کە لەناو لاوەکاندا جیاوازییەکیشت هەیە و ئەوەتا بەرهەمت دەبینم بڵاودەبێتەوە و گەلێ پێشکەوتووی، کەچی لە تۆوە هیچ هەواڵێک یان نامەیەکی سوپاسم پێ نەگەیشت. من خەیاڵم بۆ ئەوە چووە و پرسیاری ئەوەم لا دروست بووە ئایا تۆ لە هەوڵەکانی من ئاگادار نەبووی کە بۆ ئازادکردنت دابووم، یان تۆ من بەنەیار دەزانی بەو پێیەی کە لە دەسەڵاتەوە نزیکم."



لە ڕاستیدا من ئاگادار بووم کە کەسوکارم بۆ ئازادکردنی من پەنایان بۆ ئەو کەسانە بردووە کە پێیان وابووە دەتوانن کاریگەرییەکیان هەبێت و هەوڵ بدەن ئازاد بکرێم، ئەو کەسانەش بەپێی توانای خۆیان قسەیەکیان لەو پرسەدا کردبوو، بەڵام هەوڵی کەسیان سەری نەگرتبوو. شێخ ستار ڕێک و ڕەوان گوتبووی:"من هەوڵی خۆم دەدەم، بەڵام بەڕاستی قسەی ئێمە لای بەعس هیچ ڕەواجی نییە. دەتوانین ڕۆژی سەد کەس بدەین بەگرت، بەڵام ناتوانین یەک کەس ئازاد بکەین." ئەو ڕاستگۆیانە ئەم ڕاستییەی بۆ مامم دەربڕیبوو، بۆ ئەوەی بەتەمای ئەو هەوڵانە نەبن کە کوردەکانی نزیک لە دەسەڵاتی بەعس دەیاندا. هەرواش بوو. من لە وەڵامی نامەکەدا سوپاسم کرد و بۆم نووسی کە ئاگاداری هەوڵەکانی هەبووم، بەڵام بەداخەوە کە بەهۆی هەوڵەکانی ئەوانەوە نەبوون کە ئازاد کرام.

ئەگەرچی بەو دیدارانە خۆشحاڵ بووم و، بەو خۆراکانە بووژابوومەوە کە لە کفرییەوە دایکم دەیهێنا و لە بەغداوە مامم و ئامۆژنم دەیانهێنا و، جل و بەرگم پاک و خاوێن ببوو و، مەڵهەمێکی ڕەش کە دایکم لە دیداری دووەمیدا هێنابووی، زۆر کاریگەر بوو برینەکانی لەشمی تا ڕادەیەکی زۆر باش چاک کردبووەوە، بەڵام هێشتاش هەستم بەلاوازییەکی جەستەیی زۆر دەکرد. زۆر بچکۆلەتر ببوومەوە لە قەبارەی جارانی خۆم. بەیانیانێک گوێم لە تەق و تۆقی سڵاوکردنی پاسەوانەکان بوو، دیار بوو کەسێکی گەورە هاتووە. چونکە کە کەسێکی پلەبەرز دەهات هەر پۆلیس و پاسەوان بوو پێی دەکوتا بەعەرزا و چەکەکەی دادەگرت و چەپۆکی دەدا بەسەر چەکەکەی خۆیدا. گوێم لێ بوو گوترا پارێزگارە و بۆ پشکنین هاتووە. نیو کاتژمێرێکی پێچوو تا بەندیخانەکانی تری پشکنی و نۆرە گەیشتبووە زیندانەکەی من. لەبەر دەرگای ژوورەکەمدا پێش ئەوەی هێشتا دەرگا بکەنەوە و گوێم لە قسەکانیان بوو، پارێزگاری دیالە پرسی:

– ئەی ئەم ژوورە کێی تێدایە؟

– کچێکی سیاسی تێدایە.

– سیاسی؟ مەسەلەکەی چییە؟

– گەورەم ئەم کچە شاعیرە، لە ڕێکخراوی نهێنیدا کاری کردووە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ فەرماندەیەکی موخەربین هەبووە.

دوای ئەم قسانە دەرگایان کردەوە و منی بچکۆلانەی بینی لە سووچێکی ژوورکەدا دانیشتووم بەسەرنجێکی پڕ لە سەرسامی و تەوسەوە بەدەنگی بەرز گوتی:

– ئەمە کچە سیاسییەکەیە؟ ئەمە منداڵە، ئەمە سیاسەت چووزانێت چییە؟ ئەمە شاعیرە؟

ئەو بەرپرسە پۆلیسەی کە لەگەڵی هاتبووە ژوورەوە و دیار بوو لە مفەوەزەکانی تر پلەدارترە، جەختی لەسەر سیاسیبوون و شاعیر بوونی من دەکردەوە و، گوتی:

– بەڵێ گەورەم، جنێویشی بەحزبی بەعس داوە و نووسیویەتی کە فاشیستن.

پارێزگاری دیالە دیسان بەشێوازێک کە هەم تەوس و هەمیش سەرسامی دەنواند و بەبزەیەکەوە دووپاتی کردەوە کە منی منداڵ سیاسەت چووزانم، ڕووی لە من کرد و پرسی:

– ناوت چییە؟

– مەهاباد.

– جمهورية مهاباد! تۆ شاعیری؟

بۆ یەکەم جار لەو زیندانەدا پێم گوترا شاعیر و سیاسی، لە ڕاستیدا من تا ئەو کاتە تەنها چەند شیعرێکم نووسیبوو، لەوانەش تەنها دوو دانەیان بڵاو ببۆوە و هێشتا نەدەکرا ناوی شاعیر لە خۆم بنێم، بەڵام لەوێدا ئەوان



جەختیان دەکردەوە لەسەری و کە لە خۆمیشی پرسی، هەستم کرد پێویستە زۆر بەشانازییەوە بەئەرێ وەڵامی بدەمەوە.

– بەڵێ شاعیرم.

– تۆ بەئێمەت گوتوە فاشیست؟

بە هێمای بەڵێ سەرم ڕاوەشاند. ئەو پێکەنینی دەهات و گاڵتەی پێدەهات من شاعیر یان سیاسی بم، دیار بوو بەمنداڵێکم دەزانێ و برەو بۆ قسەکانم دانانێت و منیش لەو کاتەدا وەک منداڵێک بێباکانە وەڵامم دەدایەوە و بەفرسەتم زانی کە بەمنداڵم دەزانێت. ئەو بەپێکەنینەوە پرسی:

– ئێمە فاشیستین یان ئێوەی کورد.

– ئێوە.

– فاشیست مانای چییە؟

– نازانم.

– ماوەی چەندە لە بەندیخانەی؟

– چوار مانگ.

– کەی ئازاد دەکرێی؟

– ئێوە ئەزانن.

– ئەگەر ئازاد بکرێی جارێکی تر وا دەکەی؟

– چیم کردووە؟

– تۆبەت نەکردووە؟

– چیم کردووە تا تۆبە بکەم؟

پارێزگاری دیالە چووە دەرەوە و دەرگا لەسەر کیژۆڵە سیاسییەکە خڕ داخرایەوە. دیار بوو لە کاتی پشکنیندا فەرمانی دابوو کە زیندانییەکان هەندێ لەناو داڵانی بەندیخانەکەدا لەبەر هەتاو دابنرێن، دوای ڕۆیشتنی

ئەو و خواردنی نیوەڕۆ یەکسەر هاتن و گوتیان هەمووتان بۆ بەر خۆر. لەگەڵ ئەوەشدا کە دیوارەکانی حەوشەی زیندان زۆر بەرز بوون و مەترسی هەڵهاتن نەدەکرا، بەڵام چەندان پۆلیسیش لەدەوروبەری حەوشەکەدا بوون و چاودێرییان دەکرد. پیاوەکان لە لایەک و ئەو چەند ژنەی ئەودیوو و منیش لە لایەکەوە دانیشتین و خۆری کۆتایی مانگی ئاب بۆ ماوەی یەک کاتژمێر داخی کردین. چوار مانگ بوو هەتاوم نەدیتبوو، ئێسکەکانی لەشم داهێزرابوون، کە ئەو هەتاوە لێی دام بەتەواوی گێژ بووم و بەرگەیم نەگرت، یەک دووانێک لەو ژنانە دەستیان گرتم و هێنایانمە ژوورەوە و خۆیان ڕۆشتنەوە ژووری ئەودیو. لەسەر جێگاکەم ڕاکشام و دەزانم نەخەوتبووم و نەش بوورابوومەوە. داهێزرانێکی تەواو، وەک نیوە مردوویەکم لێهات، هەستم دەکرد ئەوەندە قورسم توانای هەڵسانەوەم نییە.

هەرچی کاتێ کلیلیان بخستایەتە نێو کونی دەرگاکەوە ئەگەر لە شیرینترین خەویشدا بام هەڵدەستام و قنج دادەنیشتم، یەک جاریش منیان بەخەوتوویی یان ڕاکشاوی نەدیبوو، تەنانەت ئەو جارانەشی کە بۆ پشکنین لە نیوەی شەودا دەهاتن و دەیانبینی قنج دانیشتووم سەیریان پێ دەهات و پێیان وابوو قەت ناخەوم. بەڵام ئەو ئێوارەیە دەرگایان کردەوە بۆ ئەوەی بچمە ئەودیو بۆ دەستشۆری، نەمتوانی هەڵبستم و کە خواردنیشیان هێنا من هەر وەک نیوە مردوو بووم و نەمتوانی هەستم، دەمبینی دەرگا دەکرێتەوە و کەسێک قسەیەک دەکات، بەڵام نەمدەزانی چی دەڵێت و نەمدەتوانی شتێک بڵێم. دەرگا داخرایەوە و منیش هەر لە جێگەی خۆم ڕاکشابووم و توانای جووڵانەوەم نەبوو، لە ناکاو هەستم بەخنکان کرد، شتێک قورگی گرتم، لەتاوا نەمزانی چۆن هێزم هاتەوە بەر و هەستام، بینیم بەخوڕ خوێن لە لووتمەوە دەپژێ، جلەکانم خەڵتانی خوێن بوون، خاولییەکی گەورەم پێ بوو ئەویش یەکپارچە بوو بەخوێن. نەمدەزانی چی ڕوودەدا و بۆ وام لێهات. هی ئەو خۆرە بەهێزەی نیوەڕۆ بوو کە دەیدا



بەتەوقی سەرمدا یان شتێکی تر، نەمدەزانی چی بکەم؟ سەرم هەڵدەبڕی بۆ ئەوەی خوێنەکەی بوەستێت، بەڵام ئەو کات قورگم دەگیرا و خوێنەکە دەچووە خوارەوە بۆ ناو قورگم و هەستم بەخنکان دەکرد. پێدەچوو درەنگ بێت، نیوەشەو بێت. لە دەرگاکەم دا، جارێک و دوو جار و سێ جار کەس نەیدەکردەوە. لە کونی کلیلەکەوە تەماشام کرد، پۆلیسە ئێشکگرەکە زەق زەق تەماشا دەکات و گوێ ناداتێ کە من لەدەرگا دەدەم. لە داخان ئەوەندە تووڕەبووم کە خوێنی لووتیشم فوارەی دەکرد و نەدەوەستا، بەهەموو هێزی خۆم لە دەرگام دا و لە دەرگام دا. پۆلیسەکە بەبێزارییەکەوە پرسی: چیت دەوێ بەم نیوەشەوە؟ منیش بەتووڕەیییەوە گوتم خوێنی لووتم بەر بووە و دەرگام لێ بکەرەوە، دەبێ بمگەیەننە نەخۆشخانە، دەنا دەمرم و بەسەر ئێوەدا ساغ دەبمەوە.

کە ئەم قسەیەم کرد دەرگاکەی کردەوە و بینی بەڕاستمە و هەموو ژوورەکە خەڵتانی خوێنە، جلەکانم، جێگاکەم، خاولییەکەم. گوتی هەر ئێستا دێمەوە. دەرگاکەی داخستەوە و دوای پێنج خولەک هاتەوە و بەرپرسە ئێشکگرەکەی لەگەڵدا بوو، یەک پارچە سەهۆڵیشی بەدەستەوە بوو. پارچە سەهۆڵەکەی خستە سەر تەوێڵم و وردە وردە خوێنەکە کەم بووەوە، بەڵام ئەوەندەم خوێن لەبەر ڕۆشتبوو پێدەچوو ئەوەندەم خوێن تێدا نەمابێت بۆیە وردە وردە خوێنەکە وەستا. گوتیان بەداخەوە ناتوانین بتبەین بۆ نەخۆشخانە، تۆ زیندانی سیاسیت.

چەند ڕۆژێک تێپەڕی و بەیانیانێک دەرگایان کردەوە و ژنێک و منداڵێکی ساوایان هێنایە ژوورەوە و دەرگایان داخستەوە. ژنەکە بەعەبایەکی ڕەشەوە خۆی پێچابووەوە و تەنها دەموچاوی دیار بوو. سڵاوی لە من کرد و منیش فەرمووم لێکرد لەسەر جێگاکەم دابنیشێت. منداڵە ساواکە تەمەنی تەنها سێ مانگ بوو، کچێکی ئەوەندە جوان بوو تا ئەو دەم منداڵی ئەوەندە جوانم نەدیبوو، هەر دەتگوت فریشتەیە. دایکیشی

ژنێکی زۆر شۆخ و شەنگ بوو، تەمەنی تەنها بیست و سێ ساڵ بوو، ژنێکی خوێن گەرم و ڕووخۆش بوو. پێش ئەوەی هیچی ئەوتۆش پێکەوە بدوێین لەخۆمەوە هەستم کرد ژنێکی باشە و ئەویش هەمان هەستی هەبوو بەرامبەر بە من. لێم پرسی:

– ئەمڕۆ گیراوی؟

– نا، مانگێکە، ماڵمان لە بەسرەیە بەڵام خۆمان خەڵکی دێیەکین لە بەعقووبە، لە بەسرە گیرام و مانگێک بوو لەوێ بووم، ئەمڕۆ هێنایانم بۆ ئێرە. ئەی تۆ؟

– من چوار مانگ و نیوە گیراوم، پێشتر لە ئەمن بووم و ماوەیەکیشە لێرەم.

– کەواتە زیندانی سیاسیت؟

– بەڵێ. ئەی تۆ؟

– منیش و ئەم ساوایەش زیندانی سیاسین. کچێکی دوو ساڵیشم هەیە، لە ماڵی باوکمە.

– چیت کردووە؟

– مێردەکەم هەڵاتووە بۆ ئێران. خەریک بوو بیگرن لەسەر حزبی دەعوە، بەڵام فریا کەوت هەڵبێت بۆ ئێران و من لەسەر ئەو گیراوم.

– ئەو دەزانێت تۆ گیراوی؟

– نەخێر. مێردەکەم ناوی "قاسم"ە، دکتۆر بوو لە بەعقووبە، لێرە پێیان زانی کە لەگەڵ حزبی دەعوەیە و بەدوایەوە بوون و ناچار ڕامان کرد بۆ بەسرە و لەوێ لەسەر عەرەبانە لەفەفەی دەفرۆشت، لەوێش پێیان زانی و باش بوو خۆی دەرباز کرد، دەنا ئیعدامیان دەکرد.

ئەو ژنە زۆر ئازا بوو، بێباکانە دەدوا و ورەی بڵند بوو. ناوەکەی لەگەڵ



کەسایەتیدا زۆر گونجاو بوو، هیوای بەژیان و بەدوارۆژ هەبوو، ناوی "ئەمەل" بوو. ساواکەی باوەشی، ئەوەندە شیرین بوو، لە ماوەیەکی کورتدا هۆگری بووم و هۆگرم بوو، ڕۆژی سەدان ماچم دەکرد. ئەو منداڵە لەدایکی زیاتر هۆگری من بوو، دەهاتە باوەشمەوە و یاری بەقژم دەکرد، منیش زۆر زۆرم خۆشدەویست. ئێستاش کە سیما و خەندە و چاوە جوانەکانیم بیر دەکەوێتەوە پێم خۆشە ببینم و تێر ماچی بکەم، ئێستا ئەو ئەگەر بەعس نەیکوشتبێ تەمەنی بیست و چوارساڵە. ئەو ئێستا من هەر ناناسێت، چونکە تەنها تەمەنی شەش مانگ بوو، شەش مانگیش پێکەوە بووین و ئیدی نەمدیتەوە، بەڵام دایکی دڵنیام ئەگەر مابێ ئەویش منی هەر لە بیر ماوە. تاقە شتێک کە قەت حەز ناکەم بیرم بکەوێتەوە لەو ساوا شیرینەی ناو زیندان، ناوەکەیەتی، کە ناکرێ و ناشتوانم بیرم بچێتەوە، ئەفسووس ئەو کچە شیرینە ناوی "ئەنفال" بوو.

ئەوە یەکەم جار بوو ئەو ناوە ببیستم، کە یەکەم جار ناوی کۆرپەکەم پرسی و دایکی گوتی ناوی ئەنفالە، هەستیار نەبووم بەرامبەر بەو واژەیە، تەنها لێم پرسی:

– ئەنفال مانای چییە؟

– ناوی سوورەتێکە لە قورئان.

ئێستا بەرامبەر بەو وشەیە زۆر هەستیارم، کە دەیبیستم ڕۆحم دێشێ، ئەو ڕۆژانەم دێتەوە یاد کە هەموو کوردستان دەتگوت لە پرسەدایە هێند مات و خامۆش بوو. ڕۆژانی شوومی ساڵی ١٩٨٨، کە ئێمە لە کفری بووین و زۆربەمان بەدزییەوە دەچووینە سەربان و بەدڵێکی شکاو و پڕ لە جەخارەوە دەمانڕوانییە جادەی نێوان کفری و کەلار، کە زنجیری ئەستووری زرێپۆشەکان هەڵیان دەدڕی و بەرەو دێهاتەکان بۆ هێرشبردن و ئەنفالکردنی لادێنشینە دڵپاک و ساکارەکانی گەرمیان ملیان دەنا. چ سامناک بوون ئەو

ڕۆژانە، لە واژەی ئەنفالدا ئەو یادەش ڕۆحم دەشلەژێنێ کە لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٨٨ دا ڕووی دا. باوکم ماوەیەکی کەم بوو لە زیندان ئازاد کرابوو، جاری یەکەمی نەبوو کە زیندان بکرێ، لە کفری هەر تەقەیەک دەبوو، هەر چالاکییەکی پێشمەرگە ڕووی دەدا، ئەمنەکان دەهاتن و ماڵی ئێمەیان دەپشکنی. کێڵگە و باخێکمان هەبوو لە دەربەند تاڵەی کفری، لەو کێڵگەیەدا کارگەیەکی مریشکمان هەبوو، پێشمەرگە زۆر جار دەهاتن و شەوان لەوێ نانیان دەخوارد. مەخابن ئەو هەواڵە دەگەیشتەوە بەعس، چۆن دەگەیشت؟ مەخابن ناپاک لەناو شۆڕشدا هەبوون. کە هەواڵ دەگەیشتە ئەمنی بەعس، دەهاتن و باوکمیان دەگرت. ئەو جارەیان هەرسێکیان، باوکم و فەرەیدوون و سەلاحی برامیان گرت و لە زیندانی ئەمنی کفریدا ئەشکەنجەی زۆر دران. سەرەتای مانگی نیسان بوو، کە باوکم لە زیندان ئازاد کرا، مرۆڤێکی تر بوو، زۆر گۆڕابوو، کە پێشوازیم کرد و ئەو خەمە قووڵەم لە چاوی دی و ئەو گۆڕانکارییە زۆرەم لە جەستە و سیمای دی، هەستم دەکرد شتێکی سەیر و نائاسایی ڕوویداوە. نەخۆش بوو، ڕۆژ بەڕۆژ لاواز و لاوازتر دەبوو. هێشتاش هەر دەچووە سەر کار. لەو ماوەیەدا لە دەفتەرێکدا لەناو دوکانەکەی هەندێک وەسیەتی نووسیبوو بۆ هەر یەک لە ئێمە، لە دوای کۆچکردنی دەفتەرەکەمان دیتەوە، بۆ هەر یەکەمان شتێکی نووسیبوو. بۆ من نووسیبووی: "مەهاباد تۆ بۆ نووسین خوڵقاوی، لەم کارەتدا بەردەوام بە و دڵنیام سەردەکەوی. زۆرت شانازیت پێوە دەکەم چونکە کچێکی تێکۆشەری، داوات لێ دەکەم هەمیشە قەڵەمەکەت لە پێناوی گەل و نیشتیمانەکەتدا بێت و لە هیچ شتێ سڵ نەکەیتەوە." کۆتایی مانگی نیسان بوو، نەخۆشییەکەی زۆری بۆ هێنا، من ئێستاش گومان دەکەم کە لە زینداندا بەعس دەرمانخواردی کردبێت، دەنا ئەو مرۆڤە زۆر و هەمیشە چالاکە بۆ لە ماوەی مانگێکدا وا دەپووکایەوە. دایکم و برا گەورەکەم بردیان بۆ نەخۆشخانەی کەرکووک، لە ڕێگا تووشی



کاروانی ئەنفالبەر بوو بوون، باوکم بەو دیمەنە زۆر ئازاری دی، زۆر گریابوو، کە هاتەوە و باسی دەکرد دیسان دەگریا، لەناو هەموو ڕستەکانیدا ئەوەی سەرنجڕاکێشترین بوو کە دەیگوت:

– زیرەی منداڵ و قیژەی ژن دەگەیشتە کەشکەلانی فەلەک. کافریان پێ موسوڵمان دەبوو.

٢٧ی نیسان دووبارە نەخۆشی زۆری بۆ هێنا. بردیانەوە بۆ کەرکووک. لەوێ دکتۆریش نەبوو فریای بکەوێ، بەچاوی کراوەوە ڕۆحی سپارد. ئەو ڕۆژە ساڵیادی هەشتەمی گیران و زیندانییکردنەکەی منیش بوو، هاوکات ڕۆژی لەدایکبوونی سەددامی دیکتاتۆر بوو. باوکم لە تەمەنی ٥٢ ساڵییدا ڕۆحی سپارد.

## هێماکانی شەڕ

لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٠ دا، ئیدی من ئینفیرادی نەبووم و کۆرپەیەک و دایکێک لە ژوورەکەمدا بوون. ئەمەل ئەشکەنجە نەدرابوو، ئەو دەستبەسەر بوو، دەیانگوت ئەگەر مێردەکەی بێتەوە و خۆ بدات بەدەستەوە، ئەم ئازاد دەکەن. خەڵکی دێیەک بوون ناوی جەدیدە بوو. ئەمەل بیست و چوارسەعات عەبای بەخۆیەوە پێچابووەوە، تەنانەت کاتی خەوتنیش. پێم سەیر بوو کە تەنها من و ئەوین لەو ژوورە و هیچ پیاوێکیش نایبینێ کەچی هەر عەبای بەخۆیدا داوە. ئەو خۆپێچانەوەیە ئەوەندەی لەبەر داب و نەریت بوو، لەبەر ئایین نەبوو. چونکە هەموو ئەوانەشی کە دەهاتن بۆ لای وەک ئەو بوون و پیاو دیار بوایە یان نا هەر عەبایان لەخۆوە پێچابووەوە.

یەکەم جار بوو ببینم بەو شێوەیەی ئەو دەستنوێژ بگیردرێ، لە ماڵی ئێمەدا باپیرم کە دەستنوێژی هەڵدەگرت نیو بەرمیل ئاوی دەرشت، کەچی ئەمەل تەنها دەستی تەڕ دەکرد و دەیهێنا بەدەموچاویدا و بەدەستی تا ئانیشکی و بەسەر هەردوو قاچیدا. پێم وابوو لەبەر ئەوەی لە زینداندایە و ئاو کەمە بۆیە وا دەکات، کەچی ئەو دەیگوت دەستنوێژی ئێمە هەر وایە. کە نوێژی دەکرد دەستەکانی نەدەخستە سەر سکی و ڕێک دەوەستا، بەردێکیشی بەرامبەر بەخۆی دادەنا لە کاتی کڕنۆشبردندا تەوێڵی دەچەقاند بەسەر ئەو بەردەدا. لە هۆی ئەوەم پرسی و گوتی چونکە ئیمامی عەلی



لەسەر نوێژ شەهیدکراوە و لەتاوا دەستی بەسکییەوە گرتووە، بۆیە ئێمە دەستمان ڕێک دەگرین و نایکەینە سەر سکمان وەک ئەوەی سوونییەکان دەیکەن. ئەو بەردەش کە تەوێڵیان پێ دەچەقاند لە خۆڵی کەربەلا و نەجەف دروست کرابوو بۆیە پیرۆز بوو لە لایان و کڕنۆشیان بۆ دەبرد. ئەوان پێیان وابوو ئیمامی زەمان کە بەمەهدی ناوی دەبەن دێتەوە و ڕزگاریان دەکات و مرۆڤایەتی لەو ناهەقی و زۆردارییەی کە هەیە ڕزگار دەکات. مەراقم بوو بزانم کەی دێتەوە ئەو کاک مەهدییەی کە باسی دەکەن، ئەوان پێیان وابوو کە نیشانەکانی هاتنی دەرکەوتووە و ئەوەتا سەددام و دارودەستەکەی زۆردارییان گەیاندۆتە لوتکە چونکە کەسێکی وەکو ئایەتوڵڵا سەدر و ئامینە سەدری گرتووە و ئەشکەنجەیان دەدا. هەر ئەو ساڵە بوو محەمەد باقر ئەلسەدر کە پێشەوایەکی ئایینی شیعەکان و ئامینە سەدری خوشکی گیرابوون. ئەمەل دەیگوت ئامینە سەدریان جۆرێ ئەشکەنجە داوە کە کەسیان تا ئێستا وا ئەشکەنجە نەداوە، کە لێم پرسی چییان لێ کردووە، بۆی باس کردم کە هەموو گیانیان بەجگەرە سووتاندووە. دڵنیام کردەوە کە هەر ئەو نییە کە ئەو ئەشکەنجەیە درابێت، جێزامەکانم هێشتا دیار بوون و پیشانم دا، بەڵام تکام لێکرد کە لە نێوانی خۆماندا بێت و باسی نەکات، چونکە هەڕەشەی زۆریان کردبوو کە نابێت بۆ هیچ کەسێک باسی ئەشکەنجەکان بکەم. بەهۆی ئەمەلەوە وردە وردە ئاشنای کلتوور و داب و نەریتەکانی شیعە بووم، بۆ من نوێ بوو خەڵکی وا بناسم و بەڕاستیش کلتووری ئێمە و ئەوان زۆر جیاواز بوو، ئەویش لەبارەی کوردەوە وای دەگوت و پێی سەیر بوو هەردووکمان خەڵکی وڵاتێ بین و ئەوەندە داب و نەریتمان لەیەکەوە دوور بێت. زۆر پرسیارم لێ دەکرد و ئەمەل بەئارەزووەوە وەڵامی دەدامەوە، ئەو حەزی دەکرد کاریگەرییەکم لەسەر دابنێت و هەستم دەکرد دەیەوێ بمکات بەئەندامێکی حزبی دەعوە، من ناوی حزبی دەعوەم بیستبوو، بەڵام لە زیندان زۆر وردەکاریم لەسەریان

زانی بەهۆی دەیان ژنەوە کە لەسەر ئەوە گیرابوون. ئەمەل ڕۆژێکیان زۆر بەجیدییەوە قسەی لەگەڵ دەکردم و گوتی:

– مەهاباد تۆ کچێکی زۆر باشی، بەڕاستی هەر لە یەکەم چرکەوە کە بینیتم هەستم کرد تۆ مرۆڤێکی زۆر باشی، ڕەنگە تۆ تەنها یەک نوقسانیت هەبێت.

– ئادەی لە چیم کەمە؟

– نوێژ ناکەی. نوێژ فەرزە لەسەر هەموو ژن و پیاوێکی موسوڵمان.

– ڕاست دەکەی نوێژ فەرز کراوە، بەڵام من پێم وایە دەبووایە بەکارهێنانی ویژدان فەرز بێت، زۆر کەس نوێژ دەکەن چونکە فەرزە، بەڵام بێویژدانیشن. زۆری وام دیوە.

– ئەوانە نوێژەکەشیان قبووڵ نییە. مرۆڤی باش نوێژ و خواپەرستیش بکات زۆر باشترە بۆ خۆی.

– ئەمەل گیان دەزانی من تۆم زۆر خۆش دەوێ، چونکە منیش هەستم کرد تۆ مرۆڤێکی باشی. داب و نەریتی تۆ هەرچی بێت، زمانت، نەتەوەت هەرچی بێت بۆ من گرنگ نییە و لەبەر ئەوەی مرۆڤێکی باشیت خۆشم دەوێی، نوێژیشت نەکردایە هەر خۆشم دەویستی. دەزانی من باپیرێکم مەلایە و باپیرێکم سۆفییە و نەریتی نوێژ و خواپەرستی شتێکی نامۆ نییە بەمن، لە ماڵی ئێمەدا باپیرم، داپیرم و دایکم نوێژ دەکەن. باوکیشم نوێژ ناکات بەڵام پیاوێکی ڕاستگۆیە، حەزی لە دادپەروەرییە، لەسەر هەق دێتە وەڵام، ویژدانی زیندووە، ئەو شتانەشی فێری ئێمە کردووە، وا بزانم ئەوانە فەرزترن.

– ئەوانە شتی زۆر باشن، دینیش هەر ئەوانە دەڵێت.

– کەواتە من بێ دین نیم، تەنها ئەوەیە نوێژ ناکەم.

– نا تۆ بێ دین نیت، بەڵام بێ ئیمانیت.



– چۆن بێ ئیمانم، خۆم پێم وا نییە، بەپێچەوانەوە من باوەڕم بەدادپەروەری هەیە.

– ئەگەر فەرزەکانت جێبەجێ بکەیت ئەوسا دەبیتە خاوەن ئیمان. بۆ تاقی ناکەیتەوە؟

– چی تاقی بکەمەوە؟

– نوێژکردن.

– لەم شوێنە پیسە؟ بەم هەموو چڵکنییەوە، بەم هەموو ئەسپێیانەوە ڕوو لە خوا بکەم؟

– قەیناکە، هەر لێت قبوڵ دەکات؟ دەتۆ تاقیکەرەوە.

– بۆ نا، تاقیکردنەوە شتێکی باشە، هەر بۆ ئەوەی بزانی دەمارگیر نیم تاقی دەکەمەوە و وەک تۆش نوێژ دەکەم، وەک شیعە.

لەو کاتەدا قسەیەکی مامی گەورەم بیر کەوتەوە کە لە یەکێک لەو دیدارانەدا بەپێکەنینەوە باسی کرد، باسی نوێژ و نزاکانی دایکمی دەگێڕایەوە و دەیگوت:

– دەزانی مەهاباد دایکت بەتەواوەتی خوای خستۆتە تەنگانەوە.

– چۆن؟

– کە نوێژ دەکات، دوای نوێژەکەی ئیدی دەستی پێ دەکات، ئەوەندە بەقایمی و بەدەنگی بەرز و بەحەسرەتەوە لەخوا دەپاڕێتەوە و درێژی دەکاتەوە هەندێ جار لەسەر بەرماڵەکە دەمێنێتەوە تا کاتی نوێژێکی تر دێت و دەیدا بەدەم یەکەوە. منیش گاڵتەی لەگەڵ دەکەم و دەڵێم ئەرێ قەدریە ئەگەر مەهابادیش ئازاد بێت هەروا نوێژ دەکەیت؟ من ناوی نوێژەکانیم ناوە "نوێژی مەهابادی".

چەند ڕۆژێ نوێژم تاقی کردەوە و وەک ئەو جۆرەی ئەمەل دەیکرد. لە شایەتمانی شیعەکاندا دێڕێکی زیاتر هەبوو کە لە هی سوونندا نییە،

دەیانگوت: واشهد ان علي ولي الله. بەکوردی دەبێتە "گەواهی دەدەم کە عەلی وەلی خودایە". ئەمەل داوای لێکردم تاقی بکەمەوە و ببم بەموحەجەبە. ئای لەوە، هەر ئەمە مابوو، وا دیارە تاقی کردنەوە تاقیکردنەوە ڕادەکێشێ. گوتم تاقیکردنەوە خراپ نییە، بەڵام نەک هەموو تاقیکردنەوەیەکیش. بۆ دەبێ خۆم لە عەبا بئاڵکێنم؟ من زۆر هەستم بەبارقورسی دەکرد کە دەمبینی ئەو شەو و ڕۆژی خۆی ئاڵکاندۆتە عەبایەکی ڕەشەوە و سەرەڕای ئەوەش سەرپۆشێکی توند بەستووە بەسەریەوە. بەتایبەتیش بەو گەرمایە ئەو هەموو خۆپێچانەوەیە نەدەچوو بەعەقڵەوە. ئەو ئەندامە بەستەزمانانەی ژێر عەبا چۆن ئۆکسجینێکیان بەرکەوێ، بەتایبەت لەو شوێنەدا کە خۆی قەیرانی هەناسەی پاک هەبوو. بەهەرحاڵ تاقیکردنەوەی یەکەمیشم کۆتایی پێ هێنا. ئەوەش ئەزموونێک بوو لە ژیانمدا، چەند ڕۆژێک لە ژیانمدا داب و نەریتی شیعەم پەیڕەوی کرد، بەڵام هیچ هەستێکی تایبەتیم لا دروست نەبوو، چونکە هەر لە سەرەتاوە ئاگاداری ئەو خاڵە بووم و هەر لە پێناوی تاقیکردنەوەدا ئەوەم کرد.

سەبارەت بەعەبا و پەچە یادگاری منداڵییم هەیە. لە شاری کفری تا نیوەی ساڵانی حەفتاکانیش هێشتا ژنانی کفری بەگشتی عەبایان دەپۆشی تەنانەت کارمەند و مامۆستا ژنەکانیش و ئەو قوتابییە کچانەش کە لە قۆناشی ئامادەیی بوون. ئەو ژنانەی عەبایان نەدەپۆشی پێیان دەگوتن سفوورە، یەکەم ژنی مامۆستا لە کفری کە عەبای فڕێ دا مامۆستایەک بوو بەناوی ئەدیبە، بۆ ئەوەی ڕۆڵی پیاوی پێشکەوتنخوازی ئەو شارە لە بیر نەکەم و ئەم دێڕە پرشنگدارە لە مێژووی کفریدا بۆ ئەو پیاوە تۆمار بکرێت دەبێ بڵێم کە مامۆستای هێژام کە وانەی ئینگلیزی پێ دەگوتینەوە، مامۆستا عەبدوڵڵا سابیر هۆکار و هاندەری ئەو عەبافڕێدانە بوو. کە لەگەڵ مامۆستا ئەدیبەدا زەماوەندی کرد، یەکەم شت کە کردی عەباکەی خستبووە



ناو تەنوور و سووتاندبووی و ئیدی ئەدیبە بوو بەیەکەم ژنی مامۆستا کە عەبای فڕێ دا و دوای ئەویش وردە وردە عەبا فڕێ دەدرا و ئەوە بوو بەباو.

سەرەتای ساڵانی حەفتاکان، کە من دەچووم لە بازاڕ یارمەتی باوکم بدەم، دەمبینی تاک و تەرایەکی ژنان دێنە ناو بازاڕ بۆ شت کڕین، ئەوانیش عەباش و پەچەشیان پۆشیبوو، تاقە شوێنێکیان کە بەدەرەوە بوو پاژنەی پێیان بوو، هەندێ لە پاژنەشیان دیار نەبوو، گۆرەوی ڕەشیان لەپێ دەکرد. بەڵام من دیقەتم دەدا هەندێ لە پیاوانی ناو بازاڕ زۆر بەتامەزرۆییەوە تەماشای پاژنەی پێی ژنە بێ گۆرەوییەکانیان دەکرد.

ڕۆژی هەینی کەسوکاری ئەمەل هاتن بۆ سەردانی، ئەو لە ڕۆژانی هەینیدا بۆی هەبوو سەردانی بکرێت، کچە دوو ساڵییەکەشی کە زەینەبی ناو بوو، دەیانهێنا بۆ لای. سێ هەفتە بوو پێکەوە بووین، بەڵام وەک ئەوەی ماوەیەکی زۆربێت یەکتری بناسین وابوو، باوەڕمان بەیەکتری هەبوو، هەموو قسەیەکمان لای یەکدی دەکرد، هەمیشە قسەمان دەکرد و دەتوانم بڵێم عەرەبی بەتەواوەتی لەوەوە فێر بووم. بەتایبەتیش چونکە ماوەیەکی زۆر ئینفیرادی بووم و کەس نەبوو قسەی لەگەڵدا بکەم بۆیە زۆر تامەزرۆی قسەکردن بووم.

ڕۆژێکی هەینی شووبراکەی کە هاوکات ئامۆزاشی بوو هاتبوو بۆ سەردانی و چپەچپێکیان کرد، دوای ڕۆشتنەوەی ئەو، ئەمەل زۆر پەسنی شووبراکەی بۆ کردم، ناوی مەهدی بوو، تەمەنی بیست و سێ ساڵ بوو، لە کۆلێج دەیخوێند بۆپزیشکی ددان. وەک ئەمەل پەسنی دەکرد، زۆر خواپەرست و بەئیمانیش بوو. لە دوای تەواوکردنی پەسنەکانی گوتی:

- زۆر حەز دەکەم ببیت بەبووکمان.
- من؟ یانی چی ببم بەبووکتان؟
- شوو بکەی بەشووبراکەم.

– بەڕاستیتە یان گاڵتەم لەگەڵ دەکەی؟

– بەڕاستیمە.

– یانی تۆ ئێستا خوازبێنیم دەکەیت؟

– بەڵێ، بۆ مەهدی. خۆت بینیت و ئەویش تۆی بینی.

– خۆی پێی گوتی؟

– بەڵێ، بەڵام دایکم و ئەوان کە تۆیان بینیبوو باسی تۆیان بۆ کردبوو.

– بەڵام تۆ پێت وایە ئەوەندە بینین بەس بێت بۆ ئەوەی ئەو من بناسێت و تۆ ڕاسپێرێت داوام بکەیت.

– من بۆم باس کردووە کە تۆ کچێکی باشیت. تۆش دڵنیا دەکەمەوە کە ئەو کوڕێکی زۆر زۆر باشە. مەهاباد ئەوەندە خۆشم دەوێی حەز دەکەم پەیوەندیمان نەپچڕێ و ببین بەخزم.

– سوپاسی تۆ دەکەم، خۆت دەزانی منیش چەند تۆم خۆش دەوێت، بەڵام شتی وا نابێت.

– بۆچی؟ کەسێکی ترت خۆش دەوێ؟

– بەڵێ. بەڵام ئەگەر واش نەبێت، مرۆڤ لە زینداندا کوا چارەنووسی خۆی دەزانێت. کێ دەڵێ حوکمی مردنم بەسەردا نادرێ. دەزانی شتی سەیر ڕوو دەدا، زۆر پێکەنینم دێ من لەم زیندانەدا ئەوە دووەم جارە خوازبێنی دەکرێم، بەم ڕەنگە زەردەوە، بەم دانە شکاوانەوە و بەم هەموو ئەسپێیانەی سەرمەوە وا دیارە هێشتاش ڕەواجێکم هەیە، دیارە بەختەکەم جوانە و ئەو خۆی پیشانیان دەدات. کوڕێکیش لە کەرکووک چاوەڕێم دەکات و بەڵێنمان بەیەک داوە.

– ئەترسم لەبەر ئەوە بێت کە ئێمە عەرەبین!

– نا مەترسە، لەبەر ئەوە نییە، من خۆیشم ڕەگێکی عەرەبم تێدایە.

– بەڕاستی؟ چۆن!



– نەنکێکم عەرەبە.

دایکی باوکم "قەدریە خەڵەف"ی ناو بووە و بەڕەگەز عەرەب بووە، بەڵام هەر عەرەبیشی نەزانیوە، خەڵکی دێی عەلی خەڵەف بووە کە دێیەکە لە دێهاتەکانی دەوروبەری کفری کە عەشیرەتێکن بەناوی "دەهلەگی" باپیرم دوای مردنی ژنی یەکەمی ئەوی کردۆتە هاوسەری، دوای مردنی ئەویش لە دێی بنەکە ژنی سێیەمی هێناوە "ئاسکە" کە تا ئێستاش لە ژیاندایە. ئەگەر چی نەنکە بەنەژاد عەرەبەکەم زوو کۆچی دوایی کردووە، بەڵام زۆر جار خاڵۆانی باوکم هاتوچۆیان دەکردین و جلی عەرەبییان دەپۆشی و بەکوردی قسەیان دەکرد.

کە ئەم ڕاستییە لەسەر خۆم دەگێڕمەوە کە نەنکم عەرەب بووە، قسەیەکی خۆشم بیر دەکەوێتەوە کە ساڵی ١٩٩٨ ئیبراهیم ئەحمەد "نووسەری ژانی گەل" یادی بەخێر لە بەلجیکا لە یادی سێ ساڵەی دامەزراندنی مەد تیڤی بینیم، باسی ڕەفتارە سەیر و قسە خۆشەکانی بەشیر موشیری دەکرد و دەیگوت دوای بیست و پێنج ساڵ پێکەوە ژیان لەگەڵ ژنەکەیدا تەڵاقی دا، لێمان پرسی بەشیر بۆ تەڵاقت دا، گوتی: سەگبابە عەرەب دەرچوو. دوای بیست و پێنج ساڵ پێکەوە ژیان ئینجا بۆی دەرکەوتبوو عەرەبە.

بەهەر حاڵ لەبەر عەرەب بوون نەبوو کە داواکەی ئەمەلم ڕەت کردەوە، نەک لەبەر خاتری نەنکم، چونکە من نەنکمم هەر نەدیوە و باوکم خۆیشی زۆر منداڵ بووە کە دایکی مردووە و شێوەی ئەوی هەر بیر نەدەهاتەوە، تەنها مامم ئەوی لەبیر مابوو بەمنی دەگوت شێوەت لە دایکم دەچێت، بەڵکە لەبەر ئەوەی مرۆڤی باش و خراپ لە هەموو گەل و نەتەوەیەکدا هەیە و ئەگەرچی ڕژێمی بەعس عەرەب بوو ئێمەی کوردی دەچەوساندەوە، بەڵام نەدەبوو دڵمان بەرامبەر هەموو عەرەبێ ڕەش بێت و ڕقمان لێیان بێت، بەڵام ڕاستییەکیش هەیە ناکرێ فەرامۆشی بکەین، داب و نەریتی کورد و

عەرەب لە شتە بنەڕەتییەکاندا ئەوەندە دوورن لە یەکترەوە بەدەگمەن خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا دەدۆزرێتەوە، بەتایبەت عەرەبی شیعە. من لە زینداندا دەیان عەرەبیشم بینی کە نەیاری بەعس بوون و ئازار و ئەشکەنجە دەدران، هەموو ئەوانەشی کە بینیمن شیعە بوون. ئەوان تێڕوانینێکی زۆر سەختگیرانەی ئایینیان هەبوو، هەموو لێکدانەوەکانیان لەو گۆشەنیگایەوە بوو، هەموو شتێکیان بەو چاوە دەبینی و دەنرخاند. کە ئێستا ئەم قسەیە دەگێڕمەوە لەسەر شیعەکانی کە لە زیندان بینیمن، شتێکم بیر دەکەوێتەوە کە زۆر نوێیە و ژنێکی هاوڕێم بۆی گێڕامەوە. نازەنین لە بەریتانیاوە لەگەڵ ڕێکخراوێکدا هەر لە ڕۆژەکانی هەوەڵی ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و دیکتاتۆری بەغدا بۆ کاری مرۆیی و خێرخوازی دەچن بۆ بەسرە و لەوێ ژمارەیەکی یەکجار زۆر خەڵکی دیبوو. ئەویش وای دەگێڕایەوە کە ئەو خەڵکە هەموو شتێک بەچاویلکەی دین دەبینن. دەیگوت نەک خەڵکی نەخوێندەوار، بەڵکە مامۆستای زانکۆش هەمان بۆچوونی نەخوێندەوارەکەی هەیە لە بارەی هەندێ پرسی گرنگەوە. داوام لێ کرد بەنموونەیەک بۆچوونەکەی بسەلمێنێت. نازەنین گوتی:

– بۆ نموونە سەبارەت بەهاتنی ئەمەریکا و ڕزگارکردنی عێراق و ڕووخاندنی سەددام پرسیارم لێ دەکردن و پرۆفیسۆرێکی زانکۆ ڕای چی بێت باشە، دەیگوت خۆ ئەمریکا بۆ ڕووخاندنی سەددام نەهاتووە؟ ئەزانی پێی وابوو بۆچی هاتوون؟

– چی؟

– هەڵی بێنە؟

– دەیانگوت بۆ نەوت هاتوون؟

– نا.

– بۆ داگیرکردنی عێراق و بردنی سامانەکەی؟



– نا ئەویش نییە.

– ئەی قابیلە پێیان وابێت بۆچی هاتوون؟ دەپێم بڵێ چییان دەگوت؟

– هەتا بەیانی بیر بکەیتەوە ناتوانی هەڵی بێنی.

– دەی باشە دڵم تۆقی بۆم باس بکە.

– دەیانگوت ئەمریکا هاتووە مەهدی بکوژێت!

– کام مەهدی؟! مەهدی ساحیبی زەمان؟

– بەڵێ.

ئەوەی من نزیکەی بیست و پێنج ساڵ بەر لە ئێستا لەبارەی ئەوانەوە بۆم دەرکەوتبوو کە زیادەڕۆیی دەکەن لە پرسی ئاییندا، هەتا ئەمڕۆش بچووکترین گۆڕانی بەسەر نەهاتووە.

بەهەر حاڵ، لەگەڵ ئەوەشدا کە داواکەی ئەمەلم ڕەت کردەوە، بەڵام کارێکی لە پەیوەندیمان نەکرد و وەک پێشوو هەر باوەڕمان بەیەکتری هەبوو، ئەو بەڕاستی مرۆڤێکی باش بوو، باوەڕی پێ دەکرا، ئەنفالی کۆرپەش ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر هۆگرم دەبوو.

لەو ڕۆژانەدا ژاوەژاوێکی زۆر کەوتە نێو ئەو بەندیخانەوە، ژوورەکەی ئەودیو بەیانی پڕ دەکرا لە خەڵک و ئێوارە کەس نەدەما. بەهەمان شێوە ژوورەکانی پیاوان. منداڵ و گەورە، پیر و گەنج، ژن و پیاو، لە هەموو تەمەنێک. من و ئەمەل ڕۆژی سێ جار دەبراین بۆ ئەودیو بۆ دەستشۆرییەکە و لەوێ ئەو هەموو خێزانەمان دەدی. من پرسیارم لێ کردن بۆ ئەوەی بزانم لەو ڕۆژانەدا چی دەگوزەرێ و ئەمانە کێن و بۆچی دەیانهێنن و بۆ کوێ دەیانبەن. ژنێک کە تەمەنی چل ساڵێک دەبوو، دوو کچیشی لەگەڵدابوو، بینیم بەکوردی لەگەڵ کچەکانیدا قسەی کرد، بەڵام کوردییەکەیان هەندێ جیاواز بوو. بەکوردی لەو ژنەم پرسی:

– ئێوە بۆ گیراون، لەکوێوە هێنراون؟

– وەڵڵا عەزیزم قوڕ کریاسە سەرمان، ئێمە لە بەغاوە هاوردینە، ئێمە کوردگەل فەیلین، هەرچی حاڵ و ماڵمانە لێمان سەنینە و نەهێشتن کراسێ لێل خۆمان بێرین.

– بۆچی دەتانگرن، چیتان کردووە.

– ئێژن ئێوە ئێرانین، تەسفیری ئێرانمان کەن. بێ ماڵ و حاڵ فڕەماندەنە حدود ئێران و ئێژن بڕۆن.

ئەو ماوەیە لە زانکۆی مستەنسرییە تەقینەوەیەک ڕووی دابوو، کوڕێک بەناوی سەمیر کە بەناوی کوردی فەیلی و ئێرانییەوە ناساندیان، بەتەقاندنەوەی بۆمبەکە تاوانبار کرا و لەسێدارە درا. سەددام سوێندی خوارد ئەو خوێنانەی لە مستەنسرییە ڕژان بەفیڕۆ نەچن. دوابەدوای ئەو سوێندەی جموجۆڵی نائاسایی دەستی پێکرد و لە یەکەم هەنگاویشدا کوردە فەیلییەکان کران بەئامانجی تیری پەلاماری بەعس. بڕیاری دەرکردنی هەموویانی دا و ڕەشبگیر دەستی پێکرد. زۆربەی ئەو کوردانە نیشتەجێی بەغدا بوون و بڕێکی زۆریان بازرگان و سەرمایەداری گەورە بوون. بازاڕی زەڕەنگەران زۆربەی بەدەستی کوردی فەیلییەوە بوو، هی وایان هەبوو بەدەیان کیلۆ زێڕ لە دووکانەکەیدا دەستی بەسەردا گیرابوو. ژنێکم بینی قاپ قورئانێکی زێڕی لە ژێری کراسەکانییەوە لە مل کردبوو، نیو کیلۆ دەبوو، پێی وابوو دەتوانێ تەنها ئەوە لەگەڵ خۆی دەرکا، ئەو دەیگوت مێردەکەی دوکانێکی زێڕی هەبووە و زیاتر لە پەنجا کیلۆ زێڕیان لە دووکان و ماڵەکەیاندا گرتووە و بردوویانە. لە دوا پشکنیندا ئەو قاپ قورئانەشیان لێ وەرگرت و بەتەنها بەجلەکانی بەریانەوە دەیانناردن. لە ڕاستیدا بەعس ئەو بۆمبایەی کردە بیانوو کە گومان دەکرا خۆی تەقاندبێتیەوە بۆ ئەوەی بەڵگەیەکی هەبێ بۆ دەرکردنی کوردە فەیلییەکان و بیانووگرتنیش بەئێران. چونکە هەرە دەوڵەمەندەکانی بەغدا لەو سەردەمەدا



ئەوان بوون، بۆیە بەو تیرە دوو نیشانی پێکا، لە لایەکەوە دەستی گرت بەسەر پارە و سامان و ماڵ و موڵکی کوردە فەیلییەکان و لە لایەکی ترەوە دەریانی کرد بۆ ئێران و بەوەش هێمایەکی شەڕانگێزی بۆ ئێران دەنارد. سەددام جارێ تەنها ساڵێک بوو لەسەر حوکم بوو، هەر لەو سەرەتایەوە بناغەیەکی دۆزەخیی بۆ حوکمە دیکتاتۆرییە درێژخایەنەکەی دانا.

لە ماوەی سێ هەفتەدا زیاتر لە هەزار کەسیان هێنایە ئەو بەندیخانەیە و یان شەوێک دەمانەوە و بۆ سبەینێ دەبرانە مەیدان کە لە نزیک خانەقین بوو، لەوێشەوە بەرەڵا دەکران بە پێ ئاودیوی ئێران ببنەوە، یانیش هەر ئەو ڕۆژە دەیانبردن و تەنها چەند کاتژمێرێ لەوێ دەمانەوە. ئەوەی سەیر و ناخۆش بوو، ئەو خێزانانە کوڕەکانیان لەگەڵدا نەبوون، چونکە بەعس کوڕەکانیان کە لە تەمەنی نێوان چواردە تا چل ساڵ بوو گرتبوونی و ئەو خێزانانە نیگەرانی چارەنووسی گەنجەکانیان بوون. مەخابن وەک چۆن ساڵی ١٩٨٨، سەد و هەشتا و دوو هەزار ژن و پیاو و منداڵی کورد کە ناویان نرا ئەنفالەکان لەلایەن بەعسەوە بران و نەگەڕانەوە، ساڵی ١٩٨٣، هەشت هەزار پیاوی بارزانییەکان بران و نەگەڕانەوە، بەهەمان شێواز گەنجەکانی کوردە فەیلییەکان ساڵی ١٩٨٠ بران و ئێستا و ئەوساش هەر نەگەڕانەوە.

لەو ماوەیەدا لەبەر شلۆقی ناو بەندیخانە بەهۆی کوردە فەیلییەکانەوە دیدار و سەردانییەکانی ئێمەشیان قەدەغە کردبوو. هەستمان دەکرد بارودۆخەکە ئاڵۆز و ئاڵۆزتر دەبێت. دوای ئەو سێ هەفتەیە بەندیخانەکە یەک دوو ڕۆژ بێدەنگ بوو، بەڵام دیسانەوە کاتی دیدار هات و کەس نەهات بۆ لام. زۆر نیگەران بووم، هەستم دەکرد شتێک ڕووی داوە، دەنا بۆ کەس نایەت بۆ سەردانم. لە ڕۆژی دیداردا پرسیارم دەکرد لە پاسەوانەکان و تکام لێ دەکردن بچن لەدەرەوە تەماشا بکەن و بزانن کەس

نەهاتووە بۆ لای من، دەیانگوت نەخێر کەسی لێ نییە بۆ لای تۆ هاتبێت. دڵم شتی سەیری دەگوت و خەیاڵم شتی خراپی دەهێنایەوە بەرچاوم، جارێکیشیان خەیاڵم بۆ ئەوە چوو کەسوکارم بێزار بووبن و تاقەتیان نەمابێت هەموو هەفتەیەک بێن بۆ لام. ئەمەل زۆر دڵی دەدامەوە، بەڵام من دڵم ختوورەی زۆری بۆ دەهات. بەیانیانێک کە ڕۆژی دیداریش نەبوو، من چاوەڕوانی کەس نەبووم، بەڵام گوێم لە هەرا و هوریایەک بوو، تێکەڵێک بوو لە دەنگی ژن و پیاو و گەورە و منداڵ. من و ئەمەل گومانی ئەوەمان کرد دیسانەوە کوردی فەیلییان هێنابێت، بەڵام کە دەنگەکان نزیک بوونەوە و باش گوێم شل کرد، بەکوردی لای گەرمیان قسەیان دەکرد، لەناو ئەو دەنگانەدا یەک دوو جار ناوی منیشیان هێنا. گوێم لێ بوو دەنگی ژنێک گوتی:

– ئێژن مەهابادیش لەم سجنەیە.



## لە مەیدانەوە بۆ زیندان

خەریک بوو دڵم بتۆقێت، دڵم گرمەگرمی بوو، پڕ بەگوێم گوێم لە لێدانی خێرای بوو کە لە نیگەرانییەکی زۆرەوە سەرچاوەی دەگرت. ئەو هەرا و هوریایە چییە لە دەرەوەی ژوورەکە و لەناو داڵانەکەدا دەبیسترێت! وردە وردە دەنگەکانم دەناسییەوە و پێم سەیر بوو، ئەمانە چی دەکەن لێرە. ئەوە دەنگی میم زەکییەیە، دەنگی هەدیەی کچی، دەنگی میم جانە، فەوزیە، هەموویم ناسییەوە و دەنگی ژنانی دراوسێ و ناسیاوم گوێ لێ بوو. لە ناکاو گوێم لە دەنگی باوکم بوو مامم مەحموودی بانگ کرد، سەرسامتر و شپرزەتر بووم، نەمدەزانی لەناو ئەو ژوورەوە و لە پشت ئەو دەرگا داخراوەوە چی بکەم بۆ ئەوەی بزانم چی ڕوو دەدا و بۆ باوکم و مامم و دراوسێ و ئەو هەموو خەڵکە لەوێن؟ قابیلە شاری کفری هەمووی پێکەوە بۆ سەردانی من هاتبێتن!

لە کونی دەرگاکەوە تەماشام دەکرد، دوو سێ ژن و منداڵم دەبینی و دڵنیابووم ئەمانە خەڵکی کفرین. کات نزیک نیوەڕۆ بوو، کاتی بردنی من و ئەمەل بۆ ئەودیو هاتبوو، کە من دەتگوت لەسەر ئاگر چاوەڕێی هاتنی ئەو کاتەم دەکرد. کە دەرگایان کردەوە بۆ ئەوەی ئێمە بچینە ئەودیو، بینیم ئەو ڕاڕەوە پڕە لە خەڵکی شارەکەم، ژن و پیاو و منداڵ و گەنج و پیر. باوکم منی دی و من ئەوم دی، پێش ئەوەی من و باوکم باوەش بەیەکدا بکەین،

هەر هەموو ئەو ژنانەی کفری هاتن و ماچی منیان کرد و پیاوەکان هاتن و تەوقەیان لەگەڵ کردم و سڵاویان لێ کردم و هەموویان زۆر بەڕێزێکی زۆرەوە لەگەڵ سڵاوەکانیاندا ستایشیان کردم. مام ڕەشید کە لە کفری بەڕەشە بەلەگە دەناسرێ بەبینینی من ئەوەندە خۆشحاڵ بوو دەستی کرد بەگۆرانی گوتن. ئەم مام ڕەشیدە، کە ئێستاش لە کفرییە و دوای شەهیدبوونی سێ کوڕی بەهەمان هەناسەوە کوردایەتی دەکات و زۆر زۆرم خۆش دەوێ، دواتر تەتەری نێوان ئێمە و پێشمەرگە بوو کە لە ڕێکخراوی نهێنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کارم دەکرد.

ئیدی باسیان کرد کە هەموویان هەفتەیەک زیاترە گیراون و لە پێشدا بردوویانن بۆ ئۆردووگایەکی سەربازی لە مەیدان کە نزیک شاری خانەقینە لەسەر سنووری کوردستانی ئێران، دواییش هێناویانن بۆ بەعقووبە. ئەو بەندیخانەیە ئەوەندە شڵەژا، نەیاندەزانی ئەو هەموو خەڵکە چی لێ بکەن و چۆن جێگەیان بکەنەوە. ژوورەکەی ئەودیو کە جێگەی بیست کەسیشی تێدا نەدەبووەوە شەست کەسیان تێ ئاخنی و من و ئەمەلیشیان برد بۆ ئەو ژوورە، چونکە لە ژوورەکەی ئێمەدا بیست کەسیان دانا. شەست کەس لەناو ئەو ژوورەدا بووین و هەمومیان خەڵکی کفری بووین. ئەمانە هەموویان لەبەر ئەوەی کوڕیان، برایان یان مێردیان پێشمەرگە بوو، هەموو خێزانەکەیان دەگرت و دەستبەسەریان دەکردن، مەرجی بەردانیان بەند بوو بەهاتنەوە و خۆبەدەستەوەدانی کوڕەکانیان. یان کە هەواڵی شەهیدبوونی کەسەکانیان دەگەیشت بەریان دەدان. ئەو سیاسەتەش هەنگاوێکی تر لە داهێنانێکی تری ڕژێمی بەعس بوو بۆ کۆیلەکردن و دەستەمۆکردنی کورد. لە ڕاستیدا ئەگەرچی زۆر زۆرم پێ ناخۆش بوو کە ئەو خەڵکە بێگوناهەیان بەو دەردە بردووە و بەتایبەتی منداڵی بچووک و پیری زۆر بەساڵاچوویان تێدابوو، بەڵام هاتنی ئەوان بۆ من قەرەبووی هەموو کات و ساتەکانی ئەو هەشت نۆ مانگەی کردەوە کە تەنیا بووم و ئەشکەنجە دەدرام. خەڵکی



کفری بەگشتی سروشتێکی تایبەتییان هەیە و دڵ و دەروونپاکن، فیداکارن و یەکتریشیان زۆر خۆش دەوێت. ئەو ژنانە یەک یەک ماچیان دەکردم و وەک دایکی خۆم نازیان دەکێشام. دایکم و خوشک و برا بچووکەکانم بەڕێکەوت بەرنەکەوتبوون. کە زیلی عەسکەری لەبەر دەرگا وەستابوو و ئەمنەکان چووبوونە ژوورەوە، تەنها باوکم و مامم لە ماڵەوە بوون و دایکم و فەرەیدوون و دڵشاد و نەورۆز لە دووری بیست مەترێکەوە و لە ماڵی پوورمەوە بەرەو ماڵی خۆمان هاتوون، کە بینیویانە زیلەکە لەبەر دەرگا وەستاوە، خێرا گەڕاونەتەوە بۆ ماڵی پوورم. ئیدی باوکم و مامم سواری زیل کراون و، بۆ سبەینێش دایک و منداڵەکانی دی بەتەکسییەک خۆیان دەگەیەننە بەغدا بۆ ماڵی مامی گەورەم. بەڵام لەوێ من دەیان دایک و دەیان خوشک و دەیان برا و دەیان باوکم بۆ پەیدا بوو. هەموومان دەتگوت ئەندامی یەک خێزانین، من ئەوسا زانیم کە ئیدی بشمرم گرنگ نییە، چونکە لە پێناوی کەسانێکدا خەباتم کردووە پێزانینیان هەیە بۆ خەباتەکەم و ڕێز لەو تێکۆشانەم دەگرن. لە ناخی دڵمەوە سوپاسی ئەو خەڵکە دڵسۆزەی شارەکەم دەکەم، کە ئەوسا و دواتریش و هەردەم ڕێزیان لە خەباتی من گرتووە. ناهەقم نییە کە ئەوەندە خۆشم دەوێن و کفریم ئەوەندە خۆش دەوێ.

زیندانەکەی من و باوکم لە تەنیشت یەکتر بوو، تەنها دیوارێکمان نێوان بوو. ئەو جێگاکەشی لە لای دیوارەوە بوو، پێشتر و زیندانیانی پێش ئێمە کونێکی بچووکیان لەو دیوارە کردبوو بۆ ئەوەی پێکەوە قسە بکەن، من و باوکم لەو کونی دیوارەوە لەگەڵ یەکتری دەدواین. ڕۆژێکیان لە خۆمەوە زۆر دڵم تەنگ بوو، هۆیەکی تایبەتی نەبوو بۆ ئەو دڵتەنگییەم، لەو شێوەیە بوو کە جاروبار مرۆڤ دەیگرێت و دڵی دەگوشرێت و نازانێ چی بکات. من دەگریام و باوکم لەو کونەوە قسەی بۆ دەکردم و دڵی دەدامەوە و هانی دەدام کە خۆڕاگر بم.

ئیدی لە کاتی دیدارەکاندا پیاوەکان لەو دیوەوە دەهاتنە ئەمدیو بۆ لای ژن و کچ و منداڵەکانیان، باوکم و مامیشم دەهاتنە لای من. مامم هەر بۆڵەبۆڵی بوو بەسەر باوکمدا، دەیگوت کوڕی تۆ پێشمەرگەیە و من دەگرن. سەلاحی برام کە لە زیندانەوە لەگەڵ هاوڕێکانیدا هەڵات، بوو بەپێشمەرگە لە تیپی پەنجا و یەکی گەرمیان، لەبەر ئەو باوکم و مامم گیرابوون. ئەو مامەیەم تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە، هەر لە منداڵییەوە تووشی کەمێ دواکەوتنی عەقڵی هاتبوو، حاڵەتێکی زۆر ئاسایی بوو لە سەرەتاوە، جۆرێ کە لە هەر وڵاتێکی تر بووایە سەرپەرشتی دەکرا و چارەسەرکردنی زۆر ئاسان بوو، بەڵام لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەوەندە بەسە بۆ ئەوەی بچووکترین کەموکوڕیت هەبێت، ئەوەندە بەسە کە ئیدی بە شێت ناوت ببەن، تا بەکردەوەش شێتت نەکەن وازت لێ ناهێنن. مەخابن کە ئەمە کەموکوڕییەکی کلتووری ئێمەی کوردە و دەبێت دانی پێدا بنێین کە خراپە و دەبێت کار بۆ نەهێشتنی بکەین. ئەو مامەیەشم لەو جۆرە قوربانییە بوو، وای لێ کرا ئیدی زیاتر لە دنیای خەیاڵی خۆیدا نوقم ببێت. لە کفری ئێستاش بەملازم مەحموود بانگ دەکرێت، هەندێ جاریش بەدکتۆر بانگی دەکەن، ئەو لە خەیاڵەکانی خۆیدا دەمێک ملازم بوو، دەمێکیش دکتۆر. ئەو پیاوە کە بە شێت ناو دەبرا ڕۆژ نەبوو ڕۆژنامە نەخوێنێتەوە. بەبەردەوامی لە ڕادیۆوە گوێی لە هەواڵەکانی دنیا دەگرت و دەیزانی لە دنیادا چی ڕوو دەدا. هەمیشە جلەکانی پاک و ئوتووکراو بوو. ئەو عاقڵانەی کە بەویان دەگوت شێت نیوەی ئەو ئاگایان لە دنیا نەبوو، چارەکی ئەو پاک و تەمیز نەبوون، بەڵام بەدرێژایی ساڵان هەندێ کەس ئەوەندە سەریان نایە سەری تا بەڕاستی شێتیان کرد.

دوای دوو هەفتە ئیدی دایکم و مامم و برا و خوشکەکانم فەرەیدوون و دڵشاد و نەورۆز لە بەغداوە دەهاتن بۆ دیداری منیش و باوک و مامیشم. برا گەورەکەشم هەر لەبەغدا دەیخوێند و لەوێوە دەهاتە لامان، لەیلای



خوشکم لە کەرکووکەوە دەهات و جاروبار مستەفاش لە گەڵیدا دەهات. ئیدی هەموو ئامۆزا و پوورزا و مامی بچووک و هاوڕێم، مامی لەو گەورەترم قاسم کە لەگەڵ براگەورەکەمدا زۆر گەڕابوون بەدوامدا لەسەرەتاوە هەتا کاتی دۆزینەوەم. کەس نەما لە کەسوکارم نەیەت بۆ لام، جگە لە خاڵم. تاقە خاڵۆیەکم هەبوو، بەڵام ئەو زۆر ترسنۆک بوو، نەیدەوێرا خۆی لە قەرەی کەسانی قەدەغەی وەک ئێمە بدات. کە من گیرابووم تەنانەت نەیوێرابوو بەلای ماڵیشماندا تێپەڕێت و ئەو ڕێگایەی بەجارێ تەرک کردبوو. لەو جۆرە بوو هەمیشە بەهەردوو دەستی کڵاوەکەی خۆی توند گرتبوو با نەیبات، کڵاوی ئێمەش هەردەم بەدەم گەردەلوولی بەعسەوە بوو. دەترسان بەهۆی ئێمەوە تووش ببن. هەندێ جار دەمگوت خۆ ناهەقیشی نەبوو، حوکمی قەرەقووشانەی بەعس ئەو ترسەی لە دڵی خەڵکدا پەروەردە دەکرد، لەو ساتەدا کە هاتبوون بۆ ماڵی ئێمە ئەگەر خاڵیشم لەوێ بووایە دەیانگرت. دەیانگرت و کڵاوەکەی ڕەشەبا دەیبرد.

بیرم چوو ئەوە بگێڕمەوە کە هەر ئەو کاتەی کە تەنیا بووم و لە ژوورێکدا زیندانی ئینفیرادی بووم تکام لە مفەوەز جاسم کرد کە ڕێگە بدات ڕادیۆیەک بکڕم و ڕێگە بدەن لە کاتی دیدارەکاندا کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤاریشم بۆ بهێنن. بۆ ڕادیۆکە ڕێگەی دا و پارەم دا بەمامەی گسکدەری میهرەبان ڕادیۆیەکی چکۆڵەی بۆ کڕیم و، دەیانهێشت کتێبی ڕۆمان و چیرۆکم بۆ بهێنن و ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانیش، هاوکاری، پاشکۆی عێراق، بەیان و ڕۆشنبیری نوێ، لە کاتی پشکنیندا دەیانبینی لاپەڕەی یەکەمی وێنەی دیکتاتۆرەکەی بەغدای پێوەیە ئیدی دڵنیا دەبوون و ڕێگەیان دەدا بگاتە دەستم. ماوەیەک دوای ئەوەی ئەو شیعرانەی کە لەسەر دەستماڵی کاغەزین دەمنووسی و دەمناردەوە بۆ کەرکووک بۆ مستەفا، لە یەکێک لە ژمارەکانی پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراقدا شیعرێکی خۆمم بینی و بەناوی خوازراوی "هەتاو گەرمیانی" بڵاوکرابووەوە، زانیم

مستەفا ئەو کارەی کردووە و هۆنراوەکەمی بۆ بڵاوکردنەوە ناردووە. هەر لەو ڕۆژنامانەوە چەند شیعرێکی خۆیشیم خوێندەوە کە هەر بەناوی خۆی مستەفا گەرمیانییەوە بڵاو ببوونەوە و گوزارەیان لە خۆشەویستی ئەو دەکرد بۆ من، بەوانە زۆر دڵم خۆش بوو. دواتریش و بەدرێژایی ساڵانی هەشتاکان بەناوی خوازراوەوە لە گۆڤارەکانی شاخیشدا "گزنگ" و "نووسەری کوردستان" و تەوار بەچەندان ناوی خوازراوی وەک ژاڵە، ئاڵا، هەتاو و... هتد بڵاو دەبوونەوە.

ئێوارەیەکیان دەرگای ئەو زیندانەی کە ئێمەی تێدابووین و جمەی دەهات، کردەوە و کچێکیان هێنابوو، شازاد لە دێی دوانزە ئیمامەوە کە نزیک کفرییە لەگەڵ باوکیدا گیرابوو هێنرابوونە ئەوێ. ئەویش برایەکی پێشمەرگە بوو. من پێشتر شازادم نەدیبوو، بەڵام ئەو ناوی منی بیستبوو. کە زانی من لەوێم یەکسەر هاتە لای منەوە و زۆری ماچ کردم. جێگاکەشی هەر لای منەوە دانا. شازاد چونکە تازە گیرابوو هەواڵی نوێی دەرەوەی پێ بوو. کچێکی زۆر تێکۆشەر و چاونەترس بوو، هاوکاری پێشمەرگەشی دەکرد. یەکەم پرسیار کە لە شازادم کرد هەواڵی پێشمەرگە بوو، هەواڵی خالد گەرمیانیم پرسی. نازانم بڵێم لە دەروونی مندا چ بوومەلەرزەیەک ڕوویدا کاتێ هەواڵی شەهیدبوونی خالد گەرمیانیم لە شازادەوە بیست. نەک هەر من هەموو ئەو ژنانەی تریش بەو هەواڵە کزانەوە. ئیدی بێ ئەوەی پێشتر بڕیاری بۆ درا بێت پرسەیەکی گەرم لەو زیندانەدا بۆ خالد گەرمیانی دانرا. شازاد خۆی دەنگێکی بەسۆزی هەبوو، بەو دەنگە شەهیدی دەلاواندەوە و هەموومان دەگریاین، هێشتا شازاد تەواو نەبووبوو، ژنێکی تر دەستی پێ دەکرد و دەیلاواندەوە. ژنانی گەرمیان ئەوەندە کۆستیان کەوتووە و ئازیزیان شەهید بووە، هەموویان بۆ لاواندنەوەی ئازیزانی لەدەستچوویان بوونەتە شایەر. لەوێدا بۆم دەرکەوت هەر من نیم شیعر دەنووسم، ئەوەتا ژنانی وڵاتەکەم هەموویان شاعیرن، جیاوازی نێوان



من و ئەوان ئەوە بوو من بەپێنووس دەمنووسی و لەسەر کاغەز تۆمارم دەکردن، ئەوان لەسەر زار دەیانگوت و لە سنگیان تۆماریان دەکرد.

کە پاسەوان و پۆلیسەکان گوێیان لەو لاواندنە بەسۆزانەی ژنەکانی گەرمیان بوو، دەرگایان کردەوە و یەکەم جار وایانزانی گۆرانی دەڵێن و گوتیان گۆرانیگوتن قەدەغەیە، پاشتر زانییان ئەوە گریانە و چاوی هەموومان بووەتە گۆمی خوێن، حاڵی بوون کە پرسەمان داناوە و ئەویشیان قەدەغە کرد.

چونکە ژمارەی زیندانییەکان زۆر بووبوو، تا دەهات خواردنەکەشیان کەمتر و خراپتر دەبوو. ئەو هەموو منداڵە بەتایبەت کە دەمدی بەو شێوەیە بەبرسێتی دەمێننەوە زۆر پەست بووبووم لەو دۆخە سەخت و ناشایستەیە. بیرم کردەوە کە ڕەنگە ئەگەر مانگرتن لە خواردن دەست پێ بکەین، خۆراکەکە هەندێ چاکتر بکەنەوە. یەک یەک چوومە لای ژنەکان و پێم گوتن با ئیدی خواردن وەرنەگرین و داوا بکەین کە یان خواردنەکە باشتر و زۆرتر بکرێت یان ئێمە نان ناخۆین و تا مردن مان دەگرین. ژنەکان هەندێکیان قبوڵیان کرد و هەندێکیان لەسەرەتاوە دوودڵ بوون و پاشان هاتنە سەر قسەکەی من. بەڵام ئەوانەی کە منداڵی بچووکیان هەبوو خەمی ئەوەیان بوو کە منداڵەکان لەبرسا دەمرن. بەهەرحاڵ دەسمان پێکرد، نیوەڕۆ دەرگایان کردەوە و گوتیان یاڵڵا قاپەکانتان. کەس قاپی نەبرد و کەس لە جێی خۆی نەبزووا. جارێکی تریش گوتی و کەس نەجووڵا، پرسی مانتان گرتووە لە خواردن؟ ژنێک کە غەزالی ناو بوو. عەرەبییەکی باشی دەزانی و پێی گوت بەڵێ ئەوە کەی خواردنە ئێوە دەماندەنێ، ئەگەر خواردنەکە باش نەکەن، نامانەوێت، قیروسیا با بمرین. ئیدی زانییان مانگرتن دەستی پێکردووە مقۆ مقۆ کەوتە ناو زیندان و پۆلیسەکە بەدوای مفەوەزەکەدا چوو، ئەویش هات و پرسیاری کرد کە مەسەلە چییە و بۆ مان گیراوە لە خواردن، من وەڵامیم دایەوە و داواکەم پێ گەیاند. ئەو خۆی هیچی نەگوت

و ڕۆیشت، پاش تۆزێ هاتن بەدوای مندا و منیان بردە ژووری مفەوەزێک کە عەدنانی ناو بوو. لە بەڕێوەبەرێتی ئەمنەوە دوو کەس هاتبوون بۆ لێکۆڵینەوە لەو مانگرتنە. هەواڵەکەیان وا پێگەیشتبوو کە من بیری ئەو مانگرتنەم وروژاندووە و زیندانییەکانم ڕێکخستووە بۆ ئەو مانگرتنە. ئیدی لێکۆڵینەوە لەگەڵ مندا دەستی پێکردەوە.



## کورسی مەترسی

سواری ئۆتۆمبیلێکیان کردم و بردیانم بۆ دەزگای ئەمن، دەزگایەک بەکردەوە پێچەوانەی ناوەکەی تێیدا پیادە دەکرا. ئەمن وشەیەکی عەرەبییە و بەمانای ئاسایشی کوردی دێت، بەڵام بەکردەوە و لەو دەزگایەدا ئاسایشی مرۆڤ دەکەوتە خەتەرەوە و بەمۆدێرنترین داهێنان و ئامرازی ئەشکەنجە دایاندەپلۆسی.

بە درێژایی ڕێگای نێوان ئەو دوو دەزگایە لە پۆلیسەوە تا ئەمن، ئەگەرچی بەکات ماوەیەکی کەمی خایاند، بەڵام لەو ماوە کەمەدا هەموو ئەو ئەشکەنجە و ئازار و سووکایەتی و جنێوانەی پێشووم هاتنەوە یاد و، ئەوەندەی نەمابوو لە تاودا ڕۆحم لە قەفەزی جەستەمەوە هەڵبفڕێ. بۆیە دەڵێم قەفەزی جەستە، چونکە بەڕاستی لە ساتی وادا جەستە وەک قەفەزێکی ئاسنین هەست پێدەکرێت و ڕۆحیش وەک پەلەوەرێکی ئاگرین وایە و هەست دەکەی تاودەدات بۆ دەربازبوون لەو قەفەزە لە تاو سووتان و سوکایەتی.

خودایە ئەمجارە چیم لێ دەکەن؟ پرسیارێک بوو دەیان جاری تر کردبووم و وەڵامەکەیم بەکردەوە وەرگرتبووەوە. سووتاندن بەجگەرە! ئاییششششششش، چەند ئێشی دێ! تەنانەت باسکردنیشی دەمئێشێنێ. تۆ بڵێی ئەمجارەش بەجگەرە بمسووتێنن؟

بلێ بمبەن بۆ لای کێ باشە؟ پیاوە دەمامکدارەکە، ئەو کەسەی کە بەدیمەنی دەتۆقیم، جەللادەکە، کە لە چاو منی بچکۆلەی چواردەساڵیدا، ئەو وەک کەرتە شاخێک دەبینرا. تەنها ئەوەندەم خۆش بوو قۆڵی گرتم و لەسەر کورسییەک دانیام و کورسییەکە ڕایتەکاندم، چۆن ڕاتەکاندنێک! ڕاتەکاندنێکی بەهێز و سەیر! مەگەر بوومەلەرزە مرۆڤ وا ڕاتەکێنێ. میتودێکی تازەی ئەشکەنجە بوو، پێشتر بەخزمەتی کورسی کارەبایی نەگەیشتبووم. ئەوەندەم زانی لەسەر کورسی دەرپەڕیوم و لەسەر زەوی کەوتووم، دڵم تەپەتەپ لێ دەدات، دەڵێی لە ماراسۆنێک گەڕاومەتەوە. هەناسەم سواربووە، سەرم گێژدەخوات و دڵم تێکهەڵدێت و دەڕشێمەوە.

ماوەیەک بەتەنها بەجێهێڵدرام، ماوەکەی نە زۆر کورت بوو نە زۆر درێژ، بەڵام بەدرێژایی ئەو کاتە داهێزرابووم و بەرچاویشم لێڵ بوو. زۆر دەترسام، ترسی هیچ کاتێکی پێشووی زیندانم وەک ئەو کاتە نەبوو. مەترسی کوێربوونم دەکرد چونکە هەستم دەکرد لەناو ژوورەکەدا دووکەڵ هەیە و لە دڵی خۆمدا دەمگوت تازە چاوەکانم لەدەست دا. نەدەهاتەوە بیرم هیچیان لەچاوم کردبێت، بۆیە پێم سەیر بوو دانیشتن لەسەر ئەو کورسییە بێ لە هەموو شوێنێکی تر، کاریگەری لەسەر چاوم هەبێت.

جیبڕ.. دەرگا کرایەوە، بەلێڵی ژنێکم دەدی کراسێکی سپی لەبەردا بوو، ڕوخساریم بۆ نەدەخوێندرایەوە و نەمدەزانی ژنێکی جوانە یان ناشیرین. دانیشت لە لام و قۆڵی منیان بۆی گرت و ئەویش شیرینقەکەی ئامادە دەکرد. لەناو ئەو دیمەنە لێڵەی ژوورەکەدا تارمایی مردنم دەدی و هەمیشەش لە پشتی ئەو تارماییە ترسناکانەوە وێنەی دەموچاوی خەمبار و نوورانی و پەپوولەییەکانەی دایکمم دەدی دەمی دەجووڵاند و دۆعای بۆ من دەکرد.

دڵم دەیگوت شرینقەی مەرگت لێ دەدەن! هەستم هیچی نەدەگوت و سڕبوونێکم لە لەشم هەست پێ دەکرد، بۆیە کە دەرزییەکەی پێدا دەکرد



ئەوەندە نەدەئێشا، بەڵام کە سرنجی شرینقەکە خوێنەکەی دەمژی، لە هەناومەوە هەستم بەبۆشاییەک دەکرد و وردە وردە بۆشاییەکە گەورەتر دەبووەوە. لاواز و لاوازتر دەبووم. تا ئەو کاتەی کە لەئاگادا بووم چوار بوتڵ خوێنیان لێ دەرهێنام و دوای ئەوە ئیدی من ئاگام لە هیچ نەبوو، نازانم چەندی تریان لە خوێنم مژیبوو.

باوکم لەبەر دەرگای شیشی زیندانەکە دانیشتبوو، مات و مەلوول چاوەڕوانی هێنانەوەی منی دەکرد. کە ئێوارەیەکی درەنگ هێنایانمەوە و بەبەردەم زیندانەکەی ئەودا بردیانم بۆ ژووری ژنان، باوکم فرمێسک زابووە چاوەکانی و دوای ئەوە لە کونی دیوارەکەی کە لە نێوان ژوورەکەمانەوە بوو دڵی دەدامەوە و ئامۆژگاری کردم. من هیچم لە لای باوکم سەبارەت بەکورسییەکە نەگێڕایەوە، بەڵام گوتم کە دەرزییان لێ داوم و خوێنیان دەرهێناوم بۆ پشکنین. باوکم تێگەیشت چ لە ئارادابووە، پێی گوتم: باش بوو ئەمجارەش هێنایانیەوە، کچم ڕەحەت دانیشە، ئەم زاڵمانە دەتکوژن.

شوێنەواری هیچ ئەشکەنجەیەک بەجەستەمەوە نەبوو، بەڵام لاواز لاواز گەڕامەوە ناو ژنەکان و ڕۆیشتمە جێگاکەی خۆم. نەموێرا هیچ بدرکێنم و یەک وشەش لەسەر کورسی و شرینقەکە باس بکەم. لە تەنیشت شازاد دانیشتبووم، وردە وردە بێتاقەت دەبووم، سەرم خستە سەر ڕانی شازاد و ئەویش زۆر بەمیهرەبانییەوە بەپەنجەکانی قژی دادەهێنام و سەری دەڕوانیم. کاتێ بەئاگا هاتمەوە سێ کاتژمێری پێ چووبوو. لەو سێ کاتژمێرەدا شازاد پێیەکانی سڕبووبوو، بەڵام دڵی نەهاتبوو ببزوێ نەوەک خەوم بزڕێنێ. شازادم لەو زیندانە ناسی، زۆر نازی دەکێشام و وەک کەسێکی تایبەت ڕێزی لێ دەگرتم. منیش هەروابووم بۆ ئەو، ئێستاش خۆشم دەوێ. ئا ئەم هاوینە چووم بۆ ماڵیان لە سموود، وەک ئەوسا میهرەبان بوو. هەندێک لە بیرەوەرییەکانی ئەو ساتانەمان وەبیر یەکتری هێنایەوە.

لەناو ئەو زیندانەدا لە ژن و کچەکانی کفری پەیوەندیم لەگەڵ هەموویاندا باش بوو، بەڵام هەندێک لەوان نزیکتر بوون لە منەوە، هەدیە یەکێک بوو لەو کچانەی کە نێوانم لەگەڵیدا زۆر خۆش بوو. هەدیە یەک دوو ساڵێک لە من منداڵتر بوو، بەڵام خوشکەکەی فەوزیەی ناو بوو ساڵێک لە منیش گەورەتر بوو، ئەم دوو خوشکە لە دوو دایکی جیاواز بوون. مام ڕەشید دوو ژنی هێنابوو، زەکیە و جانە. هەردوو ژنەکەی و هەردوو کچەکەی و یەک دووانێ لە کوڕەکانی کە هێشتا منداڵ بوون ئازاد و فاروق و تاریق لەو زیندانەبوون، ئەوانی تر هاشم و سەلاح لەو دیو لەگەڵ باوکیان بوون، هەموو ئەمانە بەهۆی کوڕێکیانەوە گیرابوون کە پێشمەرگە بوو، نازمە بچکۆل، کە کوڕێکی قژ زەرد و چاوکاڵ بوو. بەمنداڵی کە دەچوومە ماڵیان زۆر جار نازمم دەبینی. من و فەوزیە بەمنداڵی زۆرمان پێکەوە یاری کردبوو، چونکە دراوسێ بووین و دیوارێکمان لە نێواندا بوو. ئەوان کرێچی ماڵی باپیرم بوون. فەوزیە لە ماڵەوە بەفەزە بانگیان دەکرد، تا ماوەیەکی زۆر نەمدەزانی ناوی فەوزیەیە و پێم وابوو هەر فەزە ناوی خۆیەتی. لە کوردەواریدا ناوەکان کورت دەکرێنەوە و جاری وا هەیە ناوە ڕەسەنەکە تەواو ون دەبێت. باوکم قەت ناوی منی کورت نەدەکردەوە و زۆر جوان بانگی دەکردم، دایکیشم تەنها جاروبارێ بە مەهە بانگی دەکردم ئەویش لە کاتی توورەبووندا و لەو کاتانەدا کە یەک دوو جار بانگی بکردمایە و بەدەنگیەوە نەچووبام سێیەم جار بە مەهە بانگی دەکردم. هەندێ جاریش لە خۆشەویستییا بە مەهە بانگی دەکردم.

من بەمنداڵی زۆر هاروهاج نەبووم و کەمێکیش شەرمن بووم. کە لە مەکتەب دەگەڕامەوە لەگەڵ فەوزیە لە کۆڵان یاریمان دەکرد. ئەو خۆی لە مەکتەب نەبوو، هەر قەت نەیاننایە بەر خوێندن. لە خوێندنگە ڕووناک جەمال زۆر هاوڕێم بوو، لە پۆلدا لەسەر یەک کورسی لە پێشی پێشەوە دادەنیشتین، هەردووکمان زیرەکی پۆل بووین، بەڵام ئەو لە من جوانتر بوو،



هەستم دەکرد مامۆستاکان هەڵاواردن دەکەن و ئەوانەی زۆر جوان بوون زۆرتر بایەخیان دەدەنێ. من و ڕووناک زۆر یەکتریمان خۆش دەویست، زوو زوویش لەیەکتر زیز دەبووین، بەبێ یەکتریش هەڵمان نەدەکرد و زوو ئاشت دەبووینەوە. کە زیز دەبووین نەدەبوو ناوی یەکتر بهێنین، قسەشمان لەگەڵ یەکتر دەکرد بەڵام لە جیاتی ناوی یەکتر بهێنین بەیەکترمان دەگوت"کچەکە". ئەوە نەریتی زیزبوونی نێوان ئێمە و کچۆڵەکانی دیکەی مەکتەب بوو. کە لێک دەتۆراین هێندەی نەدەبرد دڵمان بۆ یەکتر لێی دەدا و خوا خوامان بوو کەسێک بێت و ئاشتمان بکاتەوە لەگەڵ یەکتر. هەندێ جار نەسرین کامیل کە ئەویش هاوپۆلمان بوو، خزمی ڕووناکیش بوو، دەهاتە نێوانمانەوە و ئاشتی دەکردینەوە. کە ئاشت دەبووینەوە، لە سەرەتاوە ئەوەندە گەرم و گوڕ بووین لەگەڵ یەکتر ئاوڕمان لە کەسی تر نەدەدایەوە.

فەوزیە کە هاوڕێی گەڕەکم بوو، هانی دەدام لە ڕووناک بدەم. ماڵی پووری ڕووناک دراوسێمان بوو، کە ڕووناک دەهاتە ئەوێ و بەبەردەم ماڵماندا تێدەپەڕی فەوزیە خۆی لێی دەدا و هانی منیشی دەدا لێی بدەم. جارێکیان یەک تۆپەڵ قژی لەسەری ڕووناک کردەوە و کە پووری ڕووناک بۆ سکاڵاکردن هاتە لای دایکی، گوتی من نەبووم و مەهاباد بووە. ڕووناک ئێستاش هاوڕێیەکی شیرینمە، ئەگەرچی زۆر دەمێکە لێک دوور کەوتووینەتەوە. کاک مەحموود زامدار خاڵی ڕووناک بوو، کە پۆلی دووی ناوەندی بووم و هەندێک هۆنراوەم نووسیبوو، ڕووناک بردی و پیشانی خاڵی دا. کاک مەحموود زامدار لە چەند لاپەڕەیەکی سپی کە لە کۆتایی دەفتەرەکەدا بوو زۆر وشە و دێڕی جوانی هاندانی بۆ نووسیبووم، نووسیبووی: زۆر بەدیقەتەوە شیعرەکانتم خوێندەوە، زۆر بەدڵنیاییەوە نوقلانەی ئەوە لێ دەدەم کە تۆ دەبیت بەشاعیر و نووسەرێکی باشی دواڕۆژ.

ئەو وشانە لەو سەرەتایەدا کە هێشتا هیچ شتێکیشم بڵاونەکردبووەوە

کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان هەبوو لە سەرم و دوای ئەوەش کاک مەحموود بایەخی هەر بۆ من هەبوو. چەند ساڵ دوای ئەوە ئیدی من شیعرم بڵاوببووەوە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا، جارێکیشیان کۆڕێکی بۆ سێ لاوی شاعیری کفری لە هەولێر ساز کرد، کە عومەر فارس و فاتیح سەلام و من بووین، بایەخی زۆری بەمن دا.

لەناو زینداندا کارەکتەری هەندێ لەو ژنانەی کفری سەرنجی ڕادەکێشام. میم خەجێ ژنی گەورەی فەقێ عەلی کە خێزانێکی ناودار بوون لە کفری، چوار کوڕی پێشمەرگە بوو. خۆی و غەزالی هەوێیی و چەندکچ و کوڕێکی غەزال لەناو ئەو ژووری زیندانە بوون لەگەڵ ئێمە. فەقێ عەلی و دوو کوڕیشی نەوزاد و وریا لەودیو لە ژووری پیاوان بوون. ئەوەی سەرنجی منی ڕادەکێشا لە میم خەجێ ئازایەتی و بێباکییەکەی بوو. کەسایەتییەکی زۆر باوەڕبەخۆی هەبوو، لە جموجوڵ و هەڵسوکەوتیدا دەردەکەوت. دەنگێکی گڕی هەبوو، جگەرەی دەکێشا و دووکەڵەکەی بەبا دەدا. یەکجاریش نەمدی ئەو ژنە ورەی بڕووخێت و زۆر بەڕاشکاویشەوە دەیگوت: باکم چییە چوار کەڵە کێویم بەو شاخانەی کوردستانەوەیە. قاسمی فەقێ عەلی پێشمەرگەیەکی ناسراوی ئەو دەڤەرەی گەرمیان بوو ئەودەم، مەخابن هەر لەناو ئەو ساڵەدا ئەویش شەهید کرا.

میم خەجێ بۆی دەگێڕامەوە چۆن تەتەرێتی لە نێوان شاخ و شاردا کردووە و دەمانچە و تەقەمەنی و نامەی بۆ بردوون و هێناون. ئەو کار و فەرمانانەی ئەو جێبەجێی کردبوون هیچی لە هی پێشمەرگەیەک کەمتر نەبوو، بگرە ئەوەی ئەم کردبووی مەترسی لەسەر ژیانی زۆر زیاتر بوو لە هی پێشمەرگەیەک. ژنی کورد ئازا و لەخۆبووردوون، لەو زیندانەدا بۆم دەرکەوت کە چەند گرنگ و پێویست بوون بۆ شۆڕش و چەند بەشدارییەکی کاریگەریان هەبووە.

ژنێکی تر لەو ژنە میهرەبانانە میم تاوس بوو، ئەویش کوڕێکی



پێشمەرگە بوو ناوی ئەسکەندەر بوو. ئەسکەندەر کوڕێکی لاوی جوانکیلە بوو لە قوتابخانەی ئێمە دەیخوێند، وازی لە خوێندن هێنا و بوو بەپێشمەرگە. مەخابن هێشتا دایکی لە زیندانا بوو، ئەسکەندەر لە شەڕێکدا دەستگیر کرا و بردبوویان بۆ زیندانی موسڵ و لەوێ لەسێدارە درا. بەهۆی سەردانییەکانەوە هەواڵ گەیشتبووە ئێمە و جگە لە دایکی هەموومان دەمانزانی ئەسکەندەر شەهید کراوە، کەس دڵی نەدەهات هەواڵێکی ئەوەندە ناخۆش بەدایکی بگەیەنێت. میم تاوس نەیزانی بەهۆی شەهیدبوونی کوڕەکەیەوە لە زیندان ئازاد دەکرێت، کە گەیشتەوەماڵی خۆی ئەوسا ئەو کارەساتەی زانی. ئەسکەندەر شیعریشی دەنووسی، کە دەچوومە ماڵیان دایکی دەفتەرەکەی دەهێنا و دەیگوت بۆم بخوێنەوە. شیعرەکانی ئەسکەندەر سادە و جوان و شۆڕشگێڕانە بوون.

لەناو زینداندا چوار ژن هەبوو هەوێیی یەکتر بوون، جاروبار دژی یەک قسەیان دەکرد و لێیان دەبوو بەشەڕ. جگە لەوان هەندێ جار ژنانی تریش لەگەڵ یەکتر بەشەڕ دەهاتن لەسەر جێگە و خۆراک و شتی سادەی وا. بەهۆی ئەوەی ژوورەکە بچووک بوو، ئەو هەموو خەڵکەشی تێ ترێنجێنرابوو، بۆیە زوو زوو لەسەر جێگە دەبوو بەشەڕ.

من چونکە کۆنترین زیندانی بووم، جێگەکەم لە سەرووی سەرەوە بوو، ئەمەل و ئەنفال تا ئەو کاتەی کە لە زیندان ئازاد کران لە تەنیشت منەوە بوو جێگاکەیان، کە ئەوان ئازادکران و شازادیش تازە هاتبوو، جێگەکەی ئەوم دا بەو، شازاد و هەدیەش لە تەنیشت منەوە دەنووستن و بەو شێوەیە ڕیز بووبووین و تا لای دەرگاکە، تا ئەو ڕادەیەی کە دەرگایان دەکردەوە بەئاستەم بۆیان دەکرایەوە.

میم سەبری ژنێکی تری سەرنج ڕاکێش بوو. شارەزاییەکی زۆر باشی هەبوو لە شێلانی کۆڵنج و سەرگرتنەوە و ناوکگرتنەوە و قوڕگ هەڵدان.

بەو ڕۆژگارە هەر کەسێکمان شوێنێکی بئێشایە دەچووە لای ئەو و ئەویش دڵسۆزانە دەکەوتە شێلانی. ژنێکی خەڵکی مەندەلی لەوێ بوو لە گەڵمان، کوڕەکەی لە ژووری بەرامبەردا زیندانی بوو، تەمەنی کوڕە ٢٥ساڵ بوو، جارێکیان یەکجار زۆر نەخۆش بوو، دایکی بەتەمای نەما، هێنایان بۆ ئەمدیو بۆ لای دایکی تا ماڵئاوایی لێ بکات، چونکە هەموو وایان دەزانی گیان دەدات. کە هێنایانە ئەمدیو، میم سەبری چووە سەری و پشکنینێکی تەواوی بۆی کرد و گوتی: دڵی کەوتووە و ئێستا چاکی دەکەمەوە. بەڕاستی دۆخی تەندروستی ئەو کوڕە هی ئەوە نەبوو کەس باوەڕ بکات بەشێلانی میم سەبری چاک ببێتەوە، بەچواردەستە هێنابوویان بۆ لای دایکی.

ماوەی یەک کاتژمێر میم سەبری خەریکی ئەم کوڕە بوو، دڵی بۆ گرتەوە، سەری بۆ گرتەوە، کۆڵنجی شێلا و چەوری کرد. کوڕە هەستایە سەر پێ و بەپێی خۆی چووەوە زیندانی پیاوان. ئەم ڕووداوە وای کرد زیاتر دان بەتوانا و پسپۆڕێتی میم سەبری بنرێت. میم سەبریش ئەوەی زۆر پێ خۆش بوو. ئەو گوێی هەندێک گران بوو، کە قسەمان لەگەڵ دەکرد دەبوایە دەنگ هەڵبڕین.

میم ئامین یەکێکی تر بوو لەو ژنانەی کە تایبەتمەندی هەبوو. ژنێکی باریکی باڵابەرز بوو. ئەو لەبەر کوڕێکی گیرابوو ناوی مستەفا بوو. مستەفا هاوپۆلی من بوو لە قوتابخانەی ناوەندی. بەڵام کوڕە گەورەکەی مامۆستا بوو، لە یەکەم دیداریدا بۆ لای دایکی خواحافیزی لە دایکی کرد و پێی گوتبوو ئەوا منیش دەڕۆم دەبم بەپێشمەرگە. عەلی عەبدوڵڵا دەستی نووسینیشی هەبوو، کادیرێکی چالاکی کۆمەڵە بوو.

کەسایەتی میم ئامین جۆرێ بوو کە قسەی ناڕەوای قبوڵ نەدەکرد و زوو تووڕە دەبوو و وەڵامی دەدایەوە. ئەمەش وای لێ کردبوو ئەوانی تر پێی



بڵێن ئامە شێت. کوڕێکی چوارساڵەی لەگەڵ بوو ناوی هەورام بوو. کوڕی بچووکی بوو، زۆر نازی دەکێشا و خۆشی دەویست. هەرکەسێ قسەیەکی بەهەورام گوتبا میم ئامین تووڕە دەبوو نەیدەبڕییەوە. جارێکیان لەگەڵ میم ئامین دانیشتبووم و هەورام هەر تەماشای دەکردم. من نیشانەیەک کە بەقەد خاڵێکی ڕەشە بەملمەوەیە، هەورام هەر تەماشای خاڵەکەی ملی دەکردم. ئەوەندەم زانی بەنینۆکی خاڵەکەی گرتم و دەیویست لێی بکاتەوە. ئەوەندە ئێشا نەمزانی چۆن و چەند خێرا هاوارم کرد و تا توانیم یەک زللەم پیا کێشا. هەرکەسێکی تر زللەیەکی وای لە هەورام دابایە لە دەستی میم ئامین ڕزگاری نەدەبوو، بەڵام لەگەڵ من هیچی نەوت و زۆری پێ ناخۆش بوو هەورام ئازاری منی داوە. لە ڕاستیدا من هەورامم زۆر خۆش دەویست و دوای تۆزێ زۆر پەشیمان بوومەوە لەوەی زللەم پیاکێشا، بەڵام کاردانەوەیەکی سروشتی و خێرا بوو لە منەوە، بەبێ بڕیاری پێشوەخت ڕووی دا و کار لە کار ترازا. هەورامم ماچ کرد و ئاشت کردەوە، بەڵام ماوەیەکی زۆر خاڵەکەم دەئێشا و بەنینۆکی برینداربووبوو. منداڵ بوونەوەرێکی جوان و پاکە، ئەوەی دەیکات ئەگەر ئازاردەریش بێت بەهۆی بڕیارەوە نییە، چەند باشە بتوانین سروشتی وەریبگرین و توندوتیژی بەکار نەهێنین. بەڵام ئێمە ئەوەندە توندوتیژیمان لەگەڵ کراوە، کاردانەوەی لەو جۆرەمان دەبێت و خۆزگە بتوانین بەئاگاییەوە ئەم کاریگەییانە لە خۆمان بسڕینەوە.

ژنێکی تریش هەبوو خەڵکی مەندەلی بوو، ژنێکی زۆر فەقیر بوو، کەم قسەی دەکرد. دوو کچی لەگەڵدا بوو بەتەمەن یەک دوو ساڵی لە من گەورەتر بوون. زۆرم پێ سەیر بوو کچەکان لە دایکیان تووڕە دەبوون، لەوەش سەیرتر لە لام ئەوەبوو کە جنێویان دەدا و کە تووڕە دەبوون دەیانگوت: داڵک خیز، پدەر سەگ.

نەریتی لای ئێمە لە کفری وا نەبوو بتوانین لەڕووی دایکمان

بوەستینەوە. هەموو کچەکانی تری کفری کە لەناو زیندانا بوون نێوانیان لەگەڵ دایکیاندا ئاسایی بوو. بۆیە پێم سەیر بوو ئەو دوو کچە زۆر لە دایکیان تووڕە دەبوون، کە دایکێکی میهرەبانیش بوو.

بۆ ئەوەی کەس لێمان تێ نەگات کە هەندێ باسمان پێکەوە دەکرد، شازاد گوتی وەرە فێری زمانی کزیبزیت بکەم. کە هەندێ قسەی بەو زمانە کرد، گوتم مەحاڵە فێری بم. شازاد وتی: زۆر ئاسانە، هەر کوردییەکەی خۆمانە، تەنها لە نێوان هەر حەرفێک و حەرفێکی تردا پیتی ز دابنێ. بۆ نموونە تەون دەبێتە تزەوزن.

تەنها ئەو نموونەی پێ گوتم و ئیدی وەک بولبول بەزمانی کزیبزی قسەمان دەکرد و ئەوانیتر هیچ تێنەدەگەیشتن لێمان. شازاد کەسی تری فێری ئەو زمانە نەکرد و زمانی نهێنی نێوان خۆمان مایەوە. بۆ نموونە: ئزەڵزێن شزەڕزێ بزووزە. واتە: ئەڵێن شەڕێ بووە.

بەو شەفرانە زیاتر باسی ئەو هەواڵانەمان دەکرد کە لە ڕێگەی سەردانییەکانەوە لە دێهاتەوە و لەناو پێشمەرگەوە دەگەیشتنە ئێمە. ئەو دەم سەردانییەکانی شازاد لە دێیەکانەوە بوو، ئەوانەی من دایکم و خوشک و براکانی دیکەم لە ماڵی مامم لە بەغدا بوون و لەوێوە دەهاتنە سەردانیم.

ئەو کاتانەی کە ئینفیرادی بووم کات زۆر درەنگ تێدەپەڕی و ناخۆش دەگوزەرا، بەڵام ئەو کاتەی کە لەگەڵ هاوشارییەکانی خۆمدا بووم زۆر هەستم بەکات نەدەکرد و ئەگەرچی ئەو قەرەباڵغییە سەختی دروست کردبوو، بەڵام زۆر ناخۆش نەدەگوزەرا.

هەندێک لەو هاوشارییە زیندانییانەم کە کوڕە پێشمەرگەکانیان شەهید دەبوو، بەردەبوون. هەندێکی تریان کە کوڕەکانیان دەهاتنەوە و چەکیان دادەنا و تەسلیم دەبوونەوە، بەردەدران. شازاد لەوانە بوو بەشەهیدبوونی ئەحمەدی برای ئازاد کرا.



سەید محێدین پیرەمێردێک بوو خۆی دەیگوت تەمەنی ١٢٠ ساڵە. بەو پێیەی ڕووداوەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمی دەگێڕایەوە و باسی تەمەنی خۆی دەکرد لەو کاتەدا، دەردەکەوت کە ڕاستە تەمەنی لەو دەوروبەرەیە. ئەم پیرەمێردەیان لە بەر سەید محەمەدی کوڕی گرتبوو کە بەرپرسی کەرتی ڕێکخستنی کفری بوو. لە دواییدا ئەو بەرپرسی من بوو لە ڕێکخستنی نهێنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.

شاخەوان کوڕەزای بوو، واتە کوڕی سەید محەمەد بوو. کە گرتبوویان تەنها شاخەوان لە ماڵەوە بووە لەگەڵیان و ئەو منداڵەشیان گرتبوو. شاخەوان تەمەنی نێوان چوار و پێنج ساڵ بوو. ئەم منداڵە چەند ساڵ بەر لەوە لە زیندان لەدایک بوو بوو.

شاخەوان چونکە دایکی لەگەڵدا نەبوو، تەنها باپیرێکی زۆر پیری لەوێ بوو، زۆر بێ ناز و کەم خزمەت بوو. لە ژووری پیاوان لەگەڵ باپیریدا بوو، بەڵام باوکم هەوڵی دەدا قەرەبووی باوکی بۆ بکاتەوە و خزمەتی دەکرد. سەید محەمەد زۆر برادەری باوکم بوو، وەک باسم کرد یەکەمین گۆڤاری کۆمەڵە ئەو بۆ باوکمی هێنا و من بۆیم خوێندەوە.

هەفتەی جارێک و لە کاتی دیداردا پیاوەکانیان دەهێنا ژن و منداڵەکانیان ببینن. باوکیشم کە دەهات بۆ لای من شاخەوان و سەید محێدینیشی لەگەڵ خۆی دەهێنا و هەندێ جار بۆ چەند ڕۆژێک شاخەوانیان لای من بەجێدەهێشت، منیش وەک برایەکی بچووکی خۆم ئاگام لێدەبوو، هەوڵم دەدا قەرەبوویەک بم بۆ ئەو نازە لەدەستچووەی دایکی. دایکی شاخەوان، لە یەکێک لەو دێهاتانەی گەرمیان نیشتەجێ بوو بوو، بەشاخەوانەوە هەشت منداڵی کوڕ و کچی تری هەبوو. ئاخ، ئەنفال هەر هەموویانی بەشاخەوانیشەوە ڕاماڵی و، سەید محەمەدیش دەستگیرکرا و لە سێدارە درا. ئێستا لە شاری کفری پەیکەرێک بۆ سەید محەمەد کراوە.

لە زیندان خۆشوشتن بەدەگمەن ڕوویدەدا، سەرمان هەمیشە چەور و چڵکن بوو، دەخورا. من دوای چەند مانگێک ئەسپێ تێی دابووم. زیندانییەکانی تریش هەر وا بوون. زۆر جار سەرمان دەنایە سەر ڕانی یەکتر و سەری یەکترمان دەڕوانی و ئەسپێکانی یەکترمان دەردەکرد. شازاد و هەدیە لە سەرڕوانینی مندا بوون بەبکوژی دەیان ئەسپێی قەڵەو و خواپێداو. زۆر جار بەدەم سەرڕوانینەوە لەسەر ڕانیاندا خپ، خەوم لێدەکەوت.

شێوازێکمان دۆزیبووەوە بۆ ئاو گەرمکردن. پارەمان دەدا بەگسکدەرەکە مۆممان بۆ بکڕێت. چەند مۆمێکمان بەیەکتروە دەبەست و بەپەڕۆیەکدا دەمانپێچایەوە و داماندەگیرسان. سێپایەکمان لە سێ بەرد دروست دەکرد و مەنجەڵێک ئاومان دەنایە سەری. مەنجەڵەکانیش هی ئەو خواردنانە بوون کە کەسوکارمان لە سەردانەکاندا بۆیان دەهێناین. بەهەر حاڵ بەو مەنجەڵە ئاوە، کە دەهاتە کوڵ و لەگەڵ ئاوی سارددا تێکەڵمان دەکرد دەمانتوانی سەرمان لە ملەوە بشۆین، یان ئەوپەڕی هەر بۆ ناو دەستێک لە لەشمان بدەین.

لە زینداندا شتێک کە زۆربەمان خۆمان پێوە خەریک دەکرد چنین بوو. من پێش ئەوەی بچمە زیندان هیچ جۆرێکی چنینم نەدەزانی. زیندانییەکان هەر شتێ بزانن فێری یەکتر دەکەن و خۆخەریککردنێکی گشتی بەو شتانەوە ئۆخژنێک دەبەخشێت. منیش لە هەر یەکێک لەوانەوە شتێک لە چنین فێر بووم. پارەمان دەدایە گسکدەرەکە خوری و شیشی چنینمان بۆ بکڕێت. من چەندان بلووز و چاکەت و کراس و کڵاوم چنی. هەر لەوێ لەگەڵ هەدیە ڕێککەوتین هەندێک شت بۆ پێشمەرگە بچنین و ئەو بینێریتەوە بۆ نازمی برای. ساڵی ١٩٨٨ کە نازم و فاروقی برای لەگەڵ هەژدە پێشمەرگەی تر لە شەڕێکدا گەمارۆدران و هەموویان شەهید کران، لە کۆگۆڕێکدا حەشاریان دابوون. ساڵی پار، سەرەتای ٢٠٠٤، لە نزیک



ئاوە سپی لە دووز گۆڕە بەکۆمەڵەکە دۆزرایەوە و ئێسک و پرووسک و کەللە سەرەکانیان ناسرانەوە کە ئەوانن. من لە کوردساتەوە کەللە سەری شەهید نازمم لەناو لەپی دەستەکانی مام ڕەشیددا بینی، لەگەڵ ئەودا زۆر فرمێسکم ڕشت. هەدیە دەیگوت بەبلووزەکەیدا ناسیمەوە، ڕێک ئەو بلووزە بوو کە بەدەستەکانی خۆم بۆم چنیبوو. هەدیە کە باسی شەهید نازم دەکات، ئاگرێک لە هەناومەوە هەست پێ دەکەم. دیمەنی ئەو ساتانەم دێتەوە بەرچاو کە سەردەمی مفاوەزاتی یەکێتی نیشتیمانی بوو لەگەڵ حکوومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٨٤، نازمیش هاتبۆوە و منیش بۆ سەردانی چوومەماڵیان. من لە منداڵییەوە ئەوم دەناسی و کوڕێکی ڕەوشت بەرز و میهرەبان بوو. ئەو خوێندەواری نەبوو، بەڵام هەوڵی هەبوو بۆ تێگەیشتن لە واقیعی سیاسی، ئەو زیاتر لە بواری پێشمەرگایەتیدا کاری دەکرد و پێشمەرگەیەکی ئازا بوو.

من لەناو زینداندا ڕادیۆیەکی بچکۆلەشم هەبوو، پێیان گوتبووم کە بۆم هەیە تەنها گوێ لە گۆرانی بگرم، بەڵام من بەدزییەوە دەچوومە نێو حەمامەکەوە و گوێم لە دەنگوباسی جیهانیش دەگرت. ڕادیۆی عەرەبی لەندەن و دەنگی ئەمریکا و دەنگی ئیسرائیل. ئەم ئێستگانەم دەناسی، چونکە باوکم لەماڵەوە شەوان بەبەردەوامی ڕادیۆیەکەی لە پاڵ خۆیدا دادەنا و گوێی لە دەنگ و باس دەگرت، کە دەچوو بۆ نووستنیش ڕادیۆکە هەر لە ژوور سەرییەوە بوو، بەدەم گوێگرتن لە دەنگوباسەکان خەوی لێدەکەوت. هەندێ جار کە دەمبینی نووستووە دەچووم ڕادیۆکەم دەکوژانەوە، کەچی زوو بەخەبەر دەهاتەوە و هەڵی دەکردەوە.

گوێگرتن لە دەنگ و باس بوو بەنەریتێک لە لای منیش، لە زینداندا بەدزییەوە ئەو نەریتەم پەیڕەوی دەکرد. لە دەنگوباسەکانەوە ئاگاداری ئەو ئاڵۆزییانە دەبووم کە خەریک بوو لە نێوانی عێراق و ئێراندا ڕووی دەدا.

هەر لەو ماوەیەدا لە دەنگوباسی ڕادیۆی عێراقدا هەواڵی مردنی

خومەینی بڵاوکرایەوە. ئەمەل هەر دەگریا و ژیر نەدەبووەوە، منیش چووم لە حەمامەکە و بەدزییەوە ڕادیۆی ئێرانم دۆزییەوە، ئەوان هەواڵەکەیان بەدرۆ خستەوە، ڕۆژی هەینی بوو، باسی وتاری هەینی ئیمامیان دەکرد. ئەمەل ژیر بووە و زۆر خۆشحاڵ بوو. پاش ماوەیەکی تر دیسان عێراق هەواڵی مردنی خومەینی بڵاوکردەوە، ئیدی ئەمەل نەگریا و زانی پڕوپاگەندە و درۆیە.

ئەوەی کە بەئەستەم پێمان دەگەیشت، هەواڵی کوردستان بوو، هەواڵی پێشمەرگە و شۆڕش بوو، تەنها لە ڕێگەی سەردانییەکانی کەسوکارمانەوە تۆزێ هەواڵمان پێدەگەیشت، هەواڵی ئەوەی چالاکی چی کراوە و دەستکەوتی پێشمەرگە چی بووە و زیانی دوژمن چی بووە و لە هێزی پێشمەرگە چ زیانێ کەوتووە وکێ شەهید کراوە. هەمیشە وامان هەست دەکرد، ها ئێستا، ها ساتێکی تر سەددام دەڕووخێت.



## کڵاوڕۆژنەیەک

سەرەتای مانگی سێپتەمبەری ئەو ساڵە، ساڵی ١٩٨٠، هەستم کرد لە کڵاوڕۆژنەیەکەوە هەندێک ڕووناکیم بەرکەوت. ئەگەرچی ئومێدمان بەوە بوو ڕژێمی سەددام بڕووخێت، ئەو ئومێدەش بەهۆی تامەزرۆییمانەوە بوو بۆ ئازادی، بەڵام زۆر جاریش بێ ئومێد دەبووین لەوەی ڕزگارمان ببێ. چونکە ڕۆژ دەهات و شەو دەڕۆیشت، هەر دەهات و دەڕۆیشت و شتێکی نوێ ڕووی نەدەدا. بەهەرحاڵ دەرگایان کردەوە و ئەو ڕۆژە شتێکی نوێ ڕووی دا. مفەوەز جاسم کاغەزێکی پێ بوو، لەناو کاغەزەکەدا ئاگادارکردنەوەی تێدا بوو بۆ من، کە لە ماوەی هەفتەیەکدا خۆم بۆ دادگا ئامادە بکەم و دەبوایە ببرێم بۆ بەغدا، لە دادگای ئەلسەورە دادگایی بکرێم. ئەو دادگایە باڵاترین دادگای بەعس بوو بۆ سزادانی نەیارانی سیاسی. نەیارانی سیاسی ڕژێم تەنها سەرکردەکانی حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن نەبوون، بەڵکە هەر کەسێک بوو کە کەمترین بەرهەڵستیشی دەکرد، تەمەن گرنگ نەبوو بەلایانەوە. منداڵی دە ساڵیش لەو دادگایەدا سزای بەسەردا دەسەپێندرا.

من کە لە زیندانی بەعقووبە بووم، دوو منداڵیان هێنا تەمەنیان لە نێوان دە و دوانزە ساڵ بوو، لە کاتی یاریکردندا بوو بوو بەشەڕیان و وێنەیەکی سەددام بەدەستیانەوە دڕابوو، ئیدی هەردووکیان وەک تاوانبار لە زینداندا

ماوەیەک ئەشکەنجە درابوون و پێیان وابوو کە کەسانێک هانیان داون بۆ دڕاندنی ئەو وێنەیە. تەنها یەک ڕستە بەس بوو بۆ ئەوەی ببیت بەتاوانبار. پیاوێکی خەڵکی کفری، کە لە داڵانی دادگای سەورە بینیم یەک ساڵ زیاتر بوو لە بەندیخانەکانی بەغدا قایم کرابوو، کەسوکاریشی سۆراخیان نەدەزانی، تاوانەکەی هەر ئەوەندە بوو کە ڕۆژێک لە ڕێپێوانێکدا کە بەعس بەزۆر بەقوتابیانی دەکرد و دروشمی پێ دەگوتنەوە بۆ پشتگیری لە فەلەستین و دژ بەئیسرائیل، ئەم پیاوە کە گوێی لە دروشمەکان بوو بوو، لەبەر خۆیەوە گوتبووی: های ئێستا بەم دروشمانە فەلەستین ئازاد دەبێت! ئەو ڕستەیە هەموو تاوانەکەی بوو. من ئەگەرچی تەمەنم کەم بوو، ئەودەم تەنها چواردەساڵ بووم و تاوانەکەشم تەنها نووسینی چەند هۆنراوەیەک و چەند بیرەوەرییەک بوو لەناو ڕۆژژمێرەکەم، بەڵام تاوانەکەی من لە چاو ئەو دوو نموونەیەی تر زۆر گەورە بوو لە لای بەعس.

کە گوتیان مەحکەمە دەکرێی دڵم خۆش بوو، هەرچۆنێک بێت مرۆڤ لێی ئاشکرا دەبێت چ چارەنووسێکی هەیە، دوای دادگاییکردن. دەمگوت لە ئێستا باشتر دەبێت یان چەند ساڵێک حوکم دەدرێم، یان لەسێدارە دەدرێم، یان بەردەدرێم. سێ ئەڵتەرناتیڤ هەبوو، بۆ هەرسێکیان خۆمم ڕاهێنا لە ماوەی ئەو هەفتەی چاوەڕوانییەدا، کە لە لایەکەوە حەزم دەکرد زوو بڕوا و چارەنووسم دیاربکەوێت، لە لایەکی تریشەوە نیگەرانییەکی زۆرم هەبوو و لەگەڵ ئەو هەموو خۆڕاهێنانەشدا هەر پێم سەخت بوو کە بیرم دەکردەوە لە نەمانی خۆم و دەهاتەوە بەرچاوم دایکم چ جۆرێ پێشوازی لە تەرمەکەم دەکات؟ یان ئاخۆ دەهێڵن هیچ نەبێت لاشەکەم ببینێت و بینێژێت و هەموو پێنجشەمووانێک بێتە سەر گۆڕەکەم؟. چونکە زۆر کەسیان لە سێدارە دەدا و تەنانەت تەرمەکەشیان نەدەدایەوە بەکەسوکاری و ڕێگەشیان نەدەدا پرسەی بۆ دابنرێت.

ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی سەرەتای گیرانی من، کوڕێکی مام ڕەشید بەلەگە،



کە ئەودەم چوار پێنج ساڵێک تەمەنی بوو، بەڕاکردن چووبوو بۆ ماڵی ئێمە و بەدایکمی گوتبوو، مەهاباد ئیعدام کراوە و ئەوەتا جەنازەکەیان هێنایەوە. دایکم دەستی کردبووە شیوەن و سنگکوتان، وای زانیبوو ڕاستە. باش بوو زوو پێی گوترابوو وا نییە و ئەو منداڵە لە خۆیەوە ئەو قسەیەی کردووە.

دایکم ژنێکی زۆر سادە و دڵسافە، وەک زۆربەی ژنانی لەتەمەنی خۆی، نەخوێندەوارە. دایکم زۆر حەزی لەوەبوو فێری خوێندن و نووسین ببێت. ئەو ساڵە هەڵمەتێکی نەهێشتنی نەخوێندەواری دەستی پێکرد و دایکیشم بوو بەفێرخواز. ئەوەندە بەعەشقەوە دەچوو بۆ خوێندنگە و کتێبەکانی دەخوێندەوە و ئەرکەکانی لە ماڵەوە دەنووسییەوە، دەتگوت منداڵێکی شەش ساڵییە و تازە دەستی بەقوتابخانەی سەرەتایی کردووە. ئێمەش لە ماڵەوە یارمەتیمان دەدا بۆ فێربوون. فێری حەرفەکان بوو بوو، بەحونجە ڕۆژنامەی دەخوێندەوە. کە ئەوم دەدی بەو عەشقەوە دەخوێنێتەوە، منداڵی خۆمم بیر دەکەوتەوە، ئەو دەمەی کە فێری حەرفەکان بووم و بەحونجە ڕۆژنامەم دەخوێندەوە. دایکم کە منداڵ بووە نراوەتە بەر خوێندن، ئەوساش زۆر حەزی لە فێربوون بووە، بەڵام لە یەکەم ڕۆژی خوێندنیدا، بەپێنووس لەسەر دیواری پۆلەکە دەنووسێ و دیوارەکە ڕەش دەکات، منداڵەکانی هاوڕێی پێی دەڵێن: ئێستا مامۆستا دێت و زمانت دەردەهێنێت و بیبەری تیژی بەسەردا دەکات و بەدەرزی دەیکوتێ. ئەمیش ئەوەندە دەترسێ لەو سزایە، دەڕوات بۆ ماڵەوە و ئیدی ناوێرێ بچێتەوە بۆ ئەو قوتابخانەیە. دایکم زۆر جار بەحەسرەتەوە ئەم یادگارییە تاڵەی خۆی دەگێڕێتەوە. ئەو ئاواتی ئەوە بوو بەگەورەییش بێت فێری خوێندەواری ببێت، بەڵام کە براکەم گیرا و، من گیرام و باوکم گیرا و ئەوانی دیش پەرتەوازە بوون، نەیتوانی ئەو ئاواتەی بێتە دی و قوتابخانەی بەجێهێشت.

دایکم نەک هەر خۆی، باوکیشی عاشقی خوێندن و فێربوون بوو. باپیرم

"باوکی دایکم" گوێی گران بوو، هەر لە منداڵییەوە بەهۆی نەخۆشییەوە هەستی بیستنی لەدەست دابوو. باپیرەکەی ترم مەلا بوو، حوجرەی هەبوو بۆ فێرکردنی منداڵانی تر. لەو جۆرە حوجرانە منداڵ دوای فێربوونی ئەلف و بێ، دەرسی قورئانی دەخوێند. باوکی دایکم چوو بوو بۆ لای و داوای لێ کردبوو فێری خوێندەواری بکات، باوکم ئەودەم تەمەنی هەژدەساڵێک بووە و زۆربەی کوڕان لەودەمەدا لە کوردەواری ژنیان بۆ دەهێنرا. باپیرم گوتبووی "باشە سۆفی ئەگەر فێری خوێندەواریت بکەم، کچەکەت دەدەی بەکوڕەکەم؟"، ئەمیش زۆری پێ خۆش بوو بوو، چونکە مەلای باپیرم هەم پایەیەکی ئایینی و کۆمەڵایەتی باشی هەبوو لەناو خەڵکدا و، هەمیش لە ڕووی ئابوورییەوە دەستڕۆیشتوو بووە. بەو جۆرە ڕێکدەکەون و لەبەرامبەر فێربوونی ئەلف و بێ، باوکم دەبێت بەهاوسەری دایکم. ئەم دووانە ئەگەرچی کەسانی تر بڕیاریان بۆ چارەنووسیان دابوو، بەڵام پێکەوە زۆر گونجاو بوون، بەدەگمەن دەمانبینی شەڕێ بکەن. حیکمەتی ئەو شەڕنەکردنەش لە دایکمەوە بوو، نازانم ئەو هێمنییە لە کوێوە دەهێنێت!

هەفتەی چاوەڕوانی و نیگەرانی هەرچۆنێک بێت کۆتایی پێهات و هاتن بەدوامدا. خواحافیزیم لە هاوڕێکانم و لە باوکم کرد و بردیانم. سواری ئۆتۆمبیلێکیان کردم لە سندوقێکی چوارگۆشەی داخراو دەچوو. هەموو زیندانیانیان بەم جۆرە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگواستەوە. نێوانی بەعقووبە و بەغدا تەنها یەک کاتژمێرە بەئوتومبێل، بەڵام چونکە مرۆ لەناو ئوتۆمبیلێکی نائاساییە و هیچکوێ نابینێ و نیگەرانە، ئەو کاتژمێرە وەک دە کاتژمێر بەسەر دەچێت.

ئۆتۆمبیلەکە ڕاوەستا، دەرگاکەیان کردەوە و دایانبەزاندم. کەلەبچەیان لە دەستەکانم نا و وەپێش خۆیانیان دام. خانوویەکی بڵند بوو، منیان برد بۆ ژوورێک، لە ژوورەکەدا کە دیار بوو ژووری بەڕێوەبەرە، مێزێکی زۆر جوان دەبریسکایەوە و لە پشتی مێزەکەشەوە پیاوێک دانیشتبوو زۆر زۆر قەڵەو



بوو، ڕێک بەقەد چوار پیاوی ئاسایی دەبوو. لەم لاو لەولاش قەنەفەی نەرم دانرابوو. منیان لەسەر قەنەفەیەک دانیشاند. ماوەیەک هیچ قسەیەکیان لەگەڵ من نەکرد، دوو پیاوی تریش لە بەرامبەر من دانیشتبوون و قسەیان لەگەڵ بەڕێوەبەردا دەکرد. قسەیان دەکرد و قا قا پێدەکەنین. ئاوڕیشیان لە من نەدەدایەوە، وەک ئەوەی هەر لەناو ئەو ژوورەشدا نەبم. باسەکانیان زۆر ناخۆش بوو، باسی هەندێ زیندانییان دەکرد کە چۆن ئەشکەنجەیان داون و چۆن ناچاریان کردوون میز و پیسایی خۆیان بخۆن و بوتڵیان تێبڕیون و ئەوانیش گریاون. ئەمانەیان باس دەکرد و پێدەکەنین. دوای ئەوەی ئەم شتانەیان باس دەکرد و منیش وەخت بوو زراوم بتۆقێت، بەڕێوەبەر سەیرێکی لای منی کرد و ناوی پرسیم و هەندێ پرسیاری ڕۆتینی تر کە لە هەموو جێیەکی تازە لێیان دەکردم. مەلەفەکەمی بەدەستەوە بوو تەماشای دەکرد. تەماشایەکی کردم و لێی پرسیم:

ئەوە بۆ ددانەکانت شکاون؟ ئەوە ئێمە شکاندوومانە؟ چەند ناشیرین و بەدفەساڵیت، خۆتت لە ئاوێنە دیوە؟"

کە ئەمەی گوت هەموویان دایانە قاقای پێکەنین، پێکەنینێکی وا کە دڵی کون دەکرد، دەروونی خاپوور دەکرد. هێزەکەی ناخەوەم کەوتەوە بەربەرەکانێ لەگەڵیان، ئەگەرچی ئەو قسە و سووکایەتییانە زۆر ئەشکەنجەئامێز بوون، بەڵام هیچم نەگوت و، هیچم نەکرد و هەوڵم دا نەگریەم. ئەو قسە و سووکایەتییانە هەر لە دڵم مابوو، دوای چەندان ساڵ لە هۆنراوەیەکدا وەڵامێکم بەوان دایەوە. من ئەگەرچی نەموێرا ڕاستەوخۆ باسی ئازار و ئەشکەنجەکانی زیندانم بکەم چونکە هەڕەشەی گەورەیان بەزمانبڕین لێکردم، بەڵام بەهۆی کۆد و سیمبوولەکانی زمانەوە لە زۆر لە هۆنراوەکانم، هەر جارە و هەندێکیانم هەڵدەڕێژا. لە هۆنراوەیەکدا، کە دە ساڵ دوای ئەوە لەژێر ناوی"سیمای تەڵخی ئاوێنەکان" نووسیم، گوتوومە:

ناشیرین نیم، ئاوێنەکان درۆ دەکەن، خۆیان تەڵخن!

لەو ڕۆژەوەی گوێزانەکان سەریان تاشیم
کەزی منیان کرد بەگوریس
ملی خۆمیان پێ بڕییەوە
هەسانەکان کەژی سنگمیان ئوتوو دەکرد
لقی تەڕی داری لەشمیان دەبڕییەوە
ژیلەمۆکان دەچزانە پەنجەکانم
ماچەکان لێم یاخی بوون و، لێوەکانیان دەقرتانم
ڕەوە قەلی سیا لەسەر ئەژنۆکانم دەنیشتنەوە
دەنووکیان دەدا لە مۆخی ناو ئێسقانم
لەو ڕۆژەوە..
ئاوێنەکان کرم لێی دان
ئاوێنەکان شەنگی سیما و..
شەوقی چاوی خۆیان دۆڕاند
چاوەکانم بێ باک بوون و پەنجەتووتەیان بۆ گرەو لەگەڵ خۆرا تێکەڵ
دەکرد
بۆ گەورەیی، بۆ قەشەنگی
قژم لەگەڵ دارستانی چڕوپڕی نیوەشەوێکی تەزییودا بوون بەهاوڕێ
لە پەنجەرەی چاوەکانما شەویان ڕوواند!
ئەی گلێنە ڕووخاوەکەم.. تۆ چیت لێهات؟
بڵێ.. لە کوێی؟
تا گەواهی بدەی بۆ شەنگی ڕووخسارم.
لە جەنگەڵی قژەکەمدا، ئاگریان چاند
ئەی قژە ڕەگسووتاوەکەم لە کوێی؟ لە کوێی؟!



تا دزێوی چەقۆکردی سەری نوقرچ نوقرچاویم بشارییەوە و
گەواهی دەی بۆ قەشەنگی سەری قورسی پڕ ئازارم.
بیلبیلە دزراوەکانم
کەزییە دەرهێنراوەکانم
گەر بێنەوە، ئاوێنەکان لە شەرمانا درز دەیانبا
گومان دڵی ژەنگگرتوویان دەسووتێنێ
گەر بێنەوە، پارچەکانی لەشی سرکم لە خۆشییا تێر تێر دەگرین
قەڵبەزەکانی دەروونم سەما دەکەن
ئاهەنگی سوور کەژاوەکانی گەردوونی تینووی گیانم دەبووژێنێ
گلێنەکەم،
من ئێستاکەش هەر بەتۆ دنیا دەبینم
ئاوێنەکان درۆ دەکەن خۆیان تەڵخن
چاڵی چاوەکانم ئێستاش
جووتێ خۆری سیاپۆشیان لە ئامێزە و دەیلاوێنن
سەرم ئێستاش دارستانی پڕ لە بێشە و لە درەختە و
باڵندەکان تیا دەخوێنن
دڵم ئێستاش گەردوونێکی چراخانی پڕ لە عەشقە و،
شانۆی گەورەی دڵدارانی خۆرنەدیوە
ناخم ئێستاش پڕە لە ئاواتی سپی
گەرچی ملیۆنەها ڕمی ژەهرداری نائومێدی پیا چەقیوە.
ناشیرین نیم!
پەنجەکانم لە مۆم جوانتر
لە دڵی تاریکستانا دادەگیرسێن

لێوەکانم لە گوڵ جوانتر
بۆ پەپوولەی باڵنەخشینی هیوای وێڵبوو دەشنێنەوە و
ستران دەڵێن.
دەپەنجە هەڵوەریوەکان..
بێنەوە لام، پێنووسەکان بکەنەوە بەهاودەمم
دە لێوە پێکەنین تیا قەتیسماوەکان
وەرنەوە لای دانی چیربووی ئێشکی ژانگرتووی دەمم
تا ئاوێنەکان لە شەرما درز بیانبا، کرمەڕێز بن
بکەونە نێو چاڵی ڕەشی گوومانەوە و..
تارماییەکان لە ڕۆحم دوورەپەرێز بن.

زۆر جـــــار ئەو دیمەنەم دەهاتە بەرچاو و ئەو وتانەی ئەوان و سووکایەتییەکانیان نارەحەتی دەکردم. لە ٢ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٩٠ بەو هۆنراوەیە ویستم خەمێک لە خۆم بتەکێنم. هەر جارێ لە هۆنراوەیەکدا بڕێکم لەو خەمانە بەبادەدا، هەستم بەفەرامۆشییەکی دەروونی دەکرد.

لەدوای ئەو گاڵتەجارییەی ئەوێ، چاویان بەستمەوە و کەلەپچەیان کردە دەستم. یەکێک کەلەپچەکەی گرت و بردمی، نەمدەزانی کوێیە، بەڵام بەجۆری ڕۆیشتنەکەدا دیار بوو کە شەقامێکی ئاساییە. هیچ دەنگەدەنگ و قەرەباڵغییەک هەست پێ نەدەکرا، سەیر بوو لەسەر شەقامێکی ئاسایی بەغدا دەنگەدەنگێک نەبێت، چونکە بەغدا بەشلۆقی ناسرابوو. بەوەدا بۆم دەرکەوت ئەگەر شەقامیش بێت، شەقامێکی ئاسایی نییە.

چاویلکەکەمی داکەند، کەلەبچەکەمی کردەوە، دەرگای خانوویەکی کردەوە و بردمییە ژوورەوە. چەند ژنێک لەوێ بوون، دوو منداڵیش، یەک لە منداڵەکان شەش ساڵ دەبوو، ئەویدی کۆرپەی شیرەخۆرە بوو.

منی لەناو ئەوان بەجێهێشت و خۆی ڕۆیشت. ژنەکان دەوریان دام و هەر



یەکەو پرسیارێکی لێ دەکردم. دەیانویست بزانن من کێم، لەکوێوە هاتووم، چیم کردووە، کەی و بۆ گیراوم، ئایا هەواڵی دەرەوەم پێیە و لەدەرەوە چ باسە؟

ئەو ژنانە هەمـــوویان عـــەرەب بوون، دوو ژن خـــەڵکی بەســـرە بوون، یەکێکیان ئەندازیار و ئەویتریان دوکتۆر بوو. کچێکی قوتابی زانکۆی بەغدا، بەشی مێژوو بوو، ئەو کچە خەڵکی نەجەف بوو. ژنێکی تر کە منداڵێکی کۆرپەی پێبوو خەڵکی بەغدا بوو، ئەوی تریان منداڵێکی شەش ساڵی لەگەڵدابوو ئەویش هەر خەڵکی بەغدا بوو. هەموو ئەو ژنانە شیعە بوون و بەتۆمەتی ئەندامبوونیان لە حزبی دەعوە گیرابوون.

ئەو ژنانە لەناوخۆیاندا باسیان لە جۆری ئەشکەنجەکان دەکرد کە لە قۆناغی یەکەمی زیندانیکردنیان لە لایەن جەللادەکانەوە ئەنجام درابوو. یوسرا ئەو کچە قوتابییەی کە لە زانکۆوە ڕاپێچ کرابوو باسی دەکرد کە چەند بەشێوەیەکی دڕندانە لاقەکراوە. ئەو ئومێدێکی نەبوو کە بژی، دەیگوت ئەو کەسانەی کە لاقە دەکرێن ئیعدام دەکرێن. چونکە پێی وابوو ماوەیەکی کەم لە ژیانیدا ماوە، هەوڵی دەدا قسەی خۆش بۆ ئەوانی دی بگێڕێتەوە و بیانهێنێتە پێکەنین. بەڵام خۆی کەم پێدەکەنی.

ئەو منداڵەی کە تەمەنی شەش ساڵ بوو کوڕێک بوو ناوی موهەنەد بوو، سەددامیشیان پێ دەگوت. کاتێ ئەمنەکان دەرگایان دەکردەوە بۆ ئەوەی خواردن بهێنن، ژنەکان ناوەکەی تریان بەکاردەهێنا و دەیانویست بەهۆی سەددامی منداڵەوە داخی دڵیان بەسەددامی دیکتاتۆر بڕێژن. لە سەددامی منداڵ تووڕە دەبوون و دەیانگوت: سەددامی تڕن وەرە ئەملاوە. سەددامی سەگباب وا مەکە، سەددامی خوێڕی عاقڵ دانیشە. ئەمنەکان دیار بوو زۆریان پێناخۆشە، بەڵام کە دایکی خۆی بوو قسەی پێدەگوت نەیاندەزانی چی بکەن. کە ئەمنەکان دەڕۆیشتن ئەو منداڵە دەبووەوە بەموهەنەد و زۆر

بەرێزەوە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرد. بەو جۆرە ئەو منداڵە بەستەزمانە بووبوو بەقوربانی و چەکێکی لاواز بەدەست دایکی و ژنەکانی ترەوە بۆ بەرهەڵستیکردن و جنێودان بەدوژمن. دایکی موهەنەد ناوی سوعاد بوو. ئەم ژنە پزیشکی ژنان بوو، مێردەکەی شەش مانگ لەوەوبەر گیرابوو، حوکمی سێدارەی بۆ بڕابووەوە، ئەمیش بەخۆی و کوڕەکەیەوە گیرابوون و تا ئەوسا دادگایی نەکرابوون.

نوور ناوی ئەو کچە کۆرپەیە بوو کە لەگەڵ دایکیدا گیرابوو، ئەویش باوکی هەر لەو ماوەیەدا کوژرابوو. دایکی نوور ویستبووی خۆی دەرباز بکات و لە عێراق بڕواتە دەرەوە لەسەر سنووری سوریا گیرابوو هێنرابووە ئەوێ. هەر یەک لەو ژنانەش داستانێکی پڕ لە ئەندێشەیان هەبوو.

من تەنها سێ ڕۆژ لەگەڵیاندا بووم و هێشتا هەر هەستی نامۆییم تێدابوو بەرامبەریان، بەتایبەتیش کە هەموویان لە تەمەن زۆر لە من گەورەتر بوون. ئەوان هەوڵیان دەدا قسەم لەگەڵ بکەن، من خەمبار و بێدەنگ بووم. نەمدەزانی نیگەرانییمە بەرامبەر بەدادگاییکردنم، یان هەستی نامۆییە کە ئەوەندە هەستم بەچڕبوونەوەی خەم دەکرد. لەو زیندانەدا گەرماوێک هەبوو، لەوەتی لە زیندان بووم دەرفەتێکی وا نەڕەخسابوو بەتەواوەتی خۆم بشۆم. لەوێدا پاک خۆم شوشت، یەکێک لەو ژنانەی کە خەڵکی بەسرە بوو هاتە گەرماوەکە لەگەڵمدا و باش پشتی شوشتم. ئەو ژنە لە تەمەنی دایکم دەبوو، ژنێکی زۆر میهرەبان بوو، هەستێکی دایکانەی بەرامبەر بەمن دەنواند. هەندێ جار جنێوی بەبەعس دەدا وەک خۆی دەیگوت کە منداڵێکی وەک منی گرتووە. بەهەر حاڵ دوای ئەو سێ ڕۆژە، سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارەم هاتن و دیسانەوە سواری ئۆتۆمبیلە سندوقەکە کرامەوە و بردیانم.



## زیندانی زەعفەرانیە

کە لە سندووقەکە دایانگرتم و لەبەر دەرگاکەدا بینیم نووسراوە مەحکەمەی سەورە، ترسێک دڵی سمیم و موچڕکێکم بەلەشدا هات. بردمیانە هۆڵێکی گەورەوە، کە جگە لە خۆم کەسێکی تری تێدا نەبوو، سەیر بوو لە لام دادگایەک ئەوەندە چۆڵ بێت. پۆلیسێک لەبەردەرگاکە ڕاوەستابوو، ئەو ئەمنەی منی هێنابووە ئەوێ خۆی چووە ژوورێک کە دەرگاکەی لەناو هۆڵەکەوە بوو. پاش دە خولەک هاتەوە و گوتی دەبێ بتبەمەوە، دادگاییەکەت دواخراوە. کە پرسیم بۆ کەی دواخراوە هیچی نەگوت و بردمییە ناو سندووقی ئۆتۆمبیلەکەوە و لێیخوڕی. ماوەیەکی پێچوو دیسانەوە دابەزاندم و بردمییەوە هەمان ژووری ئەو پیاوەی کە بۆ ددانە شکاوەکانم گاڵتەی پێکردم. زۆر ڕقم لێی دەبووەوە، ئەوەندە ناشیرین بوو لەبەرچاوم حەزم دەکرد عیزرائیل ببینم و ئەو نەبینم. بەڵام ئەمجارە قسەی ناشیرینی نەگوت و گاڵتەی پێنەکردم، هەر ئاوڕشی لێ نەدەدامەوە. دیار بوو کێشەیەک لە ئارادایە و نەمدەزانی چییە، بەڵام هەموویان شێوەیەکی نائاساییان دەدایە بەر چاو دەتگوت شتێ رووی داوە، بەڵام ئەو شتە چییە، نەمدەزانی.

هەمان ئەو ئەمنە فایلێکی بەدەستەوەبوو منی لەگەڵ خۆیدا برد و دیسانەوە بۆ ناو سندووقەکە، پرسیم ئەمجارە بۆ کوێم دەبەن، گوتیان

پەلەت نەبێت کەی گەیشتی دەزانی ئەو شوێنە کوێیە. هەرچی جارێ قسەیەکی وایان کردبایە دڵم خەتەرەی دەکرد و دەمزانی ئاکامی باش نییە. هیچ چارێکم نەبوو جگە لەوەی چاوەڕێ بکەم و بزانم چارەنووسم دەگاتە کوێ.

دوای زیاتر لە کاتژمێرێ، لەبەردەم بەندیخانەیەکی گەورەدا ڕایانگرت و دایانبەزاندم. لەبەردەمی نووسرابوو بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی زەعفەرانیە. بردمیە ژووری مفەوەزێکی پۆلیس، دیار بوو بەرپرسی یەکەمی ئەو شوێنەیە. فایلەکەمی دایە دەستی و ئەویش لاپەڕەیەکی تری هێنا و هەندێ زانیاری ڕۆتینی لەسەرم تۆمار کرد. ناو، نازناو، پیشە کە ئەمانەیان لە هەموو شوێنێ دەپرسی و دەنووسی. بەڵام لێرە هەندێ زانیاری تایبەتیتریشیان نووسی وەکو، ڕەنگی پێست: ئەسمەر، ڕەنگی قژ: قاوەیی، ڕەنگی چاو: ڕەش، نیشانەگەلی جیاکەرەوە: خاڵێک لەسەر ملی لای چەپەوە و ددانەکانی پێشەوەی شکاون. ئەم زانیارییانە بۆ ئەوەبوون ئەگەر زیندانییەک هەڵهات بتوانن بەو نیشانانە بیدۆزنەوە. ئەم مفەوەزە خۆی چۆن بوو؟ پێست و چاو و سمێڵی ڕەش بوون، چەند تاڵە قژێکیشی پێوەبوون ئەوانیش هەر ڕەش بوون، کابرایەکی سەیر بوو، بەبێ هیچ هۆیەک یەک زللەی ئەمەندە قایم و لەناکاوی پێداکێشام هەر لە جێگەی خۆمدا سڕ بووم. ئەو نەدەبوو لێم بدات، لێدان و ئەشکەنجە لە قۆناغی لێکۆڵینەوەکاندا لە زیندانەکانی ئەمندا دەکران، من هێنرابووم بۆ ئەوێ تا کاتی دادگایی لە بەندیخانەکەی ئەوێ بم، کەچی یەک زللەی لێدام و خۆیشی گوتی: من تەنها یەک زللە لە هەر بەندییەک دەدەم کە دەیهێنن بۆ ئێرە، هەر بۆ خۆشی وا دەکەم، دەنا من هەقم نییە لێتان بدەم. زۆر پەست بووم، لە ناخەوە دەکولام و دەمگوت ئەمانە چ جۆرە مرۆڤێکن و بۆ ئەوەندە سووکایەتی بەمرۆڤ دەکەن؟ بشێ کەسێ سیفەتەکانی مرۆڤێکی ئاسایی تێدابێت و بتوانێت ئاوا سووکایەتی بەمرۆڤ بکات؟ زللەیەک دێشێ،



بەڵام ئێشی ئەو زللەیە هیچ نییە لە چاو ئێشە سەختەکەی کە بەدەروونتەوە دەچزێ، هەر کاتێ هەست دەکەی کە ئیدی تۆ مرۆڤێکی و بایەخی خۆت لەدەست داوە و ئاوا سووکایەتیت پێ دەکرێت.

دوای ئەو زللەیە، گوتی دوام کەوە و بردمی، قەدەرێ بەناو دالانێکدا ڕۆیشتین، ئەو لە پێشەوە و من بەدوایدا تا دەرگایەکی گەورەی تەلبەندی کردەوە و منی بردە زیندانی ژنان. ئەو زیندانە زۆر زۆر گەورەبوو، سێ سەد کەسی تێدابوو، لە تەمەنی دوانزە ساڵییەوە تا تەمەنی حەفتا ساڵیشی تێدابوو. من کە ئەو زیندانە و ئەو هەموو ژنەم بینی تەواو حەپەسام، قەت وێنای ئەوەم نەدەکرد لە زیندانێکدا ئەو هەموو ژنە جۆراوجۆرەی لێ بێت. ئەوانە کێن و بۆ گیراون و چەندە لەوێن و زۆر پرسیاری ترم لا گەڵاڵە بوو، بەڵام هەر بەحەپەساوییەوە ڕاوەستام، مفەوەزەکە گوتی بڕۆ شوێنێک بۆ خۆت بدۆزەرەوە و جێگەکەتی لێ ڕابخە. دوو پەتوو و سەرینێکم پێ بوو بەپێچراوەیی لەم زیندانەوە بۆ ئەو زیندان لەگەڵ خۆمدا دەمبرد. هیچ جێگەیەک نەبوو، ئەوەندە پڕ بوو ئەو هۆڵە کە جێگەی یەک نەفەریشم تێدا بەدی نەدەکرد بەتاڵ بێت و بیکەم بەجێگەی خۆم. کچێک کە بینی من نامۆم بەو شوێنە و حەپەساوم و هەستی کردبوو کە کوردم بانگی کردم. وتی : ئاوەرە دەزانم لە شوێن دەگەڕێی، تۆ ناوت چییە؟ گوتم مەهاباد، یەکسەر بەکوردی گوتی تۆ کوردی؟ ئەمەندە خۆش بوو کە لەو جێگەیەدا کەسێک بەکوردی قسەی لەگەڵ کردم، لە خۆشییاندا دەستم لە ملی کرد و هەردووکمان دەستمان کرد بەگریان. ناوی پەیمان بوو، خەڵکی شاری موسڵ بوو، بەتەمەن چەند ساڵێک لە من گەورەتر بوو، نەیدەگوت لەسەر چی گیراوە، بەڵام پاش چەند ڕۆژێک گوتی کە لەسەر تەزویرکردنی ناسنامە گیراوە و ئەویش نەک خۆی براکەی تەزویری کردووە. بەهەر حاڵ کێشەکەی ئەو وەک سیاسی پێناسە نەکرابوو. کە زانی من زیندانی سیاسیم زۆر زۆر ڕێزی لێگرتم و لە تەنیشت خۆی جێگەی کردمەوە و ئیدی هەر پێکەوە

قسەمان دەکرد. یەک ژنی تری کوردیان هێنا ناوی کوبرا بوو، لەسەر کێشەی خێزانی و شەڕ و داوا لەگەڵ مێردەکەی هێنرابووە ئەوێ، لە ڕاستیدا کێشەکەی ئەویش بۆ من زەحمەت بوو تێی بگەم. دەیگوت مێردەکەم لێی داوم و سووکایەتی پێکردووم. نەمدەزانی بۆ دەبێ لێشدرابێت و زیندانیش بکرێت. دەبوایە دوو هەفتە لەوێ بم و دوای ئەوە دادگایی بکرێم. لەو ماوەیەدا ئەو سێ سەد ژنە هەر یەکە و چیرۆکێکیان هەبوو، بەردەوام گوێم لە چیرۆکی نوێی ژیانی ئەوان دەبوو. ژیانی هەر یەکەیان سەرچاوەیەکی لێڵی هەبوو، هەر یەکەیان بەدەستی پیاوێک، یان چەند پیاوێکی بنەماڵەوە گیرۆدە بوون. کچێک لە سووچێکەوە جێگەی ڕاخستبوو، بەردەوام پاڵکەوتبوو، دەتگوت نیوە مردووە، پەیمان گوتی لەناو ئەو زیندانەدا تەنها تۆ و ئەو زیندانی سیاسین، ئەوانی تر هەمووی بەکێشەی دیکە تاوانبارن، وەک دزی، قۆڵبڕین، سەرخۆشی و تۆمەتی ڕەوشت و پیاوکوشتن. زۆر ترسام کە گوتی ژنی وای تیایە دوو پیاوی کوشتووە. ژنێکی پیشان دام، ناوی ڕەحمە بوو، یەکەمین کەس بوو کە خرابووە نێو ئەو زیندانەوە، خۆی کردبوو بەسەرۆکی زیندان و هێندەش بەجەور و ستەم بوو، هەموو ئەوانی تر لێی دەترسان. ڕەحمە پیاوێکی قەسابی کوشتبوو. ژنێکی زۆر شۆخ و شەنگ بوو، لەناو ئەو زیندانەش هەر وەکو خۆر دەدرەوشایەوە. پێستێکی پەمەیی ناسکی هەبوو، قژ و چاوی کاڵ بوو، بەژنێکی زراڤیشی هەبوو. چیرۆکی ڕەحمە لەوێوە دەستی پێکردبوو کە بەیانیانێکی زوو دەچێت بۆ بازاڕ بۆ کڕینی سەوزە و گۆشت بۆ ئەوەی چێشتی ئەو ڕۆژەی پێ لێ بنێت بۆ مێردەکەی و دوو منداڵەکەی و خۆی. دوای ئەوەی سەوزەکانی دەکڕێ دەچێتە قەسابخانەیەک بۆ کڕینی گۆشت. قەسابەکە پێی دەڵێ فەرموو تەماشای ئەم گۆشتانەی ژوورەوە بکە باشترن، بزانە لە کامیانت دەوێت، کە ڕەحمە دەچێتە ژوورەوە، پیاوەکە پەلاماری دەدات لە باوەشی بگرێت و ماچی بکات و لاوەی بکات، ڕەحمە



دەیەوێت خۆی ڕاپسکێنێ و ڕابکات، ناتوانێت. لە تەنیشتەوە چەقۆی قەسابەکەی لێ دەبێت، لە کەمەری قەسابەکەی دەکاتەوە و سووک دەیکات بەورگیدا و دەستبەجێ لەوێ ڕۆحی کابرا دەردەکات. دێن بەسەریدا و دەیبینن و پۆلیس دەیگرێ و حوکمی هەمیشەیی بەسەردا دەدات و چوار ساڵ بوو لەو زیندانەدا بوو. ڕەحمە بۆ بەرگری لە خۆی ئەو تاوانەی ئەنجامدابوو، ئەمە لە لێکۆڵینەوەکانیشدا هەر وا تۆمارکرابوو و بەڵگەدار کرابوو، کەچی حوکمێکی درێژی بەسەردا درابوو.

پیاو لەکۆمەڵگەی عەرەبدا ئەگەر ژنیان زینا بکات دەیکوژن. واتە ئەگەر ئەو ژنە قبوڵی کردبا قەسابەکە لەگەڵی ڕاببوێرێ و سێکسی لەگەڵدا بکات و مێردەکەی ئەوەی لا ئاشکرا بووبا دەیکوشت. بەڵام پێچەوانەی ئەمە ڕوو بدات و پیاو سێکس بکات لەگەڵ ژنی دیکەدا بەزیناش بژمێردرێت، بەڵام پیاوی لەسەر سزا نادرێت. لە دۆخی ئەم ژنەدا، پیاوێک ویستبووی سێکسی لەگەڵ بکات و نەیهێشتبوو، تا ئەو ڕادەیەی کە لە بەر پاراستنی "شەرەفی پیاوەکەی، پیاوێکی تری کوشتبوو، بەڵام مێردەکەی نەک لەباتی ئەوەی هاوکاری بکات و باری سووک بکات، بەپێچەوانەوە، تەنها چەند مانگێکی هەوەڵ سەردانی کردبوو، منداڵەکانی هێنابوو بۆ سەردانی، بەڵام پاش ئەو چەند مانگە پێی گوتبوو دەبێت تۆ تەڵاق بدەم و ژنێکی تر بهێنم و ئیدی منداڵەکانیش ناهێنم بۆ لات. ڕەحمە خوای نەمابوو، باوەڕی بەهیچ پیاوێک نەمابوو، دەیگوت خۆزگە زینام بکردایە نەک قەتڵ. گوایە شەرەفیم پاراست، کەچی ئەو بێشەرەفە چوو ژنێکی دیکەی هێنا و منی بەرەڵا کرد.

ڕەحمە چەندێ ژنێکی بەسام و هەیبەت بوو، کە هەموو زیندانیانی تر لێی دەترسان، ئەوەندەش بەهەست و سۆز بوو. خودی ناوەکەی مانای میهرەبانییە، پێم سەیر بوو ژنێکی ئەوەندە میهرەبان بەکوشتنی مرۆڤێک تاوانبار بێت. ژنێکی زۆر دادپەروەر بوو، لەناو ئەو زیندانەدا ببوو

بەدادوەر و هەر زیندانییەک لە لایەن یەکێکی ترەوە غەدری لێ کرابایە، یەکسەر دەچوونە لای ڕەحمە و ئەویش هەردووکیانی بانگ دەکرد و خەتای هەر کامیان بووایە سزای دەدا. سزاکەشی ئەوە بوو کە ئاودەستەکانی پێ پاک دەکردنەوە.

هەر ڕۆژی یەکەمم بوو، پێکەوە لەگەڵ پەیمان و کوبرا لە ڕیزێکدا ویستمان بنووین، پەیمان پێی گوتم ئاگادار بە پارە و شتی بەنرخت باش هەڵگرە لێرە دزی دەکرێت. منیش چل دینارێکم پێ بوو، لە جانتایەکی زۆر بچووکدا دامنابوو، لەژێر سەری خۆم دامنا. کاتژمێرێکم لە دەستدا بوو، موستیلەیەکی زێڕیشم لە پەنجەدا بوو.

بەدەم قسەکردن و گێڕانەوەی چیرۆکی ئەو ژنانەوە وردە وردە خەومان لێ کەوت. بەیانی زوو کە هەستام و ویستم بزانم کات چەندە، بینیم کاتژمێرەکەم لە دەستمدا نەماوە. خێرا پەیمانم هەڵساند و پێم گوت کە دزیم لێ کراوە. پارەکەم نەدزرابوو.

دەوروبەری خۆمان گەڕاین، گوتمان ڕەنگە لێم کەوتبێ و بەڵکە بیدۆزینەوە. بەڵام من دڵنیابووم شەوێ پێش نووستن کاتژمێرەکە لە دەستمدا بووە و تەماشام کردووە. پەیمان گوتی با بچین بۆ لای ڕەحمە بەڵکە بۆمان بدۆزێتەوە. چووین بۆ لای و پێمان گوت کاتژمێرەکەم شەوێ لە دەستم دەرهێنراوە و دزراوە. ڕەحمە هەستایە سەر پێ و تەماشایەکی ناو زیندانەکەی کرد، لە زیاتر لە سێ سەد کەس سێ کچی گەنجی دەستنیشان کرد و بانگی کردن، ئێستا ناوی ئەوانم بیر نەماوە، بەڵام ڕەحمە ناوی هەر هەموویانی دەزانی و بەناوی خۆیانەوە بانگی دەکردن. هەرسێکیان بەترس و لەرزەوە هاتنە نزیکمان و بەهێواشییەوە بەڕەحمەیان گوت، دیسان چی دزراوە کە ئێمەت بانگ کرد. ڕەحمە تێی خوڕین و گوتی: سەعاتی ئەم کچە لەلای کامتانە، زوو بیدەنەوە. سوێندیان خوارد کە ئەوان نەیاندزیوە و هەرسێکیان دەستیان کرد بەگریان. گوتی: خۆتان ڕووت کەنەوە بزانم،



هەرسێکیان جلوبەرگیان لەبەر خۆیان داکەند و تەنها جلی ژێرەوەیان لەبەردا مایەوە. فەرمانی پێکردن ئەوانەش داکەنن. ئەوانەشیان داکەند و هیچیان لا نەدۆزرایەوە. ئەمجارە تووڕەتر پێی گوتن و هەڕەشەشی لێکردن: دەڵێم زوو سەعاتەکەی بدەنەوە، دەنا ئێستا قژ بەسەرتانەوە ناهێڵم. یەکێکیان خێرا گوتی: بەخوا من نەمدزیوە، بەڵام سەعاتێکم دیوە بەسەر دیواری تەوالێتەکەوەیە، ڕەنگە ئەوەبێت کەسێ دزیوبەتی و لەوێ دایناوە. ڕەحمە گوتی: بچۆ بیهێنە. کاتژمێرەکەی هێنا و ئەوەی من بوو. کاتژمێرەکەی لێ وەرگرتەوە و دایە دەستی من. تا توانای تێدابوو شەقازللەیەکی لە کچەکە دا.

ئێوارەی دووەم بوو بەپەیمانم گوت با بچین بۆ لای ئەو کچەی کە سیاسییە، حەز دەکەم بزانم خەڵکی کوێیە و بۆچی گیراوە. ئەو دەیگوت قسەکردن لەگەڵ ئەودا ڕەنگە کێشەمان بۆ دروست بکات، چونکە ئەو کۆمۆنیستە. ئەندامی حزبی کۆمۆنیستی عێراق بوو. گوتم ماوەیەکی کەم لە لای دەبین، چونکە لەدوورەوە سەیری دەکەم و دەبینم حاڵی زۆر پەرێشانە. ژنە سیاسییەکەی تر ناوی ئیفتیخار بوو. چووین بۆ لای و زۆری پێ خۆش بوو کە زانی منیش لەسەر پرسی سیاسی گیراوم و کوردم. خۆی عەرەب بوو، خەڵکی بەغدابوو، کاتێ گیرابوو لە قۆناغی کۆتایی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا دەیخوێند. ئیفتیخار باسی کوڕێکی کوردی دەکرد کە پەیوەندی خۆشەویستییان پێکەوە هەبوو لە زانکۆ و دەیگوت کوردم زۆر خۆش دوێ.

شوێنەواری ئەشکەنجەیەکی زۆر بەجەستەی ئیفتیخارەوە دیار بوو، پیشانی داین کە بەئوتوو زۆر شوێنی جەستەی داخ کراوە. ئەوەندە ئەشکەنجەی جەستەیی درابوو کە دوای چوار مانگیش لەو ئەشکەنجانە هێشتا بەئاستەم دەیتوانی بجووڵێتەوە. بەڵام لە هەموو ئەو ئەشکەنجە جەستەییانە خراپتر ئەو ئازارە ڕووحیانە بوو کە لە ئەنجامی ئیغتیساب

کردن و بەزۆر سێکس لەگەڵ کردنیدا تووشی هاتبوو. ڕژێمی بەعس ئەو زیندانییە ژنانەی کە بەئیعدام حوکمی دەدان ئیغتیسابی دەکردن. ئیفتیخار زۆر بەژانێکی بێپەرواوە ئەوەی دەگێڕایەوە کە چەند دڕندانە جەللادەکەی لاقەی کردووە.

ئەم کردەوەیەیان لەگەڵ کچێکی تریشدا کردبوو، کچێکی شیعەی خەڵکی نەجەف، ئەویش حوکمی ئیعدام درابوو، ئەویانم لە زیندانی ئەمنی عامەی بەغدا بینی.کە ئازار و ئەشکەنجەکانی ئیفتیخارم بیست، لە دڵی خۆمدا گوتم من چەند لەم کچە بەختەوەرترم، چەند کەمتر ئەشکەنجە دراوم. بەس نییە ئیغتیسابیان نەکردووم. بەڵام کە ئەوانەم بیست لەوانەوە، ترسێکی زۆریش زایە نێو دڵمەوە و دەمگوت خۆ من هێشتا ئازاد نەکراوم، کێ ناڵێ منیش وا لێ ناکەن، کێ ناڵێ حوکمی لەسێدارەدانم بۆ دەرناکەن و بەو دەردەم نابەن. ئیدی نائارامییەکی دەروونیم تووش بوو، لە خەوتندا کابووسم دەدی و ئەشکەنجەیان دەدام، ڕادەچڵەکیم و هاوارم دەکرد. دەوروبەری دەمم چەندان تامیسکەی لێهات و هێندەش شپرزە و نائارام بووم بەبێ ئاگایی هەر یاریم بەو تامیسکانە دەکرد و خوێنیان لێ دەهات و زیادیان کرد. گیرۆدەی تارمایی ئەو ئەشکەنجانە بووبووم. ماوەیەکیش بوو دیسانەوە لە کەسوکارم دابڕابووم و ئەوان بەدوومدا دەگەڕان بزانن لە کوێم. لە کاتی سەردانییدا، کە هەینی بوو باوکی پەیمان هاتبوو بۆ لای، بەجلوبەرگێکی کوردی جوانەوە هاتبوو. شەلک و شاپکی خەتخەتی لەبەربوو. پەیمان دەیگوت ئێمە لە هۆزی گۆرانین. بینینی باوکی ئەو دڵنیاییەکی بەمنیش دا، باوکی ئاگاداری کردەوە کە لەو ڕۆژانەدا بەکەفالەت بەردەدرێت. درەنگانێکی ئەو ڕۆژی هەینییە ناوی منیان بانگ کرد، کە چوومە دەرەوە بینیم کچەکەی مامم و کچەکەی پوورم، هاتبوون بۆ لام. ئەوان گوتیان کە بۆ دادگای سەورەش چەندان جار ڕۆیشتوون و پرسیویانە و ئەنجامێکیان پێ نەگوتراوە. ئەوانماڵیان لە بەغدا بوو،



زەعفەرانیە لە دەرەوەی شار بوو، گوتیان کە مامیشم بەڕێوەیە بێت بۆ لام. کچەکانی مامم باسی باوکیان دەکرد کە چەند بۆ من پەرێشانە و هەر هەوڵ دەدات و کە ئەو هەوڵانەی ئەنجامی نییە خەم دەخوات. چ مامێکی مەزنم هەبوو، چەند گەورەبوو لە لام، چەند خۆشی دەویستم و چەند خۆشم دەویست!

وەک هەر خێزانێکی کوردەواری باوکم و مامیشم هەر لە منداڵییەوە بەپێی ئارەزووی خۆیان هەر کچێکیان بۆ کوڕێکیان دەستنیشان دەکرد. کوردەواری دەڵێ ئامۆزا بۆ ئامۆزا فەرزە، لەم بارەیەوە گۆرانی فۆلکلۆری کوردیش درێخی نەکردووە و گۆرانی ئامۆزاگیان لەم بارەیەوە دەڵێ: ئامۆزا تۆ باڵا بەرزی، ئامۆزا تۆ بۆ من فەرزی." لەو دابەشکردنە سەر زارییەدا ئێمە کە سێ خوشک بووین، لەیلا بۆ محەمەد، من بۆ فەرهاد و نەورۆز بۆ سیروان دانرابووین. ماجیدەی کچی مامیشم دانرابوو بۆ براگەورەکەم، قەیس. بەمنداڵی ئەوەم زۆر پێ ناخۆش بوو کە دەمبیست و دەیانگوت. من لەگەڵ هەموو منداڵەکانی تری مامم نێوانمان خۆش بوو، تەنها لە فەرهاد شەرمم دەکرد، ئەوەندە گوتبوویان مەهاباد بۆ فەرهادە، بابەتەکە زۆر هەستیار بوو بوو لە لام و حەزم نەدەکرد فەرهاد ببینم.

کە وردە وردە گەورە دەبووین و کە مامم دەیبینی من لە قوتابخانە زۆر سەرکەوتووم و بەهرەی جۆراوجۆرم تێدایە، بەڵام فەرهاد حەزی لە خوێندن نییە و بایەخ بەهیچ بەهرەیەک نادات، دەیگوت: بەخوا حەیفە مەهاباد بۆ فەرهاد بێت، مەهاباد دەبێت شوو بەکەسێک بکات وەک خۆی زیرەک بێت. ئەو قسەیەم پێ خۆش بوو، چونکە لە لایەکەوە هاندان بوو بۆ من کە زیرەکتر ببمەوە، لە لایەکی تریشەوە لەبەر ئەوە بوو کە نەدەبوا ئەوان ئەو مافە بەخۆیان بدەن بەگاڵتەش بێت ئەو دابەشکردنە بکەن و هەر یەک لە کچەکان بۆ هەر یەک لە کوڕەکانی بنەماڵە ناوزەد بکەن. ئەگەرچی من منداڵەکانی مامم زۆر خۆش دەوێت و پەیوەندی ماڵی ئێمە و مامم زۆر

پەیوەندییەکی بەهێز و جوان و خۆش بوو، بەڵام شادمانم کە هیچ یەکێک لەو کچ و کوڕانە بۆ یەکتری نەبوون و هەر کەس لە ئێمە بەئارەزووی خۆمان چارەنووسی خۆمان دیاری کرد. هیچ کەسێکی بنەماڵەش هیچ بەربەستێکیان بۆ دروست نەکردین. ئەم نەریتە لە کوردەواریدا، بەتایبەت ئەو دەم کە من منداڵ بووم بەگشتی باو بوو کە بەڕاستی بێت یان بۆ گاڵتە کچان و کوڕانی بنەماڵە بەتیۆری و لە لایەن دایک و باوکانەوە و هەر بۆ قسە و خۆشی خۆیان، لە یەکتر ناوزەد دەکران.

با بگەڕێمەوە بۆ دۆزەخ و باسی زیندانە سەیروسەمەرەکەی زەعفەرانیە، کە لە هەموو چەشنە ژنێکی تێدا بوو. ئێوارەیەک کە هەست بەنائاساییبوونی بارودۆخەکە دەکرا لە قسە و مقۆمقۆی پۆلیس و مفەوەز و پاسەوانەکان، هەموو ئێمەی زیندانییان هێنایە حەوشە و تەلەفیزیۆنێکی گەورەشیان هێنابوو گوتیان شتێکی گرنگ باس دەکرێت و پێویستە ئێوەش ئاگادار بن.

زیاتر لە کاتژمێرێک هەر سروود بەباڵای سەددام حوسێن پیشان دەدرا و وێنەی شمشێری سەرکردەکانی ئیسلام، قەعقاع و خالیدی کوڕی وەلید لێ دەدرا. لە ناکاو هەموو ئەمانە تەواو بوون و مارشی شەڕ دەستی پێکرد و پیاوێک بەدەنگێکی زۆر گڕ و هەڕەشەئامێزانە، یەکەمین بەیانی شەڕی ڕاگەیاند. ٢٢ی سێپتەمبەری ١٩٨٠ شەڕی نێوان عێراق و ئێران، بەو بەیانە ڕاگەیەندرا.



## عەشقێکی هەمیشەیی

تا کۆتایی ساڵی ١٩٨١ لەو زیندانە مامەوە. ئەو دوو کچە کوردەی کە من زۆر دڵم پێیان خۆش بوو، چونکە هیچ نەبێت لەگەڵ ئەواندا بەندیوارییەکی نەتەوەییم هەبوو، هاوزمانم بوون و پێکەوە بەکوردی قسەمان دەکرد و گاڵتەمان دەکرد و پێدەکەنین، تەنها دە ڕۆژێک پێکەوە بووین و ئەوان ئازاد کران. ڕۆژانە دەیان کەس بەردەبوون و دەیان کەسی تر دەهێنرانە ئەو زیندانانەوە، بەڵام ئەوانەی بەتاوانی قورسی وەکو مرۆڤکوشتن و سیاسەت بەند دەبوون هەر دەمانەوە. لەوێدا، دوای ئەوەی کە ئەو دوو ژنە کوردە ئازاد بوون، نەبووم بەهاوڕێی هیچ کەس و هیچ کەسێک نەبوو بەهاوڕێم، ئەوانەی کە لەوێ بوون سروشت و کەسایەتی و ئارەزووەکانیان زۆر دوور بوو لە منەوە. تاقە کەسێک کە جاروبار دەچووم و لەگەڵیدا دەپەیڤیم ئیفتیخار بوو. ئەویش چوونکە ئەشکەنجەی فیزیکی و دەروونی زۆر درابوو، هەمیشە وەک جەستە داهێزراو و وەک دەروون خەمبار و پەژموورده بوو. ئەو چونکە حوکمی مردنیشی بەسەردا درابوو لە من زۆر پەرێشانتر بوو، منیش کە ئەوم دەدی پەرێشان دەبووم و دڵم دەکەوتە ناو دۆخی مەترسییەوە و گومانی ئەوەم دەکرد کە منیش حوکمی مردنم بەسەردا ببڕێت.

سەرەتای ساڵی ١٩٨١ بوو، شەڕی عێراق و ئێران لە گەرمەیدا بوو، لەو ماوەیەدا سەددام لێبووردنی گشتی بۆ زیندانییەکان دەردەکرد بۆ سەرنجڕاکێشان و پشتیوانی پەیدا کردن. لەو کاتەدا لێبووردنێک بەناوی ئیفراج شورتە دەرچوو، بەڵام تەنها ئەو کەسانەی دەگرتەوە کە تۆمەتی دزی و ساختە و قۆڵبڕین و لەم جۆرە تاوانانەیان لەسەر بوو. ئەو لێبووردنە گشتییە زیندانی سیاسی نەگرتەوە و ئاڵوگۆڕ بەشوێنەکانی ئێمەش کرا.

منیان دیسانەوە بردەوە بۆ زیندانی ئەمنی عامە. کە بردیانمەوە بۆ هەمان شوێن، هەندێ لەو ژنانە لەوێ نەمابوون و هەندێکی تریان هێنابوو. دیسانەوە زۆربەی ئەوانە شیعە بوون و لەسەر ئەندامبوونیان لە حزبی دەعوە گیرابوون. ئەو ژنە دکتۆرەی کە ناوی سوعاد بوو، کە بەدایکی نوور بانگیان دەکرد، جلی ڕەشی لەبەردا بوو، هەواڵی لەسێدارەدانی مێردەکەیان بۆ هێنابوو. نوور، ئەو کچە ساوایەی کە لە نێو ئەو تاریکستانی زیندانانە بەبێ خۆر و ئازادی گەورە دەبوو، باوکی لێ سەندرابووەوە و ئەو ساوا چاوگەشە بەتریقەی پێکەنینی ئێمەی پەژموردەشی دەگەشاندەوە. نازانم ئەو کەسانەی من لەو زیندانانە دیمن چەندیان ماون و چەندیان لە بەندیخانەدا ژیانیان بەسەر برد و چەندیان ئێسک و پروسکەکانیان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا دۆزرانەوە، دوای ڕووخانی ئەو ڕژێمە.

جاری پێشوو لەو زیندانەدا، سەرەڕای هەموو ناخۆشی و ئازارەکانی، ژنەکان بەدەم گێڕانەوەی خەمەکانیان جار و بار قسەیەکی خۆشیشیان دەکرد. بەڵام ئەو جارە بەهۆی ئەو هەواڵە تازەیەی کە بەسوعاد درابوو، کەشێکی زۆر نالەبارتر و خەمناکتر ئەو ژوورەی گرتبووەوە.

ساڵی ١٩٨١، ساڵی شەڕ بوو. تەلەفیزیۆنێکیان هێنابووە ژووری زیندانەوە شەو و ڕۆژ گۆرانی و سروودی جەنگی دەگوت و وێنەی بەرەکانی جەنگی پیشان دەدا. وێنەی مرۆڤی کوژراو، لێرەو لەوێ کەوتوو دڵی



تەنگی ئێمەی تەنگتر دەکرد. باس هەر باسی سەرکەوتنەکانی ئەمان و شکستەکانی ئێران بوو لەو شەڕەدا. ئێمە نەماندەزانی ڕاستییەکان لە کوێن. ئەوەی دەماندین و گوێمان لێدەبوو درۆکانی ئەمان بوو کە وەک سەرکەوتن باسیان دەکرد. ئێمە کە ئەمانەمان دەدی نائومێد دەبووین و دەمانگوت ناڕووخێ، ئەم ڕژێمە دیکاتۆرە ناڕووخێ. تەنانەت بەشەڕی وڵاتێکی گەورەی وەک ئێرانیش ناڕووخێ.

مانگی یەکەمی ئەو ساڵە هەر لەو جێگەیەدا بووم. لەو شوێنەدا سەردانی کەسوکار قەدەغە بوو. دیسانەوە لە هەموو هەواڵێکی کەسوکار دابڕابووم و ئەوانیش لەمن دەگەڕان. ئەو جێگەیە نەک تەنها کەسوکاری زیندانییان بۆیان نەبوو سەردانی بکەن، بەڵکە بەو کۆڵان و شەقامانەدا کە ئەمنی عامەی لێبوو هیچ هاوڵاتییەکی ئاساییش بۆی نەبوو پێیدا تێپەڕێت.

ئێواران زیاتر سامناک بوو ئەو شوێنە، چونکە دنیا کپتر بوو، لەناو ئەو کپییەدا دەنگی هاواری زیندانییان لە کاتی ئەشکەنجەدا دەبیسترا. بەبیستنی ئەو دەنگانە جێزامەکانی ئێمەش دەکولانەوە.

تەمەنم ساڵێکی دیکەی چووە سەر، لە ڕۆژی لەدایکبوونیشمدا هەر لە زیندان بووم، مێژووی لەدایکبوونم کە ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستانە. هەموو ٢٢ی یەنوەرییەک کە بەساڵڕۆژی کوردی دەکاتە ٢ی ڕێبەندان. هێشتا کلتووری جەژنگرتن بەیادی لەدایکبوون لە لای ئێمە زۆر گەشەی نەکردبوو. ڕەنگە ماڵە هەرە دەوڵەمەندەکان بۆ منداڵیان جەژنیان گرتبا. بەڵام من هەستم دەکرد، ئەگەرچی خۆمان و بەتایبەت جەژنی لەدایکبوون ناگرین، ئەو ڕۆژەی منی تێدا لەدایک بووم گرنگ و بایەخدارە لە لای نەتەوەکەم. پێم خۆش بوو لەو ڕۆژەدا لە دایکبووم و زۆریشم پێ خۆش بوو کە ناوم مەهابادە. هەندێ ڕێکەوت زۆر سەیرن لە ژیاندا،

ڕێکەوتی لەدایکبوونی خوشکێکیشم کەوتۆتە ڕۆژی نەورۆزەوە، جەژنی نەتەوەیی کورد و سەری ساڵی کوردی. نەورۆزی خوشکم بۆیە ئەو ناوەی پێ بڕا. برایەکیشم لە ڕۆژی یانزەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠دا لە دایک بووە، ئەو ڕۆژەی کە بۆ یەکەمین جار لە دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی عێراقدا دان بەمافی نەتەوەی کورددا نرا و بەیانی ئۆتۆنۆمی ئاشکرا کرا. لەو ڕۆژەدا کورد زۆر شادومان بوو، دڵشادی برام بۆیە ئەو ناوەی پێ بڕا.

لە پانزەمین ڕۆژیادی لەدایکبوونمدا لە کونجی زیندان هەڵکورمابووم و نەمدەزانی چارەنووسم دەگاتە کوێ و چ ڕووداوێکی تر چاوەڕێم دەکات. نەمدەزانی چەند ساڵیادی تر لەو زیندانەدا تەمەنم دەسووتێ، هەموو شتێ نادیار بوو، هەموو شتێ. هەمیشە چاوەڕوانییەک لە ناخەوەمدا وێنەی بۆشاییەکی گەورە، کەلێنێکی لە ڕۆحمدا پێکهێنابوو. نەمدەزانی چاوەڕوانی دیداری کەسوکار و ئازیزانمە یان بینینەوەی زێدەکەم. شتێک هەیە لە ناخمدا، لە بوونمدا جێگەیەکی یەکجار زۆر گەورەی گرتووە، جێیەک گومان دەکەم بەقەد هەموو بوونم بێت، خۆشەویستییەکە پێناسەیم پێ نەکراوە و ناکرێت، عەشقێکە لە سەرچاوەیەکی هەمیشەییەوە هەڵدەقوڵێت، عەشقی زێدەکەم، ئەڤینی کوردستان. ژوانم لەگەڵ ئەم ڤیانەدا لە زینداندا چاوەڕوانییەکی پڕ لە هیوای لە مندا دەچاند. دەمگوت گرنگ نییە چەند لە زینداندا دەبم، گرنگ ئەوەیە لێرە نەمرم و لەسەر خاکی خۆم دڵم لە لێدان بکەوێ و لەناو ئەو خاکەدا جەستەم بشاردرێتەوە.

بیرم لەو کوردانە دەکردەوە کە لە زیندانەکانی بەغدا و بەعقووبە و شوێنەکانی دیکە دەکوژران و لەسێدارە دەدران و لاشە بێ گیانەکەشیان نەدەدایەوە بەکەسوکاری و هەر لەو نامۆییە دەیانناشتن. دەبێ چەند حەسرەتی گەورە لە سنگیاندا پەنگی خواردبێتەوە و دەبێ ئەوانیش چەند عاشق بووبێتن. ئاخر ئەوانەی کە بێباکانە لە پێناوی خاکی شیرین



ڕووبەڕووی مردن دەبنەوە، تەنها دەکرێ پێیان بڵێی عاشق. زۆربەمان دەرکمان بەوە کردووە کە ئەو دۆخانەی ئێمەی تێدا دەژین ساتەکانی عەشقن. ئەوەتا هێمن، شاعیرێک تا تافی پیریشی هەر لەگەڵ ئەو عەشقەدا دەژی و بڕوانە چی دەڵێ:

عاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵ نیم
عاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن

بۆ دەبوو کورد نەبین، یان بۆ دەبوو ئەگەر کوردیش دەبین نیشتیمانی خۆمانمان خۆش نەوێت. بۆ دەبوو لەسەر عەشقی خاک لە زیندان بنرێین، بکوژرێین و سووکایەتیمان پێ بکرێت؟ ئەوان زۆریان دەکرد ئەڤینمان لە بیر بەرنەوە، بۆیان نەکرا. لە پێش ئێمەوە کاروانێک عاشقی تر هەبوون و پێشڕەوانە دەڕۆیشتن و بەدەم ڕێوە گۆرانییەکانی خۆیانیان فێر دەکردین. هەر ئەو شاعیرە سەرمەستەمان فێری کردبووین بڵێین:

من لە زنجیر و تەناف و دار و بەرد باکم نییە
لەتلەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن

تەنها بەهەبوونی عەشقێکی ئەوەندە بەهێز دەمانتوانی لە شەوە زەنگەکانی زینداندا دڵمان ڕووناک بێت و هەمیشە چرایەکی ئومێد لە دڵماندا بۆ داهاتوو هەڵکەین. تەنها بەهەڵقوڵینی بەردەوامی ئاوێکی سازگار لە کانی نەمریی ئەڤینێکی وا پێشمەرگەکانمان دەیانتوانی سەرما و برسێتی و ماندووبوون لە فەرهەنگیاندا جێگەی نەبێتەوە و کۆڵ نەدەن. ساڵ هاتبوو، ساڵ چووبوو، ژیان وەک خۆی وەستابوو، کوردبوون تاوان بوو، بەتاوانی کوردبوون لە زیندان دەنراین.

# دادگای دۆزەخ

ئەو شەوە یەک چرکەش خەوم لێنەکەوت، سبەینێیەکی سەیر چاوەڕێی دەکردم. دەبێت چلۆن دادگایی بکرێم؟ چ سزایەک بدرێم و لە پای چ تاوانێک؟ کێن ئەوانەی ڕەوا و ناڕەوا جیادەکەنەوە، سزا و پاداشت دەدەن؟ ترس لە سبەینێ ئەو شەوەی کردبوو بەشەوی یەڵدا و هەر کۆتایی نەدەهات. ئەوانی تر، ئەگەرچی نیگەرانی بەسیمایاندا دەدرەوشایەوە و خەمێکی قووڵ تەنانەت بەنووستووییش لۆچی خستبووە نێوچەوانیان، بەڵام خەویان لێکەوتبوو. بەڵام من دڵێک بەتۆنی ترس لە سینەمدا لێی دەدا و گوێم لە گرمەگرمی نائاسایی لێدانی بوو. هەرچۆنێک بوو ئەو شەوەش گوزەرا و سبەینێ هات.

نانی بەیانی هێنرا، پەنیری سێگۆشە، چا لە شووشەی ئاوتەماتەدا، سەمونێکی وشک و ناخۆش،وەک هەموو ڕۆژێک هەمان شتیان هێنا، بەڵام هیچم پێ نەخورا. ژنەکانی دی تەماشایان دەکردم و دەیانزانی زۆر نیگەرانم، دڵیان دەدامەوە و دەیانگوت چونکە تەمەنت منداڵە و تەنها ١٥ساڵی، حوکمی قورس نادرێیت، مەترسە. بەڵام خۆشیان کە وایا دەگوت دەیانزانی ئێمە لە دەستی ڕژێمێک بەندین کە نە ساڵ و نە تەمەن و نە زەمەن ناناسێت و هەرچی خۆی حەز بکات هیتلەرئاسا دەیکات.



هێندەی نەبرد هاتن و ناوی منیان بانگ کرد، چوومە پێشەوە، گوتیان ئامادەبە وا دەتبەین بۆ دادگای ئەلسەورە. ناوی دادگاکە ترسناک بوو، بڵندترین دادگای وڵات بوو کە زیندانییە سیاسییەکانی تێدا حوکم دەدران. بەناوهێنانی ئەو دادگایە مرۆ زراوی دەچوو. دیسانەوە سواری پشتی ئەو ئۆتۆمبیلە کرام کە وەک سندووقێکی ئاسنینی دەم داخراو وایە. جگە لە من پیاوێکی تێدابوو، کەلەبچەی لەدەست نرابوو، ئەمنێکی پاسەوانیش لە گەڵماندا دانیشتبوو بۆ ئەوەی ئێمە پێکەوە قسە نەکەین. تەماشای پیاوەکەم کرد، سیمای غەریب نەبوو لەلام. دەرکەوت دیومە بەڵام زەینی ئەوەم نەبوو بزانم لە کوێ دیومە. بەسەیرکردنەکەی ئەویشدا وام بۆ دەرکەوت کە من بناسێت و غەریب نەبم بەلایەوە. تەماشای یەکمان کرد، بەبێ ئەوەی هیچ بڵێین هاوهەستیمان بەرامبەر بەیەکتر پیشاندا. ماوەیەک ئۆتۆمبیلەکە دەڕۆیی و ئێمەش بێدەنگ دانیشتبووین و کابرای ئەمنیش هەر تەماشای دەکردین و بێدەنگ دانیشتبوو.

ئۆتۆمبیلەکە ڕاوەستا. پاسەوانەکە دابەزی و هێشتا ئێمە هەر لەناو ئۆتۆمبیلەکە بووین. لەو چەند چرکەیەدا هاوزیندانییەکەم فریاکەوت یەک پرسیارم لێبکات: تۆ مەهاباد نیت؟ منیش هەر ئەوەندە فریاکەوتم بەبەڵێ وەڵامی بدەمەوە. هاتن هەردووکمانیان دابەزاند. بردیانین بۆ ناو هۆڵی چاوەڕوانی دادگا. هۆڵەکە هەندێک کورسی داری تێدا بوو بەرامبەر بەیەکتر دانرابوون و بەزەمینەکەوە نووسابوون. جگە لە من و ئەو پیاوە زیندانیی تری لێ نەبوو، هیچ کەسێکی تریشی لێنەبوو. لەناو هۆڵەکەوە چەند دەرگایەکی تر بۆ ناو ژووری تر هەبوون. لەبەردەم یەکێ لەو ژوورانە پۆلیسێک ڕاوەستابوو.

ماوەی چارەکێک هەر لەوێ دانرابووین و قسەیەکیان لەگەڵ نەکردین و نەیاندەهێشت پێکەوەش قسە بکەین. لە فرسەتێکی تردا پرسیارم لەو هاوزیندانییە کرد و بۆم دەرکەوت ئەویش خەڵکی کفرییە و ساڵێکە بێ

سەروشوێن کراوە و کەسوکاری لەوانەیە پرسەشیان بۆی دانابێت. لەو ماوەیەدا کەس بۆی نەبووە سەردانی بکات.

لەو ماوەیەدا تەماشایەکی وردی ناو هۆڵەکەم کرد و لە ورد و درشتی ناو ئەو هۆڵە ڕامام. لەبەردەم دەرگای ئەو ژوورەدا کە پۆلیسەکە لە بەردەمی ڕاوەستابوو وێنەی تەرازوویەکی هاوسەنگکراو دانرابوو. ئەو تەرازووە سەرنجی ڕاکێشام. هەمان تەرازوو لەبەر دەرگای دادگاکەیشدا بەگەورەتر هەڵواسرابوو. ئەو تەرازووە بەهێمای دادپەروەریی دانرابوو. مرۆ سەری لەو کارە سووڕدەما و دەیپرسی ئاخۆ دادپەروەریی لە کوێیە کاتێک منداڵێک دەگرن و لەسەر چەند دێڕێک، یان چەند لاپەڕەیەک نووسین، وەک ئەوەی گەورەترین تاوانی کردبێت، دەیهێنن بۆ دادگایەکی ئەوەندە ترسناک؟ کام دادپەروەرییە کە لە ژوورەکانی ئەشکەنجەدا مرۆڤ ئەوەندە بێ نرخ دەکەن و لە ژیان بێزاری دەکەن کە خۆی لێ ببێتە تەوق و ئاواتی مردن بخوازێت؟ کام داد و دادپەروەرییە کە لە ژوورەکانی ئەشکەنجە و زینداندا مرۆڤ وەک بێ کەڵکترین شت دەدرێتە بەر شەلاق و دار و کێبڵ، دەسووتێندرێت، لە کارەبا دەدرێت، خوێنی دەمژرێت، ددان، دەست، پێ، ئێسک و پرووسکی دەشکێندرێت؟ چ شتێک ئەوەندە پیرۆزە کە مرۆڤ لەسەری هێندە دڕندانە سزابدرێت؟ ئەوە وڵاتە یان دارستان؟ بۆ دەبوو ئێمە بەکۆیلەیی لە دایک ببین و وڵاتمان داگیرکرابێت؟ بۆ دەبوو لەناو ئەم جەنگەڵە ترسناکەدا کە یاسای دارستان بەڕێوەدەچێت و ئێمەش وەک نێچیری بچووک هەمیشە گیرۆدەی داوەکانی سزا ببین؟ کوا ئەو کوردستانەی کە نەخشەکەی لە سەری هەمووماندایە؟ کەی دەبین بەخاوەنی؟

لە بینینی ئەو تەرازووەدا ڕامانێکی قووڵ قووڵم لا دروست بوو کە سەرەتایەک بوو بۆ بیرکردنەوەی من لە دادپەروەری و خەباتکردن بۆ دادپەروەری. دەبوو تەرازووی دادپەروەری تەنها لە وێنەدا هاوسەنگ نەبێت، بەڵکە لە خوودی ژیان و لەسەر زەمینی واقیعیشدا دادپەروەری



پیادەبکرێت. کە خزێنرامە زیندانەکانەوە کچێکی سادە و ساکار، سۆزناک و هەستیار بووم، حەز و خۆشەویستییەکی خاوێن پاڵیان پێوەدەنام شیعر بنووسم، بەڵام دوای ساڵێکی دۆزەخئاسا، ئیدی منداڵەکەی جاران نەمامەوە و فێری بیرکردنەوەی قووڵ و سەرنجدانی تیژ ببووم. تەنیاییە ترسناکەکان، نیگەرانییە پڕ لە هەژانەکان، ئازارە توندوتیژەکان و هاوڕێ و هاوزیندانییە دڵسۆزەکان، لە هەموویانەوە فێری ژیان و پێکەوەژیان و بیرکردنەوە بووم. لە حەپەسانەکانەوە فێری ڕامان بووم، بەڵام لە هەنیسک و گریانەکانی کاتی ئەشکەنجە جەستەیی و دەروونییەکانەوە تووشی نائارامی و تووڕەبوون بووم.

دەنگێکی تیژ ڕایچڵەکاندم. پۆلیسەکەی بەردەرگای ژووری دادگا بەهەموو هێزی خۆی هاواری کرد: مەحکەمە!

دوابەدوای ئەو هاوارە لەناکاوە، چەندان کەس یەک لە دوای یەک دەهاتن و دەچوونە ناو ژووری مەحکەمەوە. هەریەکە و عەبایەکی ڕەشی بەسەر شانیدا دابوو، بەقەبارە هەر یەکەو بەقەد دوو زەلامی ئاسایی دەبوو. من بەحەپەساوی تەماشام دەکردن و، هەموو شتێک زۆر سەیر، نامۆ و عەنتیکە دەهاتە بەرچاوم. شتێک لە ناخەوەمدا دەتگوت ختووکەم دەدات، نازانم دڵم خۆش بوو یان نا، بەڵام هەستم دەکرد پێکەنینم دێ. هیچ شتێک لە پانزە ساڵی ڕابردوودا، هێندەی ئەو ساتانە سەیر و سەمەرە نەبوون لە لام. هێشتا هەر لەو دۆخەدا نوقمی حەپەسان و سەرسامی بووم کە دەنگێکی نامۆی لەناکاو و بڵند ناوی خوێندمەوە و بانگی کردم، بەڵام لە جێگەی خۆم نەبزووام، وەک شتێک ئەگەر نەهاتبان دەستم بگرن و بمبەن نەمدەزانی ئەوە ناوی منە و مەبەست لە منە کە دەبێت بچمە ژوورەوەی هۆڵی دادگا.

بردیانم، کە بەلای پۆلیسەکەی بەردەرگا تێپەڕین، ژوورێکی چوارگۆشەی گەورە کە بەلای دەستەچەپیدا قەفەزێکی تاوانباری هەبوو، منی پەلکێشی

ئەویٚ کرد و لەنێو قەفەسەکەدا ڕاوەستام. قەفەسەکە لە دارێکی جوان کە پێم وایە داری گوێز یان داری ساج، دروست کرابوو. کە بەپێوە وەستابووم قەفەزەکە تا نێو قەدم بڵندبوو. کورسییەکیش لە ناوەڕاستیدا دانرابوو، پێیانگوتم لەسەری دابنیشم، بەڵام من پاش تۆزێک ڕامان لە شتەکانی دەوروبەرم و هۆڵی دادگاکە و کەسەکانی نێو هۆڵەکە ئینجا دانیشتم.

لە بەرامبەرمدا مێزێکی بەرز و لاکێشەیی سێ پیاو لە پشتییەوە دانیشتبوون، گوایە دادوەر بوون. پیاوەکان ملکورت و قەڵەو بوون، عەباکانیان هێندەی تر زەلام و فشۆڵەی کردبوون. سەریان بەسەر کاغەزەکانی بەردەمیاندا شۆڕکردبۆوە و جارجاریش فسکەفسکێکیان لەگەڵ یەکتردا دەکرد وەک ئەوەی ڕاوێژ لەگەڵ یەکتردا بکەن. لە تەنیشتی دەستەڕاستی ئەوانەوە پیاوێکی باریکەڵەی ڕەشتاڵەی چاویلکەدار کە بەکاتب عەدل ناویان دەبرد، لە پشت مێزێکی نزمی چوارگۆشە دانیشتبوو، بەردەوام دەینووسی و بەئاستەمیش سەری هەڵنەدەبڕی. هەر لە لای دەستەڕاستی تەنیشتییەوە مێزێکی تری هاوشێوە پیاوێکی لە پشتەوە بوو، خەریکی نووسین بوو. لە تەنیشتی دەستەچەپی دادوەرەکانەوە سەکۆیەکی بڵند، کە لە دارێکی قاوەیی جوان دروستکرابوو، پیاوێکی تووڕە و ناشیرین کە بەدادوەری گشتی ناویان دەبرد و ئەویش عەبایەکی ڕەشی بەشانەوە بوو، ڕاوەستابوو. ئەم پیاوە تەماشایەکی نائاسایی منی دەکرد و بەمۆڕەوە لێم ڕامابوو.

مۆبیلیاتی ناو هۆڵی دادگا لە جوانترین و گرانبەهاترین جۆری دار دروست کرابوو. قەفەزەکە هێندە جوان بوو، مرۆ ئاواتی دەخواست بەمنداڵی لە لانکێکدا ڕاژەندرابایە کە لە هەمان جۆری دار دروست کرابا. لە پشتی منی ناو قەفەسەکەوە دوو پۆلیس ئامادە و تەیار ڕاوەستابوون و چاوەدێری منیان دەکرد.

ختووکەکەی ناخم تا دەهات زیادی دەکرد، هەستێکی زۆر سەیر کە



نەمدەزانی ناوی خۆشی، بەختیاری یان چی لێ بنێم هەناومی بارگاوی کردبوو. هێشتا هیچ نەگوترابوو، نەمدەزانی سزا دەدرێم یان ئازاد دەکرێم، کەچی ختووکەکەی هەناوم هەستێکی پڕ لە تریقەیان لە لا چێ کردبووم.

دادوەرەکەی ناوەڕاست دەمێ لەگەڵ دادوەرەکەی دەستەچەپی و دەمێکیش لەگەڵ ئەوەی دەستەڕاستی چپەچپی دەکرد. هەرگیز لە ڕابردووی ژیانمدا وێنای ئەوەم نەکردبوو، ئەو دیمەنەی کە تەنها لە فیلمدا دیتبووم لە ژیانی خۆمدا ببینم و خۆم تاوانباری ناوقەفەزی دادگابم. هەموو ئەو فیلمانەی کە دیمەنی دادگا و تاوانبار و قەفەزیان تێدابوو دەهاتنە بەر زەینم و لەگەڵ ئەو دادگایەدا لێم تێکەڵ بووبوو. ختووکەکە تا دەهات زیاتر بەرەو دۆخی هەژانی دەبردم.

دادوەرەکەی ناوەڕاست دەستی بەپرسیار کرد و لە سەرەتاوە پرسیارە ڕۆتینییەکان بوون وەک: ناو، تەمەن،،پیشە، شوێنی لەدایکبوون و شتی لەم جۆرە. منیش وەڵامیانم دایەوە. ئینجا پرسی ئایا لەکاتی لێکۆڵینەوەدا ئەشکەنجەدراوم، منیش دوای ڕاوەستانێک و بیرکەوتنەوەی ئەو هەڕەشەی زمانبڕینەیان کە لێیان کردبووم گوتم: نەخێر.

ڕاوەستابوو، بەدەنگی بەرز دەستی بەقسەکردن کرد و ئەویش زنجیرەی تاوانەکانم کە خۆیان بۆیان ڕستبووم، دەخوێندەوە.

دادوەر دەستی کرد بەباسکردنی تاوانەکانم وەک خۆیان دەیانگوت: نووسینی هەڵبەستی شۆڕشگێڕانە لەسەر پێشمەرگە و لەسەر کۆچی دوایی سەرکردەی موخەڕبین مستەفا بارزانی و، تۆمارکردنی چالاکی موخەڕبین لە نێو ڕۆژژمێر و هەبوونی پەیوەندی بەڕێکخراوی نهێنی کۆمەڵە و... هتد.

دوابەدوای ئەو پارێزەری گشتی کە لەلای دەستەچەپی دادوەرەکان و دەستەڕاستی منەوە بوو، لە پشت سەکۆیەکی بەرز خۆم و باوباپیرانمی باس کرد: "ئەم شاعیرە ناپاکێکی نیشتیمانی عێراقە و بەهۆنراوە پەسنی دوژمنانی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی کردووە و موخەڕیبینی وەک

شێر و پڵنگ و کوژراوەکانیانی وەک شەهیدی نەمر لە قەڵەم داوە. ئەم تاوانبارە لە خێزانێکی ناپاکی نیشتیمان گۆش کراوە و باوکی و مامێکی ئێستا لە زیندانی پۆلیسخانەی بەعقووبەن و برایەکی لەناو موخەڕیبینی جەلال تاڵەبانیدایە و دژی ئێمە شەڕ دەکات. ناپاکی وا تەنها هەقی لەسێدارەدان و کوشتنە و داوا دەکەم حوکمی ڕەوای شۆڕشی بەسەردا بدرێت."

دادوەری بەرامبەر، ئەوەی ناوەڕاست لە منی پرسی: ئایا پەشیمانی لەو تاوانانەی کە کردووتن؟ من هیچم نەگوت و هەر حەپەسابووم. پرسیارێکی تری کرد: ئەگەر ئازادت بکەین عاقڵ دەبیت و بەڵێن دەدەی کە جارێکی تر هیچ نەنووسیت؟

لەو ساتەدا بوو ئیدی خۆمم پێ ڕانەگیرا و ختووکەکەی ناخم تەقینەوەیەکیان لە ناخمدا دروست کرد و بەدەنگێکی زۆر بەرز دامە قاقای پێکەنین. پێکەنینێکی سەیر، وەک ئەوەی کەسێک بەردەوام ختووکەم بدات. دادوەر چەکوشەکەی دەکوتایە سەر مێزەکە تا من بێدەنگ ببم. بەڵام بەدەستی خۆم نەبوو پێکەنینەکەم نەدەوەستا! بەڵام دوای تۆزێک وەک چۆن هەر لە خۆیەوە هات، ئاواش لە خۆیەوە پێکەنینەکەم وەستا.

دادوەرەکە دەستی بەچپەچپ کرد لەگەڵ دادوەرەکەی دەستەڕاستی و ئینجا دەستەچەپی و ڕای گەیاند کە دەڕۆن و پاش تۆزێکی تر دەگەڕێنەوە بۆ خوێندنەوەی ماددەی حوکمەکە. یەک لە دوای یەک لە دەرگاکەی پشتی خۆیانەوە چوونە دەرەوەی ژوورەکە و، ئێمە لەناو ژوورەکەدا ماینەوە. من هەر لەناو قەفەسەکەدا مامەوە و کاتبی عەدلیش بەردەوام بوو لە نووسین و سەری هەڵنەدەبڕی. پارێزەری گشتی لە جێگەکەی خۆی ڕاوەستابوو مۆڕەی لە من دەکرد و منیش بەبزەیەکەوە تەماشای دەوروبەری خۆم دەکرد و جاروباریش چاوم دەچووە سەری. پۆلیسەکەی بەردەرگا پەیکەر ئاسا لە جێگەی خۆی ڕاوەستابوو، دووانەکەی تریش لە پشتی منەوە تەیار و



ئامادە ڕاوەستابوون. تەماشام لەسەر تەرازووە هاوسەنگەکە ڕووابوو، دۆخەکە سەیروسەمەرە بوو. نەمدەزانی فیلمە یان ژیانی ڕاستی ئەوەی من تێیدا دەژیم و لە قەفەزدام. دە خولەکی پێچوو، کە هەموو هەستانە سەرپێ و سێ دادوەرەکە هاتنەوە ناو هۆڵی دادگا و هەر یەکە و جێگەی خۆی گرتەوە.

دادوەرەکەی ناوەڕاست حوکمەکەی خوێندەوە کە بەعەرەبییەکی قورس نووسرابوو بەئاستەم دەمتوانی لێی تێبگەم. بەڵام ئەوەندەی لێ تێگەیشتم کە دەیگوت ئەو سزایە بەپێی بڕگەی ئەوەندەی یاسای سزادانیساڵی ئەوەندەی میلادی دەرچووە. تێنەگەیشتم ئایا حوکم دراوم یان ئازاد دەبم. ناوی ساڵێک زیندان هاتبوو، پێم وابوو دەبێ ساڵێکی دیکەش لەناو کونی زینداندا بەسەربەرم. بەڵام کە دادوەر چووە دەرەوە دوو پۆلیسەکەی پشتەوەم گوتیان مەبرووک. بەو پیرۆزباییە تێگەیشتم من بەهەڵە لە عەرەبییەکە تێگەیشتووم و ڕەنگە ئازاد بم. کە بردیانمە هۆڵی چاوەڕوانی پیاوە کوردەکە لێی پرسیم: چی بوو؟ ئازادبووی؟ منیش بەگومانەوە وەڵامم دایەوە و گوتم: نازانم، وابزانم، بەخوا باش تێنەگەیشتم چییان گوت، پۆلیسەکان گوتیان مەبرووک، ئیتر نازانم.

ئینجا بردیانمە ژوورێک و هەر دە پەنجەی دەستم و هەر دە پەنجەی پێیان مۆر کردم و خستیانە سەر چەندان کاغەز. لەوێدا بەسەرسوڕماوییەوە لەو پیاوەم پرسی کە حوکمەکەم چییە و ئایا سزادراوم یان ئازادکراوم؟ ئەویش بەپێکەنینەوە وەڵامی دایەوە: نازانی؟ چەند گوناحی! نازانی حوکمەکەت چییە؟ ساڵێک حوکم دراوی، هەروەها سیی دینار جەزا و سێ ساڵیش لەژێر چاوەدێریت.

منیش زۆر بەدڵێکی شکاوەوە گوتم: یانی ساڵێکی تریش لێرە لە زیندان دەبم؟ ئەو گوتی: نا نا مەترسە حوکمەکەت تەواو بووە، چونکە تەوقیفەکەش حساب دەکرێت.

باوەڕم نەکرد بەو قسەیە، بۆیە دووبارە پرسیمەوە: یەعنی ئێستا لەم دادگایە بچمە دەرەوە من ئازادم؟

ئەو بەهێمنییەوە گوتی: لە پێشدا دەبێت پارەی سزاکە بدەی، پارەت پێیە؟

باش بوو سیی و چەند دینارێکم پێ بوو، سیی دینارەکەم دا بەئەوان، چاوەڕێ بووم یەکسەر ئازاد ببم، بەڵام ئەمنەکە هاتەوە و منی بردەوە بۆ ئەمنی عامە. زۆر ترسام و لە دڵی خۆمدا گوتم فێڵ و درۆیان لەگەڵ کردم و پارەکەشیان هەمووی لێ ستاندم. لەو جێگەیە هەڕەشەیەکی باشیان لێکردم کە ئەگەر بیدرکێنم ئەشکەنجە دراوم خراپم بەسەر دەهێنن. مەقەستێکیان هێنا و زمانیان دەرکێشامە دەرەوە و گوتیان ئەگەر یەک وشە لەسەر ئەشکەنجەکان بپەیڤی ئاواهی زمانت دەبڕین. دوای ئەو هەڕەشەیە ئینجا گوتیان: دە بڕۆ ملت بشکێنە، ئێستا تۆ ئازادی. بەڵام من هیچ کوێم نەدەناسی لە بەغداد، سەرەڕای ئەوەش ببووە ئێوارەیەکی درەنگ و دەترسام. بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن بردیانمەوە بۆ بەعقووبە، ئەمجارە سواری ئۆتۆمبیلێکی ئاساییان کردم.گە گەیاندمیانە ئەوێ زۆر درەنگ بوو، نەیاندەزانی چیم لێ بکەن و چۆن بمدەنەوە بەکەسوکارم، باوکم خۆی لە زیندان بوو. بەڵام ئەویش و هەموو هاوشارییەکانی زیندان یەکجار زۆر دڵشاد بوون بەهەواڵی ئازادبوونی من. لەناو زیندانەکەدا بوو بەگۆرانی و ئای ئای و سۆزی گەرمیان.

دەیانویست ئەوشەوە ڕێگەم بدرێت لە زیندان بمێنمەوە و سبەی زوو خەبەر بەکفری بدەن تا کەسێک بێت بمباتەوە، کەچی پۆلیسەکان دەیانگوت ڕێگە نادەین، ئەگەر ئەمشەو بمرێ لە ملی ئێمە دەمێنێتەوە. بەهەزار حاڵ و تکای باوکم ڕازی بوون شەوێک لەوێدا بمێنمەوە. بۆ سبەینێ مامم قاسم هات منی لێ وەرگرتن. خۆشییەکی زۆر گەورە بوو بۆ ئەو، بۆ منیش خۆش



بوو بەڵام هەستم بەنامۆیی دەکرد و ماندوەیش و شپرزەیش بووم. هەستی بێباوەڕی بەو دۆخە دایگرتبووم، پێم وانەبوو ڕاست بێت و ئازادکرابم. مامم دەیگوت: مەهاباد تۆ ئێستا ئازادی، وەرە بۆ خۆمان پیاسە بکەین و خۆشی دەربڕە. کەچی من هەستم بەخەمباری دەکرد و ڕاهاتنی ژوورەکانی زیندان کەشی دەرەوەی زیندانی لە لا نامۆ کردبووم. هێدی هێدی بەری دەدام و دەمزانی ئەوە ڕاستییە و من ئازادم. مامم یەکسەر بردمی بۆ گەراج و لەوێوە سواری تەکسی بووین بۆ بەغدا. نەچووینەوە بۆ کفری، چونکە دایکم و براو خوشکەکانم پەرش و بڵاو بووبوونەوە. دایکم لەگەڵ نەنکم ئاسکە بەرەو دێهاتەکانی گەرمیان ڕۆیشتبوون، بەمەبەستی ئەوەی سەڵاحی برام ڕازی بکەن بێتەوە و باوکم ئازاد بێت. باوکم نەخۆشی شەکری هەبوو، تەندروستی خراپ بوو لەنێو زیندان. لەیلای خوشکم لە کەرکووک دەیخوێند و لە ماڵی پوورم ئافتاو دەمایەوە. براگەورەکەم لە بەغدا دەیخوێند و تا ئەو کاتە هەموو هەفتەیەک بۆ سەردان دەهاتە لای من و باوکم بۆ بەعقووبە. منداڵەکانی تر لەگەڵ نەنکم سەلمە لە ماڵەوە بوون لە کفری.

کە گەیشتینە بەغدا نیوەڕۆ بوو. لە تەکسی دابەزین و سواری پاس بووین بۆ لای ماڵی مامم لە حەی جەمیلە. کە ئێمە دابەزین و چەند هەنگاوێکمان نا، پاسێکی تر ڕاوەستا و کەسێک دابەزی. بینیمان ئەوە مامم عەبدوڵڵایە. بانگم کرد و کە بینی ئەوە منم باوەشی پێمدا کرد و چەند جارێک لەناو ئەو شەقامەدا سووڕاندمیەوە و لە خۆشیدا نەیدەزانی چۆن گوزارە لە هەستی خۆی بکات. خەڵک تەماشایان دەکرد و پێیان سەیر بوو ئەو دیمەنە. ئەودەم مامم بیست و دوو ساڵ و من پانزە ساڵ بووم، پێیان سەیر بوو کوڕێکی گەنج بەو شێوەیە کچێک دەسووڕێنێتەوە. ئەگەرچی ئەوێ پایتەختی وڵاتی عێراق بوو، گوایە لە هەموو شارەکانی تر پێشکەوتووتر بوو، بەڵام لە ڕووی دابونەریت و پەیوەندییەکانەوە هەر

دواکەوتوو بوو. مامم هێندە دڵشاد بوو، چاوەکانی پڕ بووبوون لە فرمێسک. دە دەقیقەیەکی پیاسەکردنی دەویست تا بگەینەماڵی مامی گەورەم. لەگەڵ دوو مامەکەی تردا خۆمان کرد بەژووردا. لە دەرگامان نەدا و کردمان بەناکاو. ڕێک لەناو هۆڵی دانیشتنەکەدا ڕاوەستاین و کە ئێمەیان دی خۆشی و سەرسوڕمانیان لێ دەباری. مامی گەورەم نەیدەزانی لە خۆشییدا چی بکات و فرمێسکی شادی خوڕ خوڕ بەنیگایدا داباری. ساڵێک بوو ژیانی ئاسایی لە هەموو بنەماڵەمان تێکچووبوو، بەتایبەتی مامم بۆ من زۆر پەرێشان بوو. تا لە بەغدا بووم چوومە ماڵی خزمانی تریشم لە بەغدا. ماڵی پوورم و ماڵی کچی پوورم. دوای چەند ڕۆژێ گەڕاینەوە بۆ کفری و ماڵێکی ساردوسڕ، کە ئەندامەکانی ئاوارە بووبوون و تەنها نەنکم و سێ منداڵ لەوێ مابوون. هەستم دەکرد خێزانی ئێمە هەڵوەشاوەتەوە و هیچ تامێکی تێدا نەماوەتەوە. جارانم بیر دەکەوتەوە کە هەمیشە ماڵەکە پڕ بوو، ئەندامانی ماڵ یانزە کەس بوون و هەمیشەش لە میوان جمەی دەهات. نەنکم جگە لە سەرپەرشتی منداڵەکان دووکانیشی بەڕێوە دەبرد بۆ پەیداکردنی بژێوی خێزان تێدەکۆشا. مەسرەفی ئەو کاتەشمان یەکجار زۆر زیادی کردبوو. دەبووایە بۆ سەردانی زیندانییەکان هەفتەی جارێک چووبانە بەعقووبە و هەر جارەش بەشی چەند ڕۆژێک خواردنیان بردبا. مەسرەفی سەفەر و هاتوچۆی دێهاتەکانیش زیادی کردبوو بەهۆی برا پێشمەرگەکەمەوە.

هەر لەو چەند ڕۆژەی هەوەڵدا بوو، مستەفا لەگەڵ پوورێکی هاتبوون بۆ کفری بۆ دیدار و بەهۆی ئازادبوونی منەوە. ملوانکەیەکی بۆ هێنابووم، زریزەیەک میدالیایەکی پێوە بوو کە پەیکەری نیڤەرتیتی بوو، کە یەکێکە لە شاژنەکانی فیرعەونەکانی میسری کۆن. مێژوو وا دەگێڕێتەوە کە ئەم شاژنە بەنەژاد کورد بووە و خاوەنی کەسایەتی و دەسەڵاتێکی بەرفراوان بووە لە سەردەمی یەکێک لە فیرعەونەکاندا.



مستەفا هەر لەو سەردانەیدا خواستی خۆی بۆ سەفەری هەندەران گێڕایەوە، چونکە ناوی هاتبوو بۆ سەربازی و نەیدەویست سەربازی بکات. ئەوجارە پێم وایە چوارەم جار بوو بیبینم ئەو باسی سەفەرەکەی کرد و منیش ئەگەرچی لە دڵەوە پێم ناخۆش بوو دەڕوات، بەڵام پێم نەگوت نەڕوات، چونکە لە خۆی زیاتر پێم ناخۆش بوو سەربازی بکات بۆ ڕژێمی بەعس. مستەفا ئەو سەفەرەی کردی ئیدی تا سەرەتای ساڵی **١٩٩٢** نەمبینییەوە. دە ساڵ دوور بوو، تەنها لە ڕێگەی خوشکەزاکانییەوە کە هاوڕێم بوون هەواڵیم دەزانی. دوای ساڵێکی سەفەرەکەی لە نامەیەکدا داوای ئەوەی کردبوو کە چونکە چارەنووسمان دیار نییە و نازانین کەی یەکتر دەبینینەوە با پەیوەندی خۆشەویستیمان بپچڕێنین و هەر لە سەرەتای سەفەرەکەیەوە ئیدی ئێمە پەیوەندیمان نەما. لەو ماوەیەدا کە دە ساڵی خایاند زۆر ڕووداو ڕووی دا و، هەر یەکەمەیان چیرۆکی تری ژیان و هاوڕێیەتی تر و پەیوەندی ترمان هەبوو، بەڵام کە دوای ڕاپەڕین گەڕایەوە و یەکترمان بینییەوە سەرلەنوێ و پێکەوە درێژەمان بەکاروانی ژیان دا و زەماوەنمان کرد و بووین بەهاوسەر. ئەمجارە منیش بووم بەهاوسەفەری و لە وڵاتی غەریبیدا کاروانی ژیانمان پێکەوە لە وڵاتی سوێد دەستی پێکرد.

سوێد وڵاتێکی تا بڵێیی ساردە، وەلێ هێندە ڕێزی مرۆڤی تێدا دەگیرێت، ئەو هەستی گەرمی مرۆڤایەتییە گەرمت دەکاتەوە. لە سوێد و هەر لە سەرەتاوە لە خۆمم پرسی من کێم و دەبێت چی بکەم و چۆن کات و دەرفەتەکان بەکاربهێنم. سێزدە ساڵ و نیو لەوێ بووم و چرکەیەکیم بەفیڕۆ نەدا. وەک تینوویەک لە کانیاوی فێربوونم دەخواردەوە، دەمخوێند و دەمخوێندەوە. سەفەرم دەکرد بۆ وڵاتان و کاروانی ئەدەبی و ئەمجارە بەهێز و گوڕەوە خەباتم بۆ داکۆکیکردن لە کورد بەگشتی و ژنانی وڵاتەکەم بەتایبەتی درێژە پێدەدا.

# دەرەوەی دۆزەخ

ئەگەر ساڵەکەی زیندانم بەدۆزەخ ناوبرد، مانای ئەوە نییە دەرەوەی زیندان بەهەشت بوو بۆ من. کاتێ کە من ئەندامی گەلێکم و ئەم گەلە کۆیلەی ڕژێمێکی داگیرکەر بێت، ڕژێمێک کە بەئاگر و ئاسن بپەیڤێ، هەموو جێیەکی لێ دەبێت بەدۆزەخ و هەموو کاتێکی لێ دەبێت بەدۆخی ئەشکەنجە. جیاوازییەکە تەنها لە سنووری شوێنە، کە لە زینداندا تەنگ و تەریک بوویت و لە دەرەوەیدا لە دۆزەخێکی گەورەتردا ژیان دەگوزەرێنیت.

من کە لە دادگای بەدناوی ئەلسەورەی ڕژێمی بەعسدا جگە لە ساڵێکی زیندان، سێ ساڵ چاودێریم بەسەردا بڕایەوە، ئیدی نە ئەو سێ ساڵە و نەش دوای ئەوە هەستم نەکرد ساتێ بەدڵنیایی دەژیم و هەمیشە چاوی ئەوان هەنگاوەکانمی سنووردار دەکردەوە. نازانم ناوی بنێم چاوقایمی، شێتی، ئازایەتی، بێباکی و سەرەڕۆیی ئەوەی کە سەرەڕای هەموو ئەو چاودێرییەش نەمدەویست وەک مردوویەک سڕ و نەبزووا بم و خەبات نەکەم، یان کۆڵ بدەم و دەست بەکڵاوەکەی خۆمەوە بگرم. من درێژەم بەخەباتی خۆم دا و ئیدی بەکردەوە لە ڕیزی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا بووم بەئەندام و یەکەمین شانەی ژنانم لە کفری دروست کرد، کە سەرەتا لە نزیکترین هاوڕێکانمەوە دەستم پێکرد ڕووناک و شادیە. هەڵوێستی خەڵکی شارەکەم و ئەو ڕێزە زۆرەی لێیان دەگرتم



یەکجار زۆر دڵشادی دەکردم و پڕی دەکردم لە هەستی شانازی. شتێکیش کە ئازاری دەدام کەسوکاری هەردوو هاوڕێی نزیک و خۆشەویستم ڕووناک و شادیە بوون کە دەترسان هاتوچۆیان بکەم و نەیاندەهێشت شادیە و ڕووناک هاتوچۆم بکەن، چونکە من چاودێریم لەسەر بوو تازە لە زیندان ئازاد بووبووم، بەڵام لەگەڵ ئەم دووانەدا ئەوەندە یەکترمان خۆش دەویست و هاوڕێی گیانی بەگیانی بووین هەموو یاسا و ڕێسایەکی ماڵەوەیان دەشکاند و دەهاتن بۆ لام.

سەختترین قۆناغەکانی ژیانم ساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم بوو. ئەو دە ساڵە وەک دەیان ساڵ بۆ من بەسەر چوو. نامەوێ لێرەدا باسیان بکەم و دەیهێڵمەوە بۆ بەشی دووەمی کاروانی ژیان. ساڵی ڕاپەڕین کۆتایی قۆناغێکی ترسناک بوو لە مێژووی ئێمە. ساڵی ڕاچەنین و وەرچەرخان بوو. شادمانم کە توانیم لە ڕاپەڕیندا ڕۆڵێکی کارام هەبێت. هاوکاروانی کۆڕەوی سێ ملیۆنی ساڵی ڕاپەڕین بووم و لە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکی گەلەکەم بەشدار بووم. شادمانم کە لە ساڵی ڕاپەڕیندا لە یەکەمین کۆڕی شیعریدا لە سەرتەکی بناری بەمۆ بەشداری کۆڕی شیعر و پێشمەرگە بووم. زۆر وردەکاری و ڕووداوی خۆش و ناخۆش ماون باسیان بکەم و لە پیاسەیەکی تری بیرەوەری ئامێزدا لە بەشی دووەمدا باسیان دەکەم. بەختیارم کاروانێکی سەختی ژیانم بەڕێخست و ئازارەکان چۆکیان پێ دانەدام و لە دروستکردنی ڕۆژگاری ئازادی کوردستاندا دەست و دەورم هەبوو.

ساڵێک دوای ڕاپەڕین ژیانی هاوسەریم دەستی پێکرد و کاروانی ژیانم لە سوێد وێستگەیەکی تەزیوی سێزدە ساڵیی پێناساندم. ژیانی تاراوگە و ئەم وێستگەیەش خۆی لە خۆیدا سەدان لاپەڕەی دەوێ و با ئەویش بمێنێتەوە بۆ دەرفەت و کات و ساتی خۆی.

شادمانم کە یەکەمین وشە کە لەسەری هەڕەشەی زمانبڕینم لێکرا، بوو

بەهەزاران هەزار وشە و تا ئێستا لە دەیان کتێبدا چاپکراون. ئێستا کە ئەم وشانە دەنووسم من ئازاد و سەرفرازم و پیاوانی ڕژێمی دڕندە لە کونجی زیندانەکاندان. هەڕەشەکان هەڵوەرین و نەیانتوانی بەربەستی ڕێگەی ڕاستی من بن بۆ دادپەروەری و مرۆڤایەتی.

شتێک کە کاریگەری ئەو ئەشکەنجە و ئازارانەی ڕژێمی بەعس بوو، نەمدەویست ڕۆژێک لە ڕۆژان لەگەڵ هیچ حکوومەتێکدا کار بکەم. ساڵانێکی دوورودرێژ لە دەرەوەی حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا کارم دەکرد بۆ پرنسیپەکانی خۆم. دوو لەو پرنسیپانە سەرەکی و گرنگن بۆ من، خەبات لە پێناوی ئازادکردنی نەتەوەکەم لە کۆیلەیەتی داگیرکەران و خەبات لە پێناوی ئازادکردنی ژنانی وڵاتەکەم لە کۆیلەیەتی دابونەریتی کۆنەخوازانە و باوکسالارانە.

یەکێک لەو پرۆژانەی کە من بەگرنگی دەزانم و بەشداری کاریگەرم تێدا کرد دانان و داڕشتنی "داخوازینامەی ژنی کورد بوو" کە لەگەڵ هاوڕێیان شنە هیدایەتی و مونیرە موفتیزادە ماندووبوونی زۆرمان لەگەڵ کێشا تا کردمان بەدیکومێنتێک کۆکراوەی داخوازییەکانی ئافرەتانی کوردستان بگرێتە خۆی. هەروەها هاوکاریم لەگەڵ هاوڕێیەک کە شانازی زۆری پێوە دەکەم و هاوبیرمە لە ڕێکخراوی ژنانی کورد دژ بەتوندوتیژی، ئەو هاوڕێیەش نەزەند بەگیخانییە.

ساڵی ٢٠٠٤ گەڕامەوە بۆ باشووری کوردستان، بۆ ئەوەی پشتیوانی ڕووناکبیران و ئافرەتان و دەسەڵاتداران بۆ ئەم داخوازینامەیە مسۆگەر بکەم و زۆرێک لە بەرپرسانی حکوومەتم بینی لە سلێمانی و لە هەولێر. لەو سەردانەمدا هاوکاری هاوڕێی زۆر هێژام کاک عوسمانی حاجی مەحموود لەبیر ناکەم، کە کارئاسانییەکی زۆری بۆ کردم و پشتیوانییەکی تەواوی لێکردم. ئەم هاوڕێ هێژایەم یەکێکە لە سەرکردە پاک و دڵسۆزەکانی کورد، شانازی بەهاوڕێیەتیی ئەم مرۆڤەوە دەکەم. سەردانی بەرپرس و سەرکردەی



تریشم کرد لە شارە جوانەکەی سلێمانی، باسکردنیان دەیان لاپەڕەی دەوێ و بەشی دووەم ئەوانەش دەگرێتە خۆی.

ئینجا هاتمە هەولێری پیرەقەڵا و لەم پایتەختە دێرین و شیرینەدا کۆڕ و سیمینار و کۆبوونەوەم بەست بۆ گەیاندنی پەیامەکەم، تا لە دیدارێکی سەرۆکی حکوومەت بەڕێز نێچیرڤان بارزانیدا ئەو پشتیوانییە تەواو و بێ قەید و شەرتەم بەدەست هێنا کە دڵنیایی ببەخشێت. ئەوە یەکەمین دیداری من بوو لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی، پێشتر تەنها لەسەریم بیستبوو. دوو شتی زۆر دژبەیەکم لەسەری دەبیست، دەستەیەک دەیانگوت پیاوێکی کراوە و نوێخوازە و هاوکاری و پشتیوانی چینی ڕۆشنبیر و پێشکەوتنخواز دەکات. دەستەیەکی تریش دەیانگوت کەسێکی کەم ئەزموونە و هیچ بایەخێکی بۆ بیری پێشکەوتنخوازانە نییە و قسەی زۆر سەیر و سەمەرەی تریشیان بۆ دروست کردبوو.

مەخابن کلتووری حزبایەتی لای ئێمە هێند دواکەوتوو و سەقەتە بۆ کێبەرکێی حزبایەتی چی نەشێ دەکرێت و دەگوترێت. شەڕی درێژخایەنی براکوژی نێوان دوو حزبەکەی کوردستان گەشەی بەکلتووری یەکتری شکاندنەوە و یەکتری سڕینەوە و یەکتری خواردن کرد. لە دیداری یەکەمدا لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی و گفتوگۆکاندا پێچەوانەی ئەوانەم بۆ دەرکەوت کە پێشتر بەخراپ لەسەریم بیستبوو. من کەسێکم بینی تینووی گەشەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵگەکەیەتی. کە پێشنیاری ئەوەی کرد هاوکاری بکەم لە بەرەوپێشبردنی پرسی یەکسانیدا، کاتی زۆرم دانا بۆ بیرکردنەوە و تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندن. دەیان گفتوگۆی درێژخایەن بەمەبەستی دڵنیابوون لەوەی کە ئارەزوو و مەیلێکی ڕاستەقینەیان هەبێ بۆ گۆڕانکاری و پێشکەوتن. لە ئاکامدا بەو باوەڕە گەیشتم و بڕیاری کارکردنم لەگەڵ سەرۆکی حکوومەتدا وەک ڕاوێژکاری بۆ کاروباری یەکسانی.

بەسەرهاتی داخوازینامەی ژنی کورد دوور و درێژە و بابمێنێ، ئەوەندەیم مەبەست بوو کە بڵێم منی ئەشکەنجە دیتووی دەستی ڕژێمی بەعس و هەڵوێست وەرگرتوو لە هەموو حکوومەتێ، ئێستا بەباوەڕێکی تەواوەوە ڕاوێژکاری سەرۆکی حکوومەتم بۆ کاروباری یەکسانی. ڕەفتار و موراڵی ئەو بەڕێزە ئەم گۆڕانە بنەڕەتییەی لە ڕای مندا دروست کرد و کردمی بەهاوکاری خۆی.

سەرەتای کاروانێکی تری ژیان دەست پێ دەکەم و پێش هەموو کەس بەڵێنم بەخۆم داوە وەک هەمیشە پرنسیپەکانم بپارێزم و ئەگەر گیانیشم لە پێناویاندا بەخت کردبێ، باکم نەبێ و گرنگە بەلامەوە بەو پرنسیپانەوە بژیم و لەپێناوی ئەوانیشدا بمرم.. نەریتی ئەم کارە وا نەبوو سوێند بخورێ، من لە یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونم بەرامبەر بەویژدانی خۆم وەستام و سوێندم خوارد کە هەرگیز ناپاکی بەرامبەر بەپرنسیپەکانم نەکەم.

تا کاروانی داهاتوو بەهیوا و ئومێد و خۆشەویستیتان دەسپێرم

# پێڕست


پێشواژە ........ 5
خەوزڕان ........ 15
بەڵای ناگەهان ........ 32
ژووری سێدارە ........ 42
پرسگەی مردن ........ 55
زیندووبوونەوەی پاش مەرگ ........ 68
وێنە و ئاوێنە ........ 83
قۆناغی دۆزینەوە ........ 97
من و ئەنفال ........ 109
هێماکانی شەڕ ........ 121
لە مەیدانەوە بۆ زیندان ........ 134
کورسی مەترسی ........ 142
کڵاوڕۆژنەیەک ........ 156
زیندانی زەعفەرانیە ........ 166
عەشقێکی هەمیشەیی ........ 176
دادگای دۆزەخ ........ 181
دەرەوەی دۆزەخ ........ 193